کلیك بکەرە سەر بابەتەکە

# لەم ژمارەیەدا


- شۆڕشی یەنار محەمەد بۆ ڕزگاریی ژن و بونیادنانی جیهانێکی بێ چەوسانەوە، هەردەم بەردەوامە!
- حکومەتەکەی عەلی فالح زەیدی و بەرنامەی کابینەکەی، خزمەتە بە چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە و بەردەوامیدانە بەو دۆخە سیاسییەی کە هەیە
- وتەیەك لەسەر گڵکۆی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد
- بەڕێز باوکی (یەنار)ی ئازیز، تەواوی ئەندامانی خێزانە بەڕێزەکەتان
- ڕێزلێنان و سوپاسگوزاری، لە هاوپشتیی و بەرپەرچدانەوەی جیهانی
- دژ بە تیرۆری هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد
- یەناری ئازیز! ئەمڕۆ ڕۆژی خەباتی جیهانیی ژنانە!
- سێ مانگ بەسەر تیرۆرکردنی یەنار محەمەد تێدە پەڕێت، حکومەتی نوێش بەردەوامە لە بێدەنگی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان!
- سێ شێواز لە چالاکیی فێمینیستی
- یەنار مارکسیستێکی شۆڕشگێڕ بوو، بەشێك بوو لە نەریتێکی سیاسی و فیکری کە ڕزگاری ژنانی بەستەوە بە ڕزگارکردنی فراوانی کۆمەڵگەوە ........ عومەر خەتات
- نور سالم: قەبارەی ئەو نارەزایەتییەی کە بەدوای تیرۆرکردنی یەناردا هاتە ئاراوە لە ناوخۆی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، دەرخەری پێگەی یەنار و تێگەیشتنی جیهانە لە کارەکانی یەنار و مێژووە پڕ لە دەستکەوتەکانی.
- یەنار محەمەد: حکومەت هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق دەکات!
- کۆپنهاگ/ هەشتی مارس و مەراسیمی ڕێز لێنان لە هاوڕێ یەنار محەمەد
- وتەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە مەراسیمی هەشتی مارس لە دانمارك بۆ ڕێزلێنان لە هاوڕێ یەنار
- وتەی موئەیەد ئەحمەد لە مەڕاسیمی ڕێزلێنانی هاوڕێ یەنار محەمەد لە لەندەن
- ڕاپۆرتی مەڕاسیمی ڕێزلێنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد لە لەندەن
- وتەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە گردبوونەوەی نارەزایەتی بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن
- ڕاپۆرتێك دەربارەی ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە عێرا( OWFI- )دا
- کاتێك دەنگی ئازادی و یەکسانی لە ناوەڕاستی بەغدا دەکرێتە ئامانج ...نزار عەقراوی
- کەنەدا؛ مەڕاسیمی ڕێزلێنان لە خەبات و ژیانی هاوڕێ یەنار محەمەد
- وتەی موئەیەد ئەحمەد لە مەراسیمی تۆرنتو بۆ ریزلێنان لە خەبات و ژیانی هاوری یەنار محەمەد
- مەراسیمی ڕێزگرتن لە ژیان و خەباتی هاوڕێ یەنار محەمەد لە شاری بێرن لە سویسرا
- بەشداری لە سێیەمین کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیستی شۆڕگێر / لقی سویسرا
- بە بۆنەی یەکی ئایاری ٢٠٢٦، ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکارەوە
- لە ماڵئاوایی یەنار محمددا
- ژنکوژی بۆسرینەوەی لەکەی شەرەف، چەقۆی پیاوسالاری یە لەدڵی ئینسانیەت!
- لە قوربانیانی ئێپستاینەوە بۆ کەنیزەکەکانی داعش
- چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڵسوڕاوانی سەنتەری ئیدراك بۆ مافەکانی ژنان
- هەڵوێست و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوە ئینتەرناسیونالەکانی بەرگریکار لە مافی مرۆڤ و لە مافی ژنان
- بانیژەی ئەدەب و هونەر
- مشتێك لە خەرواری کاردانەوەی میدیای جیهانی دژ بە تیرۆری یەنار

# شۆڕشی یەنار محەمەد بۆ ڕزگاریی ژن و بونیادنانی جیهانێکی بێ چەوسانەوە، هەردەم بەردەوامە!

## بەیاننامەی ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق ) سەبارەت بە ژیان و خەباتی ڕابەری کۆمۆنیست ( یەنار محەمەد )، ئایکۆنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان.

چ ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی هەسارەکەمان ئاوا بوو، چ مرۆڤێکی مەزنمان لەدەستچوو؟ چ خەباتکارێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی بەرز و وەستاوە بەڕووی قەڵای کۆیلایەتی ژن و کۆنەپەرستیدا، بە جێیهێشتین ؟

ئەوە هاوڕێ ئازیزەکەی ناو دڵی ملیۆنان ژن و کۆمۆنیست و ئازادیخوازی هەموو جیهانە ؛ ئەوە یەنار حەسەن محەمەدە، سەرۆکی ( ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق ) و یەکێك لە دامەزرێنەرانی، و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق ) و یەکێك لە دامەزرێنەرانی، کە دەستی ناپاکی و تاوان گەیشتە جەستەی و لە ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدای پایتەخت، لەلایەن تیرۆریستانی تاوانبارەوە لە کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ( ٢ی مارسی ٢٠٢٦ ) تیرۆر کرا.

ئەم دێڕانە دەنووسین لە کاتێکدا دڵمان خوێنی لێ دەچۆڕێت و خەم و پەژارە لە قووڵایی ناخماندا شەپۆل دەدات، بەڵام سوربوونمان و ئیرادەی پتەومان بۆ بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازی خەباتی یەنار سات بە سات بەهێزتر دەبێت. سەرەخۆشی قووڵی خۆمان ئاراستەی هاوسەری ئازیز و کوڕە خۆشەویستەکەی و بەڕێز باوکی یەنار و خوشك و براکانی و هەموو ئەندامانی خێزان و دۆستانی دەکەین.

هەروەها سەرەخۆشی قووڵی خۆمان ئاراستەی هاوکارانی لە ( ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق ) و هەموو هاوڕێیانی لە ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ) و هەموو چالاکەوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و کۆمۆنیستەکان و مرۆڤدۆستان دەکەین لە عێراق و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.




دواین ئەو دێڕانەی کە هاوڕێ یەنار لە بەرگری لە ژنان نووسیویەتی، بەگوێرەی سەرکردایەتی ( ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق )، ڕەشنووسی بەیاننامەیەك بووە کە کاتژمێر ( ٩ )ی شەو بە کاتی عێراق لە یەکشەممە ( ١ی مارسی ٢٠٢٦ )دا نووسیویەتی، واتە ( ١٢ ) کاتژمێر پێش تیرۆرکردنی بە دەستی تیرۆریستانی تاوانبار. ئەم دێڕانەی خوارەوە ناونیشان و بەشی یەکەم و دوا وشەکانی ڕەشنووسەکەیە کە دەیخەینە ڕوو:

(( بەیاننامەی کۆتایی بیستەمین کۆنفرانسی تۆڕی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان

لە عێراق، لەژێر دروشمی: داواکردنی دادگاییکردنی داعشییەکان لەسەر تاوانەکانی بەدیلگرتن و دەستدرێژی و کۆیلایەتی سێکسی ژنان.

لەنێوان گواستنەوەی هەزاران زیندانی داعشی لە زیندانەکانی ( هەسەدە )وە بۆ عێراق لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای عێراقەوە، و لەنێوان لێدانی تەپڵی شەڕ و هەڕەشەی ملهوڕیانەی ئەمریکا بۆ بۆردومانکردن و ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەودیوو سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە، ئێمە لە تۆڕی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان لە عێراق بڕیارماندا کۆببینەوە و باس لە کێشەیەکی هەنووکەیی بکەین کە پەیوەندی بە توێژێکی فراوانی ئەو ژنانەوە هەیە کە کەرامەت و جەستەیان لەلایەن داعشییەکانەوە پێشێل کراوە، ئەو داعشیانەی کە لە عێراق تەنها لەسەر تیرۆر و ئەندامبوونیان لە داعش دادگایی دەکرێن، بێ ئەوەی ئاماژە بکرێت بە تاوانە سیستماتیکییەکانیان دژی ژنان، کە هاوشێوەی تاوانی جەنگ یان جینۆسایدی کۆمەڵگەی ئێزیدی و کۆمەڵگە شیعییەکانی تورکمان و شەبەك و کەمینەکانی دیکە، ...

تۆڕی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان لە عێراق - لیژنەی ڕێکخەری بیستەمین کۆنفرانس
١-٣-٢٠٢٦ )).

ئەمەی خوارەوەش وەرگێڕانی دوا دێڕەکانیەتی لە ئنگلیزییەوە لە چوارچێوەی چالاکییە کۆمۆنیستییەکانی لەناو ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق )، کە تێیدا وەڵامی داواکارییەك دەداتەوە بۆ دەربڕینی ڕای خۆی لەسەر ڕەشنووسی بەیاننامەی ڕێکخراوەکە سەبارەت بە شەڕی ئێستای ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران، کە دواتر لە هەمان شەودا بڵاوکرایەوە:

(( یەنار محەمەد: ١-٣-٢٠٢٦، سەعات: ٢١:٢٧ دوای کەمێکی تر دەیخوێنمەوە، موئەیەد.

(( یەنار محەمەد: ١-٣-٢٠٢٦، سەعات: ٢٢:٣٣ بەیاننامەیەکی زۆر باشە، داوای لێبوردن دەکەم لە دواکەوتنی وەڵامدانەوە، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان ناوەستن )).

(( یەنار محەمەد: ١-٣-٢٠٢٦، سەعات: ٢٢:٤٣ لەوانەیە ئەوەی نوقسان بێت کە ئاماژەی تێدا نییە بۆ ئەگەری فراوانبوونی بۆ شەڕێکی ناوچەیی )).

(( یەنار محەمەد: ٢-٣-٢٠٢٦، سەعات: ٠١:١٩ چەند درۆنێك بارەگاکانی کۆمەڵەیان لە سلێمانی کردە ئامانج )).




**بەو دێڕ و وشانە کۆتایی بە نووسین و چالاکییەکانی هێنا.**

یەنار حەسەن محەمەد لە ساڵی ( ١٩٦٠ ) لە شاری بەغدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە قوتابخانەکانی ئەو شارە تەواو کردووە. لە ساڵی ( ١٩٨٤ ) لە زانکۆی بەغدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری تەلارسازی وەرگرتووە، هەروەها لە هەمان زانکۆ بڕوانامەی ماستەری لە تەلارسازی لە ساڵی ( ١٩٩٣ ) بەدەستهێناوە. دوای تەواوکردنی خوێندن تا ساڵی ( ٢٠٠٣ ) وەك ئەندازیار لە عێراق، لوبنان و کەنەدا کاری کردووە لە کاتی شەڕی عێراق-ئێران و ساڵانی گەمارۆی ئابووری و ساڵانی کۆچبەری لە بەیروت و تۆرۆنتۆ.

بەهۆی ئەوەی یەنار کچێکی گەنجی لێهاتوو بوو لە بواری کارەکەیدا، و خاوەن ژیرییەکی بێوێنە بوو لە هەڵسەنگاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریدا، هەروەها لە دەستنیشانکردنی نیشانەکانی نێرساڵاری لە بچووکترین دەرکەوتەکانیدا و تێگەیشتنی کرداری بۆ ئازاری ژنان لەژێر سێبەری باڵادەستی نێرساڵاریدا، وای لێکرد، پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەت و بیرۆکە سیاسی و ڕۆشنبیرییە سۆشیالیستییەکانەوە، بیردۆزی یاخیبوون لە نێرساڵاری هەڵبژێرێت و ئەم یاخیبوونە ببێتە پێوەری ئەو بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوتە سیاسی و فکرییەکان و حزب و چالاکوانان و تەنانەت دۆست و هاوڕێکانیشی، و ئەمە بە درێژایی ژیانی قیبلەنمای بوو.

بەڵام لەگەڵ تێکەڵبوونی بە کاری سیاسی و چەکداربوونی بە مارکسیزم و بیرۆکەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی ژنان، یەنار بوو بە تێکۆشەرێکی سیاسی کۆمۆنیستی حزبی کە تێکشکاندنی نێرساڵاری و ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەی لە پشتییەوە وەستاوە و بەرهەمی دەهێنێتەوە، دەبەستێتەوە بە خەباتی سیاسی و فکری ڕێکخراوەوە دژیان. نەك هەر ئەوە، بەڵکو زۆر زوو گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ڕادیکاڵیزمی سیاسی ڕزگاریخوازانەی ژنان و هەروەها کۆمۆنیزمیش، دەبێت کۆمەڵایەتی بن و پەیوەست بن بە کۆمەڵگەوە و بە قووڵایی چین و توێژە چەوساوەکان و ژنانی چەوساوە لەسەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی فراوان.

یەنار مرۆڤێك بوو بە مانای وشە قەدری ژیانی دەزانی، قسەکردنی لەگەڵ هەر کەسێك کە دەیناسی، وای لێ دەکرد سەرسام بێت بە مرۆڤ دۆستیەتی و قسەخۆشی و ژیری و هۆشمەندییەکەی. ئەمەش ئەو خەسڵەتە بوو کە پێی جیادەکرایەوە، نەك تەنها لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا، بەڵکو لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە ئاڵۆز و دژوارەکان و مشتومڕە سیاسییەکانیشدا.

هاوڕێ یەنار هەرگیز باوەڕی نەبوو بە

بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی ژنان کە دابڕاو بێت لە چێژوەرگرتن لە ژیان و لە تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی داهێنان و بەهرە و توانای تاکەکان و بەهرەمەندبوون لە کامەرانی پەیوەندییە مرۆییە ئازاد و یەکسانەکانی نێوان تاکەکانی هەردوو ڕەگەز. بە پێچەوانەی هەندێك لە چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنان، ئەو بە توندی دژی هەر کەسێك دەوەستایەوە کە ڕقی لە پیاو بووە وەك بوونەوەرێکی بایۆلۆژی، یان ئەوانەی نێرسالارییان لە تایبەتمەندی و ناوەڕۆکە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکەی دادەماڵی وەك دیاردەیەکی ئابووری-کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی ڕاگوزەر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەو بە هێزەوە دژی هەموو جۆرەکانی جیاکاری نەتەوەیی، تائیفی، ئایینی، یان جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەنگ، ڕەگەز و جێندەر .... دەجەنگا. بۆ ئەو، توانادارکردن و بەهێزکردنی هەر ژنێکی ئەشکەنجەدراو و ڕزگاربوو لە دەستی باڵادەستی نێرسالاری و بازرگانیکردن، پرۆژە و ئەرکێکی خەباتکارانە بوو تا ژیانێکی شایستە و ئارامی بۆ دابین بکات، وە چێژ وەرگرتن لە ژیانی بۆ مسۆگەر بکات و توانا و داهێنانەکانی بخاتە گەڕ، ئەمە ناوەڕۆکی ستراتیژییەکەی پێکهێنابوو بۆ دابینکردنی ئارامی و ئاسودەیی بۆ ڕزگاربووان و ئەشکەنجەدراوان.

هاوڕێی ئازیز یەنار محەمەد بەم خەسڵەتانەوە هاتە ناو جیهانی سیاسەت و خەباتی ڕێکخراوانەی کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازانەی ڕێکخراوی ژنان، ئەو ئەم کەسایەتییە شۆڕشگێڕە کۆمۆنیستە و ئەو ژنە چالاکوانە ڕزگاریخوازە بەهێزە بوو. تەنها کەمێك لە هاوڕێ و دۆستەکانی بە قووڵی لەم خەسڵەتانەی تێیدەگەیشتن، هەرچەندە زۆربەیان گرنگیی تێکۆشانەکەیان دەزانی و ڕێز و پێزانینی زۆریان هەبوو بۆ یەنار و تێکۆشان و پێگە و کەسایەتییە کاریزماتییەکەی و سیاسەت و بیردۆزە مرۆییە ڕزگاریخوازەکەی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژناندا.

لە هەموو وێستگەکانی خەباتی کۆمۆنیستیدا لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، هاوڕێ یەنار بۆ ساتێکیش دەستبەردار نەبوو لە گرنگیدان بە حزبایەتی کۆمۆنیستی و گرنگیی بەستنەوەی پرسی ڕزگاریی ژن و خەبات لە پێناویدا بە ڕزگاربوون لە سەرجەم سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری. لە هەموو ئەو وەرچەرخان و جیابوونەوانەدا کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵ لە سێ دەیەی ڕابردوودا بەخۆیەوە بینی، ئەو کەسایەتییەکی گرنگ و کاریگەر بوو و بە وردی و بە پێی ئەو قەناعەتە سیاسی و فکرییە پەیگیرەی خۆی مەسەلەکانی یەکلایی دەکردەوە.

هاوڕێ یەنار هەر لە منداڵییەوە کەوتە ژێر کاریگەری کەشوهەوای چەپ، لە ڕێگەی دەوروبەری خێزانەکەی و کەسوکارییەوە، ئەوەش بە پێی نەریتی چالاکیی سیاسی و فکری گشتیی حزبی شیوعیی عێراق لەو کاتەدا، بەڵام ژیانی سیاسی ڕێکخراوی ئەو لە کەنەدا دەستی پێکرد لە کاتی بەستنی کۆنفرانسی گشتیی ڕێکخراوەکانی کەنەدای (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ماوەیەکیش پێش ئەم کۆنفراسە هاوڕێ یەنار ئاگاداری چالاکیی ڕێکخراوەکانی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) بوو لە کەنەدا و تێکەڵ بە کەشوهەوایان ببوو و پەیوەندی دۆستایەتی و بەشداریکردنی هەبوو لە ئاهەنگ و چالاکیی ڕێکخراوەکانی ئەو حزبەدا.

هاوڕێ یەنار لە کەنەدا و پێش ئەوەی ببێت بە ئەندامی حزب، ڕێکهاتنەوەی شێوازی ڕەخنە ڕادیکاڵەکەی خۆی لە نەریتی سیاسی و تێزەکانی هاوڕێ مەنسوور حیکمەتدا بینیەوە، لەدژی نێرسالاری و بەرگریکردن لە ئازادیی ژن و یەکسانییەکەی. هەروەها لەو تێزانەدا ئەو گوتار و چەمکانەی بەشێوەیەکی پەرەپێدراو بینی کە پێشتر بە نارۆشنی لە ڕەوتە سۆشیالیستە جیهانی و ناوخۆییەکانەوە وەریگرتبوون لە بواری ڕەخنەی سۆشیالیستی و خەبات بۆ ئازادی و مافە سیاسی و مەدەنییەکان و هتد.
زۆر زوو ئەو ڕەخنە ڕادیکاڵەی پەیڕەو کرد کە لەم تێزانەدا هەبوو، دژی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و حزب و دەسەڵاتەکانیان، لەگەڵ بەرگریی ڕادیکاڵانە لە ڕزگاریی ژن و عەلمانییەت. هەروەها دروشمی جیاکردنەوەی ئایین و نەتەوە لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردنی گرتبەر، لەگەڵ ڕەخنەگرتنی لە سیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا و ستراتیژ و شەڕە کۆیلەکارییەکانی، ئەمە و چەمکە سەرەکییەکانی سۆشیالیزمی پەیڕەوکرد لە جەختکردنەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە و پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی سەرمایەداری و هەڵوێستی ڕادیکاڵ بەرامبەر بە شەڕی ئەمریکا دژی عێراق.

هاوڕێ یەنار محەمەد لە کەنەدا چووە ناو مەیدانی سیاسەت و خەباتی حزبی ڕێکخراوەوە لە کاتێکدا هەڵگری ئەم ئاسۆ سۆشیالیستی و ڕزگاریخوازانەی ژنان بوو، وە خەباتی دەکرد دژ بە گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و دژ بە "هەڵمەتی ئیمانی"ی ڕژێمی فاشیستی بەعس بەرامبەر بە ژنان. ئەو لە کاتێکدا چووە ناو ئەم مەیدانەوە کە دوای ماوەیەکی کەم جیهان ڕووبەڕووی چەند گەردەلوولی سیاسی و سەربازی بۆوە کە ڕەهەندی جیهانییان هەبوو، ئەویش گواستنەوەی کاریگەری تیرۆری ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی بوو بۆناو جەرگەی جیهانی ڕۆژئاوا و "شەڕی دژە تیرۆر"ی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بوو.

بەڵێ یەنار، لە کەنەدا و لەناو ئەم گەردەلوولە جیهانییانەدا چووە ناو مەیدانی سیاسەتەوە و دەستی کرد بە خەبات دژی هەردوو ئەم هێزە: دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و شەڕ و داگیرکردنی عێراق، وە دژی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی، و لە سەرووی هەمووشیانەوە دژی دوژمنایەتییان بۆ ژن و پرسی ڕزگاری و یەکسانییەکەی. دژی یەکەمیان (ئیمپریالیزمی ئەمریکا) بوو کە پێکهاتەی مەدەنی کۆمەڵگای تێکشکاند و گەمارۆی ئابووری داسەپاند و پشتیوانیکرد لە هێزە کۆنەپەرستە ئایینی، نەتەوەیی، تائیفی و عەشیرەییە دژە ژنەکان، هاوشێوەی ئەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان کردی، وە دژی هێزی دووەمیش بوو لە ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی کە خەریکی سەرکوت و تیرۆری ڕاستەوخۆ و کۆیلەکردنی ئاشکرای ژنانن.

بەو شێوەیە یەنار چووە ناو جیهانی سیاسەتەوە، لە ڕێگەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانەوە خەباتی دەکرد و بەهرەی کەسایەتی خۆی لە پێشکەشکردنی وتار و لێهاتووییە ناوازەکەی لە دەربڕینەدا لە بواری ڕاگەیاندندا بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەکاردەهێنا، بۆ ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی شەڕی ئەمریکا دژی عێراق و تیرۆری ئیسلامی سیاسی. بەمەش زۆر زوو ناوبانگی لە ئاستێکی سنووردار‌دا لە کەنەدا و ئەمریکا پەیدا کرد. هەروەها کەمێك پێش شەڕی ئەمریکا دژ بە عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، لەگەڵ ژمارەیەك چالاکوانی ژن لە کەنەدا، لیژنەی (بەرگری لە مافەکانی ژنانی عێراق)یان دامەزراند، کە لە یەکێك



لە چالاکییەکانیدا، بە بۆنەی پەلاماری پاسەوانەکانی (ئەحمەد چەلەبی) لە تۆرۆنتۆ بۆ سەر یەکێك لە چالاکەوانەکانی ئەو لیژنەیە، بەیاننامەیەکیان بە ناوی لێژنەکەوە لە (١٤-١٠-٢٠٠٢) دەرکرد و تێیدا جەختیان کردەوە لەسەر دژایەتیکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە عێراق و بەیاننامەکەیان بەم ڕستەیە کۆتایی پێ هێنا: "بڕووخێت بەکرێگیراوی ئەمریکی و سیاسەتە تاوانکارییەکانی ئەمریکا بەرامبەر عێراق ... ژنانی عێراق شایستەی داهاتوویەکی زۆر لەمە باشترن ... شایستەی داهاتووی ئاشتی و ئازادی و یەکسانی تەواون لەنێوان ژن و پیاودا". هەروەها پێش ئەم کۆتاییە، لە بەیاننامەکەدا دژایەتی خۆشیان بۆ ئەو تاوانانەش دەربڕیبوو کە "ڕژێمی تاوانکاری بەعس" ئەنجامی دابوو لە کوشتنی ژنان لە هەڵمەتە ئیمانییەکەی ساڵی (١٩٩٦)دا کە بووە هۆی کوژرانی دووسەد و پەنجا ژنی عێراقی.

بەڵام دەرکەوتنی یەنار محەمەد لەناو کۆمەڵگەی عێراق و لەسەر ئاستی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ دوای دامەزراندنی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) لە حوزەیرانی (٢٠٠٣) لە بەغدا لەگەڵ ژمارەیەك چالاکوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان، واتە دوای دوو مانگ لە ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی بەعس، لە جەرگەی کەشوهەوای شەڕ و داگیرکاری ئیمپریالیستی ئەمریکای تاوانکاردا، وە لە بارودۆخی ئاسۆیەکی نادیار و مەترسیی ڕوودانی گەردەلوولی وێرانکەردا کە لە هەموو لایەکەوە ڕووی لە کۆمەڵگەی عێراقی کردبوو. ئەو گەردەلوولانەی کە دواتر لە کۆمەڵکوژییەکان و شەڕی تائیفی و کوشتن لەسەر بنەمای ناسنامە و پرۆسەی تێکدانی پێکهاتەی مەدەنی کۆمەڵگە و تەقینەوە تیرۆریستییەکان و سەرهەڵدانی میلیشیاکان و بەهێزبوونی هێزە کۆنە پەرستەکانی کۆمەڵگە دژی ژنان لە هێزە عەشیرەییەکانەوە تا دامەزراوە ئایینییەکان بەرجەستە بوون، و بەمەش ژن کەوتە ناو چنگی سەختترین قۆناغی مێژوویی سەرکوتکەر و کارەساتبار لە مێژووی عێراقی نوێدا.

تەنها شەش مانگ بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا تێپەڕیبوو، یەنار محەمەد لە ئێوارەی (٣١)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٣)دا لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە نامەیەکی لە گروپێکی ئیسلامی بە ناوی (سوپای هاوەڵان - جيش الصحابة)ەوە پێگەیشت. ناونیشانی نامەکە بریتی بوو لە: "کوشتنی یەنار محەمەد لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا". لەو کاتەوە تا ساتەوەختی تیرۆرکردنی، بەردەوام جۆرەها هەڕەشەی کوشتنی لەسەر بوو لە ماوەی بیست و سێ ساڵی خەباتی بێوچانیدا لەناو ئەو هەموو کارەسات و کۆمەڵکوژی و وێرانکارییەی کە عێراق بەخۆیەوە بینی. تەنانەت ئەم هەڕەشانە هەر بەردەوام بوون لە ڕۆژانی (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)شدا، ڕۆژانی پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی لەبەرامبەر بزووتنەوەی جەماوەری لە عێراق، ئەمە جگە لە جۆرەکانی تری فشار و هەڕەشە و سکاڵای یاسایی هەڵبەستراو. سەرەڕای ئەوەش، هەڵمەتی میدیایی هاندان بۆ کوشتنی یەنار و چالاکوانانی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و هاندان بۆ داخستنی نووسینگەکانی ئەم ڕێکخراوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەك "إذاعة المساواة- ڕادیۆی یەکسانی" و ڕۆژنامەی "المساواة -یەکسانی" بەدرێژایی مێژووی خەباتی یەنار محەمەد و (ڕێکخراوی ئازادی ژن) تا ئەمڕۆش بەردەوامە و هەر نەوەستاوە. ئەو هاندانانەی کە پڕ بوون لە بێ ئابڕووترین جۆرەکانی درۆ و بوختانی سیاسی پڕ ڕق و کینە کە هەڵبەسترابوون لە لایەن هێزە میلیشیاییەکان و ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و دەزگا هەواڵگرییە تاوانکارەکانیان بە هەموو جۆرەکانیانەوە.

ژمارەی ئەو کەسانەش کەم نەبوون کە بە درۆ و چەواشەکاری خۆیان بە چەپ ناودەبرد و پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی ئەم هێزە تاوانکارانە و هاندانەکانیانەوە کە ئامانجیان تیرۆرکردنی هاوڕێ یەنار بوو، ئەوانە لە بنەڕەتدا دەستەوتاقمێکی لۆمپنی سیاسیی بوون کە خاوەن مەیلی سیاسی و کەلتووری پوکاوەی نێرسالاریی ئیسلامی و قەومی و تائیفی و لە ژینگەی نەتەوەپەرست و شۆڤێنیستەکانەوە هاتبوون. ئەم دەستەوتاقمە هەڵمەتی بەردەوامیان وەڕێخستبوو لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دژی هاوڕێ یەنار و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) و (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، تا ئەو ڕادەیەی وێنە و وردەکاری ناوەکانیان بڵاوکردەوە، ئەمەش بە گشتی یارمەتیدەر بوو بۆ خۆشکردنی کەشوهەوا بۆ تیرۆرکردنی.

مێژووی خەباتی هاوڕێی ئازیز یەنار و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) لە بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانی ژن، پڕە لە قوربانیدان و دەستکەوت؛ لە ڕێکخستن و دامەزراندنی ڕێکخراوەکە و دژواری بەڕێوەبردنییەوە، تا دەرکردنی ڕۆژنامەی "یەکسانی" لە نیسانی (٢٠٠٤)، و "ڕادیۆی یەکسانی" لە ماوەی ساڵانی یەکەمی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا. هەموو ئەمانە لە پاڵ دروستکردنی لقەکانی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) لە پارێزگاکان و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی پەناگەکان (شێڵتەرەکان) بۆ ژنانی ئەشکەنجەدراو و ڕزگاربوو لە بازرگانیکردن پێیانەوە، و بەشداریکردنی کاراش لە خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان و ڕێکخستنی گردبوونەوەی نارەزایەتی، و بەشداریکردن لە ڕێکخستنی بۆنەکانی سەر بە بزووتنەوەکانی ژنان و کرێکاری و سۆشیالیستییە جیهانییەکان و

گێڕانی ڕۆڵێکی کارا تێیاندا.

یەنار بە پێداگرییەوە بەردەوام بوو لە خەباتکردن لە مەیدانی خەبات لە پێناو مافە یاساییەکاندا، لە ڕێکخستنی هەڵمەتی خەباتکارانەی جۆراوجۆرەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو یاسایانەی کە دژە ژنن لە سیستەمی دادوەری عێراقدا، تا ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵی حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی بۆ دەرکردنی یاسای نوێی تائیفیی دژە ژن و لێسەندنەوەی ئەو ماف و ئازادییانەی کە ژنانی عێراق بە درێژایی مێژوو بەدەستیان هێنابوو.

وێستگەکانی خەباتی یەنار و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) لەم مەیدانەدا زۆرن؛ لە ڕووبەڕووبوونەوەی بڕیاری (١٣٧)ی "مجلس الحكم الانتقالي- ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی ڕاگوزەر"ەوە دەست پێدەکات کە هەوڵێك بوو بۆ سەپاندنی "یاسای باری کەسێتیی جەعفەری" لە کۆتایی (٢٠٠٣)دا. لەم چوارچێوەیەدا "یەنار محەمەد سمینارێکی دژ بە بڕیاری (١٣٧) بە ناونیشانی (نا بۆ کۆیلایەتی ژنان لە عێراق) لە (٢٩)ی کانوونی دووەمی (٢٠٠٤)دا سازکرد. هەروەها بەشداریی لە خۆپیشاندانێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژناندا کرد کە تێیدا وتارێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە پێویستیی کۆتاییهێنان بە سەردەمی سەرکوتکردنی ژنان لە ڕێگەی خەباتێکی ڕزگاریخوازانەی ژنانەوە کە بانگەشەی یەکسانی بکات. وتارەکە لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆییەکان و هەندێك کەناڵی جیهانییەوە بڵاوکرایەوە" و لەسەر ئەم بنەمایەش بووکە یەکەم نامەی هەڕەشەی کوشتنی بۆ هات. ئەمە و هاوڕێ یەنار لە ساڵانی دواتردا، لە (٢٠١٤) و (٢٠٢٤)دا، دژی هەڵمەتەکانی تری سەپاندنی یاسای جەعفەری خەباتی کرد و خۆی و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) لەگەڵ ژمارەیەك لە چالاکوانان و پارێزەران دەستپێشخەرییان کرد بۆ دامەزراندنی "هاوپەیمانی ١٨٨" دژی (هەمواری یاسای باری کەسێتی ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩) لە تەمموزی (٢٠٢٤). هەروەها زۆر لێبڕاوانە خەباتی کرد دژ بە تێپەڕاندنی "پاکێجی ئەحکامە جەعفەرییەکان" لە پەرلەمان لە ئابی (٢٠٢٥)دا، دوای ڕێککەوتنێکی شەرمەزارانەی نێوان بلۆکە پەرلەمانییەکانی حزبە قەومییە عەرەبی و کوردییەکان لەگەڵ حزبەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئەحکامە کۆنە پەرستانەی دژ بە مافەکانی ژنان، کە دەرگا بە ڕووی تاوانی بەشوودانی کچانی تەمەن مناڵ دەکاتەوە. جگە لەوەش یەنار لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیدا، خەباتی کردووە لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی سیاسی و ماف و ئازادییە مەدەنییەکان و مافی هاووڵاتیبوونی یەکسان و جیاکردنەوەی ئایین و نەتەوە لە دەوڵەت و سیستەمی پەروەردە، وە خەباتی کردووە دژ بە گەندەڵی و دەسەڵاتی میلیشیا و هێزە خێڵەکییەکان و هەژموونی مەرجەعیەتە ئاینییەکان کە دژی مافەکانی ژنان و منداڵانن.

هاوڕێ یەنار لە چوارچێوەی خەباتی حزبیدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پەیوەندی بە پرۆژەی "کۆنگرەی ئازادی عێراق"ەوە کرد و یەکێك بوو لە واژۆکەرانی دامەزراندنەکەی بە دەستپێشخەریی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) لە ساڵی (٢٠٠٤)دا، بەڵام لە کاتێکی تا ڕاددەیەك زوو لەم پرۆژەیە کشایەوە، دوای ئەوەی پەرەسەندنی نەرێنی ئەم پرۆژەیەی بینی کە ناکۆك بوو لەگەڵ ئامانجە کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازییەکانی ژنان، کە هاوڕێ یەنار پابەند بوو پێیانەوە.
گەورەترین چەڵێنج لە چالاکیی هاوڕێ یەنار محەمەددا، خەباتی بوو بۆ ڕزگارکردنی ژنانی ئەشکەنجەدراو و هەڕەشە لێکراو بە کوشتن و ئەو کچە گەنجانەی کە کەوتبوونە داوی تۆڕەکانی بازرگانیکردن بە ژنانەوە. سەرباری هەموو ئاڵۆزی و زەحمەتییەکانی بەڕێوەبردن و کۆسپەکانی دەستکەوتنی بودجە بۆ پرۆژەکەی و ئەو مەترسی و هەڕەشەی کوشتنەی کە لەلایەن میلیشیا و باند و مافیا جۆراوجۆرەکانەوە ڕووبەڕووی بووەوە، یەنار بە ئیرادەی پۆڵایینی خۆی و بە یارمەتیی کاری ماندوونەناسانەی چالاکوانانی ژن و پیاو لە (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) و ژمارەیەك لە هاوڕێیانی لە کادیرە کۆمۆنیستەکان، توانی ئەم ئەرکە ئەنجام بدات و نزیکەی (١٤٠٠) کچی گەنج لە مەترسییەکانی مەرگ و وێڵ بوون و ئاوارەیی ڕزگار بکات.

هاوڕێ یەنار گرنگییەکی تایبەتی بە بەرزکردنەوەی ئاستی فکری و سیاسیی چالاکوانان و ڕزگاربووان دەدا، بۆیە بە درێژایی چەندین ساڵ بەردەوام بوو لە کردنەوە و بەردەوامیدان بە کاری قوتابخانەکانی تیۆری ڕزگاریخوازانەی ژنان و قوتابخانەکانی فێرکردنی مارکسیزم. ئەم قوتابخانانە بەرهەمی باشیان هەبوو؛ ژمارەیەك لە چالاکوانی ڕزگاریخوازی ژنان تیایدا بە دیدگای ماتریالیزمی مێژوویی چەکدار بوون بۆ تێگەیشتن لە پرسی چەوسانەوەی ژن و ڕزگارییەکەی، کە ئەوەش یارمەتیدەر بوو بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ڕزگاریخوازەکانی چالاکەوانانی ژنان بە شێوەیەکی لێهاتوو.
یەنار محەمەد، خەباتکارێکی ڕابەری کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ بوو، لەگەڵ بێکاران لە ناو ڕیزەکانی (یەکێتیی بێکاران لە عێراق) و خۆپیشاندان و گردبوونەوە نارەزایەتییە بەردەوامەکانیان لە بەردەم ئیدارەی کاتیی دەسەڵاتدارانی ئەمریکی لە هاوینی (٢٠٠٣) لە بەغدا خەباتی دەکرد. هەر لەو کاتەوە چالاکییەکانی یەنار دانەبڕاوە لە پشتیوانیکردنی بۆ خەباتی کرێکاران لە کەرتە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی خەباتی کرێکارانی (کەرتی پیشەسازی) و خۆپیشاندان و کۆنگرەکانیان دژ بە ڕادەستکردنی کەرتی گشتی بۆ دەستی کەرتی تایبەت و ئاڵوگۆڕی لە پەیکەرەی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی و دەرکردنی کرێکاران لەسەر کار.

هەروەها بە توندی و تا دوا ساتەکانی ژیانی خەباتی کرد بۆ بەرگریکردن لە (یەکێتیی شورا و سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراق) و سەرۆکی پێشووی، فەلاح عەلوان، و هەموو ئاسانکارییەکی پێشکەش کرد بۆ پەرەپێدانی کار و خەباتی ئەم یەکێتییە کرێکارییە. هەروەها هەڵوێستێکی پشتیوانکارانەی هەبوو بۆ ئەم یەکێتییە کرێکارییە کە ستراتیژ و سیاسەتێکی کرێکاریی سۆشیالیستی هەبوو، وە ڕووبەڕووی ئەو جیابوونەوانە وەستایەوە کە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠٠٧) لە ڕیزەکانیاندا ڕوویاندا و هەمیشە بە هەموو شێوەیەك کە لە تواناددا بوایە یارمەتی ئەم یەکێتییەی دەدا لە ڕێکخستنی هەڵمەت و کۆنگرە و سازکردنی سمیناری هاوبەش لەگەڵیدا.

هاوڕێ یەنار هەمیشە هەوڵی دەدا کە بزووتنەوەی کرێکاری و ئەم یەکێتییە کرێکارییە خاوەن ئاراستە سۆشیالیستییە پەرە بستێنێت، و پرسی ژن و ئازادییەکەی ببێتە ئەرکێکی سەرەکی لە ئەرکەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، لەوانەش ببێتە پرسی سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان. هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی پتەوەی ئەو کە پرسی ئازادیی ژن و ڕزگاربوون

لە سیستەمی چینایەتی دوو بابەتی لێك دانەبڕاون و بە یەکەوە بەستراونەتەوە. یەنار لە هەموو وێستگەکانی خەباتی کۆمەڵایەتیدا بەشدار بووە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تەندروستی و پەروەردەیی، وە بەشداریش بووە لە خەبات دژ بە سیاسەتە نیولیبرالییەکانی ڕژێمی بۆرژوا قەومی و ئیسلامیی فەرمانڕەوا، لە ڕادەستکردنی کەرتی گشتی بۆ دەستی کەرتی تایبەت، هەروەها بەشداریش بووە لە خەبات دژی گەندەڵیی دارایی و ئیداری و تاڵانکردنی سامانی کۆمەڵگە. ئەمە و پشتیوانیی لە خەباتی جەماوەر کردووە بۆ بەدیهێنانی داواکارییە ئابوورییەکانی



کرێکاران و بێکاران و کرێکارانی ڕۆژنامەکار و پشتیوانی ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان بووە لە ماوەی (٢٣) ساڵدا.

هاوڕێ یەنار بە هەموو تواناوە پشتیوانیی لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی لاوان و کرێکاران و بێکاران و خۆپیشاندانەکانیانی دەکرد لە هەموو وێستگەکانیدا، هەر لە ساڵی (٢٠١١) و (٢٠١٥) و (٢٠١٧) و (٢٠١٨) ەوە تا (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩). یەنار پشتیوانیی لەم ناڕەزایەتییانە کرد و لەگەڵ (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) بە تەواوی هێزەوە بەشداریی تێدا کردن و لە بەشێکیشیاندا وتار و قسەی پێشکەش کردووە بۆ بەرگریکردن لە داواکارییەکانی جەماوەری نارازی و بەتایبەتییش بۆ بەرگری لە پرسی ماف و ئازادییەکانی ژن و یەکسانییەکەی و خەباتی دەکرد بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییانە سیاسەتی ڕزگاریخوازانە بەرامبەر بە پرسی ژن پەیڕەو بکەن.

بەڵام گرنگترین بەشداریکردنی ئەو لە ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)دا بوو. هاوڕێ یەنار دوو ڕۆژ پێش سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) -کە نزیکەی ساڵێك و دوو مانگ پێش ئەم ڕاپەڕینە دامەزرا بوو- بەشداریی کرد لە دەرکردنی بەیاننامەی ئەم ڕێکخراوەدا کە تێیدا جەختی کردۆتە سەر بەرگریکردن لەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە شۆڕشگێڕانەیە کە چاوەڕوانکراو بوو سەرهەڵبدات، هەروەها پلاتفۆرمی سیاسیی ئەم ڕێکخراوەی بۆ ڕاپەڕینەکە و دروشمی "هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیوو" و بەڵگەنامەی "سەرخەتە گشتییەکانی وەڕێخستنی شوراکان"ی پەسەند کرد و بەهێزەوە بەرگریی لێ کردن.

هەروەها خۆی بۆ ماوەیەك بەشداریی لە ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)دا کرد، و وتاری پێشکەش دەکرد لەو سمینارە جەماوەرییە کراوانەدا کە لەلایەن ئەندامانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادیرەکانیانەوە ساز دەکرا لە (ساحەی تەحریر) لە بەغدا، ئێوارەی هەموو ڕۆژێك لەژێر چادرێکدا کە دروشمی (هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیوو)ی لەسەر نووسرابوو. هەروەها بەشداریی کرد لە دەرکردنی بڵاوکراوەی (ژنانی ڕاپەڕین) وەك پرۆژەیەکی هاوبەش لە نێوان (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) و (ڕێکخراوی ئازادی ژن)، و نووسین بۆی بەتایبەتی بۆ ژمارە سەرەتاییەکانی.

سەرباری کردنەوەی دەرگا بە ڕووی بەشداریکردنی بەشێکی فراوانی ژنان لەم ڕاپەڕینەدا، دوای ئەوەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی کاتی پاشەکشەیان کرد، بەڵام هاوڕێ یەنار نیگەرانیی خۆی نەشاردەوە سەبارەت بەوەی لاوان و چالاکوانانی ئەم ڕاپەڕینە ئاسۆیەکی سیاسیی ڕزگاریخوازانەیان بەرامبەر بە پرسی ژن نەگرتۆتەبەر. ئەمە دەستنیشانکردنێکی ورد و دروست بوو، ئەو کەشوهەوا پڕ جۆش و خرۆشەی کە زاڵ بوو بەسەر ڕاپەڕینەکەدا نەبووە هۆی ئەوەی یەنار کەموکوڕی لە پرۆژە سیاسییەکانی بزووتنەوەی لاواندا نەبینێت کە گرنگیی پێویستییان نەدەدا بە پرسی ژن و ئازادی و یەکسانییەکەی، تەنانەت لاوان نەچوونە پای ئەمە هەتا بۆ بەهێزکردنی ڕاپەڕین و بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ ڕزگاربوون لە ڕژێمی فەرمانڕەواش.

ئەمە و پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە کرێکارییەکان و ناڕەزایەتی و چالاکییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و بزووتنەوە جەماوەرییەکان لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان و بەتایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێك بوو لە گرنگترین مەیدانەکانی چالاکی هاوڕێ یەنار. ئەو بەهێزەوە بەرگریی کرد لە شۆڕشەکانی تونس و میسر و شەپۆلی جەماوەریی شۆڕشگێڕانە لە ناوچەکەدا. هەروەها بەرگریی کرد لە خەباتی جەماوەری ژنان لە ئێران بۆ ڕزگاربوون لە مۆتەکەی ترسناکی هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامیی فەرمانڕەوا لەو وڵاتە. لە مانگی ئەیلول/سێپتێمبەری (٢٠٢٣)دا، لە گردبوونەوەیەکی هاوپشتیدا کە لەلایەن (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) لە گۆڕەپانی فیردەوسی بەغدا ڕێکخرابوو، هاوڕێ یەنار وتارێکی کاریگەری پێشکەش کرد بۆ هاوپشتیی لەگەڵ ژنانی ئێران و ناڕەزایەتییە جەماوەرییە شۆڕشگێڕییەکانی ئێران وەك پەرچەکردارێك دژ بە کوشتنی مهسا (ژینا) ئەمینی. ئیتر لە دوای ئەم گردبوونەوە هاوپشتییە، هاوڕێ یەنار و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) ڕووبەڕووی ڕاوەدونانی دەسەڵات و سکاڵای یاسایی هەڵبەستراو بوونەوە، بە ئامانجی دادگاییکردنیان و داخستنی نووسینگەکانی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و ڕێگریکردن لە

چالاکییەکانیان.

خەباتی هاوڕێ یەنار بۆ ئازادیی ژن و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، لە دیدگایەکی ڕزگاریخوازانەی ژنان و مارکسیستی شۆڕشگێڕەوە، وە ئامادەبوونی لەسەر ئاستی جیهانی لە ڕاگەیاندنەکان و تۆڕی بزووتنەوە ئازادیخوازە نێودەوڵەتییەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی، وە ئامادەبوونی لە ناوەندەکانی ڕەوت و ڕێکخراو و حزبە سۆشیالیستییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان لەسەر ئاستی جیهان، وای لێ کرد ببێت بە کەسایەتییەکی ناسراوی جیهانی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژن و ئازادیی مرۆڤ، ئیتر لە سەکۆ جیهانییە بۆرژوازییەکان و دامەزراوەکانیدا دانی پێدا دەنرا، لەوانەش (نەتەوە یەکگرتووەکان) کە وتارێکی تێدا پێشکەش کرد، هەروەها لە دەزگای پەخشی بەریتانی (BBC)یش کە لە ساڵی (٢٠١٨)دا وەك یەکێك لە (١٠٠) ژنی پێشەنگ لە جیهاندا هەڵبژارد.

هاوڕێ یەنار چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەستهێنا: (خەڵاتی گروبەر) بۆ مافەکانی ژنان لە ساڵی (٢٠٠٨)، (خەڵاتی یادگاریی تۆرۆڵف ڕافتۆ) لە ساڵی (٢٠١٦)، و (خەڵاتی فەرەنسی-ئەڵمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا) لە ساڵی (٢٠٢٥). هەروەها بە بۆنەی تێپەڕبوونی (٢٠) ساڵ بەسەر داگیرکردنی عێراقدا، هاوڕێ یەنار بەشداریی لە بەرنامەیەکدا کرد لەگەڵ کەسایەتییە چەپ و سۆشیالیستە ناسراوەکانی جیهان لە ناو بزووتنەوەی جیهانیی "دژە جەنگ"دا بۆ دەربڕینی ڕای خۆی بەتایبەتی سەبارەت بە شەڕی ئەمریکا دژ بە عێراق، کە تێیدا تیشکی خستە سەر ئەو کارەساتانەی کە ئەم شەڕە دروستی کردووە بۆ جەماوەر بەتایبەتی ژنانی عێراق و ناوچەکە.

بەڵام گرنگترین ڕۆڵ و تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەی هاوڕێ یەنار لەبنەڕەتدا ئەوە بوو کە لە بناغەدا تێکۆشەرێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ بوو، وە بەردەوام لە خەباتدا بوو بۆ بونیادنانی جیهانێکی خاڵی لە چین و دەوڵەت و هەموو جۆرەکانی سەرکوت و چەوسانەوە و جیاکارییەك، لە ڕێگەی خەبات لەناو ڕەوتێکی کۆمۆنیستی حزبی ڕێکخراوەوە، ئەمە شتێك بوو کە هیچ دوودڵ نەبوو لێی سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی کە لە ژیانی حزبایەتیدا لە ماوەی نزیکەی سێ دەیەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی بووەوە.

خەباتی ئەو بۆ ئازادیی ژن و بەدیهێنانی ماف و یەکسانییەکەی، هەرگیز دابڕاو نەبوو لە ڕەخنەگرتنەکانی و لە خەباتەکەی دژی سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری. تێزەکەی ئەو سەبارەت بەوەی کە ڕەوتێکی کۆمۆنیستی ڕێکخراو دەبێت پشتیوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) و تەنانەت چالاکییەکان و خەباتی هاوڕێ یەنار خۆشی بێت، ئەمە بۆ ئەو تەنها سیاسەتێکی تاکتیکی نەبوو بۆ پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان، بەڵکو ئاسۆیەکی سیاسی و ستراتیژێکی سیاسی کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازانەی ژنان بوو لای هاوڕێ یەنار.




ئەو باوەڕی وابوو کۆمۆنیزمێك کە بە مەسەلەی ژن و پرسی ئازادییەکەی دەوڵەمەند نەکرێت، کۆمۆنیزمێکی ستالینی و میکانیکییە، یان کۆمۆنیزمی ڕەوتە بۆرژوازییە نەتەوەییە ڕادیکاڵەکان یان کۆمۆنیزمی ڕیفۆرمخوازە سازشکارەکانە، و هیچ پەیوەندییەکی بە چینی کرێکار و جەماوەری ژنانی چەوساوەوە نییە. ترسی ئەو لەوە نەبوو کە چالاکی ڕزگاریخوازانەی ژنان زاڵ بێت بەسەر ڕەوتە کۆمۆنیستییە ڕێکخراوەکەدا کە خۆی لە چوارچێوەیدا کاری دەکرد، بەڵکو ترسی لەوە بوو کە کۆمۆنیزمی ئەو حزب یان ئەو ڕێکخراوەی کە تێیدا خەبات دەکات، ڕزگاری نەبوو بێت لە نێرساڵاری و هەژموونی کولتووری ئایینی و نەتەوەیی پیاوساڵاری بەسەریدا.

سەرەڕای ئەوەی خەباتی حزبیی هاوڕێ یەنار لە ناو (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) دا لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە هاوڕای هەندێك ئاستەنگ بوو، بەڵام هەر پابەندبوو بە حزب و خەباتکردن لە ناویدا. ئەو باوەڕی بە خەباتی حزبی ناوخۆیی هەبوو، جیاوازیی بیروڕای قبوڵ دەکرد و هەوڵی دەدا پارێزگاری لە یەکێتیی حزب بکات.

لە (٦)ی ئایاری (٢٠١٨)دا، لە کاتی پلینۆمی (٣٣)ی کۆمیتەی ناوەندیی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)، هاوڕێ یەنار دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حزبە پێشکەش کرد، چەند ڕۆژێکیش دواتر دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە ئەندامێتی حزبەکە ڕاگەیاند، بەمەش خەباتی خۆی لەناو ئەو حزبەدا کۆتایی پێ هێنا کە زیاتر لە (١٨) ساڵ درێژەی کێشا.

دوای دەرچوونی لە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)، نەچووە ناو مشتومڕی حزبیی لاوەکییەوە، وە بێبەری بوونی خۆشی ڕانەگەیاند لەو خەباتەی لەناو ئەو حزبەدا کردبووی، بەڵکو وەك بەشێك لە مێژووی خەباتی سیاسی و حزبیی کەسیی خۆی سەیری دەکرد و جێگەی شانازیی خۆی بوو. سەبارەت بە ناکۆکییە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش، هاوڕێ یەنار هانی زۆر سەرقاڵ بوون و خۆمەژغولکردنی بەو ناکۆکییانەوە نەدەدا، وە بانگەشەی نەدەکرد بۆ کردنەوەی بەرەکانی ململانێ کە کۆمۆنیستەکان و چالاکوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان دوور دەخاتەوە لە کێشە

سیاسییە گەورەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە گەورانە کە چواردەوری خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی داوە، لە کۆمەڵگەیەکیشدا کە هێزە کۆنە پەرستە جۆراوجۆرەکان بەسەریدا زاڵن. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە سەرەڕای ڕەخنەی لە هەندێك لە سیاسەتەکانی هاوڕێ مەنسوور حیکمەت، بەڵام هەر بە ڕێز و پێزانینێکی زۆرەوە سەیری دەکرد و جەختی دەکردەوە لەسەر گرنگیی پێگە و بیرۆکە و خەباتی ئەو لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا لە عێراق و لە ناوچەکەدا.

هاوڕێ یەنار نەوەستا لە درێژەدان بە خەباتی کۆمۆنیستیی ڕێکخراو، بۆیە دوای دەستلەکارکێشانەوەی لە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق)، لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی دەستپێشخەرییان کرد بۆ دامەزراندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەوە لە (٢٥)ی تەمموزی (٢٠١٨)دا.
(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)ش بێبەری نەبوو لە ئاستەنگ لە بەردەم خەباتی هاوڕێی ئازیز یەنار، بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا، کە ژمارەیەك هاوڕێ پەیوەندییان پێوە کردبوو کە هێشتا دەستبەرداری میراتی نێرسالاری نەببوون و دوای ماوەیەکی کەم ڕێکخراوەکەیان بەجێهێشت. هاوڕێ یەنار تا دوا ساتەکانی ژیانی بەهێزەوە پابەند بوو بە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) و وەك ئامرازێکی کاریگەر دەیبینیەوە لە دەستی خۆیدا بۆ خەبات لە پێناو بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجە کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازییەکانی ژنان، و ڕێزێکی زۆری هەبوو بۆی، وە دایدەنا بە دەستکەوتێکی گرنگ لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا.

هەر لەو چوارچێوەیەشدا گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە پێش ڕۆژانی کۆتایی ژیانی، بەردەوام هانی ژنانی چالاکوانی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن)ی دەدا کە دەستبگرن بە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)یەوە و پێوەی پەیوەست بن، چونکە ئامرازێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانەی گرنگە بۆ بەهێزکردنی خۆیان و بەهێزکردنی خەباتە ڕزگاریخوازییەکەیان. ئەو ئاماژەی بە ڕۆڵی خەتی سیاسیی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) دەکرد لە بەهێزکردنی هاوڕێ یەنار خۆیدا لە ڕووی سیاسییەوە و وەك نموونەیەك دەیهێنایەوە بۆ هاندانی ژنانی چالاکوان بۆ پەیوەست بوون پێوەی و کارکردنی سیاسی لە چوارچێوەیدا.
هاوڕێی ئازیز یەنار لەناوماندا نەما، بەڵام میراتێکی شۆڕشگێڕانەی گەورەی بۆ بەجێهێشتین بە کارە ماندوونەناسەکەی بۆ بونیادنانی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی بەهێز و بەتوانای حزبی و تێکۆشەر لە پێناو بونیادنانی جیهانێك کە ئازادی و یەکسانی تێیدا بەرقەرار بێت، وە بۆ بونیادنانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی گەورەی ژنان، کە ژنان لەو کۆیلایەتییەی بەسەریاندا سەپێنراوە ڕزگار بکات، بزووتنەوەیەك کە هەر لەو کاتەدا بە کۆمۆنیزم بەهێز دەبێت، خۆشی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەهێز دەکات و دەینەخشێنێ بەو قووڵاییە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان کە ڕەوتە کۆمۆنیستییەکانی سەر بە چینە غەیر پرۆلیتارییەکان لێی بێبەش بوون.

کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیز یەنار خەسارەتێکی گەورەیە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان، لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەسارەتێکی قەرەبوو نەکراوە، نەك تەنها خەسارەتی ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکەی خۆی یان خەسارەتی ڕێکخراوەکەی ئازادی ژن، بەڵکو خەسارەتێکی سەرا پای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکریی ڕزگاریخوازانەی مەزنە. یەنار محەمەد ئایکۆنی خەباتی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە گەورەیەیە بە گشتی و وەك ئەمە لە مێژوودا بە نەمری و خاوەن میرات و نەریتی شۆڕشگێڕانەوە دەمێنێتەوە.

ئێمە لە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) شانازی بە هاوڕێی ئازیزمان یەنار و بە ئاڵا ڕزگاریخوازەکەی و بە میراتە خەباتگێڕییە مەزنەکەیەوە دەکەین، ئێمە لەو کاتەدا داخ و خەم و پەژارەی قووڵی خۆمان دەردەبڕین بۆ لەدەستدانی هاوڕێی ڕابەری مەزنی ئازیزمان یەنار محەمەد، هەموومان لە قووڵایی دڵمانەوە شانازی دەکەین بەوەی کە هەمیشە هاوڕێی ڕێگای خەباتەکەی بووین، بەتایبەتی هەندێك لە هاوڕێیانمان کە زیاتر لە دوو دەیەیە بە سەقامگیرییەوە هاوڕێی خەباتە ماندوونەناسەکەی بوون.
یادی هاوڕێی خەباتکاری مەزن یەنار محەمەد هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.
ڕیسوایی و شەرمەزاری بۆ بکوژانی یەنار محەمەد؛ کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ و ئایکۆنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان.

شۆڕشی یەنار محەمەد بۆ ڕزگاریی ژن و بونیادنانی جیهانێکی خاڵی لە چەوسانەوە، شۆڕشێکی بەردەوامە!
بژی کۆمۆنیزم، بژی ڕزگاریی ژن.
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٨ی مارسی ٢٠٢٦

## ڕاگەیاندن دەربارەی تاوانی تیرۆرکردنی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد

بەوپەڕی خەم و پەژارە و ئازارێکی قووڵەوە، گیان لە دەستدانی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد، سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ڕادەگەیەنین.
سەعات نۆی بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە (٢٠٢٦/٣/٢) بە کاتی عێراق، دوو تاوانباری تیرۆریست بە سواری ماتۆڕسکیل، لە شوێنی نیشتەجێبوونی لە بەغداد تەقەیان لە هاوڕێ یەنار محەمەد کرد و بە سەختی برینداریان کرد، پاش ماوەیەکی کورت لە گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە، بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە گیانی لەدەستدا.
ئێمە لە کاتێکدا بە توندترین شێوە سەرکۆنەی ئەم تاوانە تیرۆریستییە دڕندانەیە دەکەین کە دەرهەق بە خەباتکارێکی مەزنی دۆزی ژنان و ڕزگاری و یەکسانییان، و خەباتکارێکی کۆمۆنیستی پەیگیر و کۆڵنەدەر لە پێناو ئازادیی مرۆڤ ئەنجامدراوە؛ حکومەت بە بەرپرسیار دەزانین لە ئاشکراکردنی تاوانباران و ڕادەستکردنیان بە دادگا.
یادی هاوڕێ یەنار محەمەد وەك مەشخەڵێکی گەشاوە بۆ هەمیشە بۆ ئێمە دەمێنێتەوە لە خەبات بۆ ڕزگاریی ژنان و لە خەباتی کۆمۆنیستی لە پێناو جیهانێکی خاڵی لە هەر جۆرە ستەم، جیاکاری و چەوسانەوەیەك.
دواتر لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە وردەکاریی ژیان و خەباتی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد بڵاودەکەینەوە، هەروەها کات و شوێنی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی هاوڕێ یەنار لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق ڕادەگەیەنین.

کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی
لە عێراق ٢٠٢/٣/٢

# حکومەتەکەی عەلی فالح زەیدی و بەرنامەی کابینەکەی، خزمەتە بە چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە و بەردەوامیدانە بەو دۆخە سیاسییەی کە هەیە

البديل OCAL
منظمة البديل الشيوعي في العراق

## بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

دوای زیاتر لە شەش مانگ لە کۆتاییهاتنی گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق، ئەو پەرلەمانەی کە لەئاکامیدا پێکهێنرا متمانەی دا بە بەرنامەی کابینەکەی سەرۆك وەزیرانی کاندیکراوی "چوارچێوەی هەماهەنگی"؛ ( عەلی فالح زەیدی )، و چواردە وەزیر لە کۆی بیست و سێ وەزیرە کاندیدکراوەکەی بۆ وەرگرتنی وەزارەتەکان، لە ڕۆژی پێنجشەممە ( ١٤ )ی ئایاری ( ٢٠٢٦ ).

بەم شێوەیە ئەڵقەیەکی نوێی دەردناك دەخرێتە سەر زنجیرەی یاریکردنی بەردەوام بە ئیرادەی سیاسی زۆرینەی جەماوەر لە عێراق، و بەستنەوەی بژێوی ژیان و داهاتووی منداڵەکانیان بە بەرژەوەندی سەرمایە و هێزە گەندەڵەکانی دەسەڵاتدار و بەرژەوەندیی هەردوو ڕژێمی ئەمریکا و ئێرانەوە. هەموو ئەمانەش بەرێخران لەنێو چەپڵەڕێزانی ئەم هێزە قەومی و ئیسلامییە تائیفییانەی فەرمانڕاوای وڵاتەکە و پێشوازی گەرمی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و پیرۆزبایی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێراندا.

وردەکارییەکانی ڕۆڵ و جێگەوڕێگە و پەیوەندییەکانی سەرۆك وەزیرانی ئێستا لەناو سیستەمی حوکمڕانیی گەندەڵ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە هەلومەرجی قەیرانێکی سیاسیی قووڵی ناو ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە، و جەنگ و ململانێ بەردەوامەکەی نێوان ئەمریکا و ئێران، و پێشوازییە ئاشکراکەی ئەمریکا لێی، پاڵیان ناوە بەم سەرەك وەزیرانەوە تا بێتە پێشەوەی گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە و ناشزانرێت تا کەی لەناو ئەم قەیرانەدا دەتوانێت لەم پۆستەیدا بمێنێتەوە.

بەخشینی متمانە بە سەرمایەدارێکی بانکدار کە لە ژینگەی دەستەجاتێکی بورژوا تائیفی و میلیشیایی گەندەڵی داسەپاو بەسەر ملی جەماوەردا، وە لەناو زۆنگاوی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵییەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە ( ٢٣ ) ساڵی ڕابردوودا پەروەردە بوو بێ، ئەویش لە هەلومەرجێکی سەرمایەداری دڕندانەی زاڵ بەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عێراق و لێکهەڵپێکراویەکەی لەگەڵ سەرمایەی مالی جیهانی کە چارەنوسی ملیارەها ئینسانی کۆنترۆڵکردووە، بەڵێ ئەم متمانە بەخشینە شتێك نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە دڵتەزێنەی کە زۆرینەی جەماوەر تێیدا دەژین، شتێك نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تاڵە لە کۆسپ و گرفتێك کە بزووتنەوەی سیاسی سەربەخۆی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و گەنجان بەدەستیەوە دەناڵێنن.

دابێت هەتا ئەگەر لە هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی کارتۆنیشدا بوو بێت، بەڵکو لەبەرئەوەی ( عەلی زەیدی ) لەناو بازنەی هێزەکانی ڕژێمە سیاسییەکە و ڕەوت و حزبەکانیەتی و لە ڕەزامەندی هەردوو ڕژێمی ئەمریکا و ئێرانیش بەهرەمەندە.

ناوەڕۆکی چینایەتی سەرمایەدارانەی بەرنامەی کابینەکەی ( عەلی زەیدی ) بە ئاشکراترین شێوە لە بەشی ئابوورییەکەیدا دەردەکەوێت، کە بەرنامەیەکی تەواو سەرمایەداری پێکدەهێنێت و خۆی وەك سەرمایەدارێکی بانکی نوێنەرایەتی دەکات و "ئابووری لەسەر بنەمای بازار" دروشمەکەیەتی. بەرنامەی ئابووری

ناوەڕۆکی چینایەتی سەرمایەدارانەی بەرنامەی کابینەکەی ( عەلی زەیدی ) بە ئاشکراترین شێوە لە بەشی ئابوورییەکەیدا دەردەکەوێت، کە بەرنامەیەکی تەواو سەرمایەداری پێکدەهێنێت و خۆی وەك سەرمایەدارێکی بانکی نوێنەرایەتی دەکات و "ئابووری لەسەر بنەمای بازار" دروشمەکەیەتی.

حکومەتی ( عەلی زەیدی )، نە لە فۆرم و نە لە ناوەڕۆکی سیاسی چینایەتی بۆرژوازیدا، جیاواز نابێت لە حکومەتەکانی پێش خۆی لە عێراق لە ( ٢٠٠٣ )ەوە، هەروەك شێواز و فۆڕمی دەستبەکاربوونیشی وەك سەرۆك وەزیران جیاواز نەبوو لە دەستبەکاربوونی سەرۆك وەزیرانی حکومەتەکانی پێش خۆی، بەتایبەتی لە ( عەبدولمەهدی ) و ( کازمی ) و ( سودانی )، چونکە ( عەلی زەیدی )ش ئەم ئەرکەی سەرۆك وەزیران لە ئەستۆ دەگرێت نەك وەك سەرۆکی حزبێك کە بەرنامەیەکی هەڵبژاردنی تایبەت بەخۆی هەبووبێ و کێبڕکێیەکی هەڵبژاردنی دیاریکراوی ئەنجام

کابینەکەی کۆپییەکی بەرنامەی حکومەتی ( کازمی ) و حکومەتی ( سودانی )یە، بە تایبەتی کۆپییەکی "پەڕەی سپی" نیولیبراڵییە کە ئامانجی پتەوکردن و فراوانکردنی پایەکانی سەرمایە و "ئابووری بازار" و توندوتیژکردنەوەی ستەم و چەوساندنەوەی چینی کرێکارە، بەم پێیەش داسەپاندنی هەژاری هەرچی زیاترە بەسەر زۆربەی هەرزۆری جەماوەر و بێبەشکردنی هەرچی زیاتریانە لە مافەکانی خوێندن و تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتییە بێبەرامبەرەکان، و بەردەوامبوونە لە سیاسەتەکانی وەبەرهێنان و ڕادەستکردنی کەرتی گشتی بۆ دەستی کەرتی تایبەت

بە شکڵێکی هەرچی زیاتر دڕندانە، و بارگرانکردنی شانی هاووڵاتیانە بە باجی زیاتر و بەرزکردنەوەی نرخەکان و ...هتد. ئەمەش وا دەکات بەرنامەی کابینەکەی بە ڕوونی دژی چینی کرێکار و خەبات و مافەکانی بێت. لەو چوارچێوەیەشدا، بەرنامەکە تەنانەت هیچ ئاماژەیەك ناکات بە دەرکردنی یاسای ئازادیی ڕێکخستنی سەندیکا، مافی مانگرتن و مافی خۆپیشاندان، هەروەها باسی هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی ڕژێمی فاشیستی بەعسیش ناکات کە ڕێگری لە چالاکیی سەندیکایی دەکەن لە دامەزراوە بەرهەمهێنەر و خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت و کارگەکانیاندا، ئەمە جگە لە ناڕوونیی بانگەوازەکانی بۆ کەمکردنەوەی مەودای بێکاری لەسەر بنەمای پەرەپێدانی "ئابووریی بازاڕ"، واتە ڕادەستکردنی هەرچی زیاتری کەرتی گشتی بۆ دەستی کەرتی تایبەت و تاڵانکردنی سەرمایەدارییانەی سامانی وڵات، و هەژارکردنی هەرچی زیاتری چینی کرێکار.

ئەمە و بەرنامە سیاسییەکەی کابینەی (عەلی زەیدی) دووپاتکردنەوەی ئەو بانگەشانەیە کە لەلایەن حکومەتەکانی پێشووتری (کازمی) و (سودانی)یەوە خرابوونەڕوو، بانگەشەی پوچەڵی فیلاویی، خاڵی لە هەر ناوەڕۆکێکی سیاسی جدیی بۆ داخستنی دەرگا بەڕووی هەرجۆرە گۆڕانکارییەکی جددی یان بەدیهێنانی هەرجۆرە چاکسازییەکی سیاسی بەرجەستە، بانگەشەی وەك: پاراستنی "پێگەی بێلایەنی عێراق"، "سنووردارکردنی چەك لە دەستی دەوڵەتدا"، "لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران"، قووڵکردنەوەی متمانەی هاوڵاتیان بە "پرۆسەی دیموکراسی" و ...هتد.

هەر لەو چوارچێوەیەشدا ئەم بەشە سیاسییەی بەرنامەکە بێدەنگەی کردووە لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) و چاوپۆشی دەکات لەو چاکسازییە سیاسییە دەستبەجێیانەی کە چینی کرێکار و جەماوەری ڕاپەڕیوو لە پێناویدا خەباتیان کردووە، ئەمەش چونکە حکومەتی نوێ درێژکراوەی ئەو پێشهاتانەیە کە هاتنەئاراوە دوای سەرکوتکردنی دڕندانەی ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن هێزە فەرمانڕواکانی ئێستا و میلیشیاکانیان و دامەزراوە ئەمنییەکانیانەوە، کە زیاتر لە (٨٠٠) خۆپیشاندەری کوڕ و کچی ڕاپەڕیوویان کوشت و بەدوایدا خولێکی نوێی هەڵبژاردنیان لە عێراق بەڕێوە برد کە بە هەڵبژاردنی پێشوەختە ناسراوە یان باشتر بڵێین هەڵبژاردنی "هێزەکانی دژە شۆڕش".

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حکومەتی (عەلی زەیدی) شتێکی جیا نییە لەو ململانێ سیاسییانە و مێژووەکەیان و لە خولی نوێی هەڵبژاردنەکان و لە ڕاستیدا بەشێکە لەو جەمسەرەی هێزەکانی دژە شۆڕش، بۆیە ڕەنگدانەوەی هاوسەنگییەکی نوێی هێزە چینایەتییەکانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندی سەرمایە و هێزە بۆرژوازییە دەسەڵاتدارەکان و هێزە میلیشیاکانیان لە دژی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و ڕزگاریخواز.

بەرنامەی ئابووری کابینەکەی عەلی زەیدی کۆپییەکی بەرنامەی حکومەتی (کازمی) و حکومەتی (سودانی)یە، بە تایبەتی کۆپییەکی "پەڕەی سپی" نیولیبراڵییە کە ئامانجی پتەوکردن و فراوانکردنی پایەکانی سەرمایە و "ئابووری بازار" و توندوتیژکردنەوەی ستەم و چەوساندنەوەی چینی کرێکارە

هەر بۆیە حکومەتەکەی (عەلی زەیدی) لە بەرنامەی کابینەکەیدا، خۆی بە بەرپرسیار نازانێت بچێتەسەر باسی سزادانی ئەو کەسانەی کە کۆمەڵکوژییان دژی ڕاپەڕیوان (ی ٢٠١٩) ئەنجامداوە، یان ئاماژە نادات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو داوا یاساییە ساختانەی کە هەڵبەستراون دژ بە کەسانی ڕاپەڕیووی شاری ناسریە و شارەکانی تر. ئەمە و بە وشەیەکیش باس لە بەرپرسیارێتی خۆی ناکات لە ئاشکراکردنی پلاندارێژەران و ئەنجامدەرانی تاوانی تیرۆری هاوڕێی ئازیز (یەنار محەمەد)؛ سەرۆکی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، کە لە (٢٣) ساڵی ڕابردوودا ناوەکەی بۆتە هاومانای خەباتی ژنانی عێراق بۆ ئازادی و بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان. هەروەها ئەم حکومەتە خۆی بە بەرپرس نازانێت لە کۆتاییهێنان بە کوشتنی ژنان، بە دەرکردنی یاسایەك دژی توندوتیژیی خێزانی، یان گرتنەبەری ڕێکاری بە پەلەی تر بۆ کۆتاییهێنان بە تراژیدیای ژنان لە عێراقدا.

بەم پێیە، بە هەمان شێوازە کۆنەکە، بەرنامە سیاسییەکەی حکومەتی (عەلی زەیدی) نەك هەر خەسڵەتی چینایەتی بۆرژوازییانەی حکومەتەکەی خۆی دەشارێتەوە لەژێر بانگەشەی سیاسی هەڵخەڵەتێنەرانەی وەك "حکومەتێکی نیشتمانی" کە خزمەت بە "گەلی عێراق" دەکات، بەڵکو کۆمەڵێك چاکسازی سیاسیش پەردەپۆش دەکات کە تەنانەت لە چوارچێوەی سەرمایەداری و سیستەمی سیاسی بۆرژوازیشدا لە تواناداان لەوانە:

کۆتایی هێنان بە سیستەمی سیاسی پشکپشکێنەی قەومی و تائیفی ئێستای وڵاتەکە؛ کۆتایی هێنان بە باڵادەستیی ئیمپریالیستی ڕژێمی ئەمریکی و ئێرانی بەسەر ڕێڕەوەکانی ژیانی سیاسی لە عێراقدا، دانانی سنورێکی یەکلاکەرەوە دژ بە گەندەڵی، "جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و لە سیستمی پەروەردە و خوێندن"، هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسایانەی کە دژ بە ژنانن لەناو یاساکانی وڵاتدا، دەرکردنی یاسایەکی بنەڕەتی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و یەکسانی ژنان، هەڵوەشاندنەوەی "پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکانی جەعفەری" کە ژنان سەرکوت و مافەکانیان زەوت دەکات و دەرگاش دەکاتەوە بۆ هاوسەرگیری کچانی کەم تەمەن لە (٩) ساڵییەوە. ئەمە جگە لە چاکسازیی سیاسی دیکەی وەك ئازادی سیاسی بێ هیچ کۆت و بەند و مەرجێك؛ ئازادی ڕێکخراوبوون و مانگرتن و خۆپیشاندان؛ هەڵبژاردنی دادوەرەکان و پارێزگاران و بەرپرسانێك کە ئەرکی بەڕێوەبردنی پارێزگا و هەرێمەکانیان پێسپێردراوە؛ هەڵوەشاندنەوەی هەموو میلیشیاکان، و گرتنەبەری چەندین ڕێکاری تر بۆ چاکسازی سیاسی.

بێ گومان ڕێڕەوی خەباتی چینایەتی

لە عێراق و هاوسەنگی هێزی چینایەتی ئێستا بە جۆرێکە کە بەدەستهێنانی ئەم چاکسازییە سیاسییانە بەندە بە ئامادەبوونی سیاسی چینی کرێکار وەك هێزێکی چینایەتی ڕێکخراو و سەربەخۆ لەڕووی سیاسییەوە، وە لەدوا شیکردنەوەدا بەندە بە شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ئەم چینە و جەماوەری ڕەنجدەر و ئازادیخوازان پێی هەڵدەستن، وە بەندە بە بنیاتنانی سیستەمێکی سیاسی کە لە دووتوێی خۆیدا دامەزرابێت لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسی سەربەخۆی ئەم چینە و جەماوەری ڕێکخراو لە شورا جەماوەرییە شۆڕشگێڕییەکاندا.
بەمجۆرە بەرنامەی حکومەتەکەی (عەلی زەیدی) شتێك نییە جگە لە پاراستنی ڕێچکە ئابووری و سیاسییەکانی ئێستای وڵات، و پتەوترکردنیان و قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکانیان و توندکردنەوەی چەپۆکی ئەم ڕژێمە بەسەر ژیانی جەماوەردا و بە بارمتەگرتنیان.

بارودۆخی شەڕی تاوانکارانەی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ئێران و ململانێ توند و گەرمەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بوونەتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی لەو ناوچەیە و لە عێراقیشدا، بەڵام هەمان ئەو هەلومەرجانە کە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەون کۆتایی ڕۆڵی کۆمەڵگا و خەباتی چینایەتی بن تەنیا دیاردەیەکی فریودەرن، چونکە واقیعەکە و گەشەکردنی ناکۆکییەکانی دۆخی ئێستا و چستوچالاکبوونی هێزە شۆڕشگێڕەکان دەرناخەن لە چوارچێوەی ئەو ململانێیانەدا.
ئەرکی بنەڕەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی، هەنگاونانە بەرەو پێشەوە لە بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی بەتوانای کرێکاری و بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی پرۆلیتاری ڕێکخراو و چەکدار بە ئاسۆیەکی سیاسی و فکری مارکسیستی و چەکدار بە ئاڵای خەباتی کۆمۆنیستی نێونەتەوەییەوە.

لەم ئاراستەیەشدا وەڕێخستنی خەباتێکی سیاسی کردەییانە و ڕێکخستنی هاندانێکی سیاسی و دەستبەکاربوونێکی سیاسی چالاك لە پەیوەست بە بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی ژنانی کرێکار و چەوساوە و گەنجانی کرێکار و ئازادیخواز و خوێندکاران بۆ داسەپاندنی داخوازییەکانیان بەسەر ڕژێم و حکومەتەکاندا، ئەرکی سیاسی دەستبەجێی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پێکدەهێنن.

هێزە بۆرژوا قەومی و ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکان بەرژەوەندی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، حکومەتەکەی (عەلی زەیدی)ش نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات، لەم پۆلارێزە بوونە چینایەتییە توندوتیژەدا هیچ بژاردەیەکی ترمان نییە جگە لە ڕێکخستنی خەباتی یەکگرتووی چینی کرێکار و ژنان و گەنجان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی چینایەتی سۆسیالیستی و نێونەتەوەیی بەدوور لە هەر ئاسۆیەکی قەومی و ئایینی و تائیفی و ڕەگەزپەرستی و سێکسیزم.
٢٠٢٦-٥-١٧

## ژمارەی تایبەت بە تیرۆری هاوڕێی ئازیزمان " یەنار محمەد"

بەتیرۆری هاوڕێ یەنار محەمەد، بزوتنەوەی ژنان وکۆمۆنیستی، یەکێك لە بەرجەستەترین ڕابەرەکانی لەخەباتی ڕزگاریخوازانەدا گیانی بەخت کرد. ڕۆژنامەی " ڕەوت"، ئەم ژمارەیەی بۆ ڕێزگرتن وبەرجەستەکردنی " شۆڕشێك" کەیەنار ئایکۆنیەتی تایبەت دەکەین. سێ دۆکیومەنتمان لە پرەنسیپە تیۆرییەکانی کەلەناودڵی پراتیکدا لەلا گەڵاڵە ببوو، بڵاودەکەینەوە.
تورەیی ونەفرەت وئیدانەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمۆنستییەکان، هەمەلایەنە بوو. تەنها هەندێك لێرەدا هاتوون. لەژمارەکانی داهاتوودا ئەوانی دی بڵاودەکەینەوە.
تیرۆری یەنار محمەد، لەسەرجەم میدیاکانی جیهان، ئینسانیەتی ئازادیخواز ئاگاداربوو. بە پێویستمان زانی هەندێك لەو میدیایانە لەرۆژنامەکەمان بناسێنین.
هەلسوڕاوانی یەکسانیخوازو سۆشیالیست لەعێراق ولەجیهاندا، ئەندامانی ڕێکخراوی ئازادی ژن و ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق وکوردستان ولەئەوروپاو کەنەدا، مەراسیمی ڕێزگرتنیان لەهاوڕێ یەناری ئازیز گرت، کورتەیەك لە ومەراسیمانەلەم ژمارەیەدا دەبینن.
گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیەکی ڕێکخراوی ئازادی ژن، لەگەڵ "مەرکەزی ئیدراك" ، لەگەڵ ژنە خەباتکارێکی لەبەشداربوانی دواین کۆنگرەی بارزگانی بە ژنانەوە وە لەگەڵ هاوڕێیەك پرۆژەی نوسینی بیۆگرافیای شۆرشگێڕانەی هاوڕێ یەناری دەست پێکردووە.
بەشی ئەدەبیەکەی ڕۆژنامەکەمان، چەند بەرهەمێکی شیعری بۆ هەمان مەبەست تەرخانکراوە.
کۆتایهێنان بە کوشتنی ژنان، بەتوندوتیژی، بەکۆیلایەتی وبەکاڵاکردن، تارزگاری ژنان لە سیستەمی پیاوسالاری وسەرمایەداری، لەهەژمونی خێڵ وعەشیرەت وئیسلامی سیاسی ویاسا ودەستورەکانی، جەوهەری شۆڕشی یەنار بوون وئایکۆنی ئەم خەباتە بوو. نەریتی کۆمۆنیستانەی یەنارلەدڵی ئەم شۆڕشەدایە. هاوڕێیان بەریزی ئەم شۆڕشەوە پەیوەست بن!

# وتەیەك لەسەر گڵکۆی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد




ئێمە، ئەمڕۆ لێرە بەدڵێکی پڕ پڕ لە خەم و ئازارەوە کۆبووینەتەوە، بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی هاوڕێ ئازیزەکەمان یەنار حەسەن محەمەد، یەکێك لە مەزنترین ژنانی خەباتکاری شۆڕشگێڕی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە سەردەمی ئێمەدا، کە لە پێناو ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری ژنان گیانی لەدەستدا، خەباتکارێکی کۆمۆنیستی سەربەرز و بەتوانا لە پێناو بنیاتنانی جیهانێکی بێ هەر جۆرە چەوساندنەوە و سەرکوت و هەڵاواردنێك.
هاوڕێ ئازیزەکەمان یەنار، ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە بۆ بەخاکسپاردنی تۆ، کە تاوانکارانی وەحش و تیرۆریست لە دووی ئەم مانگەدا تیرۆریان کردی.
ئەی خەباتکاری شۆڕشگێڕی بوێر، ئەی ئایکۆنی خەباتی ڕزگاریخوازی ژنان و خەباتی کۆمۆنیستی، بەناوی هەموو ئازیزانت؛ لە کەسوکار و هاوڕێیان و خۆشەویستان و هاوکارانت لە ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، بە ناوی هەموو ئەو ژنانەی کە لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا بە خەباتی پەیگیرانەت ڕزگارت کردوون لە توندوتیژی و کوشتن و بازرگانی کردن پێیانەوە، وە بەناوی سەدان ملیۆن ژن و ڕەنجدەر و منداڵ و ئازادیخواز و مرۆڤدۆستەوە لە سەراسەری جیهاندا، لەناخی دڵمانەوە ئەوپەڕی ڕێز و پێزانین و خۆشەویستیمان پێشکەش بە تۆ دەکەین.
ئەمڕۆ مەراسیمی بەخاکسپاردنەکە لەم شارەدا بەڕێوەدەبەین، ئەویش لە کەشێکی خنکێنەردا بەهۆی شەڕ و چەپۆکی تیرۆر و میلیشیاکان، وە لە کەشێکی پڕ لە مەترسیدا کە دەوری خەباتکارانی ئازادیخوازی داوە.
گەورەترین دڵسۆزی بۆ تۆ، درێژەدانە بە ڕێگای خەباتەکەت و بەرزکردنەوەی ئەو ئاڵا ڕزگاریخوازە ئینسانییەیە کە تۆ بە خۆڕاگری و بەهێزەوە هەڵتگرتبوو.
هاوڕێ یەنار، ئێمە هاوڕێیانت لە ڕێکخراوی بدیلی کۆمۆنیستی، شان بە شانی هەموو خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری ژن و مرۆڤایەتی لە چنگی سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری و هێز و دەسەڵاتە سیاسییە کۆنەپەرست و تیرۆریستەکانی، بە خۆڕاگری و پەیگیرانەوە سورین لەسەر درێژەدان بەڕێگای خەباتەکەت ئەی هاوڕێ یەنار.
یادی هاوڕێی خەباتکاری مەزن یەنار محمد بۆ هەتا هەتایە زیندوو دەمێنێتەوە.
نەنگ و شەرمەزاری بۆ بکوژانی یەنار محەمەد، ئایکۆنی خەباتی ڕزگاریخوازی ژنان.
بژی خەباتی ژنان بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی سیستەمی سەرمایەداری پیاوسالارانە.
بژی کۆمۆنیزم
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٤-مارسی-٢٠٢٦

## یاداشتی ناڕەزایەتی

**دووبارە حکومەتی عێراق بەرپرسیار دەکەینەوە لە ئاشکراکردنی ناسنامەی تاوانباران و ئەوانەی لە پشت تیرۆرکردنی ڕابەری تێکۆشەر (ینار محەمەد)ەوە بوون**

**ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق**
**ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق**

دەمانەوێ بۆ ڕای گشتی لە عێراق و لەسەر ئاستی جیهان ڕایگەیەنین، کە حکومەتی عێراق تا ئێستا هەڵنەستاوە بە ئەنجامدانی بەرپرسیارێتی خۆی لە ئاشکراکردنی تێوەگلاوانی تاوانی تیرۆرکردنی هاوڕێ و ڕابەری هاوکارمان (یەنار محەمەد)، سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، کە لە بەیانی ڕۆژی دووی ئازار/مارسی ئەمساڵ لە ماڵەکەی خۆی لە بەغداد بە دەستی تیرۆریستانی تاوانبار تیرۆر کرا.
ئێمە توڕەیی و ناڕەزایەتی توندی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە خاوەخاوی و کەمتەرخەمی لە گرتنەبەری ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە و ڕانەگەیاندنی هیچ پێشکەوتنێك لە پرۆسەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.
زیاتر لە سێ هەفتە بەسەر ئەم کارە تاوانکارییەدا تێپەڕیووە و تا ئێستا هیچ ئەنجامێك ڕانەگەیەندراوە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی دەسەڵاتە فەرمییەکان خۆیان دەدزنەوە لەم بەرپرسیارەتییە و چاوپۆشی دەکەن لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و ئاشکراکردنی تاوانباران.
بۆیە، دووپاتی دەکەینەوە و پێدادەگرینەوە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی عێراق و دەزگا پەیوەندیدارەکانی بەرپرسیارن لە ئاشکراکردنی و ردەکارییەکانی ئەم تاوانە و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی بۆ کۆمەڵگە. ئێمە بێدەنگ نابین و وازناهێنین لە داواکارییەکانمان بۆ ئاشکراکردنی تاوانباران و ئەوانەی لە پشتیانەوەن، وە ڕادەستکردنیان بە دادگا و دادگاییکردنی ئاشکرایان تا داد پەروەری بۆ (یەنار)ی ئازیز بەدی بێت.
داوا لە هەموو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە ماف و ئازادییەکانی ژنان و ئازادییە مەدەنی و یاساییەکان، لە ناوخۆی عێراق و لەسەر ئاستی جیهان، و هەموو ڕێکخراو و حزبە سۆسیالیستە جیهانییەکان، سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییە جیهانییەکان و هەموو ئازادیخوازانی جیهان دەکەین، پشتگیری کەمپەینە جیهانییەکەمان بکەن دژ بەم بێدەنگییەی کە دایدەنێین بە کارێکی ئەنقەست و بەرنامەبۆدارێژراو کە مەبەستی لێی پەردەپۆشکردنی وردەکارییەکانی تاوانەکە و تێوەگلاوانە. هەروەها بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانمان لە ئاشکراکردنی تاوانباران و ئەوانەی لە پشتیانەوەن لە زووترین کاتدا.
٢٤ی ئازار / مارسی ٢٠٢٦

# بەڕێز باوکی ( یەنار )ی ئازیز، تەواوی ئەندامانی خێزانە بەڕێزەکەتان

بە دڵێکی پڕ لە ئازار و خەمەوە ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسین، تا لە دووتوێیدا قووڵترین هاوخەمی و هاوسۆزی و پشتگیری خۆمانتان پێڕابگەیەنین لەم کات و ساتە سەختانەدا کە هەموومان پیا تێدە پەڕین بەهۆی لەدەستدانی کچەکەتان و هاوڕێی مەزن و ئازیزمان ( یەنار ). یەناری ئازیزمان ڕۆیی و خەم و ئازارێکی قووڵی لە ناخماندا بەجێهێشت، بەڵام دڵنیاین کە ئەو جێگەی فەخر و شانازی ئێوەیە وەك بنەماڵەی ئەم ئینسانە میهرەبان و خۆشەویستە، ئەم ئینسانە خەباتکارە، ئەم ئینسانە ئازا و دڵ پڕ لە هیوا و ئومێدە کە ستونێکی بەرز و قەڵایەکی چەسپاو و سەربڵند بوو لە ڕێگای ئازادیی ژنان و بەدەستهێنانی ماف و یەکسانییان. هەروەها ئەو جێگەی شانازییە بۆ هەموو ئێمەی هاوڕێیانی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بۆ چەندین دەیە لەگەڵیدا بووین.

( یەنار ) ڕابەرایەتی شۆڕشێکی دەکرد، شۆڕشێك کە بەهۆیەوە ئومێدی دەبەخشیە ملیۆنان ژن کە لە ئازایەتی ئەودا پەناگە و دەنگێکی کپنەکراویان دەبینیەوە. ئەو شوێنپەنجەیەکی وای بە جێهێشتووە کە هەرگیز بە تێپەڕینی کات کاڵ نابێتەوە، یادی ئەو دەبێتە ئیلهامبەخش بۆ هەر ژنێك کە خەون بە ئازادی و ئارامی و یەکسانییەوە دەبینێت، وە بۆ هەر مرۆڤێك کە لە پێناو جیهانێکی خاڵی لە هەموو جۆرە ستەم و چەوسانەوەیەك خەبات دەکا. یەنار، ئەم تێکۆشەرە چاونەترسە، هەڵگری بیر و باوەڕی پرەنسیپەکانی ڕزگاریی ئینسان و بنیاتنانی جیهانێك کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی باڵی بەسەردا کێشابێ، و بەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبردوییەوە ڕێگای خەباتی گرتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە مەزنە.

ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵتان دەوەستین بۆ دەربڕینی دڵسۆزانەترین هاوخەمی و هاودەردی خۆمان، وە بۆ ئەوەی پێداگرینەوە کە یادی هاوڕێی سەرکردەمان ( یەنار ) بۆ هەمیشە لە دڵماندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەو دەستە تیرۆریستە ناپاکەی کە ئەوی کردە ئامانج، تەنها کەسایەتی ئەوی نەکردە ئامانج، بەڵکو ئەو بەها و پرەنسیپ و دیدگا مرۆییەی کە هەڵیگرتبوو، وە نوێنەرایەتی دەکرد و هەوڵی بەئەنجام گەیاندنی دەدا، کردە ئامانج.

هەروەها دەمانەوێت دڵنیاتان بکەینەوە کە ئێمە بەردەوام دەبین لە بەدواداچوون بۆ ئاشکراکردنی تاوانباران و ئەو لایەنانەی لە پشتیانەوە وەستاون، و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەین گوشار بخەینە سەر دەسەڵات و لایەنە بەرپرسەکان بۆ ئەوەی بە زووترین کات لێکۆڵینەوە لەم تاوانە تیرۆریستیە تەواو بکەن.

بەڵێ هاوڕێی یەناری ئازیزمان جێی هێشتین، بەڵام شوێنپەنجەیەکی بەجێهێشت کە هەرگیز ناسڕدرێتەوە. یادی ئەو لە دڵماندا و لە دڵی ملیۆنان ژن و مرۆڤدۆستی جیهاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و دەبێتە ئیلهام بەخشمان، وە ئاڵای خەباتەکەی بەوپەڕی پێداگری و دڵسۆزییەوە بە بەرزی ڕادەگرین.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەوستی بێ پایانمان
موئەیەد ئەحمەد
لەبری کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٢١ / ٣ / ٢٠٢٦

# ڕێزلێنان و سوپاسگوزاری، لە هاوپشتیی و بەرپەرچدانەوەی جیهانی دژ بە تیرۆری هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد

کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

ئەو هاوپشتیی و بەرپەرچدانەوە جیهانیەی کە پێداگرانە بەڕێوەچوو و هێشتاش بەردەوامە لەلایەن چالاکوانانی ڕزگاریخوازی ژنان و ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان و مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازانەوە لە سەرتاسەری جیهاندا، دژ بە تیرۆری هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد، لە ڕێگەی چالاکی و ڕێپێوانی جۆراوجۆر و چالاکییەکانی بۆنەی هەشتی مارسی ئەم ساڵ و دەرکردنی بەیاننامە و هەڵوێست بۆ سەرکۆنەکردنی ئەم تاوانە تیرۆریستییە دڕندانەیە؛ هەموو ئەمانە مایەی پێزانین و ڕێزی گەورەی ئێمەیە.

لە جەرگەی ئەم هاوپشتییە جیهانییەدا، بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و بە ناوی سەرجەم کادر و ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە، دەمانەوێت ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو حزب و ڕێکخراوانەی ڕزگاریخوازی ژنان و مافەکانی مرۆڤ و ئەو کەسانە بکەین کە بەیاننامەی ئیدانەکردن و پەیامی پرسە و دڵنەوایییان بۆ ناردووین، یان لە ڕێگەی تەلەفۆن و تۆڕەکانی سۆشیال میدیاوە پەیوەندییان پێوە کردووین، وە ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینی خۆشمان ئاڕاستەی هەموو ئەوانە دەکەین کە بەهەر شێوەیەك بۆیان کراوە هاوبەشی خەم و پرسەیان کردووین، بۆ لەدەستدانی هاوڕێی ئازیزمان؛ ئایکۆنی خەباتی کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازانەی ژنان ( یەنار محەمەد )، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوەکەمان و سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق، کە کاتژمێر ( ٩ )ی بەیانیی ( ٢ی مارسی ٢٠٢٦ ) لە ماڵەکەی خۆی لە بەغدا کرایە ئامانجی دەستێکی تاوانکاری فاشیستی و تیرۆرکرا.

هاوپشتیی خەباتکارانەی پڕبەها و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ئێوە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو کارەساتە گەورەیە و دڵنیای کردینەوە لەوەی ئەو ئامانجانەی هاوڕێی کۆچکردوومان لە پێناویدا تێکۆشا، جێگەی ڕێز و هاوڕایی هەموو ئەوانەشە خەبات دەکەن بۆ بنیاتنانی جیهانێکی بێ ستەم و سەرکوت و هەڵاواردن، جیهانێك کە ئازادی و یەکسانی باڵی بەسەرا کێشا بێت.

لە کاتێکدا بە خەم و ئازارێکی قووڵەوە ماڵئاوایی لە هاوڕێی ئازیزمان یەنار دەکەین، دووپاتی دەکەینەوە کە هاوپشتیتان هەڵوێستێکی خەباتکارانە و پشتیوانییەکی مەعنەوی بوو کە پێداگری و خۆڕاگری ئێمەی بەهێزتر کرد بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێگایەی کە خەباتکاری کۆمۆنیست یەنار محەمەد گرتبوویەبەر بە ئاراستەی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە ژیانی بۆ تەرخان کردبوو. بڵێسەی ئەم خەباتە بە ڕۆشنی دەمێنێتەوە و شۆڕشی یەناریش هەر بەردەوام دەبێت.

لە کۆتاییدا، دەمانەوێت جارێکی تر سوپاسی هەمووتان بکەین و داوای لێبوردن دەکەین کە نەمانتوانیوە وەڵامی هەموو لایەك بدەینەوە بەهۆی زۆریی نامە و پەیوەندییەکانەوە؛ هیواداریین هەمووان درکی ئەوە بکەن.

١٥-٣-٢٠٢٦

# یەناری ئازیز! ئەمڕۆ ڕۆژی خەباتی جیهانیی ژنانە!




## موئەیەد ئەحمەد

هاوڕێی ئازیزم یەنار! هاوڕێم لە خەباتی کۆڵنەدارانەدا لە سەرجەم قۆناغ و وەرچەرخانەکاندا لە ماوەی نزیکەی سێ دەیەی ڕابردوودا.

بیرت دەکەم هاوڕێی ئازیزم یەنار؛ هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستی ملیۆنان ژن و بێبەش و چەوساوە. هێشتا دەنگی کۆتا وشەکانت لە گوێمدایە و لە سەرتا پای بوونمدا دەزرنگێتەوە، و شە پۆلەکانی خەم و پەژارە ناخمی هەژاندووە؛ دەنگی ئەو وشانەی کە وتت: "موئەیەد، کۆبوونەوەکە تەواو بوو؟ لە چەند خولەکی کۆتاییدا دابڕام". وتم بەڵێ، و دەستمان کرد بە قسەکردن لەسەر شەڕ و بارودۆخەکە و پرسی ژنان و بزووتنەوەکەمان و ئەو بارودۆخە مەترسیدارەی کە بەرەوڕووی ڕێوڕەسمەکانی هەشتی مارس دەبێتەوە لەم ساڵەدا.

ئەمەش هەمووی لە کۆتا کاتژمێرەکانی شەوی یەکەمی دەستپێکردنی شەڕی تاوانکارانەی ئێستای ئەمریکا-ئیسرائیل بوو بۆ سەر ئێران. تۆ بە پەرۆش بوویت بۆ پێشوازیکردن لە هەشتی مارسی ئەمساڵ لە باردۆخی ئەم شەڕە کۆیلەکەرەدا، بەڵام بەداخێکی گرانەوە، دەستی تاوانبارە تیرۆریستە ترسنۆکەکان گەیشتە پێت و تیرۆریان کردی. ئەم تاوانبارە تێرۆریستانە لە ڕیزی دوژمنانتدان؛ دوژمنانی ژنان و ئازادی و کۆمۆنیزم. ئەوان زۆرن، لە ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعی و میلیشیاکانیانەوە، تا ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی سوننی بە داعشییە تاوانبارەکانیان و تیرۆریستەکانی تریانەوە، و لە فاشیستە نەتەوەییە نیرسالارییەکان تا هێزە ئیمپریالیستە تاوانکارەکان... لیستەکەش زۆرە.

هاوڕێی ئازیزم یەنار، لە هەشتی مارسی ئەمساڵدا هیچ شتێکم نییە بیڵێم جگە لە بەردەوامییدان بە ڕێگای خەباتت بەوپەڕی پێداگری و بەهێزیەوە. من بۆ هەمیشە دڵسۆزت دەمێنمەوە و لە ناخی دڵمەوە ڕێزت لێدەگرم، ئێمە هەرگیز نەماندەتوانی خەباتی کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازانەی ژنان بەم تەوژم و ئاستە بەردەوام پێبدەین بەبێ تۆ و بەبێ بەشدارییە مەزنەکانت. تۆ تەنیا سەرکردەیەکی ژنی ڕزگاریخوازی سەرکەش نەبوویت، بەڵکو کۆمۆنیستێکی شۆڕشگێڕی چەسپاو و خاوەن پرەنسیپ بوویت، و یەکێك بوویت لە هەرە کۆڵەکە گرنگەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی هاوچەرخ لە عێراقدا.

هیچ شتێکم نییە بیڵێم جگە لە دەربڕینی دڵسۆزترین وەفاداری بۆت، ئەویش بە بەردەوامیدان بە ڕێگای خەبات و شۆڕشت دژی سەرجەم سیستمی چینایەتیی سەرمایەداریی ستەمکار و هەموو هێزە سیاسی، هزری و کولتوورییە کۆنەپەرستەکانی، و خەباتکردن بە هەمان ئەو پێداگری، توانایی و خاوەن پرەنسیپییەی کە تۆ پێی دەناسریتەوە لە پێناو هەڵکێشانی ڕەگی کۆیلایەتیی ژن و بەدەستهێنانی ڕزگاریی، و لە پێناو شۆڕشێکی کۆمۆنیستی بۆ لەناوبردنی سەرجەم شێوازەکانی چەوسانەوە، سەرکوت، شەڕ و تیرۆر.

ئاسوودەبە هاوڕێی ئازیزم یەنار، ئێمە بەو پەڕی ئیرادەوە بەردەوامی بە شۆڕشەکەت دەدەین لە پێناو ئەنجامدانی ئەو ئاوات و ئامانجانەی تۆدا بۆ ڕزگاریی ژن و دەستەبەرکردنی ماف و یەکسانییان، و لە پێناو جیهانێکی خاڵی لە چینەکان و چەوسانەوە.

دوژمنانی تۆ، دوژمنانی بزووتنەوەی خۆڕاگری کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازانەی ژنانن، و ئێمە لە نێو جەرگەی شەڕێکی سەختداین لەگەڵیاندا. ئێمە تەواوی هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئاشکراکردنی ئەوانەی کە تاوانی تیرۆکردنی تۆیان ئەنجامدا و ئەو لایەنانەی کە لە پشت ئەم تاوانکارییە دڕندەیەوە بوون.

بژی بۆ هەمیشە یادی هاوڕێی خەباتکاری مەزن یەنار محەمەد!

بژی هەشتی مارس، ڕۆژی خەباتی جیهانیی ژنان

٨ی ئازار (مارس) ٢٠٢٦

# سێ مانگ بەسەر تیرۆرکردنی یەنار محەمەد تێدەپەڕێت، حکومەتی نوێش بەردەوامە لە بێدەنگی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان!



العدد ( 132 ) آيار 2026

الحرية و المساواة التامة بين المرأة و الرجل

نساء الإنتفاضة

نشرة سياسية نسوية تهدف الى نشر الوعي الاشتراكي النسوي

ثلاثة أشهر مضت على اغتيال ينار محمد والحكومة الجديدة مستمرة في التكتم على نتائج التحقيق!

تغيير الكابينة الوزارية لا يبرر غض النظر عن واحدة من أخطر الجرائم في المنطقة!

بعد مرور نحو ثلاثة أشهر على اغتيال القائدة الشيوعية ورمز النضال النسوي التحرري ينار محمد في بغداد، في الثاني من آذار/مارس، لا تزال السلطات العراقية لم تعلن أي نتائج رسمية للتحقيق الذي وعد بإجرائه رئيس الوزراء السابق محمد شياع السوداني، رغم خطورة الجريمة وابعادها العالمية وما تحمله من دلالات مقلقة على أوضاع حقوق الإنسان وبالاخص حقوق النساء في العراق.

في أواخر شهر نيسان من هذا العام، وبعد خمسة أشهر من مهزلة انتخاباتهم، قام مجلس النواب العراقي باختيار رئيس الجمهورية الجديد نزار ناميدي والذي بدوره انتخب رئيس الوزراء الجديد علي الزيدي.

لم نسمع لحد اليوم اية اشارة الى قضية ينار محمد ومجريات التحقيق، من أي من رؤوس الحكومة الجديدة او أعضاء كابينتها الوزارية.

يبدو ان الحكومة الجديدة، كسابقتها، سوف تستمر في التستر على هذه الجريمة الشنيعة التي هزت قلوب الملايين من محبي ينار ونضالها حول العالم، والذين باتوا يترقبون ببالغ القلق والإهتمام، اية معلومة تدل على منفذي الجريمة ومن يقف ورائها. من الواضح ان ملف جريمة هزت ارجاء الكرة الأرضية، لم تشكل اية أهمية في جدول تسلم الوظائف بين السوداني والزيدي.

تشير المعلومات المتداولة إلى أن الجريمة كانت قد ارتكبت في وضح النهار، عند الساعة التاسعة صباحًا حين تكتظ شوارع بغداد بالناس، وأن منفذيها — وكانوا اثنين على الأقل — لم يكونوا ملثمين، وتنقلوا بحرية في شوارع بغداد على دراجة نارية قبل تنفيذ الاغتيال وبعده، فلا يعقل أن يكون التعرف عليهما امراً مستحيلاً!

نؤكد أن الحكومة العراقية الحالية، وعلى رأسها رئيس الوزراء الجديد ورئيس الجمهورية، تتحمل المسؤولية الكاملة عن متابعة هذه القضية وضمان استمرارية التحقيق، وعدم السماح بإغلاق الملف أو إهماله مع تغيير الحكومات.

إن مسؤولية الدولة قائمة ومستمرة، وتشمل الكشف عن الحقيقة ومعاقبة الجناة وتوفير الحماية للمدافعات والمدافعين عن حقوق النساء والحريات الأساسية.

العدالة لينار محمد

لا للإفلات من العقاب

نساء الإنتفاضة

30,5,2026



في وداع ينار محمد ص2
مرّ شريط السنوات مع ينار أمامي الآن ص3
رسالة الرفيقة بهار منذر الى مراسم إحياء ذكرى الرفيقة ينار محمد ص4
قصيدة للشاعرة جيمه ن قرداغي- الى ينار ص5
كلمة هوزان محمود في مراسم احياء ذكرى ينار محمد في لندن 29.3.2026 ص6

## گۆڕانکارییەکانی کابینەی حکومەت پاساو نییە بۆ چاوپۆشین لە یەکێک لە قورسترین تاوانەکانی ناوچەکە!

**بەیاننامەی: بڵاوکراوەی ژنانی ڕاپەڕین (نساء الانتفاضة)**

دوای سێ مانگ لە تیرۆرکردنی ڕابەری کۆمۆنیست و ڕەمزی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان، یەنار محەمەد، لە بەغدا لە (٢)ی ئازاری (٢٠٢٦)دا، تا ئێستا دەسەڵاتدارانی عێراق هیچ ئەنجامێکی فەرمی ئەو لێکۆڵینەوەیەیان ڕانەگەیاندووە کە محەمەد شیاع ئەلسودانی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، بەڵێنی پێدابوو. ئەمە سەرەڕای گەورەیی تاوانەکە و ڕەهەندە جیهانییەکانی و کاریگەرییە مەترسیدارەکانی لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ و بەتایبەتی مافەکانی ژنان لە عێراقدا.

لە کۆتایی مانگی نیسانی ئەمساڵدا و دوای پێنج مانگ لە هەڵبژاردنە گاڵتەجارییەکانیان، پەرلەمانی عێراق نزار ئامیدی وەک سەرۆک کۆماری نوێی هەڵبژارد، وە ئەویش عەلی زەیدی سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراقی هەڵبژارد.

تا ئەمڕۆش هیچ ئاماژەیەکمان لە دۆسیەی یەنار محەمەد و چوونە پێشەوەی لێکۆڵینەوەکان لە هیچ کام لە سەرۆکەکانی حکومەتی نوێ یان ئەندامانی کابینەکەی نەبیستووە. پێدەچێت حکومەتی نوێش وەک حکومەتی پێش خۆی بەردەوام بێت لە پەردەپۆشکردنی ئەم تاوانە قێزەونەی کە دڵی ملیۆنان لایەنگری یەنار و خەباتەکەی لە سەرانسەری جیهاندا هەژاند، کە ئێستا بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەر زانیارییەکن کە ڕەنگە بکوژانی یەنار و ئەوانەی لە پشتیانن ئاشکرا بکات. ئاشکرایە ئەم تاوانە کە هەموو جیهانی هەژاندووە، لە ڕادەستکردنی ئەرکەکان لە نێوان سودانی و ئەلزەیدیدا هیچ گرنگییەکی نەبووە.

ئەو زانیارییانەی کە بڵاوبوونەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە تاوانەکە لە ڕۆژی ڕووناکدا، کاتژمێر (٩:٠٠)ی بەیانی، کە شەقامەکانی بەغدا قەرەباڵغن ئەنجامدراوە، و تاوانباران - بەلایەنی کەمەوە ژمارەیان دوو کەس- دەمامکیان نەبەستووە، و پێش تیرۆرکردنەکە و دوای تیرۆرکردنەکە بە ماتۆڕەوە بە ئازادی بەناو بەغدادا هاتووچۆیان کردووە. بۆیە عەقڵ نایبڕێت کە دۆزینەوەیان مەحاڵ بێت!

ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە حکومەتی ئێستای عێراق بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی نوێ و سەرۆک کۆمار بەرپرسیارێتی تەواو لە ئەستۆ دەگرێت لە بەدواداچوونی ئەم دۆسیەیە و دڵنیابوون لە بەردەوامی لێکۆڵینەوەکان و ڕێگریکردن لە داخستنی دۆسیەکە یان پشتگوێخستنی لەگەڵ گۆڕانکاری لە حکومەتدا.

بەرپرسیارێتی دەوڵەت بەردەوامە، و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و سزادانی تاوانباران و دابینکردنی پاراستن بۆ داکۆکیکارانی مافی ژنان و بەرگریکاران لە ئازادییە بنەڕەتییەکان لە ئەستۆیدایە.

داد پەروەری بۆ یەنار محەمەد

نا، بۆ دەربازبوون لە سزا

بڵاوکراوەی ژنانی ڕاپەڕین (نساء الانتفاضة)

٣٠ی ئایاری ٢٠٢٦

# سێ شێواز لە چالاکیی فێمینیستی

یەنار محەمەد




وەرگێڕانی/ ڕزگار عومەر

لە ماوەی چالاکییەکانی دوو هەفتەی ڕابردوودا لە چوارچێوەی کەمپینی (١٦) ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، دەرکەوت کە دوو جۆر چالاکیی فێمینیستی لە نێوان ئەو ڕێکخراوە ژنانەی لە مەیداندان و لە عێراقدا کار دەکەن بوونی هەیە، شێوازێکی سێیەمیش هەیە کە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی نووسین و ڕەخنەی تیۆرییەوە خۆی بە دۆخی خەباتی ژنانەوە ببەستێتەوە، کە هەندێ جار ئەڕێنین، بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا نەرێنین.

مەبەستی من لێرەدا پۆلێنکردنی شێوازەکانی چالاکیی ژنان نییە بەپێی ئینتیمای سیاسی (واتە ڕێکخراوە چەپ، ڕاست، یان لیبراڵەکان)، هەروەها مەبەستم ئەو دابەشکارییە ئەکادیمییەش نییە کە پشت بە مێژووی بزووتنەوەی فێمینیستیی ئەمریکی دەبەستێت لەسەر بنەمای ڕادیکاڵبوون یان سەر بە ڕەوتی سۆسیالیستی، یان پۆلێنکردنیان بەپێی ئەو شەپۆلانەی کە هاوکات بوون لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوادا؛ بەڵکو من وەك چالاکوانێکی فێمینیستی مەیدانی باسی بابەتەکە دەکەم کە نوقمی ئەو کۆسپە گەورانەم کە دەوری واقیعی ژنانیان داوە لە عێراقدا، چەشنی:-

توندڕەویی ئیسلامی و عەشایەری، خاوەندارێتیی جەستەی ژن و کۆنترۆڵکردنی تەواوی ژیانی، ئەو هەژارییەی بەسەر دوو نەوەی ئەو ژنانەدا سەپێنراوە کە لە سێیەم هەزارەدا گەورە بوون، دۆخی دوای داگیرکاری لە میلیتاریستی و شەڕی تائیفی و لە کۆتاییدا دۆخی حکومەتێك کە پێداگرە لەسەر ئەوەی ژن لە دەرەوەی هەموو هاوکێشە و حیساباتەکانی خۆی دابنێت و پرسی ژیان و پاراستنی، یان ڕاستر بڵێین کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی جێبهێڵێت بۆ خێزان، عەشیرەت و یاسا پیاوسالارەکانی عەشیرەت.

ئێمە لە (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تا ئێستا (٢٠١٨) لەناو گێژاوی ڕووبەڕووبوونەوە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ناوەندەکانی ژناندا بووین لە عێراق و پێمانوایە ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە گەیشتوونەتە ئاستێك کە پێویستە لە ڕووی تیۆرییەوە دەستنیشانیان بکەین و شیکارییان بۆ بکەین، بۆ ئەوەی پێگەی چینایەتیی خۆمان بزانین و بڕیار لەسەر شێوازی ئەو چالاکییانە بدەین کە ئەنجامیان دەدەین، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی چەکەکانی خۆمان تیژ بکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتەکانی تر لەناو گروپە فێمینیستی و سیاسییەکاندا.

سێ دیمەنی ئەم کارلێك و ڕووبەڕووبوونەوانە لە مێشکمدا هەن کە پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە، کە زۆربەیان لە ماوەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمدا ڕوویان داوە.

کۆبوونەوەکانی گروپەکانی جێندەریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەناو ناوچەی سەوزدا چالاکوانانی ڕێکخراوی ئازادیی ژن بۆ چەندین باڵیۆزخانە بانگهێشت کران بە مەبەستی خستنەڕووی ئەو خاڵە سەرەکییانەی کە لەم قۆناغە مێژوویەدا بۆ ژنی عێراقی گرنگن. گفتوگۆکە لەبەردەم نوێنەرانی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوای کە پشتگیر و پشتیوانی

عێراق بوون، لەوانەش هۆڵەندا، بەریتانیا و سوید. من لەو چالاکوانانە بووم کە نوێنەرایەتیی هەڵوێستی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن)م دەکرد لەو دانیشتنانەدا، هەروەها دوو هاوڕێی تریش کە توانای نوێنەرایەتیکردنی دۆزیەمانیان هەبوو ئامادە بوون.

ئەم دانیشتنانە زۆربەی کات بە وتارێکی یەکێك لە نوێنەرانی کۆمەڵەی ژنانی سەر بە (حیزبی شیوعی عێراق) دەستی پێدەکرد، کە تێیدا لیستی ئەو بەڵگەنامانەیان دەژمارد کە وەك ستراتیژ ئامادەیان کردبوون بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق لە سیاسەتەکانیدا سەبارەت بە پرسی ژنان پەیڕەویان بکات، دواتریش گلەییان دەکرد کە چەند زەحمەتە دەوڵەت ڕازیبکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژانە. وەك هەمیشە وتەبێژانی ئەم ڕێکخراوە پارێزەرانێکن کە بە تەجریدێکی بالا و بە شێوازی توێژێکی دەستەبژێر (نوخبە-ئیلیەت) مامەڵە لەگەڵ پرسی ژندا دەکەن، کە هیچ پەیوەندییەکی بەو دۆخی هەژاری، زەلیلی و چەوسانەوەیەوە نییە کە ژنان ڕۆژانە لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیاندا دەیچێژن؛ بەڵکو مامەڵەی ئەم چالاکوانانە زیاتر لە لۆژیکی حکومییەوە نزیکە، بەوپێیەی سەرچاوەکانی گفتوگۆکانیان بریتیین لە "ئاسایشی نیشتمانی"، "کۆکردنەوەی خێزان" و دروستکردنی ئەنجومەنی حکومیی زیاتر بۆ چاودێریکردنی کاروباری ژنان.

واتە بە کورتترین پێناسە، لۆژیکی ئەوان لە بنەمایەکی چینایەتیی فەرمانڕەوا و پیاوسالارانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی بۆرژوازی دەپارێزێت و هەوڵ دەدات پرسی ژنان بە شێوازێك لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە کە دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت نەکات. دوای ئەوە نۆرەی وتاری چالاکوانانی ڕێکخراوی ئازادیی ژن دەهات، کە زۆربەی کات لەو واقیعە زیندووەوە دەستی پێدەکرد کە ملیۆنان ژن تێیدا دەژین؛ واقیعی سەختییەکانی خوێندن، کار، توندڕەویی ئیسلامی، هەژاری و ئەو پاشکۆیەتییەی بەسەر ژندا سەپێنراوە. ئەمەش وای کردووە هەزاران ژن و کچ لەو دڕندەییەی عەشیرەتی پیاوسالار ڕابکەن کە کۆیلایەتیی خزمەتی ناوماڵیان بەسەردا دەسەپێنێت، لەگەڵ سەپاندنی هاوسەرگیری بە زۆر، یان ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسەی کە کچەکە خۆی دەیەوێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی حاڵەتێکی زۆری توندوتیژیی خێزانیی توند، کە کچانی گەنج بەرەو خۆکوژی یان ڕاکردن بەرەو واقیعێکی نادیار پاڵ پێوە دەنێت. عادەتەن ئەم ژنانە سەر بە چینی کرێکارن نەك دەوڵەمەندەکانی ناوچەی سەوز، و لەو کەسانەن کە دەرفەتی خوێندن یان کاریان بۆ نەڕەخساوە، واتە ژنانی پرۆلیتاریی بێکارن.

لێرەدا چالاکوانی ئازادیی ژن بەردەوام دەبێت و لە ئامادەبووان دەپرسێت:-

بەرپرسیارێتیی کێیە کە ئەم هەزاران ژنە لە دڕندەیی شەقامەکان، باندەکانی لەشفرۆشی و ئیستغلالی سێکسی ڕزگار بکات و بیپارێزێت؟ ئایا بەرپرسیارێتیی دەوڵەت نییە کە هاووڵاتیی مێینە بپارێزێت؟ یان دەوڵەت خۆی لەم ڕۆڵە دەدزێتەوە و مەمەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە بۆ پیاوانی خێزان و عەشیرەت جێدەهێڵێت، جا بیکوژن یان فڕێی بدەنە سەر شەقام، دەوڵەتیش ئەمە بە بابەتێکی شەخسی دەزانێت کە پەیوەندیی بەووە نییە؟

لێرەدا ئێمە لە (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) ڕاهاتووین کە ڕەخنە لەو یاسایانە بگرین کە پاشکۆیەتی و کۆیلایەتیی ژن بۆ عەشیرەت چەسپاو دەکەن و ڕێگە بە عەشیرەت دەدەن بیکوژێت ئەگەر لەو یاسایانە لابدات کە شوێن "شەرەفی عەشایەری" دەکەون، داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕگە یاساییانە دەکەین کە ڕێگە بە کوشتنی ژنان دەدەن بە سزایەکی سووك بۆ بکوژان.

دوای ئەوەی ئاماری ژنانی کوژراو، ڕاکردوو و ئەو ژنانەی بێ هیچ ناسنامەیەك دەژین دەخەینە ڕوو، باسی ئەوە دەکەن کە چۆن ئێمە لە ڕێکخراوی ئازادیی ژن ماڵەکانی خۆمان بۆ داڵدەدانی ژنان کردووەتەوە بۆ پاراستنیان لە دەوڵەتێکدا کە پاراستن بۆ هاووڵاتیانی دابین ناکات، چۆن لە ماوەی پازدە ساڵی (٢٠٠٣-٢٠١٨) کاری فێمینیستیدا زیاتر لە (٨٢٠) ژنمان داڵدە داوە.

لەو کاتەدا (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات کە دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراق بوەستێتەوە کە پاڵپشتی لە تیرۆری پیاوسالارانەی عەشایەری دەکات و کۆیلایەتیی ژن چەسپاو دەکات. هەروەها ڕێکخراوەکە پرسیار دەخاتە بەردەم نوێنەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سروشتی ئەو ڕۆڵەی کە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە جێندەر دەیگێڕن ئەگەر پاڵپشتی لە مافی ژن نەکەن بۆ ژیان.

لە چەند دانیشتنێکدا، بەتایبەتی لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا، گفتوگۆیەکی توند لە نێوان چالاکوانی ئازادیی ژن "جەنات ئەلغەزی" و نوێنەرانی ڕێکخراوی سەر بە شیوعی عێراقدا دروستبوو، کە دەستیان کرد بە تۆمەتبارکردنی شەڵتەرەکانی (ماڵەکانی داڵدەدانی) ڕێکخراوی ئازادیی ژن بەوەی کە ماڵی نایاسایین، بەمەش هاوشانی بەرپرسانی پیاوسالاری دەوڵەت وەستان کە نایانەوێت هیچ داڵدەیەکی ژنانی عێراقیی لێدراو و قوربانیی باندەکانی لەشفرۆشی بدرێت.

هەروەها بە پرسی دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕاسپێردرابوو بۆ کردنەوەی شەڵتەری حکومی بۆ ژنان، هاوشانی ئەوان دژی داڵدەدان و پاراستنی ژنان لەناو ماڵەکانی ئازادیی ژندا وەستایەوە؛ کە شەڵتەرە حکومییەکە بەهۆی ئەو مەرجە زۆرانەی بۆ وەرگرتن دایینابوون (وەك چوار بەڵگەنامە سەرەکییەکە، فەرمانی دادوەر، ڕەزامەندیی باوك یان هاوسەر) تەنها چەند ژنێکی کەمی وەرگرتبوو. لێرەدا قەبارەی ئەو دوژمنایەتییەی کە ئەم ژنانە بۆ پڕۆژەی فێمینیستیی ڕێکخراوی ئازادیی ژن هەیانبوو بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ژنان لە شەڵتەرەکانماندا، ئاشکرا بوو.

ئێستا کامەیان ئەولەوییەتە: پاراستنی ژن و پاراستنی کەرامەتی لە سووکایەتی، یان نووسینی بەڵگەنامە و ستراتیژەکان بۆ جوانکردنی ڕوخساری دەوڵەت؟

هەڵوێستی ئێمە لە (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) هەمیشە ئەوەیە کە خۆمان لە کاری دەستەبژێری (نوخبەوی-ئیلیەت) لەگەڵ دامەزراوە حکومی و بۆرژوازییەکان بەدوور بگرین کە بە ڕوونی پێگە چینایەتییە بۆرژوازییەکانی خۆیان ڕادەگەیەنن، هەمیشە پێداگری دەکەین لەسەر ئەوەی ببینە نموونەیەکی بچووککراوە لە داهاتوویەك کە ڕێز لە ژن دەگرێت و هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی تەرخان دەکات.

ئەمەش ئەو کۆمەڵگەیە کە ڕێکخراوی ئازادیی ژن سوورە لەسەر بنیاتنانی بەبێ

ئەوەی چاوەڕێی ڕەزامەندی و "شەرعیەتی یاسایی" بکات لە دەوڵەتی ئیسلامییە توندڕەوەکان و ئەو عەشیرەتانەی کە خۆیان لە سەرووی هەر یاسایەکەوە دەبینن. ئێمە لە ڕێکخراوی ئازادیی ژن ئاوڕ لە دۆخی ژنانی پرۆلیتاریا دەدەینەوە کە پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا لەدەستداوە بەهۆی نەبوونی کارەوە، بەهۆی لەدەستدانی پاراستنی خێزانی، بەهۆی گۆڕانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە هێرشە پیاوسالارییەکان کردوویاننە ئامانج و گۆڕیویانن بۆ کەرەستەی کۆیلایەتی، خزمەتگوزاری و چێژ و دەرکردنیان لە دەرەوەی کۆمەڵگەی عەشیرەتەکەیان ئەگەر دژی گۆڕانیان بۆ ئامراز و کاڵایەك کە بازرگانییان پێوە بکرێت، بوەستنەوە.
لەو کۆبوونەوانەدا ڕامانگیاند کە ئێمە لە ئازادیی ژندا زیاتر لە هەشت سەد ژن و کچمان لە کوشتن، توندوتیژی و بازرگانیکردن ڕزگار کردووە و لەناو ماڵەکانی داڵدەدانی ڕێکخراوەکەدا حەشارمان داون، کە کۆبوونەوە خولییەکانی ئێمە لەگەڵیاندا وەك ئەڵقەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی فێمینیستیی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ گۆڕینیان لە "قوربانییەوە" بۆ چالاکوانی شۆڕشگێڕ کە دژی توندوتیژیی پیاوسالاری و عسکەرتاریەت دەجەنگن، هەروەها ئەوان بە حوکمی ئەزموونەکانی ڕابردوویان وەك پێگەی نزمتر لەناو کۆمەڵگەدا، هەست بەو زوڵمە دەکەن کە دژی "کەمینەکانی تری" ژنان و کۆمەڵگەی ئێزیدی و کۆمەڵگەی ڕەشپێست لە عێراقدا دەکرێت.

ئەم دانیشتنانە بە بیرهێنانەوەیەك لەلایەن چالاکوانانی ئازادیی ژنەوە کۆتایی دێت کە وەستانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك تەماشاچییەکی بێدەنگ، باجەکەی زیاتر لە هەزار ژن دەیدات کە ساڵانە لە عێراقدا لەژێر ناوی "کوشتن لە پێناو شەرەفدا" لەبەردەم چاو و گوێی ئەو دەوڵەتەدا دەکوژرێن کە پشتگیریی دەکەن، بەهێزی دەکەن و دەسەڵاتی پێدەبەخشن.

## گفتوگۆکانی ناو کۆنفرانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە یاساکان

ئەم گفتوگۆیانە لە دوو کۆبوونەوەدا کورت بوونەوە کە لەلایەن دامەزراوەی (نەتەوە یەکگرتووەکان) بۆ هاوکاریی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕۆژانی (٢٦ و ٢٧)ی (تشرینی دووەمی ٢٠١٨)دا ڕێکخرابوون، سەبارەت بە ڕەشنووسی یاسای پاراستن لە توندوتیژیی خێزانی، هەروەها سەبارەت بە ماددەی (٤٠٩)ی یاسای سزادانی عێراقی کە ڕێگە بە کوشتنی ژنان دەدات بەبێ سزایەکی ئەوتۆ بۆ بکوژان لەلایەن دادگاوە.

لە بەرامبەر یاساکەدا دوو هەڵوێست هەبوو:

■ یەکەم: لەلایەن گرووپی سەر بە (حزبی شیوعی عێراق)ەوە کە شەڕی مان و نەمانیان دەکرد بۆ تێپەڕاندنی یاساکە بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە دوای کارێکی بێوچانیان لە دانوستاندن لەگەڵ لیژنەکانی پەرلەماندا.

■ دووەم: هەڵوێستی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) بوو کە پێیوابوو یاساکە لە ڕێگەی ناوەکەی و ئەو پێناسانەی تێیدایەتی، نکوڵی لە بوونی توندوتیژی دژی ژنان دەکات و ئامانجی کۆکردنەوەی خێزانە لەبری پاراستنی ژن لە توندوتیژیی پیاوسالاری.

لە ڕووی پراکتیکییەوە، یاساکە ئەرکی پاراستنی ژن – یان ڕاستر بڵێین داڵدەدانی، تەنها بە دەوڵەت دەبەستێتەوە، ئەمەش بەواتای لێسەندنەوەی سیفەتی یاساییە لە هەر شەڵتەرێك لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتدا چالاکە. ئەو لایەنەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕاسپێردرابوو بۆ داڵدەدانی ژنان لە هەردوو کۆنفرانسەکەدا ئامادە بوو، باسیان لەو دەستەنگیانە دەکرد کە بەسەریاندا سەپێنراوە بەهۆی نەبوونی بودجە یان ئاسانکاریی یاسایی بۆ کارەکانیان، ئەمەش نیشانەی نەبوونی ئیرادەی سیاسییە لای دەوڵەت بۆ دابینکردنی هەر پاراستنێك بۆ ژن لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا.

ئێمە لە (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) جەختمان لەسەر پێویستیی ئەوە کردەوە کە یاساکە بڕگەیەك لەخۆبگرێت کە ڕێگە بە ڕێکخراوە ژنانییەکانیش بدات ژنان داڵدە بدەن، و ڕوونمان کردەوە کە شەڵتەرەکانی سەر بە ئێمە لە ئێستادا (٥٢) ژن و (٢٥) منداڵ لەخۆدەگرن، لە کاتێکدا شەڵتەرە حکومییەکان لە تەواوی وڵاتدا تەنها یەك ژنی بەندکراوی تێدایە؛ چونکە شوێنەکانی ئەوان شوێنی بەهێزکردنی ژنان نین، بەڵکو تەنها زیندانن بە بەرهەمی گونجاوەوە. بۆیە هەڵوێستی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) ئەوە بوو کە ئەم یاسایە هێشتا کەمکوڕی هەیە لەو ڕۆڵەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێت و پێویستی بە هەموارکردن هەیە پێش ئەوەی پێشکەشی پەرلەمان بکرێت.

بەڵام لە گفتوگۆی دەوری بڕگەی یاسای سزادان‌دا کە ڕێگە بە کوشتنی ژنان دەدات، گفتوگۆیەکی توند لە نێوان پارێزەرێکدا دروستبوو کە لۆمەی پارتە ئیسلامییەکانی دەکرد بۆ کارەساتەکانی کوشتنی بەکۆمەڵی ژنان، لێرەدا پیاوسالاریی عەشایەری لە بابەتەکە بێبەری دەکرد، لە نێوان پەرلەمانتارێك و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی حوکم کە لۆمەکەی دەخستە سەر لایەنە عەشایەرییەکان و پارتە ئیسلامییەکانی بێبەری دەکرد. قسەمان پێ بڕین و کۆتاییمان بە گفتوگۆکەیان هێنا بە خستنە پاڵی لۆمەکە بۆ سەر هەردوو لایەن بە یەکسانی؛ چونکە ئیسلامییەکە ڕەوایەتی یاسایی بۆ کوشتنی ژن دادەنێت و عەشایەرییەکانیش حوکمی لەسێدارەدان بەسەر ژندا بە دەستی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

بەڵام ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژناندا باو بوو، لەوانەش ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە حزبی شیوعی عێراق بوون، کۆنەپەرستانە بوو و مرۆڤایەتیی تێدا نەبوو؛ چونکە زۆربەی کۆمەڵەکە داوایان دەکرد ماف بدرێت بە ژنیش کە پیاو بکوژێت ئەگەر "لەناو ماڵی هاوسەریدا لە کاتی تاوانەکەدا کێشرا" هاوشێوەی پیاو، وەك ئەوەی کوشتنی ناو کۆمەڵگە بەس نەبێت و ئەوان دەیانەوێت زیادی بکەن! ئێمە لە ڕێکخراوی ئازادیی ژن جارێکی تر قسەمان پێ بڕین و داوای هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (٤٠٩)مان کرد و قەدەغەکردنی کوشتن لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت، بەتایبەتی کوشتنی ژنان کە ئەم یاسایە ڕێگەی پێدەدات و سزایەکی سووکی پێدەبەخشێت کە هیچ بەشێکی لە دادگاکاندا جێبەجێ ناکرێت.

لایەنەکانی ڕاگەیاندنی حکومی، ئەنجومەنی باڵای دادوەری، پەرلەمانتارێکی لیژنەی یاسایی، وەزارەتی ناوخۆ و شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموویان لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون و تێبینییەکانیان لەسەر هەڵوێست و گفتوگۆکان تۆمار دەکرد. کاتێك داوایان لە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە

کرد کە گروپ پێکبهێنن بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی پاڵنان بە ئاراستەی یاسادانان یان گۆڕینی یاساکان، دوو هەڵوێست لەلایەن گرووپی ڕێکخراوی سەر بە حزبیت شیوعی عێراقەوە دەرکەوت:

1. یەکەمیان: هاوکاری لەگەڵ لایەنە حکومییەکان ئەولەوییەتە بەسەر هەر کارێکی فێمینیستیدا لەم بوارەدا، ئەمەش ڕەتکردنەوەی هەر تەحەددا یان ئیرادەیەکی ژنانە دەگرێتەوە کە خۆی بەسەر دەوڵەتدا بسە پێنێت.

2. دووەمیان: ڕەتکردنەوەی هەر دابەشکارییەکی کار بوو لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژناندا بە پێی پسپۆڕییەکان، بەڵکو گوتاریان ئەوە بوو کە "ئێمە هەمووان لە یەک کاتدا کار لەسەر هەموو شتێك دەکەن". ئەمەش مەبەستیان لێی پێویستیی قۆرخکردنی کاری ژنان بوو بەبێ هاوبەش، بەڵکو دەبێت هەموان شوێنکەوتەی ئەوان بن بەهۆی ئەو "ئیمتیازەی" کە بە خۆیانی دەدەن وەك خاوەندارێتی و تاپۆی بزووتنەوەی فێمینیستی. هەندێك لە کەسایەتییە ناوخۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە گشتی لەم هەڵوێستەدا لەگەڵیاندا هاوڕا بوون، چونکە ئەوان هاوبەشی ئەو بیروڕایانەن لەسەر هاوکاری لەگەڵ دەوڵەت و لەسەر تێگەیشتنی پیاوسالارانە بۆ پرسی ژنان.

## نووسینە ئەکادیمی و چەپگەراییەکان کە ئامانجیان خوێندنی بزووتنەوەی فێمینیستییە یان هەوڵی سەرکردایەتیکردنی دەدەن

نووسینە فێمینیستییە ئەکادیمییەکان لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە ڕەخنەگرتن لە میکانیزمی تێوەگلانی چالاکوانانی ژن لەناو ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا (NGO) جیابوونەتەوە، بەو بانگەشەیەی کە جیابوونەوەی بزووتنەوەی ژنان لە چەپ و ژێردەستەیی بۆ میکانیزمەکانی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەوەیە کە زیانی بە بزووتنەوەی ژنان گەیاندووە و وای لێکردووە بەرەو ڕاستی بۆرژوازی لابدات. ئەم تێڕوانینەش زۆر تەپڵ و زوڕنای بۆ لێدرا لەلایەن نووسینە فێمینیستییە چەپگەرا ئەکادیمییەکانەوە کە لە پەرەسەندنی لاوازیی چەپ دڵگران بوون، و بەدوای "شماخەیەکدا" (هۆکارێکدا) دەگەڕان بۆ ئەوەی لۆمەکەی بخەنە سەر.

لە ڕێگەی ئەزموونی ڕێکخراوی ئازادیی ژن و گفتوگۆکانمان لە ساڵی (٢٠٠٣)وە تا ئێستا، ئەنجامێك بەدەست دەهێنین کە پێچەوانەیە؛ دەبینین کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان پابەند دەمێننەوە بە هێڵی سیاسیی خۆیانەوە، جا ڕاست بێت یان چەپ، نەتەوەیی بێت یان ئیسلامی، پیاوسالار بێت یان فێمینیستی، بەڵکو ئەوان دەست بە سیفەتی ڕێکخراوی ناحکومییەوە دەگرن بەهۆی پێویستییان بە سیفەتی یاسایی و هەروەها بۆ تمویل (بودجە) بۆ ئەوەی چالاکییە ڕۆژانەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.
ئێمە زۆر کەسایەتیمان ناسی کە کارەکانیان شوێن هەموو ڕەنگەکانی ناو فرەڕەنگی سیاسیی عێراق دەکەوت لە یەك دەیە و نیوی ڕابردوودا. لە ڕوانگەی ئێمە؛ هۆکاری ئەو پاشەکشەیەی کە لە تەواوی بزووتنەوەی ژنانی عێراقدا ڕووی داوە لە نێوان کۆمەڵێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی ژناندا، پاشەکشەی (حیزبی شیوعی عێراق)ە لە هەڵوێستە چینایەتییەکانی خۆی و تەسلیمبوونی لەبەردەم ڕەوتە ئیسلامی و عەشایەرییەکاندا، ئەمەش وای کرد ڕێکخراوی ژنانی ئەوان ملبدات بە قبوڵکردنی پیاوسالاریی دەوڵەت و هێرشەکەی بۆ سەر ژن. ئەمەش بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوە فێمینیستیانەی پەلکێش کرد کە لە دەوری ئەوان کۆببوونەوە بەرەو ئەو ئاراستە سەردانەواندنە و پاشەکشەکردنە لە بەرگریی بوێرانە لە ژن.

لە ڕێگەی بەشی یەکەمی ئەم وتارەوە جیاوازیی نێوان پێگە چینایەتییە پرۆلیتارییەکانی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) و ئەو ڕێکخراوە ترانەمان ڕوون کردەوە کە ئینتیمای بۆرژوازییان هەڵبژارد و دەستبەرداری پرسی ژنانی پرۆلیتاری بوون کە لە مافی بڕیاردانی چارەنووس بێبەش کراون. ئەوانە دوو شێوازی کاری فێمێنیستین لە مەیداندا لەناو ئەو ڕێکخراوە فێمێنیستانەی کە پێکەوە بزووتنەوەی ژنان لە عێراقدا پێکدەهێنن.

ئێستا ئەوە ماوە کە شێوازی سێیەم لە کاری ژنان باس بکەین، ئەویش نووسینە ئەکادیمییەکانە کە بزووتنەوەی ژنان وەك چالاکی و دەق دەخوێنن و هەوڵ دەدەن بیخەنە سەر نەخشەی مەعریفی و سیاسی، وەك ئەکادیمی "زەهرا عەلی" کە پشکنینی بۆ کاری مەیدانیی ڕێکخراوەکانی ژنان لە عێراقدا کردووە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسایەتییەکانیدا کردووە و هێشتا کار دەکات لەسەر تەواوکردنی بنیاتنانی تێگەیشتنێکی مەعریفی بۆ کاری ئەم ڕێکخراوانە بەبێ حوکمی پێشوەختە دژی کارەکانیان، کە ئەمەش نموونەیەکە یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتن لەو هێڵە سیاسییانەی کە لەناو بزووتنەوەی ژناندا هەن.

هەروەها نووسینی چەپگەراییش هەن کە بە تەجریدێکی باڵا لە واقیع جیا دەکرێنەوە لەلایەن نووسەرانێکەوە کە خۆیان بەدوور دەگرن لەوەی دەستیان پیس بێت بە چالاکی مەیدانی لەگەڵ ژناندا لە ژیانی ڕۆژانەدا؛ بەڵام ئەوان درێغی ناکەن لە کەمکردنەوەی بەها و پێگەی ئەو ڕێکخراوانەی کە نوقمی کاری ژنانن لە هەموو مەیدانە مەترسیدارەکانیدا، بەڵکو جارێك پەنا دەبەنە بەر تۆمەتبارکردنیان بە ڕێکخراوگەرایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و جارێکی تر بەوەی کە مشەخۆرن و لەسەر وزەی حیزبی سیاسی دەژین.

لەم ماوەیەی دواییدا نووسەرەکە ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەی مەترسیدارترین ئەرك لە نێوان ئەرکەکانی ڕێکخراوی ئازادیی ژندا کردووە، ئەویش ئەرکی پاراستنی ژنە لەناو ماڵەکانی داڵدەداندا کە شوێنی نهێنییان هەیە بەدوور لە چاوی عەشیرەت و میلیشیاکان، و ئاماژە بەوە دەکات کە پاراستنیان لەناو ئەم ماڵانەدا بریتییە لە: "...دوورخستنەوەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئاسایی، نەخوازلا تێکەڵبوون لە ژیانی سیاسیدا، بە بیانووی پاراستنیان لە توندوتیژیی کەسانی تر".

ئەم قسانە وای کردووە چالاکوانانی ئازادیی ژن پرسیار بکەن لەسەر ڕادەی تێگەیشتن یان بایەخدانی نووسەرەکە بۆ ئەو دۆخە ژیانییەی کە ژنی عێراقی تێیدا دەژیت کە بێبەش کراوە لە کار، خوێندن و توانای هەڵبژاردنی ژیانی شەخسیی خۆی، لە ئەنجامدا بێ بڕیارە لەسەر هەموو شتێك کە تایبەتە بە ژیانی.

ئایا ژنێکی بەم شێوەیە ئازادیی تێکەڵبوونی هەیە لە ژیانی سیاسیدا یان ئازادیی چێژوەرگرتن لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئاسایی؟ و ڕای ئەم نووسەرە چی دەبێت ئەگەر یەکێك لە خزمە گەنجەکانی پێویستییەکی توندی

بە داڵدەدان هەبێت بۆ ڕزگاربوون لە کوشتن لەژێر ناوی "پاککردنەوەی شەرەف-غەسلی عاردا" (کوشتن/ ڕووداوی تایبەت بە ناموسپەرستی)؟ ئایا نووسەرەکە داوای لێدەکات کە تێکەڵی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئاسایی ببێت لەو کاتەی کە هەڕەشەی کوشتنی لەسەرە؟




ئەم هەڵوێستەی نووسەرەکە کە نکوڵی لە سوودی کاری فێمێنیستی دەکات کە لەسەر بنەمای پاراستنی ژن وەستاوە، لە ڕاستییدا دەکرێت وەك بەشێکی تەواوکاری هەڵوێستی ڕێکخراوە فێمینیستەکانی سەر بە حزبی شیوعی عێراق پۆلێن بکرێت کە خۆبەدوور دەگرن لەو واقیعە تراژیدییەی ژنان و تەنها ڕێنمایی دەستەبژێری (نوخبەوی) دەکەن وەك لۆبی یاسایی، هۆشیاریی سیاسی و خەونەکانی ژیان لەناو "ژیانی کۆمەڵایەتیی ئاساییدا"، تەنها جەختکردنەوەیەکی بێ ناوەڕۆکیان کرد لەسەر گرنگیی هۆشیاریی سیاسی.

کاری فێمینیستیی شۆڕشگێڕانە ناتوانێت سەرچاوەکەی زەینی و نموونەیی بێت کە هیچ پەیوەندییەکی بە جووڵەی گۆڕاوی کۆمەڵگەوە نەبێت؛ هەروەها ئەم کارە فێمینیستییە تەنها دووبارەکردنەوەی دروشمی خاڵی یان ڕێنمایی "ئایدۆلۆژی" نییە کە خۆی بەراورد نەکات بە دۆخی واقیعی ژیان لە عێراقدا؛ بەڵکو چاودێریکردنی ڕۆژانەی دۆخی مەیدانی ژنانە، جیاکردنەوەی ڕیزەکان یان ئینتیمای چینایەتییە لە بۆرژوازی و وریابوون لە خلیسکانی ناو نخبەوی ئابووری باو لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژناندا، بە دڵنیاییەوە وەڵامەکە ناتوانێت لە چارەسەری ئایدۆلۆژیی ئامادەکراو و پێشوەختە و وەسفەگەلێکدا بێت کە بۆ هەرکات و شوێنێك بشێت.

ڕەنگە لێرەدا پرسیارێك بە مێشکی خوێنەردا بێت کە دەبێت مەمەڵەی لەگەڵدا بکرێت: بۆچی دەچنە ناو ناوچەی سەوز و بۆچی مەمەڵە لەگەڵ بۆرژوازی دەوڵەتانی تردا دەکەن؟ چی شۆڕشگێڕی و کۆمۆنیستی لەوەدا هەیە؟ و تێڕوانین و ئاراستەی ئێوە چییە لە خستنی ژن لەناو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕدا؟ منبەری فێمینیستیی ئێوە چییە کە خەباتەکانتان ڕێکدەخات؟

ئەمانە هەموویان ئەو پرسیارانەن کە لە خەباتی ڕۆژانەماندا لەبەردەم چاوماندا دایان دەنێین، لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چەکە حکومیانەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە ئاراستەمان کراون، لە کاتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەو ژن و کچانەی کە دڕندەیی واقیعی دەورەیان ڕەتکردەوە و بڕیاری یاخیبوونی تاکەکەسی و گەڕان بەدوای واقیعێکی باشتریان دا.

گۆڕانی کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕانەی ئەم ژن و کچانە جیا ناکرێتەوە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگەی سەردەمەکەمان؛ و پێویستە ڕۆژ بە ڕۆژ بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرەکانەوە بین بە ڕوانگەیەکی دیالەکتیکییانەوە کە کارلێککردنی هەیە لەگەڵ دۆخی سەردەمەکەمان و لێی جیانابێتەوە وەك ئەو ئایدۆلۆژیستانەی خۆیان بەرزتر دەبیننەوە لە ڕووداوەکان و لە چالاکیی فێمێنیستی.

٢٠١٨-١٢-١١



# عومەر خەتات

- یەنار مارکسیستێکی شۆڕشگێڕ بوو، بەشێك بوو لە نەریتێکی سیاسی و فیکری کە ڕزگاری ژنانی بەستەوە بە ڕزگارکردنی فراوانی کۆمەڵگەوە

- یەنار لە ڕووی فیکری و دیسپلینی حزبی و پراکسیسی سیاسیی و ڕێکخراوەییەوە بە ئاگا و ڕۆشن بوو، ئەو دژی فیمینیزمی لیبرالیستانە بوو کە جیاکاری دەکرد لە نێوان خەباتی ژنان و خەباتی چینایەتی، لای ئەو خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بەشێکی جیانەکراوە بوو لە خەبات بۆ سۆشیالیزم و بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی

## چاوپێکەوتنی (ڕەوت) لەگەڵ عومەر خەتات سەبارەت بە پرۆژەی کتێبێك لەسەر ژیان و خەباتی هاوڕێ یەنار

<u>ڕەوت: زۆر سوپاس هاوڕێ عومەر خەتات بۆ ئامادەیت بۆ ئەم گفتوگۆیە. ئێمە ئاگادارین کەخەریکی ئامادەکردنی کتێبێکی لەسەر هاوڕێ یەنار محەمەد، پێش ئەوەی بچینە نێو پرۆژەکەوە، دەمانەوێت لەلای هاوڕێیەکی وەك تۆوە یەنار چ کەسایەتیەکی هەیە؟</u>

عومەر خەتات: پێناسەکردنی کەسایەتیی یەنار زۆر ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ من کە لە نزیکەوە دەمناسی. تەنانەت بۆ کەسێکیش کە مامەڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتی یا ڕێکخراوەیی لەگەڵ کەسایەتی یەناردا هەبوبێت، دیسان وەڵامی پرسیارەکە ڕەنگە قورس بێت.

یەنار لەو کەسایەتییانە نەبوو کە مرۆڤ بتوانێت لە یەك ووشەدا پێناسەی بکات. ڕەنگە زۆرێك وەك چالاکەوانێکی مافەکانی ژنان پێناسەی بکەن، یان کەسانێکی دی وەك پارێزگارێکی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام بۆ من یەنار پارادۆکسێکی دوو دیو بوو، لە لایەك سۆشیالیستێکی شۆڕشگێڕ، ئازا و چاونەترس و بێ سازش بوو لە هەڵوێستە فیکری و سیاسییەکانیدا لەبەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، لە لایەکی تریشەوە سادە و ئاسان لە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکە سادەکە بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە لە بێکەسی و بێ پەناییدا پەنایان دەهێنا بۆ یەنار و ئەویش بە دڵە گەورە و فراوانەکەیەوە لە ئامێزی دەگرتن. پێناسەی یەنار تەنیا لە سیما دەروونی و ئەخلاقییەکاندا نییە بەڵکو لە ڕەهەندە ماددی و مێژووییەکەیدایە. کەسایەتی یەنار لای من بەرجەستەبوونی



هوشیارییەکی کۆمەڵایەتی ناو پراکسیسێکی خەباتکارانەیە.

هاوڕێیەتی من لەگەڵ یەنار، تەنها پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی سادە نەبوو، بەڵکو لکانێکی سیاسی هاوبەشی ناو پراکسیسێکی سیاسی و چینایەتی هاوبەش بوو لە دژی پایەکانی سیستەمی سەرمایەداری. یەنار لە ڕووی فیکری و دیسپلینی حزبی و پراکسیسی سیاسیی و ڕێکخراوەییەوە بە ئاگا و ڕۆشن بوو، ئەو دژی فیمینیزمی لیبرالیستانە بوو کە جیاکاری دەکرد لە نێوان خەباتی ژنان و خەباتی چینایەتی، لای ئەو خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بەشێکی جیانەکراوە بوو لە خەبات بۆ سۆشیالیزم و بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی. کەواتە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی یەنار، تایبەتمەندی تاکەکەسی نەبوون، بەڵکو بەرجەستەکردنەوەی هۆشیارییەکی چینایەتی بوون کە گۆڕا بۆ پراکسیسێکی ڕێکخراوەیی بەردەوام. هاوڕێیەتی منیش لەگەڵیدا بەشداریکردن بوو لەم ڕێگایەدا بەرەو ڕزگاریی هەمیشەیی. گەورەیی کەسایەتی یەنار وەك پرۆژەیەکی سۆشیالیستی و تەنانەت تیرۆرکردنەکەشی هەر لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت.

<u>ڕەوت: ڕەوت: لەسەر پرۆژەی کتێبەکەت، ئایا نەخشەیەکت هەیە بۆ کتێبەکە، ئایا چی دەگرێتە خۆی؟ بیۆگرافییە؟</u>

عومەر خەتات: کتێبەکە بیۆگرافیایەیە، بەڵام بیۆگرافیایەکی زۆر جیاواز لەوەی کە گوێمان پێی ئاشنایە. ژیاننامە و کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و حزبیی یەنار ئەبێت دۆکیومەنت بکرێت. دۆکیومەنت کردن واتە بە مێژوو کردن. ئەمە ئەرکی سەرەکی کتێبەکەیە. دیدی من بۆ بیۆگرافیا دابڕانی کەسەکە (لێرەدا یەنار) نییە لە چوارچێوە مێژووییەکەی، تەنانەت گۆڕینی چەمکی خەباتکردن نییە بۆ حیکایەتی قارەمانێکی تاکەکەسی. یەنار هێمایە بۆ ساتێکی مێژوویی و کێشمەکێشێکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی درێژخایەن کە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە دەستپێدەکات. کتێبەکە لە ڕێی بیۆگرافیای یەنارەوە هەوڵدەدات دینامیکیەتی چینایەتی و ڕەگەزیی و ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵگەی عێراقدا ئاشکرا

بکات.
بەشی یەکەمی کتێبەکە لە ساتەوەختی تیرۆرکردنەکەوە دەست پێدەکات، نەک تەنها وەك شۆکێکی میدیایی، بەڵکو وەك ئاشکراکردنێکی بونیادی سەرکوتی سیستەمێك لە بەرامبەر پەیام و ئارمانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ کە وەك هەڕەشە لەسەر خۆی و پایەکانی دەیبینێت. بەشێکی تری دەچێتە سەر مێژووی پەیوەستبوونی یەنار بە بزووتنەوەی حیزبیی مارکسیستییەوە، دواتر بردنی ئایدیا شۆڕشگێڕانەکە بۆ مەیدانی پراکسیس (شێلتەرەکانی ژنان، بەرگریی یاسایی، هۆشیاری کۆمەڵایەتی) وەك تاقیگەیەکی ماددی کە تیۆری سۆشیالیستانە لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەچەسپێت. بەشێکی تر ئەرشیفی نووسینەکانی یەنار دێت وەك بەرهەمگەلێکی فیکری لە دایکبووی هەمان کێشمەکێشی چینایەتی، بەشێکی تر گوتاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دێت و لە کۆتابەشدا شیکاریی قۆناغی دوای تیرۆرکردن دێت وەك پێشنیارێکی ڕێکخراوەیی کە یادەوەری دەگۆڕێت بۆ پراکتیکێکی دووبارەبووەوە. بیۆگرافیا لەم کتێبەدا، ئامرازێکی میتۆدۆلۆژییە نەك ئامانجێکی ئەدەبی، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونێکی تەواو؛ چۆن ژنێکی مارکسیست لە عێراقدا سەریهەڵدا؟ چۆن فێمینیزمی گرێدا بە خەباتی چینایەتییەوە؟ وە چۆن پرسی ژنانی لە پرسی مافەوە گۆڕی بۆ پڕۆژەیەکی ئازادی سیاسی فراوانتر؟

<u>ڕەوت: ئامانجت لەم کتێبە چی یە؟ گرنگی و بایەخەکەی لە چیدایە؟</u>

عومەر خەتات: مەترسیدارترین شت کە بەسەر کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکاندا دێت دوای کۆچکردنیان، گۆڕینیانە بۆ هێمای بەتاڵ، یانی نمایش کردنی وێنەکانیان لە بۆنەکاندا یان نووسینی شیعر و شانامە بۆیان، گۆڕینی ئەو کەسایەتییانە بۆ تەنیا دالێکی ڕەمزییانە، مانای خاڵی کردنەوەیان دێت لە ناوەڕۆکە شۆڕشگێڕانەکەیان. ئەمە جۆرێکی تری تیرۆرکردنە. ئامانجی من وەستانەوەیە بەرامبەر بەم تیرۆرەی دووەم، چونکە یەنار تەنیا چالاکەوانێکی بزووتنەوەی ژنان یان مافەکانی کەمەنەتەواییەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ نەبوو. ئەو مارکسیستێکی شۆڕشگێڕ بوو، بەشێك بوو لە نەریتێکی سیاسی و فیکری کە ڕزگاری ژنانی بەستەوە بە ڕزگارکردنی فراوانی کۆمەڵگەوە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە دژی هەژموونە ئایدیۆلۆژییە کۆنەپەرستەکان شێلگیرانە وەستایەوە.

لە عێراقدا هەوڵێکی بەردەوام هەیە بۆ دابڕانی خەباتی ژنان لە قەوارە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکە، وەك ئەوەی چەوسانەوەی ژنان تەنیا لە ڕەهەندە فەرهەنگییەکەدا بێت، یانی لەناو پیاوسالاری و تێڕوانینە ئایینییەکاندا بێت، لەگەڵ ڕاستی بەشێك لەو هۆکارانەدا بەڵام یەنار ستەمکاریی و جیاکاریی ڕەگەزیی وەك چەمکێك نەدەبینی کە تەنیا لە فەرهەنگدا کار بکات یان لە هەوادا هەڵواسرابێت، بە جیا سەیری نەدەکرد بەڵکو وەك بەشێك لە پەیوەندییەکانی هێز و دامەزراوە و سیستەم دەبینی کە بەبێ ئەم جیاکاریی و ستەم لەسەر ژنان، دەسەڵات توانای بەردەوامی نییە.
ئامانج لەم کتێبە مەنهەجی و فەلسەفییە. مەنهەجییە، واتە پاراستنی هەمان ئەو میتۆدە مارکسیستییە پتەوەیە کە یەنار کاری لەسەر دەکرد واتە هەڵپێکانی خەباتی چینایەتی و فێمینیستییە لە یەك پراکتیکی سیاسییدا نەك جیاکردنەوەیان وەك ئەوەی لە تێڕوانینی بزووتنەوە فیمینیستییە لیبراڵییەکاندا باوە کە بە دەستهێنانی کۆمەڵێك مافی بچووك بۆ ژنان بە دابڕاو لە بونیادە ئابووری- کۆمەڵایەتییە فراوانەکە سەیر دەکات. لە ڕووی فەلسەفییەوە، ئەم کتێبە جەخت لەو خاڵە دەکاتەوە کە پرسی "ڕزگاریی" بریتی نییە لە چاکسازیی لە کۆمەڵێك یاسا یان بڕیاری دەوڵەتی بەڵکو تێپەڕاندنێکی ڕیشەییە بۆ پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی تایبەت کە سەرچاوەی سەرەکی هەردوو چەوسانەوەی جێندەری و چینایەتییە. گرنگی ئەم کتێبە بۆ من لە گەڕاندنەوەی یەناردایە بۆ شوێنی شیاوی خۆی، بۆ ناو چوارچێوەی مێژووی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە عێراقدا.

<u>ڕەوت: هاوڕێیانێك چۆن دەتوانن بەشداری ئەم کتێبەت بکەن و یان لانی کەم کۆمەکت بکەن، داوای تۆ لەو بارەوە چییە؟</u>



عومەر خەتات: خۆی ڕاستە دەستپێشخەرییەکە شەخسییە، بەڵام من پڕۆژەکە وەك پڕۆژەیەکی شەخسی نابینم. چونکە یادەوەری چەمکێکی شەخسی نییە. یەنار خۆی لە ناو تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندی هاوڕێیانە و خەباتدا دەژیا. هەرکەسێك ناسیوویەتی دیوێك لە دیوە فراوانەکانی ئەویان بینیووە. خەڵکانێك هەن ئەویان وەك هاوڕێیەکی نزیك ناسیووە. بەشێك لە کۆمەڵگە بە تایبەتی ئەوانەی کە کاری سیاسی و ڕێکخراوەییان لەگەڵ ئەنجام داوە، وەك کەسایەتییەکی سیاسی ئازا و چاونەترس ناسییوە. بۆ کتێبەکە، من بێجگە لە وێنە و نامە و ووتار و یادوەری شەخسی ئەو کەسانەی لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵی پێویستم بە ووردەکارییە بچکۆلەکان هەیە، ئەو ووردەکارییانەی کە تەنیا سەرنجی چاو و هەستەکان دەتوانن پێناسەکەی بدۆزنەوە. ئاماژەیەکی تێپەڕ، ووشەیەك یان قسەیەك کە لە کۆبوونەوەیەك کراوە و وەك ووشەی کلیلی دەکرێت پێناسەی بۆ بکرێت، ساتێکی بێدەنگی دوای جەدەلێکی درێژ، ئەمانە بۆ من گرنگترن تا بەیاننامەیەکی سیاسی. پڕۆژەکە، تەنیا کۆکردنەوەی ڕووداوەکان نییە؛ بەڵکو ناسینی پڕۆژەیەکی سیاسی گەورەترە، ناسینی یەنار و دەرخستنییەتی لە کەسێکی ئاساییەوە بۆ هێز و فیگورێکی مێژوویی.

# نور سالم:

## " قەبارەی ئەو نارەزایەتییەی کە بەدوای تیرۆرکردنی یەناردا هاتە ئاراوە لە ناوخۆی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، دەرخەری پێگەی یەنار و تێگەیشتنی جیهانە لە کارەکانی یەنار و مێژووە پڕ لە دەستکەوتەکانی. "



**ڕەوت: زۆر سوپاس بۆ ڕەزامەندیتان لەسەر ئەم چاوپێکەوتنە سەبارەت بە تیرۆرکردنی یەکێک لە دیارترین چالاکوانانی مافی ژنان، هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد، کە ئایکۆنی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانە بوو لە عێراقدا. بە ڕای تۆ هۆکارەکانی بەئامانج گرتن و تیرۆرکردنەکەی چییە؟**

نور سالم: با بگەڕێینەوە بۆ ئەو وتەیەی کە دەڵێت ئەگەر بمانەوێت لە ئێستا و داهاتوو تێبگەین دەبێت مێژوو و ڕابردوو بخوێنینەوە، یەنار محەمەد تەنیا ناوێکی تێپەڕ نەبوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە عێراقدا، بەڵکو یەکێک بوو لەو کەسایەتییە دیارانەی کە خەباتێکی درێژخایەنی کرد دژ بە توندوتیژی و جیاکاری و چەوساندنەوەی ژنان لە عێراقدا.

یەنار لە کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەیدا بۆ ئازادی ژن، یارمەتی سەدان، بگرە هەزاران ژنی داوە تا لە توندوتیژی خێزانی و کۆمەڵایەتی، چەوسانەوە و بازرگانیکردن پێیانەوە ڕزگاریان بێت، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی پاراستن و پشتیوانەیەکی بەهێز بۆ قوربانیانی توندوتیژی و ئەوانەی لە کوشتن و چەوسانەوە هەڵاتبوون. ئەم ڕۆڵە جگە لەوەی کارێکی مرۆڤ دۆستانە بوو لە هەمانکاتیشدا وەستانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بوو دژی ئەو تۆڕ و هێزانەی کە بەهرەبەردایان دەکرد لە خاڵە لاوازەکانی بارودۆخی ژنان و لە نەبوونی پاراستنی یاسایی و کۆمەڵایەتییان.

یەنار بە هەڵوێستە ڕاشکاوانە و بوێرەکانی بەرامبەر دەسەڵاتداران و هێزە کۆنە پەرستەکان ناسرابوو، بەتایبەتی لە دژایەتیکردنی هەوڵەکانی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨) و ڕەتکردنەوەی هەر یاسایەك کە ببێتە هۆی چەسپاندنی هاوسەرگیری منداڵان یان پێشێلکاری مافەکانی ژنان. هەروەها یەکێك بوو لە بەهێزترین ئەو داکۆکیکارانەی

کە سوربوو لەسەر پێویستیی دەرکردنی یاسایەك دژی توندوتیژیی خێزانی، کە بە هەنگاوێکی بنەڕەتیی دەزانی بۆ پاراستنی ژنان و منداڵان لە توندوتیژی ناو خێزان، لە کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا زۆرێك لەم جۆرە تاوانانە وەك "بابەتێکی خێزانیی" مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ڕۆڵەکەی تەنها لە چالاکی کردەیی و مەیدانیدا سنووردار نەبوو، بەڵکو خۆی و هاوکارەکانی چەندین پلاتفۆرمی میدیایی و مینبەری مافی مرۆڤیان دامەزراند وەك ڕادیۆی (ئەلمساوات-یەکسانی)، ڕۆژنامەی (ئەلمساوات)، لەگەڵ پەیجگەلێکی میدیاییش بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە پێناو ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکان و بەرپرسکردنی دەسەڵاتداران و ئاگادراکردنەوەی ڕای گشتی بەڕاستەوخۆیی. بۆیە گوتارەکانی سیمبولییانە و نوخبەگەراییانە نەبوو، بەڵکو ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕاستەقینە بوو لەگەڵ ئەو ژێرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە توندوتیژی دژی ژنان بەرهەم دێنن و پەردەی بێدەنگییان بەسەرا دەدات و بە لێنە پرسینەوە دەیانپارێزن، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات تا لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە هەزاران هەڵمەتی چەواشەکاری و هەڕەشە و سوکایەتی پێکردن بەرێ بخرێت، کە ئەمە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی تیرۆرکردنی.

قەبارەی ئەو نەفرەت و ناڕەزایەتییەی کە بەدوای تیرۆرکردنی یەناردا هاتە ئاراوە لە ناوخۆی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، دەرخەری پێگەی یەنار و تێگەیشتنی جیهانە لە کارەکانی یەنار و مێژووە پڕ لە دەستکەوتەکانی.

بەئامانجکردنی ئەو، ناتوانرێ جیابکرێتەوە لە سروشتی ئەو ململانێیەی کە لە عێراقدا هەیە لە نێوان ئەو هێزانەی هەوڵدەدەن بۆ چەسپاندنی هەژموونی نێرسالاری و تائیفەگەری و توندوتیژی لە لایەك و لە لایەکی ترەوە ئەو دەنگە ڕزگاریخوازانەی ژنان بۆ بەرگری لە ئازادی و کەرامەت و مافی ژنان و ژیانێکی سەلامەت بۆ ژنان.

بۆیە یەنار تەنها چالاکوانێکی خەباتکاری مافەکانی ژنان نەبوو، بەڵکو نوێنەری پرۆژەیەکی تەواوی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان بوو و هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کرایە ئامانجی ئەو هێزانەی کە ئازادی و هۆشیاری و ڕێکخراوی ژنان وەك

هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ دەبینن بۆ سەر پێکهاتەی دیکتاتۆری و بەرژەوەندییەکانیان کە لەسەر بنەمای کوشتن و ترس و کۆنتڕۆڵ بنیات نراون.

<u>ڕەوت: تا چەند ئەم تیرۆرە و بەئامانجگرتنی چالاکوانانی ژن کاریگەری لەسەر خەباتی بزووتنەوەی ڕگاریخوازانەی ژنان و لەسەر پارێزەرانی مافی ژنان لە عێراقدا دەبێت؟</u>

نور سالم: تا ئێستا ئەنجامدەرانی تیرۆری یەنار محەمەد نەناسراون، دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان هەڵنەساون بە ئەرکی خۆیان بۆ ئاشکراکردنی بارودۆخ و هۆکاری تاوانەکە یان پێدانی وەڵامێکی ڕوون سەبارەت بە ئەنجامدەران تاوانەکە و پاڵنەرەکانیان. ئەم نەبوونی شەفافییەت و بێدەنگییە فەرمییە و ئەم پەردەپۆشییە بێ پاساوە، نەك تەنها بۆشاییەکی یاسایی بەجێ دەهێڵێت، بەڵکو ژینگەیەکی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو ژنان و پیاوانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤدا دروست دەکات و ئەو هەستە بەهێز دەکات کە دادپەروەری هیچ گەرەنتییەکی نییە و پاراستنیش لە ئارادا نییە.

لەم چوارچێوەیەدا، ناتوانرێت بە ئامانج



گرتنی ژنانی چالاکوان و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان وەك ڕووداوێکی گۆشەگیر و جیا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو پێویستە وەك بەشێك لە شێوازێکی فراوانتر لەبەرچاو بگیرێت کە ئامانجی دووبارە

بەرهەمهێنانەوەی ترسە لەناو کایەی گشتی کۆمەڵگە و پاڵنانی ژنانە بۆ پاشەکشە کردن لە ڕۆڵگێڕان لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ئەم جۆرە تیرۆرە تەنها کەسەکان ناکاتە ئامانج، بەڵکو خودی بیرۆکەکانیش دەکاتە ئامانج؛ بیرۆکەی ژنی چالاك و سەربەخۆ و مافخواز.

کاریگەری ئەم توندوتیژییە یەك لایەنە نییە، ڕاستە ژینگەیەکی ڕاستەقینەی گوشار و مەترسی دەخولقێنێت و ڕەنگە هەندێك دەنگ وا لێ بکات بە وریاییەوە هەڵوێستە و پاشەکشەیەك بکەن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا مەودای ڕاستەقینەی ئەو خەباتەش دەردەخات کە بوونی ژنانە لە گۆڕەپانی گشتیدا، وە دووبارە پرسی پاراستنی یاسایی ژنان و نەبوونی ڕۆڵی دەوڵەت و دامودەزگاکان دەوروژێنێتەوە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازنەی ژنان لە عێراق، سەلماندی، سەرەڕای خەسارەتی گەورە، بەڵام توانای بەردەوامی و خۆڕێکخستنەوەی هەیە، وە نابێ ئەم بەردەوامییە تەنیا وەك توانای "بەرگەگرتن" تێبگەین، بەڵکو وەك بەڵگەیەك لێی بڕوانین کە کێشەکە لە تاکە کەسی قووڵترە، و زیاتر پەیوەست

بووە بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە داوای گۆڕانکاری دەکات، بۆیە پاشەکشە وەڵامدانەوەی ئەم تیرۆرە نییە، بەڵکو وەڵامەکە بەفراوانکردنی تۆڕەکانی پشتیوانی و پاراستن و بەهێزکردنی کاری بەکۆمەڵ، و

بەستنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنانە بە پڕۆژەیەکی فراوانتری دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەروەری یاساوە.

**ڕەوت: ئێوە بەشداریتان لە بیستەمین کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان کرد، کە تیایدا یەنار محەمەد یەکێك بوو لەو دەنگە بوێرانەی بەرگری لە ژنانی ئێزیدی کرد کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە تووشی ئەشکەنجە، دەستدرێژیی سێکسی بوون لەگەڵ بازرگانیکردن پێیانەوە، ئەو داعشیانەی کە بەشێکیان لەم دواییانەدا لە سوریاوە گواسترانەوە بۆ زیندانەکانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە. بەڕای ئێوە بۆچی ئەم ئاستە لە گۆشەگیری و توندوتیژی سیستماتیکی دژ بە ژنان بەردەوامە؟**

نور سالم: لە بیستەمین کۆنفرانسی تۆڕی دژە بازرگانیکردن بە ژنان، کە دوو ڕۆژ بەر لە تیرۆری یەنار محەمەد لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی ئازادیی ژنان لە عێراقدا بەڕێوەچوو، یەنار توێژینەوەیەکی گرنگ و سەرەکیی پێشکەش کرد کە تێیدا هەڵوێستێکی ڕوون و بەهێزی گرتەبەر لە شیکردنەوەی ئەو واقیعەی ڕووبەڕووی ئەو ژنانە بۆتەوە کە قوربانیی جەنگەکان بوون لە عێراق و سووریا. لە تێڕوانینەکەیدا، جەختی لەوە کردەوە کە پرسی ڕزگاربووانی داعش ناتوانرێت تەنها وەك پرسێکی مرۆیی یان فریاگوزاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا پرسێکی دادپەروەری و لێپرسینەوەی سیاسی و یاساییە. وە جەختی لەوە کردەوە کە دادپەروەری ناتوانێت هەڵبژێردراو بێت یان پارچە پارچە بێت، بەڵکو دەبێت هەموو قوربانییەکان بەبێ جیاوازی لە چوارچێوەی سیستەمێکی دادوەریدا بەڕەسمی بناسرێن.

هەروەها جەختی کردەوە کە کۆتایی نەهاتنی ئازار و مەینەتیی ڕزگاربووان پەیوەستە بە نەبوونی بەرنامەیەکی فەرمیی و ڕوونی دەوڵەتەوە بۆ دڵنیایی لێ پێچینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانەکانی دژ بە ژنان، و بە نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕاستەقینە بۆ ڕێگریکردن لە دەربازبوونی تاوانباران لە سزا، بەتایبەت لە ئێستادا کە دەنگوباسی گواستنەوەی هەزاران ئەندامی داعش هەیە لە سووریاوە بۆ عێراق، بەبێ ڕاگەیاندنێکی ڕوون و دیاریکراو سەبارەت بە میکانیزمەکانی لێپرسینەوە، بەتایبەتی بۆ تاوانەکانی فڕاندن و دەستدرێژی سێکسی و کوشتنی ژنان. ئەو پێی وابوو گرتنەبەری هەر ڕێگایەك ئەگەر هاوشانی ڕێوشوێنی دادگاییکردنێکی ئاشکرا و توندوتۆڵ نەبێت، نەبوونی متمانەی قوربانییەکان بە دەوڵەت لەم ئاستە نزمەیدا دەهێڵێتەوە.

بەردەوامبوونی ئەم ئاستە لە چەوساندنەوە و توندوتیژی سیستماتیکی دژ بە ژنان، نەك هەر پەیوەستە بە بەهێزی تاوانبارانەوە، بەڵکو پەیوەستیشە بە لاوازی سیستەمی پاراستن و دان نەنانی تەواوەتی بە هەموو قوربانیەکان و دانەنانی دۆسیەی ئەو ژنانەی کە ڕزگاریان بووە بە کارێکی هەرە لە پێشی سیاسی و یاسایی ڕاستەقینە. بۆیە یەنار پێیوابوو کە شەڕەکە هەر تەنها دژی خودی توندوتیژی نییە، بەڵکو دژی ئەو بنەمایانەشە کە ڕێگە دەدەن بە دووبارە بەرهەمهێنانەوە و بەردەوام بوونی.

**ڕەوت: ئایندەی خەباتی هێزە ڕزگاریخوازەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە بۆ مافەکانی ژنان لە بەغدا و عێراق بە گشتی چۆن دەبینن؟**

نور سالم: ئایندەی واقیعیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و هێزە ئازادیخوازەکان لە عێراقدا، ناتوانرێ بە جیا و بەبێ تێگەیشتن لە ژینگەی سیاسی و ئەمنیی ئێستا بخوێنرێتەوە کە بەربڵاوبوونی چەکدارییەکی کۆنترۆڵنەکراوە، لەگەڵ سیاسەتی دەمکوتکردن و دەستگیرکردنی هەڕەمەکیی هەڵسوڕاوان و بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسان و پێشێلکردنی ئازادییەکان و لاوازی سەروەری یاسا و کەمتەرخەمی کردن لە لێکۆڵینەوە و نەبوونی شەفافیەت لە ژمارەیەك لە دۆسیەی گەورە لەوانە کەیسی تیرۆرکردنی ژنە چالاکوان و بەرگریکارەکان لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان، لەوانە کەیسی تیرۆری یەنار محەمەد کە وردەکارییەکان و هۆکارەکانی هێشتا ئاشکرا نەکراوە و بێ لێپرسینەوەیەکی ڕوون ماونەتەوە.

ئەم واقیعە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان هەیە، کە ژنە چالاکوان و داکۆکیکارەکان ڕووبەڕووی چەندین مەترسی دەبنەوە، لەوانە بە ئامانجگرتنی ڕاستەوخۆ، دەستگیرکردن یان بەرتەسککردنەوەی سنوری ژنە چالاکوان و ڕۆژنامەنووسەکان، ئەمە جگە لە هەڵمەتی هاندان و ناوزڕاندن کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێکدەخرێن و بوونەتە ئامرازێکی فشار و تۆقاندن کە لە هەڕەشەی مەیدانی کەمتر مەترسیدار نین.

لە هەمان کاتدا، ناکرێت بە تەواوی پشت بە حکومەتەکانی ئێستا ببەسترێت بۆ گۆڕانکاری، بەتایبەتی کە هەندێك دەسەڵات و هێزە سیاسییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا بەشدارییان کردووە لە دەرکردن یان پشتگیریکردنی یاسا و سیاسەتێك کە جیاکاری و توندوتیژی دژی ژنان دەچەسپێنێت، یان هەوڵیان داوە ئەو یاسایانەی کە مافەکانیان دەپارێزێت لاواز بکەن، وەك لە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨) یان بەردەوامیدان هەڵپەساردن و پەکخستنی یاسای دژی توندوتیژی خێزانی.

بۆیە داهاتووی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەی ژنان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە توانای کۆمەڵگا خۆیەوە بۆ بنیاتنانی ڕێکخراوی مەدەنی و ڕزگاریخوازانەی ژنان و مافپارێزی بەهێز کە لەسەر بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دامەزرا بن و توانای دروستکردنی فشاری بەردەوامی گشتییان هەبێت لە دژی هێزە پیاوسالار و کۆنەپەرست و توندڕەوەکان. لێرەوە ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانەوە نایەت، بەڵکو لە دەسەڵاتی جەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێت، لە هۆشیاری ژنان و گەنجانەوە و لە بنیاتنانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە توانای بەردەوامیدان و ڕێکخستنیان هەیە و خاوەن کاریگەریین.

سەرەڕای هەموو ئەم ئاستەنگییانە، ژنە چالاکوانەکان بەردەوامن لە بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ، و سوربوون و پێداگریشیان لەسەر بەردەوامبوون لەم خەباتە، سەرچاوەی سەرلێشێواوی و فشاری بەردەوامە بۆسەر بنەما پیاوسالارییە ماوەبەسەرچووکان و ئەو هێزانەی کە هەوڵ دەدەن کۆمەڵگە بگەڕێننەوە بۆ دۆخێکی ترس و بێدەنگی و ستەم.

# یەنار محەمەد: حکومەت هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) دەکات!

ئەمینداریەتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیران، داوایەکی یاسایی دژی سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق تۆمار کردووە و خۆی و هاوکارانی بەوە تۆمەتبار دەکات کە پەنای ئەو ژنانەیان داوە کە بە ناوی "شەرەفی نێرینە"وە لە دەست توندوتیژیی خێڵەکی ڕادەکەن؛ هەروەها تۆمەتبارمان دەکەن بەوەی بەرگری لە ئیرادەی ئازادی ژن دەکەین بۆ ئەوەی دوور لەو خێزانانە بژین کە ناچاریان دەکەن بە هاوسەرگیریی زۆرەملێ یان دەیانخەنە ژێر توندوتیژیی جەستەیی و دەروونییەوە.

ئەم تۆمەتانەی دژی ئێمە ڕیزکراون، لە ڕاستیدا ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکەی ئێمەیە، چونکە ئێمە هەوڵ بۆ بونیادنانی عێراقێکی ئارام بۆ ژنان دەدەین، کە تێیدا یەکسان بن لەگەڵ برایانی پیاویان و لە هەموو پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوکار و پشتیوانی یەکتر بن.

ئەم لایەنە حکومییە سڵ ناکاتەوە لە هەوڵدان بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی ڕێکخراوە ژنانەکەمان کە دژایەتیی دەسەڵاتێکی نێرینەسالارانە دەکات و دەسەڵاتی خێڵ و پیاوانی ئایینی چەسپاندووە؛ ئەو لایەنانەی هەوڵ دەدەن ژنان بکەنە کۆیلە و کاڵا و خزمەتکار، ئەوەش لە ڕێگەی هەڕەشە و تۆقاندن و توندوتیژییەوە ئەگەر پێویست بکات. بەجۆرێك کردەوەکانی وەك ( فرەژنی، کڕینی کچانی گەنج وەك هاوسەرو وازهێنان لە هاوسەری تەمەن گەورە، ژن بە ژن "كصة بكصة"، مارەیی خوێن و هتد... ) هەموویان بوونەتە کارێکی قبوڵکراو لە سایەی حکومەتێکی نێرینەی میلیشیاییدا کە دان بە مافی هاوڵاتیبوونی ژندا نانێت، بەڵکو وەك کاڵا و موڵکی ئەو خێڵە یان ئەو پیاوە سەیری دەکات. وە لەبەر ئەوەی ئەم حکومەتە دان بە هیچ مافێکی هاوڵاتییانیدا نانێت، لەوانەش مافی خۆپیشاندان بۆ ژیان، دەیەوێت ژنانیش تەنانەت لەو مافە کەمە بێبەش بکات کە بە هاوڵاتیانی نێرینەی داوە.

هەوڵی داخستن و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی ئازادیی ژن، هاوکات بوو لەگەڵ چالاکییەکانمان لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەردا ( انتفاضة اكتبر ) و هەروەها قسەکانمان لە پاڵپشتیکردنی ئیرادەی جەماوەری ڕاپەڕیو و مافی ئەوان بۆ هەبوونی نیشتمانێکی پڕ لە ئازادی، یەکسانی و ئیرادەی سەربەخۆ.



بڵاوکراوەی ( ژنانی ڕاپەڕین ) باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەم ململانێ دێرینەی نێوان ئێمە و دەسەڵاتی میلیشیاکان کە مێژووەکەی بۆ چەندین ساڵ پێش دەگەڕێتەوە. وادیارە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، دەیەوێت دوا گورزی خۆی لە بزووتنەوەی ژنان بوەشێنێت پێش ئەوەی کورسییەکانی دەسەڵات جێبهێڵێت، چونکە ئەنجومەنی وەزیرانی ئێستا لە حوکمی دەستلەکارکێشاوەدایە و ماوەی یاسایی بەسەرچووە.

داوا لە خەڵکی ڕاپەڕیوی دژە دەسەڵاتی گەندەڵی دەکەین دەستیان بخەنە ناو دەستمان بۆ تێپەڕاندنی ئەم چەتەگەرییە، چونکە ئەمە بەشێکە لە هەمان حکومەتی گەندەڵ؛ داوا لە ڕێکخراوە ژنانەکانیش دەکەین لەم وەرچەرخانە مێژووییە هەستیارەدا هاوپشتیی خۆیانمان بۆ ڕابگەیەنن. هەروەها داوا لە چالاکوانانی مافی مرۆڤ دەکەین بەرگریمان لێ بکەن و پرسی ژن لە عێراق چەند هەنگاوێك بەرەو پێش ببەن.

پاراستنی هاوڵاتیبوون-ژنان و بەهێزکردنی بەرامبەر بە هەژموونی خێڵ و توندوتیژیی نێرینەی باوکان و هاوسەران، دەبێت ئەرکی دەوڵەت بێت. بەڵام حکومەتە گەندەڵە یەك لەدوای یەکەکان، پاداشتی میلیشیا تاوانبارەکانیان دەدەنەوە بەوەی دەستیان واڵا دەکەن بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر ژناندا، هەروەك چۆن سامانی وڵاتیان بۆ مسۆگەر دەکەن لە ڕێگەی گەندەڵییەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سوپایەك لە بەکرێگیراوانی نێرینەوە خۆیان لە دژی شۆڕشگێڕانی ڕاپەڕین بپارێزن. ئەوان تەنیا بەوەوە نەوەستاون کە یاسا بۆ توندوتیژی دژی ژنان دەردەکەن، بەڵکو ڕێگریش دەکەن لە پاراستن و بەهێزکردنی ژنان لە لایەن ڕێکخراوە ژنانییە ئازادیخوازەکانەوە. ئەمەش دەریدەخات کە چەندە لەو وزە و توانایانەی ژنان دەترسن کە پەیوەست بوون بە لێشاوی شۆڕشگێڕانی ڕاپەڕیوەوە، کە هەرگیز لە بەدەستهێنانی مافەکانیان پاشەکشە ناکەن تا گەندەڵی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵنەکێشن. هەرگیز ناتوانن بەسەر ئیرادەی ئازادی ژنانەی ئێمەدا زاڵ بن.

دەستمان دەخەینە ناو دەستی ڕاپەڕیوان بۆ هەڵکێشانی ڕەگی گەندەڵی و بونیادنانی دەوڵەتی هاوڵاتیبوون، ئازادی و یەکسانی.

OWFI

ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق
٤ی ئازاری ٢٠٢٠

## ڕاگەیەندراوێك سەبارەت بە سەردانی شاندێکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

لە چوارچێوەی هاوپشتی حزب و ڕێکخراوەکان بەبۆنەی تیرۆرکردنی هاوڕێی ئازیزمان (یەنار محەمەد)، شاندێکی هەردوو حزب کە پێکهاتبوون لە هاوڕێیان (سوسەن سەلیم، نوری بەشیر، خەسرەو سایە، ئیبراهیم محەمەد و دەشتی جەمال)، ڕۆژی دووشەممە ٢ / ٣ / ٢٠٢٦ سەردانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی یان کرد. ئەم سەردانە بەمەبەستی دەربڕینی هاوخەمی و پشتیوانی و وەستانەوەیان شان بە شانی ئێمە بوو دژی ئەو ڕووداوە تیرۆریستیەی هاوڕێی تێکۆشەرمان (یەنار محەمەد)ی کردە ئامانج، کە ڕۆژی دووشەممە ٢ / ٣ / ٢٠٢٦ لە شاری بەغداد تیرۆر کرا.

شاندەکە ئامادەیی هاوڕێیانەی خۆیان نیشان دا بۆ بەشداریکردن لەگەڵماندا لە هەموو ئەو بۆنانەی کە پەیوەندییان بەم ڕووداوە دڵتەزێنەوە هەیە و هاوکاریکردنمان لەسەر هەموو ئاستەکان لە ئێستا و لە داهاتوودا. شایانی باسە شاندەکە لە لایەن هاوڕێیان (شیرین عەبدوڵا، نزار ئەمین، موئەیەد ئەحمەد و عەبدوڵا سالح)ەوە پێشوازییان لێکرا، کە تێیدا ئەم هەڵوێستە کۆمۆنیستیە بەرپرسانەیان بەرز نرخاند، بەو پێیەی کۆچکردوی ئازیزمان (یەنار محەمەد) خەسارەتێکی گەورەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و تەواوی مرۆڤدۆستان بوو.

سکرتارییەتی
کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٦ی ئازار (مارس) ٢٠٢٦

## کۆپنهاگ/ هەشتی مارس و مەراسیمی ڕێز لێنان لە هاوڕێ یەنار محەمەد



بۆ ڕێزلێنان لە یەنار محەمەد لە یادی هەشتی مارسدا لە کۆپنهاگ مەڕاسیمێك ئەنجام درا، لە ڕێگەی (کۆمیتەی هەشتی مارس لە دانماك)، کە چوار ڕۆژ بەر لە هەشتی مارس، پێك هێنرا.
لەو مەڕاسیمەدا سلاید شۆیەك خرایەڕوو کە سەلاح فەتحوڵلا ئامادەی کردبوو لە کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن و یەنار محەمەد، کۆمۆنیست و ئایکۆنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان.
هەروەها ڕێبوار عومەر لە ڕێگەی هۆشی دەستکردەوە ئاوازێکی دروست کردبوو لە پارچە شعرێکی چیمەن قەرەداغی کە بۆ یەنار محەمەدی نووسیبوو، وە بە ڤیدیۆ و سلاید شۆ لەگەڵ وێنەکانی یەنار و ڕێکخراوی ئازادی ژن پێشکەش کرا.
ئەمە و ڤیدیۆیەکیش لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنانی کرێکار و ژنانی ئازادیخواز و مەراسیمەکانی هەشتی مارس پێشکەش کرا.
بەڕێوەبەری کۆڕەکە هیدایەتی مەلا عەلی و کاروباری تەکنیکی ئەلکترۆنی و تۆمارکردنیش لە لایەن بەختیار خورشید و سەلام محەمەدەوە ئەنجامدرا.
مەڕاسیمەکە پاش وەستانی دەقیقەیەك ماتەمینی بۆ ڕێزلێنان لە یەنار و هەموو ژنانی ئازادیخواز کە لە پێناو ڕزگاری ژنان و یەکسانیدا گیانیان بەخشیووە، ئەم بڕگانەی گرتەخۆ:

- ■ مێژووچەیەکی هەشتی مارس لە لایەن کەژاڵ عەبدولڕەحمان پێشکەش کرا.
- ■ نادر عەبدولحەمید، هاوڕای تیشك خستنە سەر کار و چالاکییەکانی یەنار محەمەد و ڕێکخراوی ئازادی ژن، وتەیەکیشی بەناوی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆنیستی)یەوە پێشکەش کرد.
- ■ ڕاگەیاندنی (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق) بە زمانی عەرەبی لە لایەن لاو حەمید (لولە) خوێندرایەوە.
- ■ پەیامی ڕێکخراوی (ژن ژیان ئازادی) لە لایەن گوڵزار عەلی پێشکەش کرا.
- ■ ڕێبوار حەمە شەریف بە پارچە شێعرێك بەشداری کرد کە بۆ یەنار محەمەدی نووسیوە.
- ■ عوسمان ئەحمەد وتەیەکی بەناوی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان)ەوە پێشکەشکرد.
- ■ پەیامی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/ حزبی شیوعی کوردستان) لە لایەن سوهەیلە خانەوە پێشکەش کرا.
- ■ پەیامێکی هاوبەشی (حزبی حیکمەتیست) و (شۆرای هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان/ئێران) لە لایەن جەلیل ڕەزایی پێشکەش کرا.
- ■ چەند بڕگەیەك لە بەیاننامەی (تەڤگەری ژنانی کوردی ئەوروپا-تەژەکە) لەسەر ترۆری یەنار محەمەد خوێندرایەوە.
- ■ لاوژە جەواد بە وتەیەك بەشداری کرد.

سلاید شۆیەك لە وێنەکانی یەنار و کاروچالاکییەکانی ڕێخکراوی ئازادی ژن ئاوزاێك لە شعری چیمەن قەرەداغی بۆ یەنار. لە ئامادەکردنی ڕێبوار عومەر

# وتەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە مەراسیمی هەشتی مارس لە دانمارک بۆ ڕێزلێنان لە هاوڕێ یەنار



نادر عەبدولحەمید

ئامادەبوان بەڕێزان و خۆشەویستان،
شەش ڕۆژ لێرەو پێش و بەر لە هەشتی مارس لە شاری بەغدا و لە ( 2026-3-2 ) دا، یەنار محەمەد، لێپرسراوی ( ڕێکخراوی ئازادی ژن )، وە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی ئێمە ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ) تیرۆر کرا.

پەرچە کردارێکی نەك هەر عێراقی بەڵکو جیهانی بەدژی ئەم تیرۆرە بە خێرایی سەریهەڵداوە، ئەوە جێگەی ڕێز و پێزانینە کە لەسەر ئاستی جیهاندا (بەعێراق و کوردستانیشەوە ) بە هەزاران ڕێکخراوە و کەسایەتی و ناوەندی جۆراوجۆر و حزبی سیاسی هاتوونەتە دەنگ بۆ مەحکوم کردنی ئەو تاوانە و هاوسۆزی و هاوخەمی خۆیان دەربڕیووە بۆ لەدەستدانی ئینسانێك کە ئایکۆن و سمبولی خەباتێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ بوو لە جەرگەی کەشوهەوایەکی کۆنە پەرستانەی خنکێنەردا کە دەسەڵاتی میلیشیایی هێزە تائیفی و قەومییەکان دایان سەپاندووە بەسەر کۆمەڵگەدا.

ئەم پەرچە کردارە جیهانییە دەرخەری ئەو سەنگ و قورساییەیە کە یەنار محەمەد هەیبوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان، دەرخەری ئەو کار و چالاکییانەیە کە خۆی و ڕێکخراوەکەی ئەنجامیانداوە.

هەر بۆیە لەدەستدانی یەنار خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و بۆ بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و بەتایبەت تریش بۆ ڕێکخراوەکەی ئێمە ( بەدیلی کۆمۆنیستی ) کە کادرێکی ڕابەر و کارای لەدەستدا.

لە ئێستادا یەك هەڵمەتی سەراسەری میلیشیاکان دەستی پێکردووە بە هەڕەشە لە چالاکوانان و هەتا لە پارێزەرانێك کە بەرگری لە ماف و ئازادییە شەخسی و فەردییەکان دەکەن و زۆرێك لەو چالاکوانانە خۆیان شاردۆتەوە یان پەنایان بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانی هێناوە. وەك ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە میلیشیا ئیسلامییە تائیفییە دوا ڕۆژەکانی سەرەمەرگی بێت و دەست نە پارێزێت لە کوشتن و گرتن و ڕاوەدوونان. هاوڕێ یەنار هەر لەیەکەم هەڵمەت و پەلاماری ئەو میلیشیا تیرۆریستانە کرایە ئامانج، و ئەگەر ئەو پەرچە کردارە جیهانییە نەبا لەوانە بوو ئێستا چەند چالاکوانێکی تریشیان تیرۆر بکردایە.

بەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی فاشیدا وەك بەشێك لە خێروبەرەکەتی دیموکراتی کە ئەمریکا بە دیاریهێنا بۆ عێراق، مەیداندارکردنی بزووتنەوە میلیشییەکانی ئیسلامی سیاسی دڕندە و تائیفەگەری کۆنە پەرستبوو کە کۆمەڵگەی عێراقیان بەرەو ئیسلامیزەکردن پاڵ پێوەنا و جۆرەها یاسای کۆنە پەرستانەی دژە ژن و منداڵیان سەپاندووە بەسەر خەڵکیدا، کە دواترینیان ( پاکێجی ئەحکامە شەرعیەکانی جەعفەری ) بوو، کە لە شوباتی ساڵی ( 2025 )دا پەرلەمانی عێراق پەسندی کرد بە سەوداو مامەڵەیەکی ژێربەژێر لەگەڵ ( پارتی ) و ( یەکێتی ) و حزبە قەومییە عەرەبییەکانی ( سوننە ). ئەم سێ لایەنە هەموویان تاوانبارن بە حزبە شیعییە تائیفیەکان و بە حزبە قەومییە عەرەبییە سوننیەکان و بە حزبە قەومییەکانی کوردستانیشەوە کە لە بەغدا دەنگیان پێدا.

لە کەشوهەوایەکی کۆنە پەرستانە و زاڵمانەی ژێر دەسەڵاتی میلیشیاییدا، دوو بزووتنەوە و دوو ڕێکخراوی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ لە عێراقدا شکڵیان گرت هەردووکیان لە ساڵی ( 2003 )دا. یەکەمیان ئەم ( ڕێکخراوەی ئازادی ژن ) و دووەمیشیان ( یەکێتی شۆرا و سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراق ) کە لە هاوئاهەنگییەکی توندوتۆڵدان تا ئێستاش بەیەکەوە. بەو مانایەی خەبات بۆ ڕزگاری ژنان و خەبات بۆ ماف و خوستەکانی کرێکاران و وەستانەوە دژ بە دەسەڵاتێکی بورژوا ئیسلامی کۆنە پەرست و داسەپێنەری نیولیبرالیزمی ئابووری بەیەکەوە گرێداوە هەروەك دروشمی بزووتنەوەی گۆڕەوی سورەکان لە دانمارك کە خەبات بۆ ئازادی ژن و خەباتی چینایەتییان بەیەکەوە گرێدەدا. دیارە دەیان و بگرە سەدان ئەگەر نەشڵێین هەزاران ڕێکخراوی ئەوەی کە پێیان دەڵێن ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دوای ( 2003 ) لە عێراق و لە کوردستاندا شکڵیان گرتووە و چالاکی دەنوێنن، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی کە ( ڕێکخراوی ئازادی ژن ) هەیەتی ئەو ڕێکخراوانەی تر نیانە.

ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە جەرگەی ئەم کۆنە پەرستییەدا کە بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێندراوە نەك هەر بە یاسا و بە دادگا بەڵکو بە هێزی چەکداری میلیشیایی و تیرۆرەوە، توانیویەتی یانزە ( 11 ) شێڵتەر پەنگا بۆ ژنان و کچان لە پێنج ( 5 ) پارێزگا لە عێراقدا دروست بکات. سێ ( 3 ) لەو شێڵتەرانە لە بەغدان. ئەو شێڵتەرانە نهێنین نەك هەر لە کەسوکاری ئەو ژن و کچانەی کە ڕایان کردووە لەدەست ئازار و بێ حورمەتیکردن پێیان، بەڵکو نهێنیشن لە حکومەت و لە میلیشیاکانیش.

هیچ ساڵێك نەبووە کە ( ڕێکخراوی ئازدی ژن ) و شەخسی یەنار ڕووبەڕووی دادگا نەبووبنەوە و دۆسییەیان لەسەر تۆمار نەکرابێت.

یەکێك لەو دۆسیانە لە کۆتایی ساڵی ( 2019 )دا لە لایەن سکرتاریەتی سەرۆك وەزیرانەوەیە کە ڕێکخراوی ئازدی ژن و شەخسی یەناری بەوە تۆمەتبار کردبوو کە لە ڕا پەڕینی ئەو ساڵەدا بەشدارن دژی دەسەڵات، بەو بیانووەوە کە گوایە مەیدانی کار و چالاکی ڕێکخراوێکی ژنان نابێت تێکەڵ بە مەیدانی سیاسی کۆمەڵگە بکرێت. بەمانایە ئەو دەسەڵاتەی کە پاکێجی ئەحکامەکانی جەعفەری بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت تۆ وەك ڕێکخراوێکی ژنان نابێت لە دژی ئەو دەسەڵاتە ڕا پەڕیت، بەڵکو وەك ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵسیت بە ڕەخنە و چاکسازی لە دەستەڵاتدا.

ئەوەی کە ( ڕێکخراوی ئازادی ژن ) تا ئێستا کردوویەتی سەلمێنەری ئەوەیە کە دەکرێ چەپ و سۆشیالیست و ڕادیکاڵ بیت و لە ژینگەیەکشدا کار بکەیت کە کۆنە پەرستی بە زەبری چەکی میلیشیایی داسەپابێت بەسەر کۆمەڵگەدا و جەماوەریش بیت و ژنانی چەوساوە ئومید و ئاوتیان پێت هەبێت.

لە دەستدانی ئەو کادرە بەتوانایە لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی بە درێژەدان بە ڕێباز و بەئاسۆ و ئامانجێك دەبێت کە ئەو هەڵی گرتبوو وە پیادەی دەکرد بە عەمەلی.

نەنگ و شەرمەزاری بۆ بکوژانی یەنار
بژی ئازادی و یەکسانی نێوان ئینسانەکان
٨-٣-٢٠٢٦

# وتەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی، لە گردبونەوەی چالاکوانانی ( تۆڕی ٨ ی مارس ) لە سلێمانی،

**بۆ سەرکۆنەکردنی تیرۆری هاوڕێ ( یەنار محەمەد ) سەرۆکی ( ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق )، وە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق ) کە لە ( ٢ )ی مارسی ( ٢٠٢٦ )دا لە ماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکرا.**




**ئەم وتەیە لە لایەن هاوڕێ نەوزاد بابانەوە پێشکەش کراوە.**

هاوڕێیان و بەڕێزان
ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز
سەرەتا بەناوی ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ) یەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ڕادەگەیێنین بۆ ( تۆڕی هەشتی مارس ) لە سلێمانی کە هەڵساون بەم گردبوونەوە، وە سوپاس بۆ ئامادەبووان کە بەشداری ئەم گردبوونەوەن.

دوێنێ ( ٢-٣-٢٠٢٦ ) هاوڕێ ( یەنار محەمەد ) هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان، کۆمۆنیست و خەباتکارێکی پەیگیری بزووتنەوەی یەکسانخوازی نێوان ژن و پیاومان لەدەستدا، ئەویش بە تیرۆرکردنی لەلایەن تیرۆریستانی کۆنە پەرستی دژە ژن و دژە ئینسانییەوە.

هاوڕێ یەنار لە ساڵی ( ٢٠٠٣ ) بەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی فاشیستدا لە کەنەدا گەڕایەوە بەغدا و لەگەڵ چەند هەڵسوڕاوێکی تری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان، ( ڕێکخراوی ئازادی ژن )یان پێکهێنا، بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و یەکسانخواز، بۆ وەستانەوە دژ بەو بزووتنەوە کۆنە پەرستە دینی و قەومییانەی کە هێرش بۆسەر ئازادی و مافەکانی ژن و منداڵانیان کردبووە ئامانجێك بۆ هێنانەدی ئەجێندا کۆنە پەرستانەکانیان.

دامەزرێنەرانی ( ڕێکخراوی ئازادی ژن ) زووربەیان هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی بوون و پێشتریش لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە کوردستانی عێراق ڕۆڵیان هەبووە بەتایبەت لەناو ( ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ).
بەم شێوەیە ئەزموون و سوننەتی خەباتکارانەی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، سەربە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنانی کوردستانی عێراق پێکهێنەری ( ڕێکخراوی ئازادی ژن ) بوو، وە ئەم ڕێکخراوە میراتگر و درێژە پێدەری ئەو سوننەت و خەباتەش بووە دوای ( ٢٠٠٣ )، کە ڕزگاری ژنان و ئازادییانی لە پەیوەند بە بزووتنەوەیەکی گشتگیر تری ڕزگاری کۆمەڵایەتی بینیوەتەوە لەدەست سیستمێکی چینایەتی و سیاسی ئابووری سەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوازی.
مێژووی ئەم ڕێکخراوە بەشێکیشە لە مێژووی خەباتکارانەی هاوڕێ یەنار، ئەو لەناو ژینگەیەکی کۆنە پەرستی پیاوسالار و دژە ژندا ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشە و دۆسیەی دادگا و تەنگپێهەڵچین بووەوە و کۆڵی نەدەدا و مەیدانەکەی بەجێنەهێشت، تا دواجار گیانی بەخت کرد لە پێناو ئامانجەکانی ڕزگاری و یەکسانخوازیدا.

لە کەش و هەوای باڵادەستی میلیشیا کۆنە پەرستە تائیفی و مەزهەبییەکاندا چەندین شێڵتەر بۆ ژنانی ڕاکردوو لەدەست توندوتیژی خێزانی لە لایەن ( ڕێکخراوی ئازادی ژن )ەوە دروستکراون وەك پڕۆژەیەك بە دەستپێشکەری هاوڕێ یەنار کە بە سەدان ژن و کچیان لە مەرگ ڕزگار کردووە، نەك هەر ئەوەش ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی گرینگی بینی لە کۆمەگ بە ژنان و کچانی ئێزێدی قوربانیانی دەستی داعش، هەروەها لە بزووتنەوەی دژ بە گۆڕینی یاسای باری کەسێتی و جێگیرکردنی پاکێجی ئەحکامەکانی جەعفەری.
هاوڕێ یەنار چەندین خەڵاتی نێو دەوڵەتی وەرگرتووە لە پەیوەند بە خەبات لە پێناو مافەکانی ژناندا. ئەو کەسایەتییەکی ناسراو و بەرجەستەی بزووتنەوەی ژنان بوو نەك هەر لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش و لە لیستی ساڵانەی ئەو کەسانەدا بووە کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان.
لەدەستدانی هاوڕێ یەنار خەسارەتێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و بۆ بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی بەڵام کۆنە پەرستان خەیاڵیان خاوە ئەو مەشخەڵە یەکسانیخواز و ئازادیخوازەی کە ئەو بە شەهامەت و پێداگرییەوە بەرزی کردبۆوە، ملیۆنان ژن و خەڵکی ڕەنجدەر و چەوساوە لە سەراسەری عێراقدا بە کوردستانەکەیەوە لە پێشەنگی خەباتی شۆڕشگێڕانەیاندا بەرزی دەکەنەوە، بۆ ڕووخاندنی تەختی کۆنە پەرستی و سیستەمی چینایەتی و پیاوسالاری.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٣-٣-٢٠٢٦

# وتەی موئەیەد ئەحمەد لە مەڕاسیمی ڕێزلێنانی هاوڕێ یەنار محەمەد لە لەندەن






ئێوارەتان باش.
بە ناوی خۆم و کۆمیتەی ناوەندیی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) و ئەندامانیەوە، گەرمترین بەخێرهاتن و سوپاسی دڵسۆزانە ئاراستەی یەکەکەی ئێوەی ئازیز دەکەم کە لێرە لەگەڵمان کۆبوونەتەوە بۆ ڕێزلێنان و بەرزڕاگرتنی نەریتی هاوبەشمان؛ نەریتی هاوڕێی ڕابەری ئازیزمان (یەنار محەمەد)، سەرۆک و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ﴾ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێڕاق-( OWFI )﴿، و یەکێک لە دامەزرێنەرانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستسی لە عێراق)، و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەکەی.

یەناری ئازیز، سەرکردە و تێکۆشەرێکی پەیگیر و ناوازە بوو لە پێناو ڕزگاریی ژناندا، و سەرکردە و جەنگاوەرێکی کۆمۆنیستی مەزن بوو لە پێناو جیهانێکی ئازاد لە کۆتوبەندی سەرمایە، شەڕەکانی، سەرکوتکارییەکانی و هەموو شێوازەکانی جیاکاری و توندوتیژی.
لە قووڵایی دڵمەوە خەمبارم و پەژارە و شۆك دایگرتووم بەهۆی لەدەستدانی هاوڕێ و دۆستی ئازیزمان یەنار کە دەستی تاوان بە دڕندەییترین شێوە گەیشتە ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدای پایتەختی عێراق، لەلایەن تیرۆریستانی تاوانبارەوە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی ڕۆژی دووشەممە، (٢)ی ئازاری ئەمساڵ (٢٠٢٦)، و تیرۆر کرا. سەرەخۆشی گەرم و دلسۆزانەم ئاراستەی کوڕە خۆشەویستەکەی هاوڕێ یەنار، هاوژینەکەی، باوکی، و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی، و هاوکارانی لە (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)، و دۆستانی و هاوڕێیانی، و هەموو ئێوە و لایەنگرانی لە سەرانسەری جیهاندا، دەکەم.

دڵم پڕ لە غەم و پەژارەیە کە مەڕاسیمی گیان لەدەستدانی یەناری خۆشەویستمان دەگێڕێن، هاوڕێی ئازیزی جێی متمانەم بۆ زیاتر لە چارەکە سەدەیەك، و دۆستێکی نزیك و خۆشەویستی هاوژینەکەم و تەواوی فامیلیەکەمان.

نەریت و ترادیسیۆنی یەنار، نەریت و ترادیسیۆنی ڕزگاریخوازی و سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشە لەسەر ئاستی جیهان، و لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای جیهاندا وەك ئەم ترادسیۆنە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.
ئەو توڕەیی و ناڕەزایەتییە جیهانییەی کە بەرامبەر بە تاوانی تیرۆرکردنی یەناری ئازیز پێشان درا، و ئەو بەیاننامە بێشومارانەی پشتگیری لەلایەن چالاکوانانی ژن و ڕێکخراوەکانیان، چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سەندیکا کرێکارییەکان، ڕێکخراو و کەسایەتییە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان، چالاکوانانی سیاسی پێشکەوتنخواز و هەموو ئازادیخوازانەوە لەسەرانسەری جیهاندا، نمایش کرا، گوزارشتێکە لەوەی کە یەنار چی بوو و چۆن جێگەوڕیگەی خەباتکارانەی بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەمە ناڕەزایەتییەکی جیهانی و شۆڕشێکی سەرەتاییە کە یەنار پریشکەکەی داگیرساند و بەردەوامیش دەبێت!
ئەگەر بەهۆی بارودۆخی شەڕی تاوانکاری ئێستای ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ئێران نەبووایە، و ئەگەر بەهۆی باڵادەستیی هێزە میلیشیا تاوانکارەکانی دەسەڵات لە عێراقدا نەبووایە، تیرۆرکردنی ئەو دەبووە هۆی داگیرساندنی بڵێسەی شۆڕشێك کە هەرگیز کۆتایی نایەت تا ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی، ملهوڕی و کۆیلەکردنی ژنان، نەك تەنها لە عێراق بەڵکو لە ناوچەکەشدا. تەرمی ئەو بە شانی ملیۆنان ژن و مرۆڤی پێشکەوتنخوازەوە لە عێراق، هەڵدەگیرا!

یەنار وەك تێکۆشەرێکی مەزن و جەسور لە پێناو ئازادی و یەکسانی ژنان و دڵسۆزییەکەی بۆ دۆزی سۆسیالیزم، لە یاددا دەمێنێتەوە. ئەو لە ڕیزی سەرکردە مەزنەکانی مێژووی خەباتی ژنان بوو بۆ ڕزگاری، و خەباتی چینی کرێکار و چەوساوەکان لە پێناو سۆشیالیزمدا.

میدیای بۆرژوا لیبرال، کاراکتەری شۆڕشگێڕی و سۆسیالیستیی یەنار دەشارێتەوە. ئەوان بەم کارەیان، نەك تەنها چەواشەکاری دەکەن و ڕاستی ئەوەی کە یەنار چی بوو دەشێوێنن، بەڵکو پووچی و درۆی قسەکانی خۆشیان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی

ژنان دەسەلمێنن.

یەنار مارکسیستێکی پێداگر و نەبەز و سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕ بوو کە دەیزانی سەرچاوەی باڵادەستیی پیاوسالاری لە کوێدایە، و چۆن بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی بەهێزی ژنان دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیستیی چینی کرێکار و بە پێچەوانەشەوە؛ هەر لەبەر ئەمەش بوو کە وەك تێکۆشەرێکی سەرکەش لە ڕیزەکانی خەباتی ڕێکخراوی کۆمۆنیستیدا مایەوە، سەرەتا لە ڕیزەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و پاشان لە تەمموزی (٢٠١٨)وە تا تاقە دوا ساتەکانی ژیانی وەك سەرکردە و تێکۆشەرێکی مەزن لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەیدا؛ (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، مایەوە.

ئێمە لە بەیاننامەی ڕێکخراوەکەماندا وتوومانە کە هاوڕێ یەنار پێی وابوو: "کۆمۆنیزمێك کە بە دۆزی ژنان و ڕزگارییان بەهێز نەکرابێت، هیچی تر نییە جگە لە کۆمۆنیزمێکی ستالینی، میکانیکی و بۆرژوازی، یان کۆمۆنیزمی ڕەوتە ناسیۆنالیستە ڕادیکاڵە بۆرژوازییەکان و چاکسازیخوازە سازشکارەکان، کە هیچ پەیوەندییەکی بە چینی کرێکار و جەماوەری ژنانی چەوساوەوە نییە. ترسی ئەو لە باڵادەستیی فێمێنیزم نەبوو بەسەر ئەو ڕەوتە کۆمۆنیستە ڕێکخراوەی کە تێیدا کاری دەکرد، بەڵکو ترسی لەوە بوو کە کۆمۆنیزمی حزب یان ڕێکخراوەکەی لە پیاوسالاری و باڵادەستیی کولتووری پیاوسالارانەی ئاینی و ناسیۆنالیستی ڕزگاری نەبووبێت".

هەندێك لە هێزە چەپەکان، تەنانەت هەندێك لەوانەش کە بە ئینسافن، نەیانتوانی ئەمە درك پێ بکەن، و هەندێکیان هەمان دیدگای بۆرژوا لیبرالیان بەرامبەر بە یەنار گرتەبەر و ئەم ناسنامە شۆڕشگێڕە سۆسیالیستی و دڵسۆزییەیان لێ داماڵی. ئەوان لە ڕابردوودا هەڵە بوون و ئێستا و لە داهاتووشدا بە هەڵە دەمێننەوە. یەکێك لە وانەکانی ئەم تراجیدیایەی تیرۆری هاوڕێی ئازیزمان، یەنار، بۆ ئێمە ئەوەیە کە پێکەوە لەگەڵ چالاکوانانی ژنانی سۆسیالیست خەبات بکەین دژ بەم جۆرە لە پووچیی "سۆسیالیستی وشەگەری".
هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە:
"یەنار کەسێك بوو بە هەموو مانایەك ئەوینداری ژیان بوو. هەر کەسێك کە ناسیبێتی، دەستبەجێ سەرسام بووە بە قووڵیی هەستی مرۆڤایەتییەکەی، حەزی گاڵتەوگپی، ژیری، و وشیارییەکەی. ئەم تایبەتمەندییانە نەك تەنها لە گفتوگۆکانی ڕۆژانەیدا، بەڵکو لە مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسە ئاڵۆز و دڕکاوییەکان و مشتومڕە سیاسییەکانیشدا ڕەنگیان دابووەوە. یەنار هەرگیز فێمێنیزمێکی ڕزگاریخوازی پەیڕەو نەکرد کە دابڕاو بێت لە چێژوەرگرتن لە ژیان یان هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی تواناکانی داهێنان و بەهرە شاراوەکانی تاکەکان. ئەو باوەڕی بە پەیوەندییەکی مرۆیی ئازاد و یەکسان لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەبوو. بە پێچەوانەی هەندێك لە چالاکوانانی ژنانەوە، ئەو بە توندی دەوەستایەوە دژ بەوانەی کە ڕقیان لە پیاوان بوو وەك بوونەوەرێکی بایۆلۆژی، یان ئەوانەی کە پیاوسالارییان لە ناوەڕۆکە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکەی دادەماڵی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-ئابووری، سیاسی و کولتووریی کاتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا".

ئاوڕدانەوەیکی سادە لە مێژووی خەبات و چالاکیی سیاسی یەنارلە چارەکە سەدەی ڕابردوودا ئەوە نمایش دەکات کە دانەبڕاوە لە مێژووی خەباتی ژنان و خەباتی چینی کرێکار لە عێراق؛ نەك تەنها ئەوە، بەڵکو دانەبڕاویشە لە خەباتی چینایەتیی هەرێمی و جیهانی، و خەباتی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا دژ بە هێزە سەرمایەدارییە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژاوا و شەڕەکانیان، دژ بە ئیسلامی سیاسی، و میسۆجۆنیستەکان لە هەموو جۆر و شێوازێك، دژ بە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان، و نیۆفاشیستەکان، و ناسیۆنالیستەکان و هەموو هێزە کۆنەپەرستەکان.

یەنار تازە پێی نابووە ناو چالاکیی سیاسییەوە کاتێك جیهان کەوتبووە ناو زریانێکی ڕەهەند جیهانییەوە بەهۆی هێرشە تیرۆریستییەکەی قاعیدە بۆ سەر هەردوو تاوەرەکەی نیویۆرك لە (١١)ی ئەیلوولی (٢٠٠١)، و سیاسەت و ستراتیژی دوای ئەوەی ئەمریکا بە ناوی "شەڕی دژ بە تیرۆر".
ئێمە لە بەیاننامەی بەدیلی کۆمۆنیستیدا سەبارەت بە چالاکییەکانی یەنار وتوومانە: "لە جەرگەی ئەم ڕووداوە زریاناوییە جیهانییانەدا، یەنار چالاکییە سیاسییەکانی خۆی لە کەنەدا دژ بە هەردوو هێزەکە دەستپێکرد: دژ بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا، شەڕەکەی، و داگیرکارییەکەی لە عێراق، و دژ بە ڕەوت و پارتەکانی ئیسلامی سیاسی. لە سەرووی هەمووشیانەوە، ئەو خەباتی کرد دژ بە دوژمنکاریی هاوبەشی ئەوان بەرامبەر بە ژنان و دۆزی ئازادی و یەکسانی".

بەم شێوەیە، ئەو دەستی بە کەمپین کرد دژ بە هەردوو هێزەکە، بەڵام جەختی لەسەر ئامادەکارییەکانی هێزی ئیمپریالیستی ئەمریکا کردەوە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ دژ بە عێراق. لە ئەنجامدا، زوو لە هەندێك لە میدیا سەرەکییەکاندا وەك چالاکوانێکی دەنگبڵند دژ بە هەڵگیرساندنی شەڕ لە عێراق ناسرا، چ لە کەنەدا و چ لە ئەمریکا.

لەگەڵ دامەزراندنی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) لەلایەن یەنار و دوو هاوڕێی تری لە حزبەکەیدا لە حوزەیرانی (٢٠٠٣)، تەنها دوای دوو مانگ لە داگیرکردنی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی بەعس، یەنار و ڕێکخراوەکە خۆیان لە چەقی ئەو زریانەدا بینییەوە کە لە هەموو لایەکەوە کێشای بە کۆمەڵگەی عێراقیدا؛ ئەو زریانەی کە دەکرێت وەك کۆمەڵکوژی، شەڕی تائیفی، کوشتن لەسەر بنەمای ناسنامە، وێرانکردنی ژێرخانی مەدەنی کۆمەڵگە، تەقینەوە تیرۆریستییەکان، و سەرهەڵدانی میلیشیاکان و دەرکەوتنی ڕژێمێکی میلیشیایی نەتەوەیی-تائیفی وەسف بکرێت. ئەم هێزانە دەسەڵاتیان دا بە توخمە جۆراوجۆرە کۆنەپەرست و دژە ژنییەکان، لە دەسەڵاتی عەشایەرییەوە تا دامەزراوە ئاینییەکان، و لە کۆتاییدا ژنانیان خستە ناو کۆیلەییەتی و کارەساتبارترین سەردەم لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا.

کار و چالاکییەکانی یەنار و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن-OWFI) لە ژینگەیەکی ئاوا پڕ لە مەترسی و زاڵبوونی دەسەڵاتی هێزە کۆنەپەرستە زەبەلاحەکان و توندوتیژیاندا بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٣) ساڵ بەوپەڕی ئازایەتی، پێداگری و قوربانیدانەوە بەردەوام بوو بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادییەکانی ژنان. تەنها (٦) مانگ بەسەر دەستپێکردنی کارەکانی یەناردا تێپەڕیبوو، کاتێك یەکەم هەڕەشەی کوشتنی لێکرا لەلایەن گرووپێکەوە بە ناوی ﴿جیش الصحابة- (سوپای هاوەڵان)﴾، و لەو ساتەوە تا دوا چرکەی تیرۆرکردنی، ئەو ڕووبەڕووی شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڕەشەی کوشتنی دەبووەوە. ئەم هەڕەشانە، کە زۆرجار بە شێوازی جیاوازی گوشار،

هەراسانکردن، و داوای یاسایی هەمەڕەنگ و کینەدارانە چڕتر دەبوونەوە، تەنانەت لە کاتی ڕاپەڕینی تشرینی یەکەمی (٢٠١٩) شدا بەردەوام بوون، کاتێك ئیسلامی سیاسی لەبەردەم بزووتنەوەی جەماوەری لە عێراقدا پاشەکشەی کرد بوو.

سەرنجڕاکێشترین لایەنی بەرگریکردنی یەنار لە ماف و ئازادییەکانی ژنان، ڕەخنە سیاسییە پراتیکیە شۆڕشگێڕانەکەی بوو لە سیستمێکی لیکهەڵپێکراوی چەوساندنەوەی چینایەتی، سەرکوتی سیاسی و ئایدۆلۆژی، و ڕژێمێکی میلیشیایی ملهوڕ، کە کۆیلەکردنی ژنان لە عێراقدا بەرهەم دەهێنێتەوە.

لە ئەنجامدا، کار و خەباتەکانی یەنار لە پێناو بەرگریکردن لە ژنان کۆمەڵێك بواری بەرفراوانی گرتەوە؛ لە ئەرکە قورسەکەی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن-OWFI) و میدیاکانی، وەك دەرکردنی "ڕۆژنامەی المساواة" و "ڕادیۆی المساواة"، تا دەگاتە بەشداریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوە سەختەکان دژ بە حزبە ئیسلامییە فەرمانڕەواکان لەسەر سەپاندنی یاسای جەعفەریی مەزهەبی شیعە بۆ چەندین ساڵ، لەوانەش پێکهێنانی "هاوپەیمانی ١٨٨" لەگەڵ چالاکوانانی تری ژنان بۆ بەرگریکردن لە یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) و دژایەتیکردنی هەموارکردنەوەی لەلایەن حزبە فەرمانڕەواکانی عێراقەوە.

گەورەترین چەڵینج لە چالاکییەکانی یەناردا، خەباتی بوو بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژنانەی کە قوربانی توندوتیژی بوون، ئەوانەی لەژێر هەڕەشەی کوشتن بە ناوی 'شەرەف'دا بوون، و ئەو کچە گەنجانەی کە کەوتبوونە ناو چنگی تۆڕەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. ئەو سەرکەوتوو بوو لە ڕزگارکردنی نزیکەی (١,٤٠٠) کچ و ژنی گەنج.

کارەکانی یەنار لە بواری مافەکانی ژناندا نەوەستا؛ ئەو بەشداری و پشتگیری لە هەموو خەباتە ئابووری و سیاسییەکانی چینی کرێکار، بێکاران و جەماوەری گەنجان دەکرد، و پشتگیری لە خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان کرد بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دژ بە سیاسەتەکانی گەندەڵی و بەتایبەتیکردنی ڕژێم و پارتە فەرمانڕەواکان. ئەو پشتگیری لە سەندیکا



کرێکارییەکان کرد و بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدار بوو لە کارکردن لەگەڵ فیدراسیۆنی شورا کرێکارییەکان و سەندیکاکان لە عێراق و بەشداری لە کۆنفراس و کۆنگرەکانیاندا دەکرد.

یەنار بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە ڕاپەڕینی جەماوەریی (٢٠١٩)دا کرد و چەندین گوتاری لە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا پێشکەش کرد. ئەو هانی چالاکوانانی بزووتنەوەی گەنجانی دەدا کە هەڵوێستێکی ڕزگاریخوازی بگرنەبەر بەرامبەر بە مافەکانی ژنان، و ڕەخنەی لە کەمتەرخەمی ئەوان دەگرت لە پشتگیریکردنی ئازادی و یەکسانی ژنان.

ئەو بە شێوەیەکی کاریگەر لە کەمپینی بەرگریکردن لە کەمینە ئێزدییەکان بوو لە عێراق و هاوکاری ئەو ژنانەی کرد کە لەلایەن داعشەوە چەوسێندرابوونەوە. لەسەر ئاستی ناوچەکە، پشتگیری لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ساڵی (٢٠١١) کرد و بە توندی پشتیوانی لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ئێران کرد، بەتایبەتی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی دوای گیانلەدەستدانی مەهسا (ژینا) ئەمینی، کە لە پێناویدا خۆی و ڕێکخراوی ژنان قوربانییەکی گەورەیان دا بەهۆی ئەو ڕاوەدوونان و چەوساندنەوەیەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عێراقەوە ڕووبەڕوویان بووەوە.

ئەو بە توندی وەستایەوە دژ بە جینۆسایدی حکومەتی نەتانیاهۆ دژ بە فەلەستینیەکان لە غەززە و بەشداری لە کەمپینەکاندا کرد، و دژ بە بەردەوامیی داگیرکاری، چەوساندنەوە و کۆچی زۆرەملێی فەلەستینییەکان لە کەناری ڕۆژاوا وەستایەوە.

کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم بەم وشانەی ناو بەیاننامەی ڕێکخراومان:
کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیزمان یەنار، زیانێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ڕزگاریخوازی، و بزووتنەوەی ژنان لە عێراق و ناوچەکەدا، زیانێك کە پڕناکرێتەوە. ئەمە لەدەستدانیکی تەواوی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییە، نەك تەنها لەدەستدانی ڕێکخراوە کۆمۆنیستییە تایبەتەکەی یان گرووپی ژنانی ئەو بێت. یەنار محەمەد ئایکۆنی خەباتی ئەم بزووتنەوە کۆمۆنیستییە مەزنەیە بە گشتی؛ ئەو وەك نەریتێکی شۆڕشگێڕانە لە ناو ئەم بزووتنەوەیەدا دەمێنێتەوە و لە مێژوودا بەم شێوەیە بە نەمری تۆمار بووە.

ئێمە لە ﴿ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق-(OCAI)﴾، شانازی بە هاوڕێی ئازیزمان یەنار، و نەریتی گەورەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئەوەوە دەکەین. لە کاتێکدا قووڵترین غەم و پەژارەی خۆمان بۆ لەدەستدانی سەرکردەی مەزن و هاوڕێی ئازیزمان، یەنار محەمەد دەردەبڕین، لە ناخی دڵمانەوە شانازی دەکەین کە هاوسەفەری ئەو بووین لە ڕێگای خەباتدا، بەتایبەت ئەو هاوڕێیانەی کە وەك هاوخەباتی ماندوونەناسی ئەو بۆ زیاتر لە چارەکە سەدەیەك بە نەبەزی مانەوە.
بژی بۆ هەمیشە یادی هاوڕێی خەباتکاری مەزن، یەنار محەمەد!

شۆڕشی یەنار محەمەد بۆ ڕزگاریی ژنان و بنیاتنانی جیهانێکی ئازاد لە چەوساندنەوە، هەردەم بە زیندوویی دەمێنێتەوە!
٢٩ مارسی ٢٠٢٦

# ڕاپۆرتی مەڕاسیمی ڕێزلێنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد لە لەندەن




## ڕاپۆرت/ شیرین عەبدوڵا

ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە عیراق و ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عیراق، ئێوارەی یەك شەممە ( ٢٩-٣-٢٠٢٦ ) هەڵسان بە گێڕانی مەراسیمێك لە لەندەن لە هۆڵی سەرەکی گرینویچ ( Audi-torium -Greenwich Borough Hall ) بۆ ڕێزلێنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێ و ڕابەری ئازیزمان، یەنار محەمەد سەرۆکی ( ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێڕاق ) و یەکێك لە دامەزرێنەرانی ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ) و ئەندامی کۆمیتە ناوەندییەکەی. مەراسیمەکە بە سروودی ئینتەرناسیونال و خولەکێك بێدەنگی دەستی پێکرد، بۆ ڕێزلێنان لە هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد و هەموو ئەوانەی کە ژیانی خۆیان بەخشیوە لە پێناو ڕزگاری ژن و ئازادی و یەکسانیدا.

ئامادەبووان ئاگادار کرانەوە لە بڕگەکانی بەڕێوەبردنی مەڕاسیمەکە، لەگەڵ ئاماژەدان بەو نووسراوانەی کە لە هۆڵەکەدا لەسەر مێزکتێبەکە دانرا بوون، لەوانە نامێلکەیەك لە نووسینەکانی هاوڕێ یەنار بە زمانی عەرەبی، وە نامێلکەیەکیش دەربارەی ژیان و خەباتەکەی بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی.

هەروەها ئەوەش ڕاگەیێندرا کە بڕیارە گردبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەڕێوەبچێت لە بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن، لە ( ٢٤ ) ی نیسانی ( ٢٠٢٦ )، و ئامادەبووان بانگهێشت کران بۆ بەشداریکردن بە مەبەستی فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق، وەك بەشێك لە کەمپینێکی جیهانی لەسەر ئەم پرسە، تا ناچاربکرێت ناسنامەی ئەوانە ئاشکرا بکات کە ئەم تاوانە تیرۆریستییەیان ئەنجامداوە کە تیرۆرکردنی هاوڕێ یەنار محەمەدە لە ( ٢ )ی ئازاری ئەمساڵدا، لەگەڵ ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەوانەش کە لە پشت ئەم تاوانە دڕندانەوە وەستاون.

ئەمە و ستایشی ( جۆن مەکدۆناڵد ) کرا کە ئەندام پەرلەمانە لە ( حزبی کرێکارانی بریتانیا )، کە پێشنیای بڕیارنامەیەکی کرد بوو بۆ پەرلەمانی بریتانیا بۆ دەستبەکاربوونێکی بە پەلە، کە لەلایەن نۆ ئەندامی دیکەی پەرلەمانەوە واژۆ کرابوو لە ئەندامانی ( حزبی کرێکاران ) و ( حزبی سەوز ) و تێیدا سەرکۆنەی کوشتنی هاوڕێ یەنار دەکەن و داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن کە بە زووترین کات تاوانباران ئاشکرا بکات.

لە مەڕاسیمەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکان، چالاکوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و ئەکادیمیست و حزب و ڕێکخراوەی کۆمۆنیست و سەندیکا و چالاکوانانی ژنی سۆشیالیست و ئازادیخواز و زۆرێك لە لایەنگر و بەرگریکارانی یەنار و ئەو دۆزەی کە یەنار خەباتی بۆ دەکرد، بەشدارییان لەم مەڕاسیمەدا کرد.
لەلایەن زۆرێك لە ئامادەبووانیشەوە وتار پێشکەش کرا، سەرباری چەندین پەیامی نووسراو و دەنگی و نامە کە بۆ مەڕاسیمەکە نێردرابوون، خوێندرانەوە یان ئاماژەیان پێکرا.
بەشداربووان بە کۆی دەنگ تووڕەیی و سەرکۆنەکردنی توندی خۆیان

دەربڕی بەرامبەر بەم تاوانە تیرۆریستییەی کوشتنی هاوڕێ یەنار، وە هاوپشتی و هاوسۆزی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو ناڕەزایەتییە جیهانییە بەربڵاوەی لە ئارادایە دژی ئەم تاوانە، بۆ بەرگری لە هاوڕێ یەنار و لە دۆزی ڕزگاریخوازانەکەی و لە خەباتە کۆمۆنیستییە پەیگیرەکەی. مەڕاسیمەکە ڤیدیۆیەکی لەخۆگرتبوو کە چالاکییەکانی هاوڕێ یەناری پیشان دەدا، لەگەڵ سلایدشۆیەك کە قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و خەباتی دەگرتەوە، هەروەها ڤیدیۆیەکی کاریگەریش خرایەڕوو کە تێیدا کچێکی ڕزگارکراو لە توندوتیژی ستایشی ڕۆڵی هاوڕێ یەنار و ڕێکخراوی ئازادیی ژن دەکات لە ڕزگارکردنی خۆی و گۆڕینی ژیانی لە قوربانییەکەوە بۆ ژنێکی بەهێز.

لە بڕگەی کۆتایی مەڕاسیمەکەدا دوو گۆرانیی کاریگەر تایبەت بەو بۆنەیە پێشکەش کران. یەکەمیان لەلایەن گرووپێکی چالاکوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان بوو بە ناوی ﴿پرۆتێست ئن هارمۆنی-Protest in Harmony﴾ کە خەڵکی گلاسکۆی سکۆتلەندا بوون، و لەلایەن ژنە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنانەوە (پۆلین برادلی)یەوە بەڕێوە دەبرا. گۆرانیی دووەم، کە کۆتایی بە مەڕاسیمەکە هێنا، لەسەر بنەمای شیعرێکی کوردی ژنە شاعیری سۆسیالیست چیمەن قەرداغی بوو، بە ناونیشانی "ترسی شەقامە تاریکەکان"، کە مۆسیقاکەی لەلایەن ڕیبوار عومەرەوە بەرهەمهێنرابوو.
ئەمەی خوارەوەش ناوی وتاربێژان و ئەو ڕێکخراوانەیە کە نوێنەرایەتی دەکەن:

1. وتەی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، خوێندنەوەی لەلایەن بیزا سالّح
2. وتەی (موئەیەد ئەحمەد) بەناوی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
3. وتەی (تۆڕی هەشتی مارس) / هەرێمی کوردستانی عێڕاق
4. وتەی تۆمارکراوی دەنگی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان (بەهار مونزیر) لە سلێمانییەوە
5. وتەی تۆمارکراوی دەنگی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان (هۆزان مەحمود) کە چالاکوانی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) بوو لە ساڵانی سەرەتاکانی دروستبوونیدا
6. وتەی (ئازەری ماجدی) خەباتکاری کۆمۆنیست و سەرۆکی (ڕێکخراوی ئازادی ژن)-ئێران
7. وتەی (نادیە ئەلعەلی) پسپۆڕ لە بواری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و پرۆفیسۆر لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێونەتەوەیی و ئەنسرۆپۆلۆجیا
8. وتەی (ساجدە ئاموری) لە (پەیوەندی ژنانی عێڕاق- رابطة المرأة العراقية) لقی بریتانیا
9. وتەی (نەزیرە میعماری) لە ڕێکخراوی مافەکانی ژنانی ئێرانی و کوردی (IKWRO)
10. وتەی (ئیبراهیم محەمەد) بەناوی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێڕاق و کوردستانەوە.
11. وتەی (جۆن مۆلۆنی) سکرتێری گشتی سەندیکا کرێکارییەکانی خزمەتگوزاری گشتی و کارە بازرگانییەکان لە بریتانیا
12. وتەی (ڕەحمانی حسێن زادە) لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران-حیکمەتیست
13. وتەی (سورەیا شەهابی) لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران-حیکمەتیست- خەتی ڕەسمی
14. وتەی (بەهرام سروش) لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لەگەڵ وتەی (ئەسغەری کەریمی) کە هەر لە لایەن (بەهرام)ەوە خوێندرایەوە.
15. وتەی (ئەڵماس فەرزی) لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حزبە (کۆمەڵە)
16. وتەی (مارتن تۆماس) لە ڕێکخراوی ئازادی کرێکاران (ۆڕکەرس لیبەرتی-) / بەریتانیا
17. وتەی (مریەم نەمازی) ژنە کۆمۆنیست و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ و وتەبێژی بزووتنەوەی فیتنە بۆ ڕزگاری ژنان
18. وتەی (جاسورا) لە بەرەی پێشەوەی حزبی سۆشیالیست لە سەریلانکا
19. وتەی (نیکۆلاس دیسکۆس) مارکسیستی فەڕەنسی لە کۆمەڵەی هاوپشتی لەگەڵ عێڕاق
20. وتەی (فەوزیە ئەلعەلوجی) لە حزبی شیوعی عێڕاق / ڕێکخراوەی بریتانیا
21. وتەی (سیراون سەعید) لە بزووتنەوەی گۆڕان، کوردستانی عێڕاق
22. وتەی (کامەران شوانی) لە (تەڤگەری ئازادی باشوور)
23. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (عامر ڕەسول) لە ئاڕاستەی مارکسیستی هاوچەرخ
24. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (کارزان عەزیز) لە (ئاڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی)
25. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (عەلی دەماوەند) لە حزبی (ڕێگای کرێکار) / ئێران
26. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (فرێد ویستن) لە (حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ) / بریتانیا
27. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (کۆرشی مودەرسی)یەوە
28. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (نەسرین جەلالی)یەوە
29. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (جێرمی کۆربین)ەوە، سەرۆکی حزبی تۆ (Your Party) / بریتانیا
30. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (محەمەد جەواد فارس)ەوە، کۆمۆنیستی خەڵکی عێڕاق و دانیشتووی بریتانیا
31. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (سۆسەن سەلیم)ەوە، لە ڕێکخراوی ژنانی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
32. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن کۆمەڵەی (Table Rase)ی مارکسیستی لە فەڕەنسا
33. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (کارین جۆنسن) ژنە چالاکوان و هەڵسوڕاوی سەندیکایی لە سەندیکا کرێکارییەکانی خزمەتگوزاری گشتی و کارە بازرگانییەکان لە بریتانیا
34. نامەیەکی هاوپشتی لە لایەن (ساشا ئیسماعیل) سۆشیالیست و هەڵسوڕاوی سەندیکایی لە بریتانیا

لێرەدا ستایشی ڕۆڵی کارا و هاوپشتی هاوڕێیانەی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی کۆمۆنیستی حیزبە کۆمۆنیستەکانی کرێکاری لە عێراق و کوردستان و ئێران، و هەروەها ستایشی دۆستانی بەرگریکاری نزیك لە هاوڕێ یەنار و دۆزەکەی دەکەین بۆ هاوکاریی جددییان لەگەڵ ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتوانەی ئەم مەڕاسیمە.
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق / بەریتانیا
٣١-٣-٢٠٢٦

# وتەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە گردبوونەوەی ناڕەزایەتی بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن




## پێشکەش کردنی پەیامەکە بە زمانی عەرەبی: نزار عقراوی
## بە زمانی ئینگلیزی:
## شیرین عەبدوڵلا.

ئێوارەتان باش، سەرەتا بەخێرهاتنی هەمووان دەکەین لەم گردبوونەوە ناڕەزایەتییە پڕ بایەخەدا لەبەرامبەر باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن.

ئێمە ئەمڕۆ لێرە لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن کۆبووینەتەوە بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتیی خۆمان لە ڕێگەیەوە بە دەسەڵاتدارانی عێراق، بەهۆی بێدەربەستی و دواخستنیان لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر تیرۆرکردنی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد، سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق.

پشتیوانی ئێوە بۆ یەنار کە بەدرێژایی دەیان ساڵ و بە خەباتێکی ماندوونەناسانە هەوڵی دەدا لە پێناو ماف و ئازادی ژن و بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە عیراق، کە پەیوەست بێت بەخەباتی چینی کرێکار و هەژارانەوە لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا، مەسەلەیەکی لە ڕادەبەدەر گرنگ و زۆر هاندەرە.

ئەم هاوپشتی و لەخۆبوردییە ناوازەیە، بە تەرخانکردنی کات و ماندووبوونتان بۆ ئامادەبوون لەم گردبوونەوە ناڕەزایەتییەدا زۆر جێگەی ڕێز و پێزانینی ئێمەیە و هیوایەك بە هەمووومان دەبەخشێت کە تیرۆرستانی تاوانبار و ئەو حزب و هێزانەش کە لە پشتیانەوە وەستاون بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە دڕندانەیە ناتوانن لە دەست سزا دەرباز بن.

یەنار نزیکەی چارەکە سەدەیەکی بەسەر بردووە بۆ پاڵپشتیکردنی ژنان لە عێراق، ئەویش لە ژینگەیەکی زۆر مەترسیداردا. توانیبووی پەناگە و ژیانێکی ئارام بۆ نزیکەی (١٤٠٠) لەو کچ و ژنانە دابین بکات کە لە هەڕەشەی توندوتیژی و کوشتن ڕایانکرد بوو و بێ خانەولانە بوون.

مێژووی خەباتی چینی کرێکار و گەنجان و ژنان لە عێراقدا پەیوەندییەکی نزیکی بە کار و خەباتی یەنارەوە هەیە بە درێژایی ئەو ماوەیە.

پێویستە حکومەتی عێراق و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی بێ دواکەوتن بکوژانی یەنار محەمەد دەستنیشان بکەن و ڕێکاری دەستبەجێ لەو بارەیەوە بگرنەبەر.

ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی بەردەوام بین لە هەڵمەتەکەمان و فشاری جیهانی بخەینە سەر حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی و هێنانەدی دادپەروەری بۆ یەنار. بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ یەنار خۆی مسۆگەرکردنی دادپەروەریشە بۆ هەموو ژنان و جەماوەری چەوساوە و زوڵملێکراو لە عیراقدا.

مەسەلەی یەنار پرسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و پرسێکی ڕزگاریخوازانەی سۆشیالیستییە. ئەو کەسایەتییەکی جیهانی بوو، کۆچی دوایی ئەو هاوپشتییەکی نێودەوڵەتیی بەرفراوانی هێنایەئاراوە. پێویستە ئەم هەڵمەتەی دادپەروەری بۆ یەنار هەڵمەتێکی جیهانی بێت، و ئەوەش ئەو شتەیە کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین.

ئێمە بەردەوام دەبین لە فشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی عێراق لەڕێگەی ڕێکخستنی ناڕەزایەتی و پێشکەشکردنی سکاڵا و کۆکردنەوەی ئیمزا و هەموو جۆرە خەباتێکی مەدەنی لەناوەوە و دەرەوەی عێراقدا.

پشتگیریی ئێوە زۆر پڕبایەخ و یەکلاکەرەوەیە و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە سەرکەوتنی ئەم هەوڵانەدا.

بە ناوی سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەمانەوە لە بەریتانیا، سوپاس و پێزانینی قووڵی خۆمانتان ئاڕاستە دەکەین بۆ پشتیوانی و هاوپشتیتان.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق – لقی بەریتانیا
٢٤-٤-٢٠٢٦



# ڕاپۆرتێك دەربارەی

# ( ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە عێراق- OWFI )دا




**ئامادەکردنی : ڕۆژنامەی ڕەوت**

کاتێك ڕێکخراوی ( ڕافیتۆی نەرویجی ) لەساڵی ( ٢٠١٦ ) ڕایگەیاند کە ( خەڵاتی ڕاڤیتۆی ساڵانە ) بە یەنار محمەد، سەرۆکی ( ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە عێراق ) دەدرێت، زۆرێك لە میدیاکارانی جیهانی عەرەبی و عێراقی پرسیان: ئەو ژنە کێیە، کە خەڵاتی دامەزراوەیەکی پێبەخشراوە کە چوار کەس لە خەڵاتکراوەکانی کاندید بوون بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی؟

یەنار پێشتر کەسایەتیەکی ناسراو بوو لە دژی داگیرکاری ئەمەریکا و بەرگریکردن لە ژنانی عێراق. ساڵی ( ٢٠٠٨ ) ( خەڵاتی گروبەر)ی لە بەرگریکردن لە ماف و ژیانی ژنانی عێراقی وەرگرتبوو. وە لە هەڵسەنگاندنی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی بڵاوکراوەی ( تایمس )یشدا لە نێو ( ١٠٠ ) لە کاریگەرترین ژنانی جیهاندایە.

نەبەردەکانی ( ڕێکخراوەی ئازادی ژن ) و پێشکەشکردنی پرۆژەکانی خۆی لە نێو جەرگەی شەڕ و تەنگژەی پڕ مەترسی و کوشتاردا، چیرۆکی مێژوویەکی واقعی و پرشنگدارە، کە لێرەدا کورتەیەکی بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان ئامادەکراوە. ئەم ڕێکخراوە لەپێناو یەکسانی و پاراستنی کەسایەتی ژنان و یەکسانی هەمەلایەنەیان لەگەڵ پیاوان، ڕووبەڕووی کۆمەڵگای پیاوسالار و فەرهەنگی عەشایەری دواکەوتوانە بۆتەوە، ڕووبەڕووی ئیسلامی سیاسی و بێ نرخی ژن لە ئیسلامدا بۆتەوە کە ژن لە فەرهەنگەکەیدا کاڵایەکی سێکسی و بەندەیەکی خزمەتکاری پیاوانە.

ئەم ڕێکخراوە، ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکە بۆتەوە، چونکە پشتیوانەیەکی ئەو بارودۆخەیە لە نابەرابەری و ستەم لەسەر ژنان، هەر بۆیەشە دەسەڵات لە عێراقدا دژایەتی ئەم ڕێکخراوە دەکات و دەیەوێ سنورێك دابنێت بۆ چالاکیەکانی. ئەوەتا ( سکرتاریەتی گشتی ئەنجومەنی سەرۆك وەزیران )ی عێراق، لە سەرەتای ساڵی ( ٢٠٢٠ ) دا داوایەکی یاسایی ئاراستەی ( ئەنجومەنی دادگای باڵای عێراق ) کردووە، تیایدا داوای کردوە ( ڕێکخراوی ئازادی ژن ) هەڵبوەشێتەوە، یەنار موحەمەد و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوەکەش دادگایی بکرێن بە تاوانی هاندانی ژنان بۆ یاخی بوون لە دژی چەوسانەوە و داڵدەدانی ژنانی هەڵاتوی ژێر هەڕەشەی کوشتن لەلایەن کەسوکاریانەوە، هەروەها بە تاوانی ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوە و هەڵسوڕاوەکانی بەشداری چالاکانەیان کردوە لە خۆپیشاندانەکان و ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ( ٢٠١٩ )دا.

بۆ پەرچدانەوەی ئەم هێرشە، چەندین کەمپین لە ئاستی جیهانی و لۆکاڵی و عێراقی و کوردستانی عێراقدا بەڕێخران. لەوانە لەلایەن؛ ڕێکخراوەی مادەر،

دامەزراوەی ڕاڤیتۆی نەرویجی، کلتور مەگەزین، ماڵپەڕی حوار ئەلموتەمەدین، ڕێکخراوەکانی ژنانی عیراقی، کەمپینی هاوپشتی لەگەڵ (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و کەمپینی چاوی خەڵك و دەیان کەسایەتی و لایەنگرانی ئازادی و یەکسانی ژنان، هەڵسوڕاوەکانی بواری یەکسانی ژنان لە کوردستان و دەیان کەس لە پرۆفیسۆری بواری فێمێنیزم و جێندەر، نوسەران و هەڵسوڕاوان و خۆپیشاندەرانی عێراقی، تا دەگات بە یەکسانیخوازان و سوشیالیستەکانی جیهان و کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە.

یەنار موحەمەد، لە (١٧) ساڵی ڕابردوودا (٢٠٠٣-٢٠٢٠) توانیویەتی تۆڕێکی گەورەی هاوپشتی نێونەتەوەیی لە ڕێکخراوە جیهانیەکان بۆ (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و بۆ مەسەلەی ژنان لە عێڕاقدا دروست بکات، لە دەیان کۆنفرەنس و کۆنگرەی جیهانی و هاوپشتی و سۆلیدارەتی لەگەڵ ژنانی عێراق بەشداری بکات، نەك هەر ئەوەش لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وتار پێشکەش بکات.
(ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێڕق) دەزگایەکی ڕاگەیاندی هەیە کە لە ڕادیۆ و چاپخانەیەك و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە پێکدێت. ڕادیۆ تا ئێستا بەردەوام بەرنامە پەخشدەکات، چاپخانەکە چەندین نامیلکە و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەش (٥٥) ژمارە لە ڕۆژنامەی یەکسانی (المساواة) و (٣٢) ژمارە لە بڵاوکراوەی ژنانی ڕاپەڕین (نساء الانتفاضة) بڵاوکراونەتەوە ئەم بڵاوکراوەیە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) بەهاوبەشی لەگەڵ (ڕێکخراوی ئازادی ژن)دا دەری دەکەن.
هەروەها ئەم ڕێکخراوە هەڵساوە بە سازدانی چەندین سمینار و کۆرس و وۆرك شۆپی جۆراجۆر. سەرەڕای هۆشیارکردنەوەی ژنان بە ماف و کەسایەتیان و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا لە ئاپارتایدی دژ بە ژنان.

دەیان کەس لەو ژنانەی کە پێشتر لە ماڵە نهێنیەکاندا پارێزرابوون، ئێستا لەسەر دەستی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) بوون بە خەباتکار و هەڵسوڕاو لەنێو ڕێکخراوەکەدا، بوون بە سەرپەرشتیکاری ماڵە پەناگاکان و تیمەکانی بەهاناچونەوەن و کادری ڕاگەیاندن بەدژی کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی و میلیشیاکانیان.

لایەنێکی یەکجار گەشی بەرنامەیی (ڕێکخراوی ئازادی ژن)، هەڵپێکانی چەوسانەوەی ژنانە بەسەرجەم کێشەکانی تری کۆمەڵگاوە. بە بەردەوامی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) خۆی وەك ڕێکخراوەیەك لەبەرامبەر تەواوی ئازادییەکان، شەڕی داعش، هەژاری و بێکاری و گەندەڵی دەسەڵاتدارادا بینیوەتەوە، لە خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی (١٧) ساڵی ڕابردوو، لە پاڵ خەڵك و خەباتی کرێکاراندا لە یەکی ئایارەکاندا، هەمیشە ئامادە بووە. ئەمە ڕەونەقی (ڕێکخراوەی ئازادی ژن) بووە، کە کۆمەڵێك لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی لە ژێر پەرچەمەکەیدا کۆکردۆتەوە.

بەشداریکردنی چالاکانەی لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) لە عێراق، بە هەڵدانی خێمە و بڵاوکردنەوەی (نساء الانتفاضة) و ڕادیۆیی یەکسانی و بەشداری هەڵسوڕاوان و ئامادەبوونی خودی یەنار محمەد لە مەیدانی تەحریری بەغدا و وتاردانەکانی ئیدی دەوڵەت ژێر سایەی ئیسلامی سیاسی پیاوسالاری دژە ژن، وەك بەشێك لەسەرکوتی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و پاشەکشە پێکردنی ئازادیخوازی دەکەوێتە پەلاماردانی چالاکی ئازادانەی ئەم ڕێکخراوە.

کابوسی ئیسلامی سیاسی، دەنگ و ڕەنگ و هۆش و عەقل و جەستەی ژنانە. گەورەترین خۆپیشاندانی ژنان لە مێژووی عێراقدا لە ڕۆژی (١٣-٢-٢٠٢٠) بەڕێوەچوو بەتایبەت، لەدژی "ڕەوتی صەدر کاتێك ووتی ژنان ئەبێت جیا بن لە پیاوان و ڕێز لە دابونەریتی کۆمەڵگا بگرن". کاتێك تەلەفزیۆنی (ئافاق)ی سەر بە نوری مالکی، بڵاویکردەوە کە خۆپیشاندەران دەست بۆ ژنان و کچان دەبەن (تەحروشیان پێدەکەن)، سەدان ژن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە، وتیان درۆیە و دەیەوێت ئێمە بترسێنێت. لە سەراسەری ئەو شارانەی کە وەك مۆڵگە و پایەگای ئیسلامی سیاسی دادەنرا "نەجەف" و "کەربەلا" دەیان هەزار کەس لە کوڕ و کچان بەشدارییان بوو. "شۆڕشی ئەمجارە تەنها لەدژی سیستەمی دەسەڵات نیە، بەڵکە لەدژی سیستەمی دینی و خێڵەکی و عەشایەریشە کە ڕێگە دەگرێت لە بەشداری ژنان". سەرەڕای ئەوەی هەڕەشەی ڕفاند و کوشتنیان لە هەلسوراوانی ژنان دەکرد.

"کوشتن بە بەزەیترە لە رفاندن:" ئەمە وتەی دەیان هەڵسوراوی نێو ژنان بوو.

ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و دواکەوتووە نەك هەر دەبێ ڕێگەی لێبگیرێت و ئەنجومەنی سەرۆك وەزیرانی عێراقەکەی و دەزگا موخابەراتیەکەی ناچار بکرێن بە کشانەوەی دەعواکەیان، بەڵکو دەبێ خۆیان دادگایی بکرێن لەسەر خوێنڕشتن و داسەپاندنی تراژیدیا بەسەر ژنان و خەڵکی زەحمەتکێش و ڕاپەڕیوی عێڕاقدا.

وەستانەوە بەڕووی دادگا و پەچەڵکردنەوەی ئەو دەعوا یاساییە، لەم کاتە ناسکەدا هەنگاوێکی چارەنوس سازە لە خەباتی یەکسانیخوازانەی بەرەی ژنان ڕووەو دادگایی ئەم دەسەڵات و حکومەتەکەی کە (١٧) ساڵە خەریکی تاڵانی سەروەتوسامان و گەندەڵی و داسەپاندنی بارودۆخێکن لە بێمافی ژنان و بێکاری و برسیەتی و کوشتاری ناڕازیان و خۆپیشاندەران.

## ئەمەش بەشێك لە کارەکانی (ڕێکخراوی ئازادی ژن):

1. توانیویەتی (٩٠٠) ژن لەمەرگی حەتمی ڕزگاربکات، لە شارەکانی بەغدا، موسڵ، کەرکوك، دیوانیە، نەجەف، وە ماڵی نهێنی و پەناگەی ئارام دابین بکات بۆ حەشاردانی ئەو ژنانەی لەژێر هەڕەشەی کوشتندان.
2. بەستنی چەندین کۆنگرە و کۆنفرەنس بۆ ناساندنی کێشەی ژنان و چاوکردنەوەی کۆمەڵگا، لەشفرۆشی، توندوتیژی دژی ژنان دەستدرێژی سێکسی و خۆکوژی ژنان لە ناوچەکانی بەغدا، دیوانیە، سامەڕا، بەسرا، کەرکوك، موسڵ.
3. بەشداری مەیدانی کردوە لە ڕزگارکردنی ژنان لە دەست داعش و گروپە تیرۆریستیەکان، چ ژنانی یەزیدی و چ ئەو ژنانەی وەك کۆیلەی جنسی لەلایەن ئەو باند و مافیایانە دەچەوسێندرانەوە.

4. پلاتفۆرمی ناساندنی تاوانی شەرەف، وەك تاوانی تیرۆریستی، لەلایەن دەوڵەت و دامەراوە قەزاییەکانەوە.
5. پەردە هەڵمالین لەسەر دیاردەی بازرگانی بە کچانەوە لەلایەن باندە مافیاکان و دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی خەلیجەوە.
6. کەمپین لە دژی یاسای جەعفەری و مارەکردنی منالانی (٩) ساڵە.

7. كار و چالاكی لەدژی بەكالابوونی ژنان و ژن بەژنە.

بۆ ئاگاداربوون لە خەباتی (ڕێكخراوەی ئازادی ژن) و بۆ بەشداریكردنتان لە كەمپینی هاوپشتی لەگەڵیدا، دەتوانن لەم لینكانە سود وەرگرن:

- http://www.owfi.info/AR
- www.madre.org/press-publications/article/urgent-action-alert-stand-owfi
- http://ehamalat.com/Ar/sign_petitions.aspx?pid
- http://cultureproject.org.uk/2020/02/22/solidarity-with-organisation-of-womens-freedom-in-iraq
- http://secure.avaaz.org/en/community/petitions
- http://chawyxelk.org/dreja.aspx?=hewal&jmare

چەند راستیەك دەربارەی بارودۆخی ژنان لە عێراق

- یەك: لە راپۆرتێكی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنالدا لە (١٧-٤-٢٠١٨) دا هاتووە: ئەو ناوچانەی كە لەداعش پاكاكراونەتەوە، لەو كەمپانەی كە بەراستی وەك زیندانن و ئاوارە نێوخۆییەكانی تیاكۆكراونەتەوە، ژنان پێداویستی پزیشكیان نیە، وە لەهەر (٨) ژن یەكێكیان روبەرووی دەستدرێژی سێكسی بۆتەوە لەلایەن "میلیشیاكان و دەزگای ئاسایشی چاودێر و بەرێوەبەرایەتی كەمپەكان"ەوە و زۆرێك لە ژنان بۆ جیبەجیكردنی كارێك داوای سێكسیان لیدەكرێت. زۆر كەس شەوانە گوێیان لە هاوار و گریان و قیژەی ژنان بووە لەو كەمپانەدا. (سەرچاوە: amensty.com)

- دوو: بە پێی راگەیاندنیكی ساڵی (٢٠٠٩)ی ڕێكخراوی (UNFPA)ی سەر بە (UN)، لە (٦٨%) گەنجانی نێرنەی عێراق پێیان قەبووڵە ئەگەر "شەرەف"ی خێزانەكانیان بریندار بكرێ، كچەكانیان بكوژرێن.

- سێ: لە (٢١%) ژنانی تەمەن (١٥-٤٩) ساڵ یانی ژنێك لەهەر پێنج ژن، لێدانی خواردووە لەلایەن پیاوەكەیەوە. وە لە (٨٣%)ی ژنان لەلایەن پیاوەكانیانەوە چاودێری ورد دەكرێن. وە (٣٧%) لە خودی ژنانیش پێیان وایە ئەگەر ژنان بەقسەی مێردەكانیان نەكەن، مێردەكان بۆیان هەیە لێیان بدەن.

- چوار: بە پێی راپۆرتی ساڵی (٢٠١٢)ی هیومەن رایت وۆچ، لە (٣٦%)ی ژنان لەلایەن هاوسەرەكانیانەوە ئازار دروان. لە عێراقدا یاسایەك نیە بۆ پارێزگاری لە توندوتیژی ژنان لە نێوخێزاندا. زۆربەی هاوسەرەكان لەژنەكانیان وە زۆربەی باوك و برا لە خوشك و خوشكە بێوەژنەكانیان دەدەن. زۆربەی ئەو ژنانەی كە رایانكردوە لەدەست توندوتیژی دوای ئەوەی كە ئاشتكراونەتەوە لەرێگای دەوڵەت و ڕێكخراوەكانەوە، پاش ماوەیەك یان كوژراون، یان خۆیان كوشتوە، یان كەسوكارەكەیان بەبزربوو ناساندویانە، كەئەمەش هەر كوشتن دەگەیەنێت. زۆربەی ئەو كەسانەی دەگەڕێنرێنەوە لەبەر ئەوەیە كە جێگایەك بۆ مانەوە و داڵدەدانیان نیە.

- پێنج: بەشوێن سوتاندنی (مەلاك زوبەیدی) لە شاری نەجەف لە (١٨-٤-٢٠٢٠)، لە ماوەی (٣) رۆژدا، تەنها لە بنكەیەك (٣٠) ژن لەرێگەی فەیسبوكەوە داوای رزگاربونیان كردووە لە هەرەشەی كوشتن (سەرچاوە: بی بی سی www.bbc.com-arabic)

- شەش: لەعێراق بەپێی راپۆرتەكانی (UN) بۆ ساڵی (٢٠١٥)، تەنها (١٤%)ی ژنان ئیش لەدەرەوە دەكەن، وە ئەمە كەمترین ئاستە لە تەواوی دونیادا. وە ڕێكخراوێكی تر كە لە ساڵی (٢٠١٣)دا هەڵسەنگاندنێكی لەسەر (٢٢) وڵاتی عەرەبی ئەنجامدا بوو، لەسەر ماف و توندوتیژی نێو خێزان و لەباربردنی منداڵ و رێز و تێكەڵاوی لە كۆمەڵگەدا، عێراق لە دوەمین خراپترینەكان بوو، یەكەمین خراپ مصر بوو.

- حەوت: (٣،٥%) ژنانی عێراق لە كەرتی پیشەسازی كاردەكەن، لەو رێژەیە (١٤%)یان لەكەرتی كشتوكاڵیدا، و (٤٧%)یان لەكەرتی خزمەتگوزاریدان. ئەوانەی لەكەرتی كشتوكاڵیدا كاردەكەن (٩٧%)یان یان نەخوێندەوارن یان زۆركەم خوێندەوارییان هەیە.

- هەشت: لەنێو ئەوكەسانەی خوێندنیشیان تەواو كردووە (واتا باجلەر و ماستەریان هەیە) رێژەی بێكاری لە نێویاندا سەرووی (٣٠%)ە

- نۆ: لە ساڵانی (١٩٦٠) تا ساڵی (١٩٨٠) لە عێراقدا پێشكەوتوترین یاسای مەدەنی لەچاو سەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا هەبوو. رێژەی خوێندەواری و بەشداری ژنان لە كەرتەكانی پیشەسازیدا سەرووی (٥٠%) بوو.

- نۆ: ژنان بەشداریەكی بەرچاویان هەبووە لە خۆپێشاندان و راپەرینەكەی ئۆكتۆبەری (٢٠١٩) و (ڕێكخراوی ئازادی ژن)یش لەسەنگەری پێشەوەی ئەم جەنگە مێژووییەدا، پەرچەمی رزگاری و ئازادی و یەكسانی ژنانی هەڵگرتووە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر رەوتی كێشمەكێشەكە بەنار محمەد لیداوانیدا بۆ رۆژنامەی رەوت:

ئێمە لە (ڕێكخراوی ئازادی ژن) داڵدەی ئەو ژنانە دەدەین كە پەنامان بۆ دەهێنن و پێداویستیەكانی پاراستنی گیانیان بۆ دابین دەكەین. ئەم ژنانە هەلومەرجێكی زۆر نائینسانی داسە پاوە بەسەریاندا، لە ناوەندێكی عەشایەری یان لە توندوتیژی خێزانی و لەترسی هەرەشەی كوشتن لەلایەن مێرد و براكانیانەوە هەڵاتوون. حكومەت هیچ لێپرسینەوەیەك لەو پیاوانە ناكات كە كاری توندوتیژی ئەنجام دەدەن دژ بەژنان و ئەو پیاوانە دەستیان ئاوەڵایە بۆ ئازاردان و كوشتاری زۆرتری ژنان.

لە ماوەی كاركردنماندا لەساڵی (٢٠٠٣) تا ئێستا ئەمرۆ (٩٠٠) ژنمان لەتوندوتیژی جەستەیی و دەروونی و سێكسی و كوشتن رزگار كردووە، وەهەروەها كچان و ژنانێك كە ناچار بە لەشفرۆشی كراون و ژنانیان لەبەرچاو كەوتوە، هانایان بۆ ئێمە هێناوە و لەلای ئێمە هەستیان بەئارامی و دڵنیایی پەروەردەكردن و كار و رۆشنبیری شۆڕشگێرانەی ژنانە كردووە تا لەداهاتوودا نەكەونە ناو كەڵبەی پیاوسالارییەوە.

دەسەڵاتدارانی سیاسی لە رەوتە كۆنە پەرستە مەزهەبی و تائفییەكانی ئیسلامی سیاسی لەو هەڵسورانانەی ئێمە هەراسان بوون، چونكە كاری ئازادیخوازانەی ئێمە بۆ رزگاركردنی ژنان لە بێمافی و چەوسانەوە لەگەڵ بەرژەوەندیەكانی ئەواندا ڕێكنایەتەوە و هەمیشە و دەمنادەم رێگرییان لێ كردوین. ساڵانێكە لە كێشمەكێش و خەباتداین دژ بەو رێگری و دەستدرێژیانەیان.



بەشداریکردنی ئێمە لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) و مەیدانی تەحریری بەغدا، بەتایبەت کە هەڵوسڕاوانی ڕێکخراوەکەمان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکەدا بوون، بووە بیانوی ئەوەی کە زۆرتر تەنگمان پێهەڵچنن. میلیشیاکان بەوپەڕی دەستنە پارێزییەوە سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕینەکەیان دەکرد. ڕۆژێکیان لە ووتارەکەمدا لە گۆڕەپانی ئازادکراوی تەحریر لە بەغدا، لەو بارەوە دوام: کە ئیدی نابێت ڕێگە بدرێ بەم میلیشیا چەکدارانەی سەر بە ئیسلامی سیاسی ڕەوڕەوەی شۆڕش بوەستێنن. بە شوین ئەوەدا بەچڕی کەوتینە ژێر چاودێری و سیخوڕییان بەسەرمانەوە دەکرد، هێزێکیشیان ناردبوو بەشوێن مندا بۆ دەستگیر کردنم، ئیتر هاوڕێکانم پێشنیاری ئەوەیان کرد، بۆ ئەوەی نەبمە ئامانجی هەڵمەتی ئەوان، بۆ ماوەیەك عێراق بەجێبهێڵم. وە ئەمە لە کاتێکدا بوو کە میلیشیاکان خەریکی ترۆر و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی هەڵسوڕاوان بوون و دەستیان نەدەپاراست لە کوشتنی خۆپێشاندەران، بەجۆرێك ژمارەی فەرمی گەیشتە (٧٠٠ ) کەس زیاتر.

ئەو کۆمەڵە سیاسیانەی لە پشت ئەم میلیشیا نەوە بوون، دیاربوو مکوڕ (سور) بوون لەسەر ئەوەی کە دەستیان پێم بگات، وە کەمینیان دانابوو، لەڕیگای ناردنی شکایەتێك کە داوایەکیان بەرزکردبووەوە لە دژی من وەك سەرۆکی (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق)، دابویانە ئۆفیسی سەرەکیمان لە بەغدا، وە هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو کە ئەگەر نەیێنە پای ئەم شکایەتە، ئەوا ڕێکخراوە کە پێویستە هەڵبوەشێتەوە. وە نامەی شکایەتەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرۆك وەزیرانەوە کراوەتەسەر ئێمە بەبێ گەرانەوە بۆ ئەنجومەنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

هەروەها پێش ئەمەش، لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە فرمانێکیان کردبوینەسەر، گوایە ئێمە مۆڵەتی داڵدەدانی ژنمان نیە! وەك ئەوەی ڕزگارکردنی ژیانی ئینسان لەعێراقدا، بەتایبەت ئەگەر لەڕەگەزی مێ بێت، بەبێ مۆڵەتی دەوڵەت تاوانە! بۆ زانیاریتان، لە ڕابردوودا هەر ئەو وەزارەتە خۆی داوای لێکردوین کە هەندێك لەو کچە گەنجانە داڵدە بدەین. بەوەندەوە نەوەستان بەڵکو دەستیان بردووە بۆ دەزگای مخابەرات و ئەوانیش ئێمە تاوانبار دەکەن بە پەنادانی ژنانێکی هەڵاتوو کە کێشەی "شەرەف"یان هەیە. ئێمە هەڵساوین بە وەکیلکردنی چەند پارێزەرێك بۆ بەرگری کرن لە خۆمان لەبەرامبەر ئەم فشار و دەستدرێژیانەی حکومەت و دەزگای موخابەراتدا. وەك دەشزانن لە ئێستادا هەموو دادگاییەکان بەهۆی پەتای کۆرۆناوە بۆ کاتێکی نادیار دواخراون. دیارە لەم ماوەیەشدا سەرەك وەزیرانی نوێ دەستنیشان کراوە و هێشتا ڕۆشن نیە کە ئاخۆ ئەویش بە ئەندازەی ئەوانەی پێش خۆی یان زۆرتر دژایەتی ڕێکخراوی ئازادی ژن و سوکایەتی بەژنان دەکات.

ئایاری ٢٠٢٠

# کاتێک دەنگی ئازادی و یەکسانی لە ناوەڕاستی بەغدا دەکرێتە ئامانج

**نزار عەقراوی**
**٣ی ئازاری ٢٠٢٦**

**سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، دووی ئازاری ٢٠٢٦، عێراقییەکان بە هەواڵێکی شۆکهێنەر وەخەبەرهاتن؛ تیرۆرکردنی یەنار موحەممەد، چالاکوانی فێمینیستی سۆسیالیستی لە ناو ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدا.**

ئەم ڕووداوە، تەنها تاوانێکی سیاسیی ڕاگوزەر نەبوو، بەڵکو قۆناغێکی خوێناوی بوو لە ناو ململانێیەکی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی درێژخایەنی لە نێوان دوو پرۆژەی کۆمەڵایەتی دژ بە یەك؛ پرۆژەیەکی ڕزگارکەر و یەکسانخواز کە ڕزگاریی ژن بە شۆڕشێکی سۆسیالیستیی گشتگیرەوە دەبەستێتەوە و پرۆژەیەکی سەرمایەدارانەی ئیتنیکی-مەزهەبی کە بە توندترین و دواکەوتووترین شێوەکان، هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی هەژموونی خۆی دەداتەوە.



یەنار موحەممەد، ئایکۆنێکی جیهانییە و هەرواش دەمێنێتەوە.

## ئایکۆنێکی فێمینیستی لە بەرانبەر سەردەمە تاریکەکاندا

بە درێژایی زیاتر لە سێ دەیە، یەنار موحەممەد یەکێك بوو لە دیارترین دەموچاوەکانی جووڵانەوەی فێمینیستیی ڕزگارکەر لە عێراقدا. وەك دامەزرێنەر و سەرکردەی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)، تەنها بە بەرگریی تیۆرییانە بۆ مافەکانی ژنان نەوەستابوو، بەڵکو شەڕی ڕۆژانەی مەیدانی دەکرد؛ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان، دامەزراندنی پەناگە بۆ ژنانی گیرۆدەی توندوتیژیی و پەردەهەڵماڵین بوو لە پێکهاتەی تائیفی-پیاوسالاریی کە کۆمەڵگە و دەوڵەتیان لە دوای ٢٠٠٣ کۆنترۆڵ کرووە.

یەنار موحەممەد، یەکەم چالاکوانی فێمینیستی سۆسیالیستی عێراقی بوو کە وتاری لەسەر دۆخی ژن لە عێراق لە ناوەندی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش کرد و دەنگی ژنانی عێراقی گەیاندە سەکۆکانی جیهان و جەختی کردەوە کە پرسی ژن تەنها "کەلتووری" یان "ئایینی"ی جیا نییە، بەڵکو پرسێکی ڕزگارکەرانەی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتییە.

## ڕەگی چینایەتیی دوژمنایەتییەکە

لە دیدگایەکی مارکسیانەوە، تیرۆر کردنی یەنار ناتوانرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی ململانێی چینایەتی تێبگەین. ئەو سیستەمەی کە دوای داگیرکاریی ئەمریکی- بەریتانی لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزرا، تەنها گۆڕانکارییەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو دووبارە دیزاینکردنێکی کۆمەڵگەی عێراق بوو لەسەر بنەمایەکی ئایینی- سەرمایەدارانە. بە پێی ئەم دیزانە، پێکهاتە مەدەنی و سێکیوڵارەکان هەڵوەشێنرانەوە و هێزەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە و سوننە بە پشتگیری دەسەڵاتی سەرمایەی ناوخۆ و جیهانیی دەسەڵاتیان گرتەدەست. ئەم هاوپەیمانییەی نێوان سەرمایەداریی مشەخۆر و تائیفی و ئایینی، بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، پێویستی بە کۆمەڵێك ئامرازی ئایدیۆلۆژیی هەبوو لەوانە:

- تۆکمەکردنی پیاوسالاری لە ناو خێزاندا.
- ملکەچ کردنی ژنان لە ژێر ناوی "شەریعەت" و "شوناس"دا.
- گۆڕینی هەژاری و بێکاری بۆ چارەنووسێکی ئەخلاقی، نەك بەرئەنجامی ستەمێکی چینایەتی.

لێرەوە ئەو ڕقە توندە دروست دەبێت بەرانبەر هەر ئایدیایەکی یەکسانخوازانە. بانگەشەی ڕزگاریی ژن لێرەدا، بە مانای کردەییەکەی یانی بنکۆڵ کردنی ئەو پێکهاتە پیاوسالاریانەیە دێت کە بناغەکەی بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی چینایەتی. بانگەواز بۆ سۆسیالیزمیش دەبێتە مەترسیی بۆ سەر موڵکایەتی تایبەتی و ئیمتیازات و دەسەڵات.

## شەڕی یاسای جەعفەری

یەنار موحەممەد لە پێشەنگی ئەوانە بوو کە بەرامبەر بە "یاسای جەعفەری" وەستایەوە. بە پێی ئەم یاسایە، ڕێگە دەدرێت بە هاوسەرگیریی کچانی خوارووی نۆ ساڵ و سنووردارکردنی مافەکانی دایکان لە سەرپەرشتیکردن و تەڵاقدا. یەنار ئەم یاسایەی وەك تەنها گۆڕانکارییەکی یاسایی

دانەنا، بەڵکو وەك هێرشێکی چینایەتی-پیاوسالارەنە پێناسەی کرد بە تایبەتی لە بەرامبەر جەستەی کچانی هەژاردا، چونکە زۆرجار کچە تەمەن بچووکەکان لە ژینگە هەژارەکاندا بە زۆر هاوسەرگیرییان پێدەکرێن، بەمەش هەژاری و پاشکۆیی بۆ پیاو بەرهەم دەهێننەوە.

ئەم هەڵوێستەی یەنار، بووە هۆی بەرپاکردنی هەڵمەتێکی توند لە لایەن هێزە دەسەڵاتدارە ئایینییە شیعیەکانەوە بەرامبەری، چەندین سکاڵای دادگاییان لە دژی تۆمارکرد و بە "وەستانەوە دژی شەریعەت" تۆمەتباریان کرد. بەڵام یەنار سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ڕزگاریی ژن ناتوانێت لە چوارچێوەی یاسا مەزهەبییەکاندا بەدی بێت، بەڵکو لە ڕێگەی دەوڵەتێکی مەدەنی سێکیولارەوە کە لایەنگری چینە زەحمەتکێشەکان بکات.





المساواة
OWFI
جريدة منظمة حرية المرأة في العراق
Organization of Women's Freedom in Iraq (OWFI)
قامت بتأسيس الجريدة / ينار محمد
العدد (90) رئيسة التحرير طيبة الحميد تموز (يوليو) 2025

قانون الأحوال الشخصية الجديد في العراق يُرسّخ العبودية الأبوية ويُصفي حقوق النساء... ونداءات غاضبة تُطالب بإيقافه فورًا.

المؤتمر الثامن عشر لشبكة مكافحة الاتجار بالمرأة في العراق: حملة إلغاء تعديلات قانون الأحوال الشخصية رقم 188لسنة 1959

أوضاع الحركة النسوية والمجتمع المدني بعد أشهر من إقرار التعديلات على قانون الأحوال الشخصية 188

تقرير: طيبة الحميد

## لە نێوان میلیشیاکان و داعشدا: هەڵوێستێکی پرەنسیپی بێ سازش

لە سەردەمی باڵکێشانی میلیشیا ئایینیەکان و سەرهەڵدانی داعش، یەنار هەڵوێستێکی پڕ پرەنسیپانەی دژی هەردوو لایەن نواند و هەردووکیانی وەك دوو ڕووی یەك توندوتیژیی دواکەوتووانە پێناسە کرد. ئەو فریوی دروشمەکانی "مقاوەمەت"ی ئایینی نەخوارد و ملی نەدا بە ترساندن لە تیرۆر. لە کۆتا کۆنفرانسی ڕێکخراوەکەیدا، جارێکی دیکە دژی بە سەربازیکردنی کۆمەڵگە وەستایەوە و جەختی کردەوە کە تەنها چەکی ژنان، خۆڕێکخستن و هۆشیارییە، نەك شوێنکەوتنی میحوەرە سەرکوتکەرە نوێیەکان.

## شەڕی پەناگاکانی ژنان

یەکێك لە توندترین شەڕەکانی یەنار بریتی بوو لە بەرگریکردنی لە پەناگەکانی ژن و کچانی گێرۆدەی توندوتیژیی. دەسەڵاتی ئایینی و میلیشیاکانی شیعە زۆرجار بە بیانووی "پاراستنی ئەخلاق"، داوایان دەکرد ئەم پەناگەیانە ڕادەستی دامەزراوەکانی دەوڵەت بکرێن یان دابخرێن. یەنار بە توندی ئەم داوایانەی ڕەت کردەوە و لای وابوو ڕادەستکردنی ژنانی هەڵهاتوو لە توندووتیژی خێزانی بۆ دەسەڵاتێك کە لەگەڵ تاوانباراندا هاوکارە، حوکمەکەی لە سێدارەدانە. ئەم بابەتە بووە هۆی ململانێیەکی دادگایی درێژ، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە بەڕێوەبردنی پەناگەکان سەرەڕای هەڕەشەکان و جەختی کردەوە کە پاراستنی ژنان پێش ئەوەی کارێکی خێرخوازی بێت، ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەیە.

ئەم هەموو ڕقە بۆچی؟

ئەو ڕقەی کە سیستەمی سەرمایەداری-تائیفی و حزبە ئیسلامییەکان، بە تایبەتی ئیسلامی شیعە، بەرانبەر یەنار موحەممەد و هاوشێوەکانی دەیگرن، ڕقێکی شەخسی نییە، بەڵکو ترسێکی چینایەتییە.

– ترسە لە هۆشیارییەکی فێمینیستی کە ستەمی ژن بە ستەمی سەرمایەدارییەوە دەبەستێتەوە.

– ترسە لە جووڵانەوەیەکی سەربەخۆی ژنان کە نابێتە پاشکۆی حزبە دەسەڵاتدارەکان.

– ترسە لە پرۆژەیەکی سۆسیالیستی کە ڕیسوای تائیفییەت دەکات وەك ئامرازێکی دابەشکردنی چینی کرێکار.

کاتێك چالاکوانێك، ڕزگاریی ژنان دەبەستێتەوە بە شۆڕشی سۆسیالیستییەوە، ئیتر ئەو تەنها داوای چاکسازییەکی بەش بەش ناکات، بەڵکو ئەلتەرناتیڤێکی ڕیشەیی تر پێشکەش دەکات. ئەمەش ئەو کارەیە کە هێزەکانی دەسەڵات ناتوانن بەرگەی بگرن.

میراتێك کە ناکوژرێت

کوشتنی یەنار، هەوڵێکە بۆ ترساندنی ژنان و بێدەنگکردنی دەنگی سۆسیالیستی فێمینیستی، بەڵام لە تەرازوی مێژوودا، لاوازیی سیستەمێك دەردەخات کە لە ژنێکی بێچەك دەترسێت کە تەنها چەکی دەستی وشە و ڕێکخستنە.

یەنار موحەممەد، ئایکۆنێکی جیهانییە و هەرواش دەمێنێتەوە.

مارسی ٢٠٢٦

# کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیزمان کازم جەواد کازم




بەوپەڕی خەم و پەژارەوە کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیزمان (کازم جەواد کازم) ئەندامی کۆمیتەی دیوانیەی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) ڕادەگەیێنین، کە لە (٢٠)ی نیسانی (٢٠٢٦) لە ماڵەکەی خۆی و لەنێو خێزانەکەیدا لە شاری نەجەف لە عێراق بەهۆی پەرەسەندنی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.

پرسە و سەرەخۆشی قووڵی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی، کەسوکار و هاوڕێ و دۆستانی دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەیانین لەم کارەساتە پڕ لە ئازارەدا.
هاوڕێ کازم لە ساڵی (١٩٥٦) لە شاری شامیە لە پارێزگای دیوانیە لە دایکبووە، لە کارگەی ڕستن و چنینی حکومی لە دیوانیە و دواتر لە شارەوانی شامیە تا خانەنشین بوونی کاری کردووە. ماوەیەکی زۆر لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا کاری کردووە، کە چالاکییەکانی لە بازنەکانی چینی کرێکاردا بووە.

لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی لە شاری شامیە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستییەوە کردووە، دوای ماوەیەکی کەم لە یەکەمین کۆنگرە. تا کۆتایی تەمەنی وەك ئەندامی ئەو ڕێکخراوە و کۆمیتەی دیوانییە مایەوە. بەشداری لە هەموو پلینۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی و گفتوگۆکانیدا کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە پرسەکانی کرێکارانەوە هەبووە.

هاوڕێ کازم خاوەن هۆشیارییەکی چینایەتی ئاست بەرز و دیدگایەکی سۆشیالیستیی ڕوون و تیژ بوو، هەرچەندە ژیانی ڕۆژانە و خەباتەکەی لەناو ژینگەیەکدا بوو کە دابونەریتە مەزهەبی و خێڵەکییەکان زاڵ بوو بەسەریدا.
هاوڕێ کازم لە نێو کرێکاران و ڕەنجدەرانی شاری شامیە و بە تایبەت لە نێو کرێکارانی شارەوانیی شارەکەدا خاوەن پێگەیەکی بەرز و ڕێزێکی زۆری هەبوو.
ڕۆڵێکی کاریگەر گێڕا لە پاڵپشتیکردنی مانگرتنی کرێکارانی گرێبەست لە کەرتی ژینگە پارێزی لەم شارەوانییە لە بەهاری ساڵی (٢٠٢١)دا، کە داوای ئەوەیان دەکرد بڕیاری (٣١٥) بیانگرێتەوە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان. پشتیوانی مەعنەوی و هاوبەشکردنی ئەزموونی خەباتکارانەی ئەو، پشتگیری و پاڵنەرێکی بەهێزی دابین کرد بۆ بەردەوامبوونی مانگرتنەکەیان بۆ چەندین ڕۆژ، سەرەڕای ئەو چاڵنج و فشارە زۆرانەی کە ڕووبەڕووی کرێکاران ببووەوە.
هاوڕێ کازم ئینسانێکی میهرەبان بوو خاوەن هێمنی و سادەیییەکی بێوێنە و تێڕوانینێکی تیژ بوو لە بەرگریکردن لە کرێکاران و بێبەشان و خاوەن هەڵوێستێکی پتەو بوو کە هەرگیز نەرمی نەدەنواند لە بەرامبەر کۆنە پەرستان و دوژمنانی کۆمۆنیزم و چینی کرێکار و بێبەشان.
بە ڕۆیشتنی ئەو، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتی کرێکاران، یەکێك لە هەڵسوڕاوانی هەرە پەیگیریان لە بەرگریکارانی خۆیان لە دەست دا.
یاد و یادەوەرییەکانی هاوڕێی ئازیز کازم جەواد کازم بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەمێنێتەوە

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٢٤-٤-٢٠٢٦

# کەنەدا؛ مەڕاسیمی ڕێزلێنان لە خەبات و ژیانی هاوڕێ یەنار محەمەد





**ئامادەکردنی ڕاپۆرت:**
**بەهرە حوسێن**

کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی یەنار محەمەد لە کەنەدا ڕێککەوتین لەسەر گێڕانی مەڕاسیمێکی شکۆدار بۆ بەرز ڕاگرتن و ڕێزلێنان لە خەبات و ژیانی ئەو هاوڕێ ماندوو نەناس و سیما خۆشەویستەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و خەباتی کۆمۆنیستی دژی ستەم لەسەر ژنان و نابەرابەری چینایەتی و بەدیهێنانی سۆشیالیزم.

ئەوە بوو ڕۆژی یەك شەممەی (١٢-٤-٢٠٢٦) دیاریکرا، و هەر لەو ڕۆژەشدا مەڕاسیمەکەمان بەڕێوە برد، کە تیایدا چەندین ڕێکخراو و هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و حزب و ڕێکخراوی کۆمۆنیست بەشدار بوون و وتەیان پێشکەش کرد، هەندێك بە زمانی کوردی و هەندێك بە زمانی ئینگلیزی.

شایەنی باسە لە هەشتی مارسی ئەمساڵیشدا (٢٠٢٦) لە تۆرۆنتۆ پۆستەرەکانی هاوڕێ یەنار باڵیان کێشابوو بەسەر ڕێپێوانەکەدا. مەڕاسیمەکە بەم شێوەیە بەڕێوەچوو:

1. سەرەتا بەرنامەکە بە سرودی ئینتەرناسیونالٚ و یەك دەقە بێ دەنگی بۆ یادی هاوڕێ یەنار و هەموو گیان بەختکردوانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی، دەستی پێکرد.

2. وتەی کۆمیتەی بەڕێوبردنی مەڕاسیمەکە لەلایەن سەرگوڵ ئەحمەدەوە پێشکەش کرا.

3. بایۆگرافی ژیان و خەباتی هاوڕێ یەنار لە لایەن سەهەند نوریەوە بە زمانی ئینگلیزی خوێندرایەوە.

4. سلاید شۆیەك لە خەبات و تێکۆشانی هاوڕێ یەنار خرایەڕوو.

5. بەدوایدا موئەیەد ئەحمەد (هاوئاهەنگاری ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) ئۆنلاین و لە ڕێگەی ڤیدیۆ چاتەوە وتەیەکی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر ژیان و خەباتی هاوڕێ یەنار پێشکەش کرد.

6. هاوڕێ سەمیر نوری وتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقی پێشکەش کرد.

7. ئەنا حەبیب لە ڕێکخراوی ئاشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و منداڵان وتەیەکی پێشکەش کرد.

8. ڤیدیۆ کلیپێك خرایەڕوو لە چاوپێکەوتنێکی یەنار لە ساحەی تەحریری بەغدا لە کاتی ڕاپەڕینەکەی لە کۆتایی (٢٠١٩)، کە کەناڵی تەلەفزیۆنی (الجزیرة) لەگەڵ یەناردا ئەنجامی دابوو.

9. وتەیەك بە ئینگلیزی پێشکەشکرا لەلایەن هاوڕێیەکی یەنار، بەناوی خانم (جودیس لۆگان جونۆپ -Juliet Logan) لە کۆمیتەی ژنانی کەنەدا لە هەردوو ئاستی هەرێمی و فیدراڵی، وە سەرۆکی ڕێکخراوی خوشکانی یەکگرتوو.

10. هاوڕێ سەدەف فەڕوغی وتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی پێشکەش کرد.

11. وتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە لەلایەن هاوڕێ شاهینەوە پێشکەش کرا.

12. ڤیدیۆی چاوپێکەوتنێکی هاوڕێ یەنار لە یەکێك لە شەڵتەرەکان لە بەغدا، خرایەڕوو.

13. گۆرانییەك بە ڤیدیۆ کلیپ لە مۆنتاج و ئامادەکردنی ڕێبوار عومەر و لە شعری چیمەن قەرەداغی کە تایبەت بۆ

یەناری نوسیبوو خرایەڕوو.

14. وتەیەکی تۆمارکراوی ڤیدیۆیی هاوڕێ بەهار مونزیر هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان پێشکەش کرا.

15. وتەیەك بەناوی هاوڕێیانی یەنار و ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق لە لایەن (جاکلین سەلام-Jacquelin)ەوە پێشکەش کرا.

16. هاوڕێ سروش کە لەگەڵ هاوڕێ بابەك لە بەڕێوەبەرانی تۆمار کردنی بەرنامەکە بوو، وتەیەکی بەناوی ڕێکخراوی گەنجانی سەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران پێشکەش کرد.

17. هاوڕێ شلێر غەریب وتارێکی خۆی خوێندەوە تیایدا هاوڕێ یەناری وەك سمبولی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری ژنان ناساند.

18. هاوڕێ سۆران شعرێکی خوێندەوە کە بۆ هاوڕێ یەناری نوسیبوو.

19. هاوڕێ سەردار قسە و باسێکی کرد لەسەر هاوڕێ یەنار پێشکەش کرد.

20. لە لایەن ﴿کۆمەڵەی دیموکراتی عێراقی کەنەدی﴾ وتارێك بەشێوەی تۆمارکراو بەدەنگی هاوڕێ ئەمەل، پێشکەش کرا.

21. کۆتایی مەڕاسیمەکە سلایدشۆیەك بوو لە وێنەکانی ژیان و خەباتی هاوڕێ یەنار

22. تێبینی: وێڕای گرتنی ئەم مەڕاسیمە هەڵساین بە کۆکردنەوەی ئیمزا تا ئاراستەی حکومەتی کەنەدای بکەین بۆ بەدوا داچونی کەیسی یەنار و فشار هێنان بۆ حکومەتی عیراق بۆ دەست نیشان کردنی ترۆریستان، چوونکە یەنار خاوەن ڕەگەزنامەی کەندی بوو بۆ ئەوەی سەرنجی ڕای گشتی لە کەنەدا ڕابکێشرێت و فشار بخرێتە سەر بەرپرسانی حکومی ئەو وڵاتە تا وەك هاوڵاتیەك بەدواداچوونی جدی بۆ دۆسیەکەی بکات و دەسەڵاتدارانی عێراق بخاتە بەردەم بەرپرسیارەتی ئاشکراکردنی ناسنامەی تاوانباران و ئەو هێز و لایەنانەی کە لە پشتی ئەو تاوانەوە وەستاون.

لەلایەن هەموو میوانەکانەوە تۆماری ئیمزا کۆکرایە و کۆمیتەکە کاری لەسەر دەکات.

# سلێمانی / کاردانەوە دژی تیرۆری هاوڕێ یەنار محەمەد



(٨)ی مارسی (٢٠٢٦) لە سلێمانی بووە خرۆشانی ژنانی کوردستان دژ بە تیرۆر کردنی (یەنار محەمەد) سەرۆکی (ڕێکخراوی ژن لە عێراق) و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق).

تیرۆرکردنی هاوڕێ یەنار، کاردانەوەیەکی دەمودەستی بەدوای خۆیدا هێنا لە لایەن چالاکوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە شاری سلێمانی و ڕۆڵی هاوڕێ بەهار مونزیر لەو بوارەدا بەرچاو بوو، کە لە ڕێگەی (تۆڕی ٨ مارس)ەوە هەڵسان بە نواندنی چەندین چالاکی.

## تۆڕی ٨ مارس

(تۆڕی ٨ مارس) لە (٣-٣-٢٠٢٦) هەم بەیاننامەی دەرکرد دژی تیرۆرکردنەکە و هەم هەڵسا سازدانی گردبوونەوەیەك لە شاری سلێمانی بۆ ڕێزلێنان لە ژیان و خەبات و کارەکانی یەنار محەمەد، کە وێنەکانی یەنار گردبوونەوەی دا پۆشی بوو. ئەمە و هەڵساش بە گرتنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ ئیدانەکردنی ئەم تاوانە و وەستانەوە دژی تیرۆریزم.

جگە لەمەش ئەم (تۆڕی ٨ مارس)ە، لە ڕێکخەران و بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمیتەیە بوو کە لە شاری سلێمانی پێکهێنرا بوو بۆ بەرپاکردنی مەڕاسیمی هەشتی مارس کە وێنەکانی هاوڕێ یەنار و ئەو دروشمانەی کە دژی تیرۆرکردنەکەی بوون باڵیان کێشابوو بەسەر ڕێپێوانی ئەو مەڕاسیمەدا.

# وتەی موئەیەد ئەحمەد لە مەراسیمی تۆرنتو بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و ژیانی هاوڕێ یەنار محەمەد





سوپاستان دەکەم، و ئێوارەتان باش

بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) و سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوەکە، دەمەوێت سوپاسی هاوڕێیانی ڕێکخەری ئەم کۆڕی ماتەمینییە بکەم و سوپاسگوزارم بۆ بانگهێشتکردنم تا هاوبەش بم لەگەڵتان لە بەرزڕاگرتنی یادی نەریتی هاوبەشی هاوڕێی ئازیزمان (یەنار محەمەد).

سازدانی ئەم کۆڕە لە تۆرۆنتۆ مانایەکی ئێجگار گرنگی هەیە؛ چونکە ئەمە ئەو شارەیە کە یەناری تێدا دەژیا لەنێو خێزان، دۆستان و هاوڕێیانییدا، و تێیدا بۆ یەکەمجار دەنگی وەك داکۆکیکارێکی نەبەرد لە ئازادیی ژنان و خەباتی کۆمۆنیستی هەڵبڕی و دەرکەوت. کۆڕی ئەمشەوتان جیگەی تەقدیرێکی زۆرە بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و نەریتێکی هاوبەش کە هاوڕێ یەناری ئازیز بۆ هەموومانی بەجێهێشتووە.

گەرمترین سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم ئاراستەی کوڕی خۆشەویستی یەنار، باوکی، هاوسەری ژیانی، و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی، هاوکارانی، دۆستانی، هاوڕێیانی، و ئاراستەی ئێوەی ئامادەبوو و سەرجەم لاینگرانی لە سەراسەری جیهاندا دەکەم.

دڵم پڕە لە خەم و پەژارەیە کاتێك بەشدارم لە ماتەمینی کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیزمان یەنار، هاوڕێی هێژام و دۆستی جێی متمانەم بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەك.

یەنار محەمەد سەرۆك و یەکێك لە دامەزرێنەرانی «ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق-(OWFI)» بوو، هەروەها ئەندامێکی دامەزرێنەر و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوەکەمان بوو.

ئەو سەرکۆنەکردن و توڕەییە توند و بەرفراوانە جیهانییەی دژ بە تیرۆرکردنی یەناری ئازیز کرا، و ئەو سەدان بەیاننامەی هاوپشتی و پشتیوانییەی لە شوینە جۆراوجۆرەکانی جیهانەوە ڕاگەیێندران، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەو پێگەیە بوون کە یەنار هەیبوو: خەباتکارێکی کەم وێنە و ناوازە لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا.

یەنار مارکسیستێکی پێداگر، سۆشیالیستێکی شۆڕشگێڕ، و سەرکردەیەکی لێهاتووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان بوو، ئەو بە تەواوی درکی بەوە کردبوو کە چۆن گەشەکردنی بزوتنەوەیەکی بەهێزی ڕزگاریخوازانەی ژنان، سەرچاوەی هێزە بۆ بزووتنەوەی کریکاریی سۆشیالیستی، و بە پێچەوانەشەوە.

ئەو وەك تێکۆشەرێکی سەربەرز و سەرکردەیەك لە ڕیزەکانی خەباتی کۆمۆنیستیی ڕێکخراودا مایەوە؛ سەرەتا لە ڕیزەکانی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق)دا، و دواتریش لە تەمموز/یۆلیۆی (٢٠١٨) ەوە تا دواساتەکانی ژیانی، لە ڕیزەکانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)دا. دیارە کە ڕۆژنامەگەریی بۆرژوا لیبرال ئەم لایەنەی کەسایەتیی یەنار دەشارێتەوە، و بەم کارەشی، پووچی و درۆیی دروشم و قسەکانی خۆی لەسەر ماف و ئازادیی ژنان دەسەلمێنێت.

یەنار مرۆڤێك بوو بە هەموو مانای وشە ئەویندارى ژیان بوو. هەر کەسێك چاوی پێی بکەوتایە و بیناسیایی، دەستبەجێ سەرنجی بۆ مرۆڤدۆستی، حەزی گاڵتەوگەپ، ژیری و داهێنانی ئەو دەبوو. ئەو بایەخێکی باڵای دەدا بە پەیوەندییە مرۆییە ئازاد و یەکسانەکان؛ و قەت پیاوسالاری و دژایەتیکردنی

ژنانی لە ناوەڕۆکە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکەی دانەدەبڕی وەك دیاردەیەکی کاتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

لهگهڵ دامهزراندنی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) لە لایهن یهنار و دوو هاوڕێی تری حزبەکەی لە حوزهیرانی (یۆنیۆ) ٢٠٠٣دا، یهنار و ڕێکخراوهکە خۆیان لە نێو جەرگەی گەردەلوولێکی وێرانکەردا بینییەوە کە لە هەموو لایەکەوە کێشای بە کۆمەڵگەی عێراقدا؛ گەردەلوولی کۆمەڵکوژییەکان، شەڕی تائیفی، کوشتن لەسەر ناسنامە، وێرانکردنی ژێرخانی مەدەنیی کۆمەڵگە، تەقینەوە تیرۆریستییەکان، و سەرهەڵدانی میلیشیاکان و دروستبوونی سیستمی میلیشیایی تائیفی-نەتەوەیی.



ئەم هێزانە ڕێگەیان بۆ دەستڕۆیشتوویی جۆرەها توخمە کۆنەپەرست و دژەژنەکان خۆشکرد، لە نفووزی عەشایەرییەوە تا دامەزراوە ئاینییەکان، ئەمەش ژنانی فڕێدایە نێو کلێپەی سەرکوتکارترین و کارەساتبارترین قۆناغ لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا.

کار و چالاکییەکانی یەنار و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) لە ژینگەیەکی ئاوادا بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٣) ساڵ بەوپەڕی ئازایەتی، ئیرادە و لەخۆبووردەییەوە بەردەوام بوو. تەنیا دوای (٦) مانگ لە دەستپێکردنی کارەکانی یەنار، یەکەم هەڕەشەی کوشتنی لێکرا لە لایەن گرووپێکەوە کە خۆیان بە ﴿سوپای هاوەڵان-(جیش الصحابة)﴾ ناساند بوو، و لەو ساتەوە تا کاتی تیرۆرکردنی، چەندین شێوازی جیاوازی هەڕەشەی کوشتن و جۆراوجۆری فشار، بێزارکردن و داوای یاسایی ساختەی ڕووبەڕوو کرایەوە، کە تەنانەت لە کاتی ڕاپەڕینی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)شدا بەردەوام بوون.

چالاکییەکانی یەنار لە بەرگریکردن لە ژنان بوارگەلێکی بەرفراوانی دەگرتەوە، لە ئەرکە تاقەتپڕووکێنەکەی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) و دەزگا میدیاییەکانیەوە، تا دەگاتە ئەنجامدانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت دژ بە حزبە ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکان کە بۆ چەندین ساڵ هەوڵی دەسەپاندنی "یاسای باری کەسێتیی جەعفەریی ئیسلامی"یان دەدا بۆ مەزهەبی شیعی، لەوانەش پێکهێنانی "هاوپەیمانیی ١٨٨" لەگەڵ چالاکوانانی تر بۆ داکۆکیکردن لە یاسای باری کەسێتیی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩).

گەورەترین تەحەددا لە چالاکییەکانی یەناردا، خەباتی بوو بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژنانەی کە ببوونە قوربانیی توندوتیژی و لەژێر هەڕەشەی تاوانەکانی بەناو "شەرەف"دا بوون، و ئەو کچە گەنجانەی کە کەوتبوونە داوی تۆڕەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. ئەو سەرکەوتووانە نزیکەی (١٤٠٠) کچ و ژنی گەنجی ڕزگارکرد.

هەروەها یەنار بەشداری و پشتگیریی لە سەرجەم خەباتە ئابووری و سیاسییەکانی چینایەتیی کرێکار و گەنجان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکانیان دەکرد دژ بە گەندەڵیی دەسەڵات و سیاسەتەکانی بە تایبەتکردن (پراڤەتایزەیشن) پشتگیریی لە سەندیکا کرێکارییەکان دەکرد و لەگەڵ "فیدراسیۆنی شورا و سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراق"دا کاری دەکرد.

یەنار بەشدارێکی چالاک بوو لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی (٢٠١٩)دا، وەك چۆن پشتگیریی لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی (٢٠١١)ی ناوچەکەش کرد، و داکۆکی لە کەمینەی ئێزدی لە عێراق کرد و هاوکاریی ئەو ژنانەی کرد کە ڕووبەڕووی چەوسانەوەی ڕێکخراوی داعش ببوونەوە.

هەروەها پشتگیریی لە ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکەی دوای گیانلەدەستدانی مەهسا (ژینا) ئەمینی کرد؛ ئەو ڕاپەڕینەی کە یەنار و ڕێکخراوی ئازادیی ژن تێیدا قوربانیی گەورەیان دا بەهۆی ئەو ڕاوەدوونان و چەوسانەوەیەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عێراقەوە ڕووبەڕوویان بووەوە.

ئەو بە توندی دژ بە شەڕی جینۆسایدی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستین لە غەززە، و دژ بە داگیرکاری و سەرکوتی بەردەوامی فەلەستینییەکان لە کەرتی ڕۆژئاوادا وەستایەوە.

نەریتی یەنار، نەریتیکی سۆشیالیستیی ڕزگاریخوازی و شۆڕشگێڕانەی هاوبەشە لەسەر ئاستی جیهان، و بەو شێوەیەش لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ژنان و خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریادا لە سەرانسەری جیهاندا دەمێنێتەوە.

کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیزمان یەنار، زیانێکی گەورەیە و جێگەی پرناکرێتەوە بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ڕزگاریخوازانەی ژنان لە عێراق و ناوچەکەدا. ئەمە زیانێکە بۆ تەواوی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کۆمەڵایەتی و هزری.
یەنار محەمەد ئایکۆنی خەباتی تەواوی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە مەزنەیە؛ و وەك نەریتێکی شۆڕشگێڕانە لە نێو ئەم بزووتنەوەیەدا دەمێنێتەوە و مێژوو بەم شێوەیە ناوی دەهێڵێتەوە.

بژی بۆ هەمیشە یادی ڕابەر و خەباتکاری مەزن یەنار محەمەد!

شۆڕشی یەنار لە پێناو ڕزگاریی ژن و لە پێناو جیهانێکی ئازاد و یەکساندا بەردەوامە!

١٢ /٤/ ٢٠٢٦

# مەراسیمی ڕێزگرتن لە ژیان و خەباتی هاوڕێ یەنار محەمەد لە شاری بێرن لە سویسرا





## ڕا پۆرت/ جەمال کۆشش

**لەلایەن نوێنەرایەتی سویسرای ( ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق ) و چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزی هاوڕێ ( یەنار محەمەد )، ڕۆژی شەممە ( ١١-٤-٢٠٢٦ ) لە شاری بێرنی سویسرا، مەراسیمی ڕێزگرتن لە خەبات و ژیانی هاوڕێ یەنار محەمەد ئەنجام درا.**

مەراسیمە کە بەسرودی ئەنتەرناسیۆنال و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ بەرزڕاگرتنی یادی هاوڕێ یەنار و سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاری ژنان و مافەکانیان و ئازادی و یەکسانی دەستی پێکرد. پاشان بەرنامەکانی مەراسیمەکە بەمشێوەیە بەڕێوەچوو:

پاش ئەوەی کە ئامادەبوان لە ڕێکارەکانی نێو هۆڵەکە و بەرنامەی مەراسیمەکە و بڵاوکراوەکانی ئاگادارکرانەوە کە چەند نامیلکە بەزمانەکانی عەرەبی ئینگلیزی و کوردی ووتاری بەشێك لەبەشداربون لەسەر مێزکتێبێك بەردەستن کە دەربارەی ژیان و کاروانی خەباتی کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازانەی یەنارن، لەگەڵ ڕۆژنامەی ( المساواة )ی ( ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق ) .

سەرەتا پەیامی کۆمەڵێك لە هاوڕێیان و ئازیزانی هاوڕێ یەنار بەزمانی عەرەبی کە لە عێراقەوە بۆ مەراسیمەکە تایبەت نێردرابوون، لەلایەن سارا محەمەدە وە خوێندرانەوە.
دواتر جەمال کۆشش، نوێنەرایەتی سویسرای ( ڕێکخراوەی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق ) وێڕای پێشوازی و بەخێرهاتن و سوپاسی ئامادەبوان، و ئاماژەدان بە بایەخ و گرینیگی ئەو کاردانەوە و پشتیوانییە نێونەتەوەییەی کە بەدوای تیرۆری هاوڕێ یەناردا هاتەئاراوە، وتەیەکی کورتیشی لەسەر ڕۆڵی هاوڕێ یەنار لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان و خەباتی کۆمۆنیستیدا پێشکەش کرد.

لەنێو بڕگەکاندا سلاید شۆیەك کە ژیان و خەباتی هاوڕێ یەناری لەخۆگرتبوو، وە کورتە فلمێك پێشکەش کرا کە لە زمانی کچێکی گەنجەوە کە لە دەست توندوتیژی ڕزگارکراوە لە لایەن هاوڕێ یەنار و ڕێکخراوی ئازادی ژنەوە و ئاسۆیەکی گەشی بۆ دابینکردووە.

ژمارەیەکی زۆرلە ڕێکخراوە خەباتکارەکانی ژنان و نەقابە کرێکارییەکان و حزبە مارکسیستی و کۆمۆنیستییەکان و ئازادیخوازەکان و کەسایەتییەکان بەشداربوون، بەتێکڕا هاودەنگی و هاوخەباتیان دوبارەکردەوە بۆ پشتیوانی لەو بزوتنەوە جیهانییەی کەدروستبووە لەدژی تیرۆری هاوڕێ یەنار محەمەد و بەتوندی ئیدانە و مەحکومیان کرد. ئەمە و چەندین سرود و هۆنراوە کە بۆ هاوڕێ یەنار بوون لەم مەڕاسیمەدا پێشکەش کران.

### مەڕاسیمەکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو:

( ١ )- وتەی (یەکێتی نەقابە و شوراکرێکارییەکان لە عێراق ) لەلایەن هاوڕێ نیگار بەزمانی عەرەبی.
( ٢ )- وتەی ( حزبی کۆمۆنیستی شۆرشگێری سویسری ) لەلایەن کاسپەر ئۆرتەلی، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حزب
( ٣ )- وتەی پاتریسیا لەلایەن گروپی ( فمنیست ئاکتفیست زوریخ ).
( ٤ )- وتەی ( دەبیرخانەی کۆمیتەی مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی ئێران ) لەلایەن مەنسور خالیدی.
( ٥ )- وتەی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا ( پەیەدە ) لەلایەن گوڵستان سۆدۆوە.
( ٦ )- وتەی ناوەندی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی لە بێرن. هەڤاڵ سەلمە.
( ٧ )- وتەی یەکێتی ژنانی کوردی سویسرا( یەژەکە/سویسرا )، خەزاڵ تاش.
( ٨ )- وتەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ( پەژاك )، کۆمیتەی سویسرا لەلایەن حەکیم حوتیتیەوە.

( ٩ )- وتــەی حزبــی کۆمۆنیســتی کرێــکاری کوردســتان، تەشــکیلاتی سویســرا لەلایــەن دڵشــاد مەجیــدەوە.

( ١٠ )- وتەیــەك کەبەڤیدیــۆ پەخشکرا لەلایــەن ( بەشدار عوسمانەوە ) لــە هەولێــرەوە.
( ١١ )- وتــەی ئیلهــام مانــع، پرۆڤیســۆری زانکــۆی زوریــخ و ئەندامــی لیژنــەی فیدراڵــی سویســری بــۆ مافەکانــی ژنــان و هەڵســوراوێکی قانونــی بەزمانــی ئەڵمانــی.
( ١٢ )- وتــەی شــورای هــاوکاری هێــزە چــەپ و کۆمۆنیســتەکانی کوردســتانی ئێــران.
( ١٣ )- وتــەی تۆڕە ڕێکخــراوە کوردستانییــەکان بــۆ دادگای تــاوانــی نێودەوڵەتــی لەلایــەن عەلــی مەحمــود لەهۆڵەنــداوە.
( ١٤ )- وتــەی بەیــان ســاڵح، هاوئاهەنگــەکاری ناوەنــدی ژنــان لەدانمارکــەوە.
( ١٥ )- وتــەی پارێزەروچالاکوانــی مافەکانــی ژنــان لەسویســرا ( ســەمیرە قەرەداخــی ).
( ١٦ )- وتەی ( تەحسین کەریم ).
( ١٧ )- پارچــە هۆنراوەیــەك لەلایــەن ( ســەنا نوری )یــەوە
( ١٨ )- پارچــە هۆنراوەیــەك لەلایــەن ( فوئــاد عەزیــز )ەوە.
( ١٩ )- پارچــە هۆنراوەیــەك لەلایــەن ( ئیمــان یــادەوەر )ەوە.
( ٢٠ )- چەندیــن سرود وئۆپێــرا لەلایــەن ( فــازل عوســمان ) و ( شــەنگوڵ ئاســتان )ەوە.

لەکاتێکــی نزیکــدا هەوڵدەدەیــن فیدیۆیــەك لەســەر مەراســیمەکە ئامــادە بکەیــن. ئەمــە و لەبــەر نەبونــی کات نەتوانــرا هەمــوو پەیامــەکان پێشــکەش بکرێــن، بۆیــە ناوەکانیــان خوێندرایــەوە.

زۆر پێویســتە ئامــاژە بدەیــن بــە ڕۆڵــی بەشێك لــە هاوڕێــیانی یەنــار محمــەد لــە ڕێکخســتنی ئــەم مەراســیمەدا و دڵســۆزی و پێداگرییــان لەئامانــج و خەباتــی یەنــار لەوانــە ( ئەحمــەد عەلــی و فوئــاد عەزیــز و نیــگار قــادر و شــەهاب حەمیــد و ســارا محەمــەد و دڵشــاد مەجیــد و کاســپەر ئورلۆتــی و جوتیــار ڕەئــوف ســەردار حەمیــد ) و هاوڕێیانێکــی تــر، ... کــە یارمەتیــدەر بــوو تــا بتوانیــن ئــەم یــادە بەســەر کەوتوویــی ئەنجــام بدەیــن .

شۆڕشی یەنار محەمەد بەردەوامە..
نوێنەرایەتی سویسرای ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەسویسرا.
١٣-٤-٢٠٢٦

# وتەی جەمال کۆشش لەمەراسیمی یادی هاوڕێ یەنار محمەد لە شاری بێرن لە سویسرا



شۆڕشــی یەنــار بەردەوامــە... شۆڕشــی یەنــار بەردەوامــی دەبێــت

ئامادەبوانــی بەڕێز..هاوڕێــیانی یەنــار و نوێنەرانــی ڕێکخراوەکانــی ژنــان و پارتــە سیاسیــیەکان.

زۆر سوپاس بــۆ ئامادەبونتــان بــۆ ڕێزلینــان لــە ژیــان و لــە خەباتــی هاوڕێــی ئازیزمــان یەنــار محەمــەد

یەنــار بەرجەســتەترین شۆڕشــگێڕی ســەردەمی ئێمەیــە، شۆڕشــگێڕێك کــە ڕزگاری ژن لەگــەڵ بونیــادی سیســتەمێکی سیاســی بــە نەریــت و ئەفــکار و قانونەکانیانــەوە گــرێ دەدات. چەوســانەوەی ژن و ژنکــوژی و توندوتیــژی دژی ژن و کۆیلــەی سێکســی و هەڵاواردنــی جنســی، پێکهێنــەری کیمیایــی پیاوســالاری سیســتەمی ســەرمایەدارییە. ئــەو ســەرۆکایەتی ڕێکخراوێکی دەکــرد کــە ( ١١ ) شــەڵتەری هەبــوو، ( ٣ )یــان لــە بەغــدا و ئەوانــی تــر لــە شــارەکانی تــر کــە پەناگــەی ئارامــی ڕۆحــی و جەســتەیین بــۆ ئــەو ژنانــەی مەترســی کوشــتنیان لەســەرە. لێــرەوە بەشێکی گرنگــی ژیانــی، خەباتــی بەئامانجــی ڕزگاری ژنــان بــوو. لــە دژی بێــکاری و هــەژاری و شــەڕ ومالوێرانــی، لەڕیــزی یەکەمیــن کەسانێك بــوو کــە خۆپیشــاندانی لــەدژی داگیــرکاری ئەمەریــکا، لەجەرگــەی پــڕ مەترســیترین ناوچــەی بەغــدا و لــە مانگــی تەمــووزدا لــە ســاڵانی ( ٢٠٠٣ ) و ( ٢٠٠٤ )دا ڕابــەری دەکــرد.. یەنــار لــە هانــدان و یەکگرتووکردنــی کرێــکاران و دامەزراندنــی نەقابــە و کۆمەڵــە کرێکارییەکانیــش، یەکانگیرکردنــی هەڵســوراوە کرێکارییــەکان و پێکــەوە گرێدانــی ڕشــتە جۆراجۆرەکانــی نــەوت و پیشەســازی تــا بەشــداری ڕاســتەوخۆ لەپرۆلیتارییەکانــی کەرتــی کشــتوکاڵی کــە بــەزۆری کاری تاقەتپرۆکێنــی ژنانــی لادێیــە، ڕۆڵێکــی یەکجــار گرنگــی دەگێــڕا،..

یەنــار، یەکێــك لــە کادرە پێشــکەوتووەکانی بزووتنــەوەی کۆمۆنیســتی عێــراق بــوو، کۆمۆنســتێکی پەیگیــر و بــە حەوســەڵە و ماندوونەنــاس. هاوڕێیەکی دڵســۆز و ستونێکی ڕۆشــنگەری کۆمۆنیســتی لــە نێــو فــەزای دژە کۆمۆنســتیدا بــوو. پەیوەنــدی نێــوان نــەوەی نوێــی کۆمۆنیســتی کــە بــەرەو کۆمۆنیــزم دەهاتــن لەخۆیــدا دەنوانــد و بــەردەوام ئــەو هیوایــەی لــە متمانــە دروســت دەکــرد..

یەنــار لــە پشــتیوانی نێونەتەوەیــی ژنانــی ئێرانــی بەتایبــەت بــۆ ســۆلیدارەتی لەگــەڵ بزوتنــەوەی ژینــا ئەمینــی، دژبــە تاوانــە گەورەکانــی داعــش لەبەرامبــەر ژنانــی ئێزیــدی، لــەدژی گروپــە تیرۆریســت و میلیشیا کۆنەپەرســتیەکان، ڕەدکردنــەوەی پرۆســەی سیاســی لەعێــراق کــە بنچینــەی دیموکراســی دینــی و نەتەوەیــی ئەمەریکا بــۆ عێراق بــوو. .

یەنــار بورجێکــی گــەورەی ڕوناکــی و ڕۆشــنبیری بــوو، بڵاوکردنــەوەی ڕۆژنامــەی ( المســاواة )، ڕادیــۆی مســاواتی ،دوشــەمەی موتەنەبــی، کۆرســی مارکسیســتی، دەیــان سمینــاری نێونەتەوەیــی و دامەزراندنــی تــۆڕی بەرگریکــردن بــە بازرگانیکــردن بەژنانــەوە. تاوانبارانێــك کەیەناریــیان تیــرۆر کــرد، دەیانەوێــت ئــەو شۆڕشــەی لەیەنــاردا خــۆی بەرجەســتەکردۆتەوە، ئــەو دونیایــەی یەنارخەونەکانــی دەهاتنــەدی، ڕێگای پێبگــرن ونەیەڵــن بێتــە دی. بــەڵام شۆڕشــی یەنــار بەردەوامــی دەبێــت و تیرۆریســتان توانــای داگیرکردنــی ئامانجــە نەمرەکانــی ئێمەیــان نییــە. تەنهــا ئــەوە نــا، بەڵکــە ئێمــە ســورتر و گورجتــر و فراوانتــر و هۆشــیارتر بــە ڕوویانــدا دەوەســتینەوە.

دووبــارە پــڕ بــەدڵ ســوپاس بــۆ ئــەم هاوپشــتیە نێونەتەوەییەتــان

بژی یەنــار، ئایکۆنی خەباتی ڕزگاری ژنان!
بژی کۆمۆنیزم و خەباتی کۆمۆنیستی!

نوێنەرایەتــی سویســرای ڕێکخــراوی بەدیلــی کۆمۆنیســتی لــە عێــراق
٢٠٢٦/٤/١١

# بەشداری لە سێیەمین کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیستی شۆڕگێر / لقی سویسرا




نوێنەرایەتی سویسرای ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق (جەمال کۆشش)، لەسەر داوەتی لقی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی نێونەتەوەیی، لە دوو ڕۆژی یەکەمی تایبەت بە نوێنەرانی حزبە کۆمۆنیست و مارکسیستەکانی جیهان بەشدار بوو.

کۆنگرەکە لە ڕۆژی (١٤)ی ئایار تایبەت بەلێکدانەوەی قەیران و شەڕ و ناکۆکییەکانی سەرمایەداری لەمڕۆی جیهاندا لە ڕوانگەی کۆمۆنستییەوە، و ڕۆژی (١٥)ی ئایاریش لەسەر ستراتیژی شۆڕشی کۆمۆنستی لە سویسرا بوو.

وتەی نوێنەرایەتی سویسرای بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق، بەزمانی ئەڵمانی ئاڕاستەی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەکە کرا و لەگەڵ سەرجەم دۆکیومنتەکانی تایبەت بەکۆنگرە تایپ و بڵاودەکرێتەوە. دەقی کوردییەکەی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.

-*-*-*

هاوڕێیانم لە حزبی کۆمۆنیستی شۆڕگێر لقی سویسرا

سڵاوێکی شۆرشگێڕانە

خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە داوەت و بەشداری کۆنگرەکەتان بم و بەناوی خۆم و بەناوی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پیرۆزباییتان لێدەکەم. بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە سویسرا هەنگاوی زۆر جددی بۆ حزبییەت دەنێت، ئەمە خەباتێکی یەکجار جەوهەرییە. ئەم کۆنگرەیەش بەشێکە لەو پڕۆسەیە.

شەڕی ئەمەریکا و ئسرائیل لەگەڵ ئێران، شەڕێکی ئیمپریالیە لە نێو جەرگەی هەلومەرجێکی جیهانی ئەزمەگرتووی نێوان بلۆکە ئیمپریالییەکان، شەڕێکە بۆ داگیرکردنی وڵاتان، بۆ سەرچاوەی ووزە، بۆ داسەپاندنی مەرجە گونجاوترەکان بۆ دەسەڵاتی سەرمایە.

بەڵام ئەم شەڕە کاریگەری گەورەی داناوە لەسەر هەژارکردن، برسیکردن، ئاوارە بوون، بێکارکردنی ملیۆنەها ئینسان نەك تەنها لە ئێران، بەڵکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەراسەری جیهان و بەتایبەت بۆ عێراق. شەڕ دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ حکومەتە بورژواکان و میلیشیاکان کە لەبەرامبەر جەماوەری ناڕازی و خۆپیشاندانەکاندا بۆ مافی سەرەتایی، بەتوندترین شێوە سەرکوت، کوشتار و تیرۆر بکەن، لەوانە تیرۆری هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان (هاوڕێ یەنار محەمەد) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراومان. هەر بۆیە ئێمە لە دروشمی ئایاری ئەمساڵدا داوای دەستبەجێ ڕاوەستانی شەڕمان کرد و بەئەرکی کۆمۆنیستە ئیننتەرناسیۆنالەکانمان دانا کە بە خەباتی هاوبەشیان بۆ هێنانەمەیدانی چینی کرێکار بتوانن کۆتایی بەشەڕ بهێنن..

ئێمە وەك ڕێکخراوێکی مارکسیستی ئیننتەرناسیۆنالی لە عێراق، شێلگیرانە بەرامبەر ئیمپریالیزمی جیهانی و ناسیۆنالیزمی ناوچەیی و هێزەکان و دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی خەبات دەکەین، پرۆلیتاریای ناوچەکە لە شەڕی نەتەوەیی و ئاینی و شەری بەینی دەوڵەتەکان بۆ خەباتی هاوبەشی چینایەتی و ڕێکخراو و وشیار دەکەینەوە.

لەناوچەیەك کە پڕە لە کێشەی نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزی، ئیننتەرناسیۆنالیزم ناچارییە!

بژی کۆمۆنیزم، بژی شۆڕشی سۆشیالیستی
سڵاوی دوبارەی هاوخەباتیتان پێشکەش
نوێنەرایەتی سویسرای ڕێکخراوی بەدیلی
کۆمۆنیستی لە عێراق
١٤-٥-٢٠٦/ بێرن-سویسڕا

# بە بۆنەی یەکی ئایاری ٢٠٢٦، ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکارەوە

## بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

ئەمە یەکەمجار نییە کە ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، یەکی ئایار، دێت، و ئەمریکا و ئیسرائیل بەردەوامن لە شەڕ بۆسەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمساڵیش یەکی ئایار بەڕێوەیە لەژێر سایەی شەڕی تاوانکارانەی نوێیاندا لە دژی ئێران، کە چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەک تەنیا تووشی کارەسات و مەترسی و وێرانکارییەکانی شەڕ کردووە، بەڵکوو دەرئەنجامە ئابوورییە وێرانکەرەکانی لەسەر بژێوی ژیانیان و ئاستەنگی بەرچاوی بەردەم خەباتی چینایەتیشیانی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەمە وێڕای قورسترکردنی بارگرانییە ئابوورییەکان لەسەر کرێکارانی جیهان.

هەروەها لە کاتێکدا ئێمە لە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەرەو پیلی ئەم ڕۆژە دەڕۆین کە هاوڕێی ڕابەر (یەنار محمد)مان لەدەستداوە، ئەویش بە کردەیەکی تاوانکارانەی تیرۆریستی قێزەون و پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراوی لایەنگەلێک کە تا ئێستا ناسنامەکەیان ئاشکرا نەبووە. یەناری ئازیزی ناو دڵی ئێمە و دڵی ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا، کە لە ماوەی چارەکە سەدەی ڕابردوودا یەکێک بوو لە پایەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمە.

سەرمایەداریی جیهانی، لە سەردەمێکدا کە سەردەمی توندبوونەوەی بەردەوامی ناکۆکییەکانییەتی، بە یەکێك لە قووڵترین و توندترین قەیرانەکانی خۆیدا تێدەپەڕێت، لەگەڵ توندبوونەوەی جەمسەرگیری و ململانێی چینایەتی نێوان سەرمایە و کار لەسەر ئاستی جیهان. هاوکاتی ئەمانە ململانێیەکی توندیش لەنێوان بلۆکە ئابووری و سیاسی و سەربازییە جیهانی و هەرێمییەکانی سەرمایە و دەوڵەتەکانیدا لە ئارادایە، بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان و نەخشە کێشانەوەی سیستەمی جیۆپۆلیتیکیی بۆرژوازیی جیهانی.

ئامانجە سیاسییەکانی ئەم شەڕەی ئێستای دژ بە ئێران، داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ناو ئەم قەیرانە و لە چوارچێوەی ئەم ململانێ جیۆپۆلەتیکییە جیهانیانەدا، بە مەبەستی دابینکردنی هەژموونی ئیمپریالیستانەی ئەمریکا و ئیسرائیل بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەسەر ڕێڕەوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیدا.

چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشان و ستەملێکراو، نەك هەر لە ئێران، بەڵکو لە عێراق و باقی وڵاتانی دراوسێی ئێرانیشدا، لەناو کارەساتی ئەم شەڕە ئیمپریالیستییە و ڕێڕەوەکانیدا دەژین، کە وێرانکاری و نائارامی و ئاوارەیی و کوشتنی هەزاران کەسی لە ناوخۆی ئێراندا لێکەوتووەتەوە و درێژەشی کێشاوە بۆ عێراق و وڵاتانی کەنداو لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی و مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جمهوری ئیسلامییەوە، ئەمە و چنگی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانیشی بەسەر جەماوەری ئەو وڵاتەدا هەرچی زیاتر قایمتر کردووە بۆ خنکاندنی هەر جۆرە دەرکەوتەیکی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە دەسەڵاتداران.




لەناو ئەو هەلومەرجەدا چینی کرێکار و زۆربەی جەماوەر لە سەراسەری عێراقدا لە بێدەرەتانییەکی ئابوریی سەختدا دەژین کە لە ئەنجامی شەڕ و هەڕەشەی بەردەوامبوونیشیەوە زۆر خراپتر بووە. ئەوان دەناڵێنن بەدەست گرانی و بەرزبوونەوەی ڕۆژانەی نرخی خۆراك و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان و بەرزبوونەوەی ترسناکی ئاستی بێکاری و چەوساندنەوەی توندی کرێکارانی لەسەر کار و سەپاندنی باجی جۆراوجۆری نوێ بەسەر شانی هاووڵاتییاندا. سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەم جەماوەرە لەژێر سایەی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵییەکانی دەسەڵاتداراندا ژیان بەڕێدەکەن؛ لەژێر سایەی کەرتێکی تەندروستیی گشتی داتەپیو و نرخێکی بەرزی قۆرخکاری کەرتی تایبەتی، و خزمەتگوزارییەکی کەرتی پەروەردەی داڕووخاو و نرخی گرانی وزەی کارەبای بەتایبەتیکراو، و لە کەشێکی بەردەوامی گەندەڵی و خزمخزمێنەیی و دزینی سامانی کۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵاتداران و حزب و میلیشیاکانیان بە قەبارەیەکی بەرفراوان، و لەژێر سایەی دواخستن یان بڕینی مووچەی کارمەندانی کەرتی گشتی بەتایبەت لە هەرێمی کوردستاندا، و لەژێر سایەی ئاستەنگییە ئابوورییەکانی دیکەدا ژیان بەسەر دەبەن کە بەهۆی ئەم جەنگەوە دووچەندان بوونەتەوە.

ئەم شەڕە ئاستەنگی بەرچاوی داسەپاندووە بەسەر خەباتی چینی کرێکار و ناڕەزایەتی جەماوەریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە عێراق، میلیشیاکان چنگ و کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر پرۆسەی سیاسیدا توندتر کردۆتەووە، تاوانی تیرۆریستی، پاکتاوکردن، فڕاندن و هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەنجام دەدەن. جگە لەوەش جەماوەر لە عێراق، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا لەژێر گورزی هێرشە سەربازییە تاوانکارییەکانی جمهوری ئیسلامی ئێراندا دەژین کە بۆتە هۆی گیانلەدەستدانی زۆرێك لە خەڵکی مەدەنی، وە

لە وڵاتانی کەنداویشدا ڕووداوی هاوشێوە ڕوویانداوە.

ئەمە و قەیرانی ڕژێمی بۆرژوا ئیسلامی و قەومی فەرمانڕەوا لە عێراق، لە ئەنجامی ئەم شەڕەی ئێستا و لێکەوتە و پێشهاتەکانی و پەرەسەندنەکانیەوە ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر دەبێتەوە، ئەمەش لە زۆر ڕووەوە دەرکەوتووە؛ لەوانە توندبوونەوەی ململانێی بەردەوامی نێوان هێزە پێکهێنەرەکانی ئەم ڕێژیمە، تا ئەو ڕادەیەی کە دوای نزیکەی شەش مانگ بەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا نەیانتوانیووە سەرۆك وەزیرانێك دەستنیشان بکەن، وە لە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە ساڵ و نیوێك بەسەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە و هێشتا حکومەت پێکنەهاتووە.

بێ گومان ئەم قەیرانەی ڕێژیم ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە خودی پێکهاتەکەیدا هەیە و پەیوەندییەکی نزیك بە پێگەکەی و ئەرکە سەرکوتگەرانەکەی ڕژێمەکەوە هەیە لە دژی چینی کرێکار لە خەباتی چینایەتی لە عێراقدا. ئەمە قەیران و گرێکوێرەیەکی لەچارنەهاتووە، بە هۆی سروشتی خودی ڕژێمەکەوە وەك ڕژێمێکی بورژوا ئیسلامی و قەومی ئیستیبدادی و میلیشیایی کە ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە و سەرکوتکردنی خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی ئازادیخواز و کۆمۆنیستە. ئەمە ڕژێمێکە کە بەرژەوەندییە سیاسییە چینایەتییەکانی یەك دەگرێتەوە لەگەڵ بەردەوامبوونی هەژموون و کاریگەریی هەردوو لای ئەمریکا و ئێران لە چوارچێوەی عێراقدا، بەمەش هێزەکانی خۆی لەگەڵ هەردوو جەمسەری شەڕی ئێستای دژ بە بەرژەوەندیی جەماوەری کرێکار و ستەملێکراو لە عێراقدا یەکدەخات.

هەموو ئەم پێشهاتانە جەماوەریان کردۆتە بارمتەی ئەم شەڕە ئیمپریالیستییە لە دژی ئێران کە زیانێکی زۆری بە خەباتی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ژنانی چەوساوە گەیاندووە. بۆیە خاڵی دەستپێکی دەربازبوون لەم دۆخە ناهەموارە و کردنەوەی ڕێگا بۆ گەشەسەندنی ئەم خەباتە، ڕاگرتنی دەستبەجێ شەڕی ئێستایە لە ڕێگەی خەباتێکی نێونەتیی کرێکاران و هێزە ڕزگاریخوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا.

با لە یەکی ئایاردا ئەم درووشمانە بەرز بکەینەوە:

- کۆتاییهێنانی دەستبەجێی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژ بە ئێران و وڵاتانی ناوچەکە!







- با هاوپشتی کۆمۆنیستی نێونەتەوەیی لەگەڵ کرێکارانی جیهان لە دژی سەرمایە و جەنگەکانی بەهێز بکەین!
- شۆڕشی یەنار محەمەد بۆ ڕزگاریی ژن و بونیادنانی جیهانێکی بێ چەوسانەوە، بەردەوامە!

با تێکۆشین لە پێناو بەدەستهێنانی ئەم خواستانەدا:

1- بیمەی بێکاری بۆ هەموو ژن و پیاوێکی بێکار

2- دەوڵەت دەبێت ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی گرانی و دابینکردنی سووتەمەنی بۆ هاووڵاتیان

3- هەموارکردنەوەی پلەبەندیی مووچە و دەرماڵەکان بە پێی یاسا لە بەرژەوەندیی کرێکاران و فەرمانبەران

4- ئازادیی ڕێکخراوبوونی سەندیکایی بۆ کرێکاران لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا

5- مسۆگەرکردنی مافەکانی کرێکارانی گرێبەست و ڕۆژانەکار لە کەرتی گشتیدا

6- دابین کردنی ژینگەیەکی سەلامەت، بە پشتیوانەیەکی یاساییەوە، بۆ ژنانی کرێکار لە شوێنی کاردا، دژ بە هەراسانکردن و توندوتیژی و هەڵاواردن.

7- هەڵوەشاندنەوەی هەمواری کۆنەپەرستانەی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨) و "پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکانی جەعفەری".

8- سیاسەتەکانی ڕادەستکردنی کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت و گۆڕینی پەیکەرەی کۆمپانیاکانی کەرتی پیشەسازی و دەرکردنی کرێکاران، دەبێ هەڵوەشێنەوە.

9- قەدەغەکردنی جیاکاری دژ بە کرێکارانی بیانی کە لە عێراقدا کار دەکەن، لەگەڵ دابینکردنی پارێزگاری یاسایی و کرداری بۆیان.

10- ڕێگریکردن لە کاری منداڵان، دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان و خێزانەکانیان

**بژی یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکاران**

**بژی سۆشیالیزم**

**٢٧-٤-٢٠٢٦**

# بە توندی سەرکۆنەی تاوانی وەرنەگرتن و پێشکەش نەکردنی فریاگوزاری بۆ غەزال مەولان، دەکەین



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی سلێمانی/ ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

بە پێی ڕاگەیەندراوێکی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان)، دوانیوەڕۆی سێ شەممە (١٤-٤-٢٠٢٦) هێرشێکی درۆنی لە لایەن جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە کراوەتەسەر کەمپی ئەو حزبە لە سنوری سورداش سەر بە پارێزگای سلێمانی و سێ ئەندامیان بریندار بوون کە یەکێکیان (غەزال) بووە و برینەکەی سەخت بووە.

بە پێی لێدوانە سەرەتاییەکانی بەرپرسانی ئەو حزبە، (غەزال) دەگەێندرێتە سلێمانی و دەبرێتە خەستەخانەی (شۆڕش) سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و چارەسەرێکی سەرەتایی بۆ دەکرێت، بەو هۆیەشەوە کە برینەکەی سەخت بووە پێویستی بە چاودێری چڕ و فریاگوزاری دەستبەجێ بووە، بەڵام دواتر بە بیانووی نەبوونی قەرەوێڵە و کەمبوونی ئامێرەوە، ڕەت کراوەتەوە.

لەو نێوەدا پەیوەندیان بەچەند خەستەخانەیەکی ترەوە کردووە هیچیان ئامادە نەبوون وەری بگرن، پاشان چوون بۆ نزیکترین خەستەخانەی ئەهلی کە خەستخانەی (بەخشین) بووە، سەرەتا بەڵێنیان داوە کە وەریبگرن، بەڵام کاتێك زانراوە کەیسەکە پەیوەندی بە هێرشی درۆنی جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە هەیە، وەریان نەگرتووە، و بەقسەی بەرپرسانی ئەو حزبە ئەمە بۆتە هۆی دەمەقاڵی نێوانیان و مانەوەی زیاتر لە نیو کاتژمێر لەبەردەم خەستەخانەکەدا. دیارە هەر پاساوێك کە ئیدارەی خەستەخانەی (بەخشین) هەیبێت، لە بەرپرسیارەتیان لەم ڕووداوە کەم ناکاتەوە. دوای ئەوەی (غەزال) بە دواکەوتنێکی زۆر و برینێکی سەخت و دابەزینی لێدانی دڵەوە دەگەێندرێتە خەستەخانەی فاڕووق بەماوەیەکی کەم گیان لەدەست دەدات.

نەخۆش وەیا بریندارێکی سەخت کە پێویستی بە فریاگوزاری دەستبەجێ هەیە و ژیانی بەندە بە خێرایی چارەسەرەکەوە، وەرنەگرتنی لە نەخۆشخانە لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت دژ بە مۆراڵی پیشەی پزیشکییە و دەچێتە خانەی تاوانەوە، چوونکە سپاردنی نەخۆشەکەیە بە مەرگ.
ئەوەی ڕوویداوە هەر کەمتەرخەمی ئیدارە و پزیشکانی خەستەخانەکان نییە، بەڵکو بە پلەی سەرەکی ڕێگرییەکی بە ئەنقەستە و بەشێکە لە سیستمی تەندروستی و بەڕێوەبردنی سیاسی هەرێمی کوردستان لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارە بۆرژوا ناسیونالیستەکانەوە.

ئەوە شەرمەزاری و ڕێسواییە بۆ هێزەکانی دەسەڵات کە هەرێمی کوردستانیان بەجارێك بێبەشکردووە لە خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی، و سەرباری ئەمەش، هەلومەرجێکی ئیداری نامرۆڤانەی وایان سە پاندووە کە ئەم جۆرە تاوانە گەورانە ڕووبدات.

ئێمە وێڕای هاوخەمی بۆ خانەوادە و بنەماڵەی (غەزال) و دۆست و هاوڕێیانی، بانگەوازی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و لایەنێکی بە پەرۆش بۆ ڕێگری لەم جۆرە تاوانانە دەکەین بەشێك بن لە وەڕێخستنی ئەو فشارەی کە پێویستە بکرێت بۆ ئاشکراکردنی هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەم تاوانانە.

١٨-٤-٢٠٢٤



# لە ماڵئاوایی یەنار محمددا



## مەیار عامر

ئەمجارە، لەدەستدانەکە ڕووداوێکی ڕاگوزەر نەبوو کە بتوانرێت بەرگەی بگیرێت یان لێکدانەوەی بۆ بکرێت؛ بەڵکو، هەڵکێشانێکی ڕاستەقینەی بەشێك لە ڕۆحم، بەشێك لە مێژووم بوو کە لەناو دەستەکانی ئەودا پێك هاتبوو. من ماتەمینی ناگێرم نە بۆ ژنێکی سەرپێی لە ژیانمدا، وە نە بۆ ڕابەرێك کە لەگەڵیدا کارم کردووە؛ من ماتەمینی بۆ دایکێك دەگێڕم کە لە کاتێکدا منی داڵدەدا هیچ پشتیوانییەکم نەبوو، داهاتووشم هیچ ڕووخسارێکی ڕوونی نەبوو، و دڵنیاش نەبووم کە بتوانم ڕێگەی ژیان درێژە پێبدەم. لە تەمەنی چواردەساڵیدا بووم کە چووم بۆ ناو شەڵتەرەکە، بارگرانی توندوتیژی هیچ بووارێکی نەهێشتبووەوە بۆ خەونەکانم. ساڵێك پێشتر وازم لە خوێندن هێنابوو، لە پۆلی دووەمی خوێندنی ناوەندیمدا، وەك ئەوەی ژیانم لەوێ وەستابێت، بەڵام تۆ یەنار، منت تەنها وەك قوربانییەك نەبینی؛ تۆ پۆتانسێلێکت ( تواناییەکت ) لە مندا بینی کە لە خۆمدا نەمبینیبوو.

یەکەم جار کە لەگەڵم دانیشتیت، تەنیا پرسیاری کە چی ڕوویداوەت لێ نەکردم؛ لێت پرسیم بۆ ناچیتەوە بۆ خوێندن؟

پرسیارەکە سادە بوو، بەڵام دەرگایەکی کردەوە کە پێم وا نەبوو بوونی هەبێت. تۆ تەنها بە قسە ڕانەدەوەستایت. خۆت دەهاتیت، بەدواداچوونت بۆ خوێندنەکەم دەکرد، دڵنیا دەبوویتەوە کە هەموو شتێکم لەبەر کردووە، بە دەستی خۆت تاقیت دەکردمەوە، وەك ئەوەی لا پەڕە بە لا پەڕە متمانە بەخۆبوونم بۆ دروست بکەیتەوە. تەنانەت پێش ئەوەی خۆم فێر بم چۆن باوەڕم بە خۆم هەبێت، تۆ باوەڕت پێم هەبوو.

وە کاتێك بە نمرەی بەرز سەرکەوتوو بووم، خۆشیەکەم تەنها هی من نەبوو. خۆشی تۆ لە هەموو شتێك گەورەتر بوو. ئەو ڕۆژە، دیاری تەمەنت پێبەخشیم: دەرفەتی ڕاهێنان لە ناو ڕیزەکانی چالاکوانی ڕێکخراوەکە. ئەوە تەنیا دەستکەوتێك نەبوو؛ ئەوە ڕاگەیاندنێك بوو کە من چیتر ئەو کچە شکاوە نیم، بەڵکو ژنێکم لە دۆخی دروستکردندا.

بۆ ماوەی شەش ساڵ، لە تەمەنی ( ١٤ ) تا ( ٢٠ ) ساڵی، تۆ ئەو فەزایە بوویت کە من تێیدا پێگەیشتم. تۆ تەنها پەناگەت دابین نەدەکرد؛ تۆ خەریکی سەرلەنوێ درووستکردنەوەی ژنان بوویت. ئەدەبیاتی بزووتنەوەی ژنانی سۆسیالیستیت فێرکردین، هۆشیارییەکت تیا چاندین کە ستەم ڕەتدەکاتەوە، دەرگای مەعریفەت و کارت بۆ کردینەوە.

لەناو ئەو شوێنەدا فێری بەرهەمهێنانی ڕادیۆیی و پێشکەشکردنی بەرنامە و نووسینی ووتار و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی بووم بۆ ڕۆژنامەی "ئەلموساوات" ( یەکسانی ). ئەوە تەنیا ڕاهێنان نەبوو؛ ئەوە گەڕاندنەوەی دەنگەکەم بوو کە لێم دزرابوو.

پاشان ساتێکی تر هات کە هەرگیز ناتوانرێت لە بیرمدا بسڕێتەوە. لە ساڵی پێنجەمی ئامادەیی بووم، کاتێك سیستەمی لێبوردنی گشتی ( الاعفاء العام ) گەڕێنرایەوە، منیش لەنێو ئەو کەسانە بووم کە بەهۆی نمرە بەرزەکانمەوە مەعفوو بووم. من قەوارەی ئەو دەستکەوتەم تێنەدەگەیشتم، بەڵام تۆ لەجیاتی من لێی تێگەیشتبووی. کاتێك پێم وتیت، تۆ لە باوەشتدا هەڵتگرتم و دەنگت بە هەلهەلە بەرز بووەوە- دەنگێك کە تەنها لە خۆشی ڕاستەقینەوە دێت، لە شانازیەکی قووڵەوە. ئەوە ساتێکی ڕاگوزەر نەبوو؛ ئەوە دانپێدانانی تۆ بوو کە ئەو هەموو ماندووبوونەم بێهودە نەبووە.

لە کۆنفرانسی شازدەهەمی تۆڕی بازرگانیکردن بە ژنان داوات لێکردم ئەنجامەکانم بهێنم. تازە لە پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکانم لەسەر ژنکوژی تەواو بووبووم، هەوڵم دەدا دەنگێك بم بۆ قوربانیانی وەك خۆم. هەر کە وتەکەم تەواو کرد، گوێم لێبوو دەنگت بەرز بووەوە، شانازی بە منەوە دەکەیت، و بە هەمووان ڕادەگەیەنیت کە لێبوردنی گشتیم بەدەست هێناوە. ئەوە نمایشێك نەبوو؛ بەڵکوو پشتگیری بوو، ئاهەنگ گێڕانێك بوو بۆ من بە بەرچاوی جیهانەوە.

بینیم، دەستەکان بە چەپڵە لێدان بەرزکراونەتەوە، بەڵام من تەنها چاوەکانی تۆم ئەبینی... ئەو نیگایەت کە دەیگوت "شانازیت پێوە دەکەم".

تەنها دوو ڕۆژ پێش ئەوەی مەرگ بتبات..

بڕیار بوو یەکتر ببینین. بەروارەکە نزیك بوو، دیاریکراوبوو، بەروارێك کە بۆ من مانایەکی تایبەتی هەبوو: (٨)ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، ڕۆژێك کە لە تۆ دەچێت و تۆش لەو دەچیت. ئەوە تەنیا کۆبوونەوەیەکی ئاسایی نەبوو؛ ئەوە یەکگرتنەوە بوو دوای جیابوونەوەیەکی زۆر، کۆبوونەوەیەك کە بە دڵ و بە گیان خۆمم بۆی ئامادە دەکرد.

بەڵام هەواڵەکە وەك هەورە برووسکە هات. ئەوە تەنها هەواڵی مردن نەبوو... ئەوە داڕمانی تەواوەتی هەموو چاوەڕوانیەکانم بوو. ئەو ساتە منی شکاند، کەوتمە سەر ئەژنۆم، وەك ئەوەی لەناکاو زەوی لە ژێر پێم ڕاکێشرابێت.

تا ئێستاش... ناتوانم ئەوە تێ بگەم. چۆن دەبێت کەسێك کە بەشێك بوو لە ڕزگاری من بمرێت؟ چۆن دەبێت کەسێك کە هۆکاری بەردەوام بوونم بوو، دیار نەمێنێت؟

لەدەستدانی تۆ، یەنار... وەك هیچ لەدەستدانێکی تر نییە.
تەنها لەدەستدانی کەسایەتییەکی گشتی، یان سەرکردەیەکی خەباتێك نییە. لەدەستدانی دایکێکە، پشتیوانێکە، ئاوێنەیەکە کە تێیدا خۆمم بە شێوەیەکی جوانتر دەبینی.

تۆ دەتویست ببمە پارێزەر، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی گەورەی بزووتنەوەی ژنان، یان ئەندازیار. تۆ داهاتوویەکت بۆ من پێشبینی دەکرد کە بە خەونیش جورئەتم نەدەکرد بیبینم.
تۆ تاکە کەس بوویت کە دەستت بۆ درێژ کردم لە کاتێکدا کە لە لاوازترین ئاستمدا بووم.
تۆ ئەو کەسە بوویت کە شکاوی منت لە باوەش گرت و ئەوەی لەناومدا شکا بوو چاکت کردەوە.
وە ئەمڕۆ... هەست دەکەم بەشێکی گەورەی خەونەکانم لەگەڵ تۆدا ڕۆیشتووە.

وەك ئەوە وایە ئەو ڕێگایەی کە ڕۆشنت دەکردەوە هێندەی تر تاریکتر بووە.
هەوڵ دەدەم بنووسم، بەڵام زمان خیانەتم لێدەکات.
هەوڵدەدەم وەسف بکەم، بەڵام وشەکان لەبەردەم ئەم لەدەستدانەدا بێدەسەڵات وەستاون.

تەنها ئەوەندە دەزانم... کە من هەمان ئەو کەسە نیم کە پێش ئەوەی تۆ بناسم، و هەرگیز دوای کۆچی دوایی تۆ وەك جاران نابم.

بە ئارامی بخەوە دایکم... تۆ کە منت کردە ئەو ژنەی ئەمڕۆ.

٤-٣-٢٠٢٦
(لە عەرەبییەوە تەرجومە کراوە بۆ کوردی)

# کەوسەر بەشار، قوربانی تیرۆر و وەحشیگەری نێو کۆمەڵگە!

## شیرین عەبدوڵا



کوشتنی هەمەجیانەی ئەم دواییەی کەوسەری تەمەن ١٥ ساڵ لە گەڕەکی نەهرەوان لە بەغدا، لەلایەن کەسوکاری خۆیەوە بە نەریتی "کوشتنی شەرەف"، تیشکی خستە سەر دیاردەی غەسل العار، کە بە پێی ئەم نەریتە کۆنە پەرستیە، بە بڕیاری کۆمەڵگە، و پلانی باش داڕێژراو، بڕیار دەدرێت بۆ کوشتن و لەناوبردنی ژنێك لە لایەن ئەندامانی نێری خێزان یان عەشیرەتەکەیەوە.. تاوانەکەش؛ تێکدانی سەقامگیری هەیکەلی پیاوسالاری کۆمەڵگەیە! شەڕی چارەنووسە کە تێیدا چاوەڕوانیی ئەوەیە کە خزمێکی نێر، بە شێوەیەکی کاریگەر، و بە بەرچاوی کۆمەڵگەوە، شەرمەزارییەکە لە خۆی و خێزانەکەی لاببات.
لە مانگی نیسانی ٢٠٢٠ کاتێك هەواڵی دڵتەزێنی مردنی ژنە گەنجەکە "مەلاك الزوبەیدی" بە سووتاندن، وەك دایکی بە "تیرۆری خێزانی" وەسفی کردبوو، بڵاوبووەوە، یەنار محەمەد وتی "ئەگەر مەلاك زوبەیدی بگەیشتبایە شەڵتەرەکانمان، ئەمەی بەسەردا نەدەهات".

بە هەمان شێوە، نە کوشتنی کەوسەر حەتمی بوو، و نە مردنی ئەو ژمارە زۆرەی ژن و کچ لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا، کە ڕۆژانە دەرگیری شەڕی چارەنووس دەبن لەگەڵ دەسەڵاتی پیاوسالاری، وهەژموونی عەشیرەتییەوە. تاکەکان، لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا دەبنە تاوانکار و بکوژ. نێرەکان، ناچار دەبن، هەندێك جاریش بە دەرەوەی ئیرادەی خۆیان، لە ژێر فشاری کۆمەڵگەدا، کە دەستیان بچێتە خوێنی مێیەکانی خێزانیان.

ئێستا شەش ساڵ بەسەر کوشتنی مەلاکدا تێپەڕیوە، توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی خێڵەکی دژ بە ژنان لە عێراقدا- کە زۆریان بێ ڕا پۆرت دەمێننەوە - بەردەوامە، وهەروەها بێباکیی دەسەڵاتە پیاوسالارە یەك لە دوای یەکەکان و دواخستنی دەرکردنی یاسای توندوتیژی خێزانی بەردەوامە.
یەنار محەمەد، کە سەدان ژنی لە تیرۆری کۆمەڵ و تیرۆری خێزان ڕزگار کردبوو وژیانی خۆی تەرخان کرد بوو بۆ ڕێگا ڕۆشنکردنەوە بۆ ژنان وە هۆشیارکردنەوەیان بەوەی کە ناچار نین تەسلیمی ناداد پەروەری بن، و دەتوانن بە خۆیان چارەنووسی خۆیان بگۆڕن، زۆر بە دڕندانە کوژرا.

کوشتنی یەنار، وەك پەیامێکی سامناك بوو بۆ ژنانی عێراق کە شەڕ دژی ئەوان و هەموو ئەوانەی بەرگرییان لێدەکەن بێوچان و بەردەوامە.
کوشتنی کەوسەریش هەڕەشەیەك بۆ هەموو کچێك دەنێرێت کە بیر لە شێواندنی هەیکەلە چەقبەستووەکانی پیاوسالاری بکاتەوە. بەم شێوەیە نیوەی کۆمەڵگا کۆنتڕۆڵ دەکەن: لە ڕێگەی توندوتیژی و تیرۆرەوە.

کەوسەر کە دەبوو وەك منداڵێك لە سەرەتای ژیانیدا بەدوای خەونەکانیەوە لە خوێندن و ژیانێکی سەلامەتی هەبێت، منداڵییەکەی لێ دزرا. ناچار دەکرا واز لە هەموو هیواکانی بهێنێت و ملکەچی بەرپرسیارێتییە بێوچانەکانی هاوسەرگیری و ماڵ ومنداڵ بێت، لە ژێر کاریگەری نەریت و دابی خێڵەکی و پیاوسالاریدا.

کەوسەر خۆی بەدەست ئەم توندوتیژییە نەدا، سەرەڕای ئەو مەترسیانەی کە لەم ڕێگایەدا هەبوون، ڕووبەڕووی ناداد پەروەری و تیرۆری کۆمەڵ بووەوە.

کوشتنی یەنار، چارەنووسی کەوسەرەکان و مەلاکەکان ئەخاتە بەردەم مەترسی زیاترەوە، ئەرکی ئازادیخوازانە هەرچی پەیگیرانەتر ڕێگەی خەباتی یەنار بەرەو پێش بەرن.

١٧.٦.٢٠٢٦

# ژنكوژی بۆسڕینەوەی لەكەی شەرەف، چەقۆی پیاوسالاری یە لەدڵی ئینسانیەت !

## جەمال كۆشش

**ئەركی كۆمۆنیستەكان بەرامبەر ئەم بەربەریەتە ..لەڕێزگرتنی خەباتی هاوڕێ یەناردا!**

كەوسەر بەشار، كیژۆڵە نازدارەكەی نەهروانی بەغدا، بە ١٣ ساڵی لەقوتابخانە بۆبە مێرددانی بە ئەلكهولیكەرێكی بەتەمەن دەریدەهێنن، یەكساڵ لەدۆزەخی ئەم پیاوەدا، لەنێو تۆران وخۆحەشاردان لەزیندانی ماڵە باوك وئەشكەنجەی ماڵە مێرددا تا ساڵێك لەمەوبەر لەدادگا جیابووەوە. لەگەڵ نزیكبونەوەی گواستنەوەی بۆ ئامۆزاكەی كە بەرلەماوەیەك بەهۆكاری ئیدمان وفرۆشتنی "كریستاڵ" لەزیندان ئازادكرا بوو، لەماڵ هەڵدێت، لەكۆلانەكەیان، تاوانبارێكی دی ڕایدەكێشێتە ژوورەو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تەعدای دەكاتە سەرو دواتر دەیداتەوە ماڵە بابی. لە٦ی ئایاری ئەمساڵ كە تازە دەبووە ١٥ ساڵ، پیاوانی عەشیرەت، بەمام وبرازاو براوە، بەشڕە قەمەرەیەك دەیبەنە ناوچەیەكی لێرەوارو وچۆڵەوانی ، كە پێشتر نیوە گیانیان كردبوو، دە گوللە بەسەر دڵیەوە دەنێن و لەكەندێك فڕێدەدەن وجێدەهێڵن . حەشامات دەگەڕێننەوە ماڵ ، ئاهەنگی مەرگ وسڕینەوەی لەكەی شەرەف دەگێڕن وفیدیۆكە بۆ ڕای گشتی بلاودەكەنەوە.





دوعا خەلیل ئەسوەد،( ١٧ ساڵ ) لەسەرەتای نیسانی ٢٠٠٧دا، لەگوندی ( بەحزان ) ی قەزای شێخان. كیژۆڵەیەكی ئێزیدی دەكەوێتە پەیوەندی سۆزدارییەكی سادە لەگەڵ كوڕێكی موسڵمان لەشاری موسڵ. دەنگۆكە گەیشت بەباوكی ، ئەویش لەماڵەوە زیندانی كرد هێندەی بە پێویست زانی لەئازاردانی دوعا، هەڕەشە خوێناویی وتوندەكانی مام وبرازاو پیاوانی عەشیرەت كە" ئابڕوی خێڵەكە"ی لەكەدار كردووە، دوعا لەفورسەتێكا هەڵدێت، باوكی پۆلیس ئاگادار دەكاتەوە، هەرئەوڕۆژە دەیدۆزنەوە ولەبەر گەورەیی مەترسی لەسەر ژیانی ( دوعا )، تەسلیمی ( شێخ سلێمان )یان كرد لەبەعشیقە بۆ ماوەی هەفتەیەك مایەوە. لەو ماوەیەدا ڕوون بووەوە كەدوعا نە ئاینی خۆی گۆڕیوە ونە پەیوەندییەكی بەهێز لەگەڵ ئەو كوڕەدا هەیە. بەلام مام وئامۆزاكانی گوشارییان دەخستە سەر شێخ كە دوعایان تەسلیم بكات. تا بە پڕكردنەوەی بەڵێننامەیەك بەمامی تەسلیمی دەكەنەوە. ئەو ماشێنەی كەدوعای بۆ گوندەكە دەگەڕاندەوە، سەدان كەس ولاوان لە پێشوازی وەستابوون بۆ بەردبارانكردنی وەحشیانەی ئەو نێچیرەی كەتەنها هاواری دەكرد وتا هێزی تیا بوو لاشە ڕوتەكەی دادە پۆشی ، بۆ ماوەی چل دەقە ئەم بریندارە گیانەلا دەكات، پاش ئەوە لاشەكەی لەنێو خوێن وخۆڵدا فڕدەدەن وفیدیۆكان تا ئێستاش نەسڕاونەتەوە.. لەڕا پۆرتی پزیشكدا هۆكاری كوشتنەكەی ( میشك تەقین بەهۆی بلۆك وشكانی بربرەی پشتیەوە ) بووە. فلمەكان كەبلاوبونەتەوە ئەم كەرناڤالی وەحشەتە نزیكەی هەزار بۆ دوو هەزار كەس تیایە كە شەرەفی عەشرەت وخێڵەكەیان بە مەرگی ئەو پە پولەیە پاك دەكەنەوە.

تەیبە عەلی( ٢٢ ) ساڵ ،یوتوبەرێك كەتوانی



لەماوەیەكی كەمدا زیاتر لە٢٠ هەزار



فلۆوەری هەبێت، لە ساڵی ٢٠١٧ ەلەتورکیا لەدەست ئازاردانی براکەی لە تورکیا دەمێنێتەوە کە بەخێزانی سەفەریان بۆی کردبوو. پاش ئەوەی کەلەگەڵ باوکی وخێزانەکەی قسەدەکات وبەڵێن دەدات کە ئازاری نادت، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، شەوی ٢٠٢٣/١/٣١ ، باوکی دەیخنکێنێ، تاوانی ئەم کچە، زڕاندنی شکۆو وئابڕوچوونی شەرەفی خێزانەکەیەتی. بەیانی باوکی خۆی تەسلیم بە پۆلیس دەکات، دادگا پاش ٦ مانگ لەزیندان ئازادی دەکات.

ماریا سامی (ئیمان سامی مەغدید)،



لەدایك بووی ٢٠٠٢ ی شاری هەولێر، گۆرانیبێژوهەڵسوراوێکی نێوسۆشیال میدیا، منداڵیەکی زۆر ناخۆش، جیابونەوەی دایك وباوك ، خێزانێکی کۆنە پەرست، خۆی بە ١٧ ساڵی شوی کردو جیابونەوە، براکەی( ١٧ ساڵ ) بۆ کوردستان ٢٤ بەخوێن ساردی دەڵێت هەوڵمدا " ڕێگا ڕاستی" نیشان بدەم، نەهات، کوشتم. بەڵام دایکی دەڵێت، بەفیتی مام وخزمەکانی ترەوە بووە، لە ٦ مارسی ٢٠٢٢ کوشتیان.

باوکێك هەردوو کچەکەی دەکوژێت، دوای ئەوەی کە بەڵگەنامەی لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە پێ پڕدەکەنەوە کە ئەزیەتی کچەکانی نەدات. کچە گەورەکەی لەگەڵ کوڕێکی هاوڕێی سەفەر دەکەن بۆ شارێکی دی، لەوێ کوڕەکە خۆی لێیان دەدزێتەوە. خوشکە بچوکەکە لەترسی باوکی بەگەڵ خوشکە گەورەکەی دەکەوێت. کچەکان داوای پەناگەی ئارام دەکەن.

گۆڕستانەکانیانش، بێ ناونیشان وبێ مێژوو، بێ سەوزایی، بێ سەردانی، بێ کەس وەك لە شاری سلێمانی، یان گۆڕستانی " المختئات" لەناسریە.

یەنار لە مەرگی مەلاك حیدر زوبیدا( ٢٠ ساڵ )،ڕایگەیاند ئەگەر بگەیشتایە لای ( ڕێکخراوی ئازادی ژن )، ئێمە نەماندەهێشت، ئەم کارەساتە ڕوبدات، یەنار هەزاران ژنی لە کوشتنی حەتمی ڕزگارکرد. یەنار لە جەرگەی ئەم جەنگەدا بوو. لەوانەش گرنگتر بردنەوەی شکایەتی داخستنی " پەناگەی ژنان" و هەڵوەشانەوەی " ڕێکخراوی ئازادی ژن" کە نوسینگەی سەرۆك وەزیران ڕاستەوخۆ شکایەتی کردبوو لە ( یەنار ).

بەڵام ئەم خەباتە چ پەیوەندییەکی بە خەباتی سۆشیالیستی وکۆمۆنستیەوە هەیە؟ تێگەیشتن لە خەباتی یەنارو ڕێکخراوی ئازادی ژن، بەتەواوی ئەو پەیوەندییە بەرجەستە دەکاتەوە. "بۆ ئەوەی پێگەی چینایەتی خۆمان بزانین" یەنار دەنوسێت " ڕێکخراوی ئازادیی ژن ، کە زۆربەی کات لەو واقیعە زیندووەوە دەستی پێدەکرد کە ملیۆنان ژن تێیدا دەژین؛ واقیعی سەختییەکانی خوێندن، کار، توندڕەویی ئیسلامی، هەژاری و ئەو پاشکۆیەتییەی بەسەر ژندا سەپێنراوە. ئەمەش وای کردووە هەزاران ژن و کچ لەو دڕندەییەی عەشیرەتی پیاوسالارانە ڕابکەن.' هەر لەو وتارەیدا دەنوسێت: ڕێکخراوی ئازادیی ژن سووره لەسەر بنیاتنانی بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ڕەزامەندی و "شەرعیەتی یاسایی" بکات لە دەوڵەتی ئیسلامییە توندڕەوەکان و ئەو عەشیرەتانەی کە خۆیان لە سەرووی هەر یاسایەکەوە دەبینن. ئێمە لە ڕێکخراوی ئازادیی ژن ئاوڕ لە دۆخی ژنانی پرۆلیتاریا دەدەینەوە کە پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا لەدەستداوە بەهۆی نەبوونی کارەوە، بەهۆی لەدەستدانی گۆڕانی بەهۆی خێزانی، پاراستنی چەمکە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە هێرشە و پیاوسالارییەکان کردوویاننە ئامانج گۆڕیویانن بۆ کەرەستەی کۆیلایەتی، خزمەتگوزاری و چێژ و دەرکردنیان لە دەرەوەی کۆمەڵگەی عەشیرەتەکەیان ئەگەر دژی گۆڕانیان بۆ ئامراز و کاڵایەك کە بازرگانییان پێوە بکرێت." یەنار زۆر بەڕوونی لەمافی هاوڵاتی بوونی پرۆلیتاریای ژن بەتایبەت ، مافی ژیان وسەروەرییەکانی بەهەموو مانایەکی کۆمۆنیستی تێدەکۆشا ولەبەرامبەر هیچ دەسەڵاتێك ومیلیشیا وباندی تیرۆریستی وهەڕەشەیەك کۆڵی نەدەدا .

## ئەم توندوتیژییەی دژی ژنان بۆ؟ ئەمە لەنێو چ سیستەمێکی یاسایی وکۆمەڵایەتی وئەخلاقیدا پەیڕەو دەکرێت؟

ئەم پرۆسەی ڕامکردنە بۆ هەژموونداری ئەم دەسەڵاتە پێویستە، لەئابڕوو، خێڵ، ئاین، نەتەوە، دەبنە بەشی پێکهێنەری کلتوری شەرعیەتدان بەم تاوانە. ئەم کردەوەیە، وا دەردەکەوێت کەتاوانێکی شەخسی و پەیوەندی بەمۆڕاڵ وسۆزی کەسەکانەوە هەبێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم کوشتارە لە نێو بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی پیاوسالاریدا بەقووڵی ڕەگی داکوتاوە. پیاوسالاری سەردەمی ئێمە پەیوەندییەکی پتەوی بە هەژاری، شەڕ، ئاوارەیی، بێئاسۆیی ونائارامیەوە هەیە. ئەمانە دیاردەی سەرمایەدارین وژنکوژی لەکرۆکی دامەزراندن وڕکێفکردنی ژناندایە لەژێر هەژموونی پیاوسالاری. یەنار بۆ هەمیشە دڵی ئەو شۆڕشەیە کەبۆ ڕزگاری ژن لێدەدات.



# بە بۆنەی گیان لەدەسدانی هاوڕێی ئازیز جەلیل شەهباز



زۆر بەداخەوە هاوڕێی ئازیزمان جەلیل عەبدال شەهباز، دوێنێ دوو شەممە (٤-٥-٢٠٢٦)، لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر، پاش کاتیکی کەم لەگەیشتنی بە نەخۆسخانەی ئەو شارە کتوپڕ دلی لە لیدان راوەستا و گیانی لەدەستدا. ئەم هەواڵە داخ و پەژارەیەکی قوڵی خستە ناو دڵی هەموو کۆمۆنیست و ئازادیخوازێکی کوردستان و عێراقەوە و ناخی هەموومانی هەژاند.

هاوڕێ جەلیل کە ناسرابوو بە نازناوی (هاوڕێ سەلاح) کادرێکی بەرجستەی ڕێکخراوی (کارگەران) بوو لە سەرەتای سالآنی هەشتاکانی سەدەی بیست و پاشانیش لە ناو (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە لەگەڵ دروستبوونی ئەو ڕێکخراوەدا، و لەگەڵیشیدا یەکێك بوو لەو کادرانەی کە لەسەرەتای نەوەتەکاندا بەشدار بوو لە پێکهێنانی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)دا.

ئەو بەدرێژایی تەمەنی شێلگیرانە سوربوو لەسەر خەباتی کۆمۆنیستی و بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان. کار و چالاکییەکانی ئەو یەکێك بوو لە پایەکانی پەرەپێدان و بەهێزکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە دەڤەری بادینان و لەناو زانکۆی موسڵ ، و توانی لەو دەڤەرەدا بەلێهاتووی و کاریگەری بەرجەستەی خۆی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست لەوێدا لە دەوری ڕیکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) ڕیکبخات و پەرە بە سەرجەم هیزو توانی ئەم ریکخراوە و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بدات.

دواتریش هاوڕی جەلیل کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوێکی بەرجەستەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی عێڕاق بوو هەم لە ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وهەم لە دوای جیابوونەی لەو حزبە یەکیك بووە لە دامەزرێنەرانی (حزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپی عێراق)، و دوتراش وە تا دوا ساتەکانی ژیانی دریژەی بە خەباتی خۆیدا لە بادینان.


لەدەستدانی هاوڕێ جەلیل خەسارەتێکی گەورە یە بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و وەفادری بەو درێژەدان و بەرزڕاگرتنی ئەو مەشڵەخەڵەیە کە ئەو بەرزی کردبۆوە.

لەناخەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بەرێز بەریڤانی هاوژینی و منداڵەکانیان و سەرجەم خانەوادەکەی و کەسوکاری، و هاوڕێ و دۆست و ئاشنایانی دەکەین.

یاد و یادەوەرییەکانی هەمیشە بەرز و بەرێزە و بەزیندوویی لە دڵماندا دەمێنێتەوە.

ڕاگەیاندنی ناوەندی/ ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێڕاق
٥-٥-٢٠٢٦

# بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیز شاکر ئەلناسری



بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیزمان، (شاکر ئەلناسری )مان پێگەیشت، کە ڕۆژی چوار شەممە ( ٢٢ی نیسانی ٢٠٢٦ ) گیانی لەدەست دا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، کە بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر ڕووبەڕووی ئازارەکانی بۆوە و نەیهێشت لە ئیرادە و ورەی کەم بکاتەوە.

هاوڕێ شاکر ئەلناسری سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەدایکبووە، ئازاری خەڵك و بەش مەینەتییەکانی جەماوەری زەحمەتکێش سەرچاوەی هوشیارییەکەی بوون، بۆیە جگە لە کۆمۆنیزم هیچ ڕێگایەکی تری هەڵنەبژارد و هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە پەیوەست بووە بە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە لە عێراق، و خەباتی کردووە دژ بە ڕژێمی بەعسی فاشیست لە هەلومەرجێکی سەختی سەرکوت و ڕاوەدوونانـدا، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.

ئەو خەباتکارێکی پەیگیر و ڕێکخەرێکی مەیدانی بوو، بەشدار بووە لە دامەزراندن و کارکردن لەناو چەندین ڕێکخراوی کۆمۆنیستیدا کە کێشە و گیروگرفتی چینە زەحمەتکێشەکان و داکۆکیکردن لە مافەکانیانی لەبەرچاو گرتووە، و بەرەنگاری دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەمن بۆتەوە تا ئەو کاتەی چالاکییەکانی ئاشکرا بوون، و ناچار لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا هات بۆ کوردستانی عێراق تا لەوێ لە پێگەیەکی نوێوە درێژە بە کاروانی خەباتی خۆی بدات.

بەشداری لە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا کردووە و چەندین ئەرك و بەرپرسیارێتی حزبی و هەروەها چالاکیی جەماوەری لە ئەستۆ گرتووە، بەتایبەتی لە داکۆکیکردن لە مافی ئاوارەکان کە لەدەست زوڵموزۆریی ڕژێمی بەعس هەڵاتبوون. ئەمەش هێزەکانی (ئاسایش)ی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانی توڕە کرد و بووە هۆی دەستگیرکردنی خۆی و ژمارەیەك لە هاوڕێیانی حیزبی بۆ ماوەی دوو مانگ.

دوای جێهێشتنی عێراق، لە دانیمارك نیشتەجێ بوو، لەوێش لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری حزبی بەردەوامی بە کاروانی خەباتی خۆیدا. خاوەن توانایەکی نووسینی نایاب و ناوازە بوو؛ جگە لە نووسینی ڕۆژانەی لە میدیا جۆراوجۆرەکاندا، چەند کتێبێکیشی بۆ بەجێهێشتووین، لەوانە شاکارێك لەسەر ڕاپەڕینی جەماوەری ناسراو بە (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)، بە ناوی "شەبەنگی ئۆکتۆبەر: یاداشتی ڕۆژانەی نارەزایەتییەکانی عێراق ٢٠١٩". نووسینەکانی خاوەن ستایلێکی ئەدەبیی بەرز و کاریگەر بوون، کە ڕەنگدانەوەی قووڵایی ئەزموونەکەی و لایەنگری ئەو بوو بۆ هیوا و ئاواتی گەنجان و جەماوەری کرێکار. ئەو لە چاوی گەنجانی شۆڕشگێڕدا ڕەنگدانەوەی خەونەکانی خۆی دەبینی بۆ ئازادی و یەکسانی و بڕوایەکی پتەوی بە ڕۆڵی جەماوەر هەبوو لە هێنانەدی گۆڕانکاریدا.

هاوڕێ شاکر تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی وەفادار مایەوە بە پرەنسیپەکانی سۆسیالیزم و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی، وە خەباتی دەکرد بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەك کە ئازادی و یەکسانی تێیدا زاڵ بێت. تەنانەت لە لوتکەی ئازاری جەستەیی و لە ژێر فشاری چارەسەرە سەختەکانیشدا؛ هەرگیز ناڵە و هاواری منداڵانی غەززەی لەبیر نەکرد و کۆڵی نەدا لە سەرکۆنەکردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی بەربڵاو لە پێکهاتەی ئەم ڕژێمەی عێراق و کاریگەرییە وێرانکەرەکانی لەسەر کۆمەڵگا. ئەو وەك داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان مایەوە. کەسێك بوو نائومێدی و خۆبەدەستەوەدانی نەدەناسی، نموونەیەکی بەرزی بێوێنەی هاوڕێیەتی و دڵسۆزی بوو. خاوەن دڵێکی فراوان و هەستێکی بەرزی مرۆڤایەتی بوو. شوێنپەنجەیەکی نەسڕدراوەی لەسەر دڵی هاوڕێ و دۆستەکانی بەجێهێشت، و وەك چرایەکی هیوا بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانناسی مایەوە.

هاوڕێ شاکر بەجێیهێشتین، بەڵام میراتێکی خەباتی لە دوای خۆی بەجێهێشت کە بزربوونەکەی نایسڕێتەوە.

لە قوڵایی دڵمانەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هاوسەرە ئازیزەکەی، ئیبتیهال حسێن و منداڵەکانیان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی و هاوڕێ و دۆست و ئازیزانیان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەیانین.

یاد و یادەوەری و هیوا و ئاواتەکانی ئەو بۆ هەمیشە بە زیندوویی لە دڵماندا دەمێنێتەوە.

لیژنەی ڕاگەیاندنی ناوەندی / ڕێکخراوی
بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٢٣-٤-٢٠٢٦

# لە قوربانیانی ئێپستینەوە بۆ کەنیزەکەکانی داعش

## سیستەمە سیاسی و دادییەکان گوێ نادەنە تاوانەکانی دەستدرێژی، کۆیلایەتی و بازرگانیکردن بە مێینە!

نزیکەی حەوت هەزار لە زیندانیانی داعش لە زیندانەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات ( هەسەدە ) لە سوریاوە بۆ عێراق دەگوازرێنەوە، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی دادگاییکردنیان لە لایەن دادوەریی عێراقەوە لەسەر تاوانە تیرۆریستییەکان؛ هیچ ئاماژەیەك بە دادگاییکردنی بەرپرسانی تاوانەکانی کەنیزەککردن و بازرگانیکردن بە ژنان و کچانی نەوجەوان ناکرێت، یان تەنانەت ئەو تاوانانە بخرێنە ناو چوارچێوەی تاوانە تیرۆریستییەکانەوە. وەك بڵێی دەستدرێژیکردنە سەر کچان یان ژنانی سەبی کراو لە دیدی یاسای عێراقییەوە تاوانێکی جدی نەبێت ئەگەر کەسێك دوایەك پێشکەش نەکات. لە هەمان کاتدا، دەیان کەس لە قوربانیی تاوانباری ئەمریکی "ئێپستاین" لەبەردەم دادگاکان وەستاون و داوای لێپرسینەوە لە هەموو ئەو کەسانە دەکەن کە بەشداربوون لە پرۆسەی بازرگانیکردن پێیان و دەستدرێژیکردنە سەریان لە سەردەمی منداڵییاندا، ئەمەش دوای ئەوەی سیستەمی دادوەری بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە چاوی لە مافەکانیان پۆشیوە.



ئێپستاینی تاوانبار دەرگای کۆشکەکانی بۆ چینی بۆرژوای دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندترین کەسانی جیهانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا والا کرد تا دەرفەتی داڕنینی جەستەی کچانی تەمەن بچووك و دەستدرێژیکردنە سەریانی بۆ ڕەخساندن، ئەو کچانەی کە بە جۆرەها بەڵێنی درۆینە هەڵخەڵەتێندرابوون و وەك زیندانی و دەستبەسەر ڕاگیرابوون. ئەمە بە هەموو مانایەك تۆڕێکی بازرگانیکردنە بە کچان و ژنان؛ کە تێیدا کچە هەژار و بێدەرەتانەکان وەك کاڵایەکی بێ ڕۆح و هەست مامەڵەیان پێوە دەکرێت، لە کاتێکدا کڕیارەکە پیاوێکی سەرمایەدار یان سیاسییە و مافی چێژوەرگرتنی تاوانکارانە و نەخۆشانە بە خۆی دەدات. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ناپاکی و دژایەتییەکانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی دڕندەیە کە سەرمایەداری نێرینەی دەوڵەمەند دەخاتە لوتکەی هەرەمی ئیمتیازاتەکانەوە، لە کاتێکدا کچە منداڵی بێدەرەتان تەنانەت لە مافی پاراستنی جەستە و کەرامەتیشی بێبەش دەکرێت.

تاوانەکانی داعش لە عێراق و سوریا، لە جۆری بازرگانیکردن بە ژن و کچان و فرۆشتنیان وەك کاڵا بۆ کات بەسەربردنی چەکدارە تاوانبارەکانیان، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو تاوانانەی ئێپستاین لە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵی و مێینەیی و ڕێکخستنی پرۆسەی چێژوەرگرتن لە کچانی نەوجەوانی دەستبەسەرکراو ئەنجامی داون.

دادوەریی عێراق لەم ڕۆژانەی دادگاییکردنی داعشییەکاندا، لەبەردەم تاقیکردنەوەی ئاستی مرۆڤدۆستی یان دڕندەیی خۆیدا بەرامبەر بە ژنان ڕاوەستاوە؛ ئایا وەك تاوانێکی تیرۆریستی مامەڵە لەگەڵ کۆیلایەتی و کڕین و فرۆشتنی کچان دەکات و بەدوای ئەوانەدا دەگەڕێت کە بازرگانییەکەیان ڕێکخستووە و وەك تاوانباری جەنگ دەیانناسێنێت؟ یان چاوپۆشی لە کۆیلەکردنی کچان و ژنان و کوشتنی هەندێکیان لەو پرۆسەیەدا دەکات، وەك بڵێی هیچ ڕووی نەدابێت، هاوشێوەی ئەوەی هەندێك لە دادگاکانی ئەمریکا بۆ ماوەی دوو دەیە هەوڵیان بۆ دا؟

ڕەنگە هەندێك کەس لێپرسینەوەی فێمینیستی لە دادوەریی عێراق لەم وەرچەرخانە مێژووییە گرنگەدا بە بێسوود ببینن، بەو بیانووەی کە یاسای نوێی باری کەسێتی و دەقە شەرعییە جەعفەرییەکەی، ڕێگە بە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان دەدات و وەك کۆیلە مامەڵە لەگەڵ ژن دەکات. هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بەوە ئەوەیە کە پەرلەمانی عێراق دیلی ڕێنماییە سیاسییەکانی حکومەتی ئیسلامیی تارانە و ئەم یاسایە لەگەڵ هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران هەڵدەوەشێتەوە. لە نێوان هەموو ئەم گۆڕانکارییانەدا، دادوەریی عێراق لەبەردەم جەماوەری ژنانی عێراق و لەبەردەم کۆمەڵگەدا بەرپرسیارە بەرامبەر بە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ تاوانە ڕێکخراوەکانی بازرگانیکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان لە لایەن تاوانبارانی داعشەوە.

ئایا دەبینە شاهیدی هەڵوێستێکی شکۆمەندانە لە لایەن دادوەریی عێراقەوە کە بەشێك لە دادگاکانی تەرخان بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی کۆیلایەتیی بەکۆمەڵ دژی ژنان؟ یان بەردەوام دەبێت لە چاوپۆشیکردن لە هەموو ئەو تاوانانەی ڕووبەڕووی ژنان و کچان بوونەتەوە بەهۆی ئەوەی دادوەرییەکی نێرینەیە و بایەخ بە ئازاری هەزاران ژن، بەتایبەتی ژنانی ئێزیدی نادات؟

ئەم پەیامە نە تکایە و نە داواکاری، بەڵکو دادگاییکردنێکی فێمینیستییانەی دادوەریی عێراقە، کە دەبێت سەلمێنەری بێلایەنی و شایستەیی خۆی بێت و نیشانی بدات کە شایەنی پێگە و پۆستەکەیەتی لە بەرگریکردن لە هەر هاوڵاتییەکی مێینەی عێراقی، یان هەر ژنێك کە لە ناو خاکەکەیدا کۆیلە کراوە. ئێمە داوای توندترین سزا بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە دژی ژنان و نەوجەوانان و منداڵان دەکەین، بەو مەرجەی سزای لەسێدارەدان ڕەتدەکەینەوە، چونکە مافی ژیان لە مرۆڤ دەسەنێتەوە.

ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق
10/2/2026

# چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڵسوڕاوانی سەنتەری ئیدراك بۆ مافەکانی ژنان

إدراك
EDRAAK

- یەنار، چالاکوانێکی بەهێز و سەرسەخت بوو لە بەرگری لە مافەکانی ژنان
- تیرۆری ژنانی چالاکوان ئامرازێکی سیستەمی سەرمایەدارییە بۆ بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستیی چینە کۆمەڵایەتییەکان

**ڕەوت: زۆر سوپاس بۆ ڕەزامەندیتان لەسەر ئەم چاوپێکەوتنە سەبارەت بە تیرۆرکردنی یەکێك لە دیارترین چالاکوانانی مافی ژنان، هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد، کە ئایکۆنی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانە بوو لە عێراقدا. بە ڕای تۆ هۆکارەکانی بەئامانج گرتن و تیرۆرکردنەکەی چییە؟**

سەنتەری ئیدراك بۆ مافەکانی ژنان: پێش هەموو شتێك سوپاس بۆ ئێوەش و بۆ هەڵبژاردنی (سەنتەری ئیدراك بۆ مافەکانی ژنان) بۆ گفتوگۆیەك لەسەر چالاکوان یەنار محەمەد، دەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان کە لە هەڕەشەکانی دەسەڵاتداران نەترسا.

بێگومان هۆکارەکانی تیرۆرکردنیشی ئاشکران بۆ هەموو ئەوانەی کە داکۆکیکارن لە مافەکانی ژنان و کەسانی بێدەرەتان و کرێکارانی ژن و پیاو، چونکە (یەنار) چالاکوانێکی بەهێز و سەرسەخت بوو لە بەرگری لە مافەکانی ژنان. ڕژێمی فەرمانڕەواش هەموو دەنگێك سەرکوت دەکات کە کە دژایەتی سیاسەتە چەوسێنەرەکانی بکات. لەوەتەی ئیسلامی سیاسی لە (٢٠٠٣) وە جڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و میلیشیا و گروپە چەکدارەکان سەریان هەڵداوە و دەستیان داگرتووە بەسەر چارەنووسی جەماوەردا، بە پلەی یەکەم سەرنج و مەشغەڵەتیان بووەتە دژایەتی کردنی هەر دەنگێکی ئازادیخوازی سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان کە بەرگری بکات لە مافەکانی ژنان.

**ڕەوت: تا چەند ئەم تیرۆرە و بەئامانجگرتنی چالاکوانانی ژن کاریگەری لەسەر خەباتی بزووتنەوەی ڕگاریخوازانەی ژنان و لەسەر پارێزەرانی مافی ژنان لە عێراقدا دەبێت؟**

سەنتەری ئیدراك بۆ مافەکانی ژنان: نابێت تیرۆر و بەئامانجگرتنی ژنانی چالاکوان وەك کردەیەکی تاوانکاری دابڕاوی تاکە کەسی سەیر بکەین، بەڵکو دەبێ وەك ئامرازێکی سیستەمی سەرمایەداری بیبینین بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستیی چینە کۆمەڵایەتییەکان. دەوڵەت و هێزە دەسەڵاتدارەکان لە ڕێگەی چەکدارەکانیانەوە هەوڵی پاراستنی دۆخی ئێستا دەدەن، بەئامانجکردنی ژنانیش توندوتیژی سیاسییە بۆ پاراستنی موڵکییەتی تایبەتی و دابونەریتی بەسەرچوو، چونکە ڕزگاری ژن بە هەڕەشە دادەنرێت بۆ سەر ئەو نەریتە بەسەرچووانە کە دەسەڵات پابەندە پێیانەوە، هەر بۆیە ژنانی چالاکوانی وەك (یەنار محەمەد) هەمیشە لە پێشەنگی نارەزایەتییەکان بوون دژ بە دەسەڵات. تیرۆری دەسەڵات دژی ژنان کاردەکات بۆ ئەوەی ژنان لە کونجی ماڵدا بمێننەوە و ڕێگرییان لێدەکات لە بەشداریکردن و داوای مافە ئابووری و سیاسییەکان و دابەشکردنی کاری جێندەری بەهێز دەکات.

**ڕەوت: ئێوە بەشداریتان لە بیستەمین کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان کرد، کە تیایدا یەنار محەمەد یەکێك بوو لەو دەنگە بوێرانەی بەرگری لە ژنانی ئێزیدی کرد کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە تووشی ئەشکەنجە، دەستدرێژیی سێکسی بوون لەگەڵ بازرگانیکردن پێیانەوە، ئەو داعشیانەی کە بەشێکیان لەم دواییانەدا لە سوریاوە گواسترانەوە بۆ زیندانەکانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە. بەڕای ئێوە بۆچی ئەم ئاستە لە گۆشەگیری و توندوتیژی سیستماتیکی دژ بە ژنان بەردەوامە؟**

سەنتەری ئیدراك بۆ مافەکانی ژنان: لە کاتی هێرشی داعشدا جەستەی ژنان بەتایبەتی ژنانی ئێزیدی وەك کاڵای ئابووری بەکارهێنرا. توندوتیژی دژ بە ژنان لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە تەنیا کردەیەکی غەریزەیی نییە، بەڵکو میتۆدۆلۆژیایەکی بەربەری قێزەوەنە و دەسەڵاتدارانی عێراقیش لەو میتۆدۆلۆژیایەدا هاوبەشن.



کاتێك چالاکوان یەنار محەمەد باسی لە پرسی ژنانی ئێزیدی کرد و داوای لێپێچینەوە لە تاوانبارانی داعشی کرد، دەسەڵاتی هەراسان کرد، چونکە هەر دەنگێك دژایەتی سیاسەتەکانیان بکات بە هەڕەشەی دەزانن بۆ سەر ڕژێمەکەیان. لێرە دەسەڵات بەرگری لە داعش دەکات بەهۆی لێکنزیکبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی نێوان ڕژێمی دەسەڵاتدار و ئەو ڕێکخراوی تیرۆریستییەی داعش. لە ئاکامی ئەم لێکنزیکبوونەوەی بەرژەوەندییەکان، قسەکانی یانار محەمەد ئەوانی ترساند و وای لێکردن هەست بە مەترسی بکەن.

**ڕەوت: ئایندەی خەباتی هێزە ڕزگاریخوازەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە بۆ مافەکانی ژنان لە بەغدا و عێراق بە گشتی چۆن دەبینن؟**

سەنتەری ئیدراك بۆ مافەکانی ژنان: مەسەلەی ئازادی ژنان لە عیراقدا، مەسەلەیەکی مێژووییە کە دەبێت خەباتەکەی لە دژی هێزە پیاوسالارییەکان ڕێکبخرێت، ئێمە وەك چالاکوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان پێویستە هەر تەنها لە سنوری گۆڕینی یاساکان ڕانەوەستین، بەڵکو خوازیاری ئامانجی ڕیشەیین و لە هەوڵی بەدیهێنانیاندا دەبین بۆ کۆتاییهێنان بە هرەبەرداری لە ژنان و هێنانەدەرەوەیان لە دۆخی لاوازی و چەوسانەوە و گەیاندنی دەنگیان بەسەراسەری جیهان.

# بەسمە ئال دەخی :

- **<u>تیرۆرکردنی یەنار محەمەد بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان ڕاناگرێت؛ بەڵکو ئیرادەمان بۆ بەردەوامبوون لە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بەهێزتر دەکات.</u>**
- **<u>پەیامی ئێمە بۆ تاوانباران ڕوونە: هەموومان یەنار محەمەدین، و بێدەنگ نابین لە حەقی یەنار و مافەکانی ژنان</u>**
- **<u>بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە عیراقدا بزووتنەوەیەکی بەهێز و کاریگەرە هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە کە ڕووبەڕووی ئەو هەموو بەئامانجگرتنانە دەبێتەوە.</u>**




**<u>ڕەوت: زۆر سوپاس بۆ ڕەزامەندیتان لەسەر ئەم چاوپێکەوتنە سەبارەت بە تیرۆرکردنی یەکێک لە دیارترین چالاکوانانی مافی ژنان، هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد، کە ئایکۆنی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانە بوو لە عێراقدا. بە ڕای تۆ هۆکارەکانی بەئامانج گرتن و تیرۆرکردنەکەی چییە؟</u>**

**بەسمە ئال دەخی: یەنار محەمەد یەکێک بوو لە دیارترین چالاکوانانی ژنانی عێراق و داکۆکیکارێکی سەرسەخت بوو لە مافەکانی هەموو ژنان، بەبێ جیاوازی. ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ ئاشکراکردنی پێشێلکاری و دەستدرێژی بۆسەر ژنانی عێراق و بەردەوام داوای لێ پرسینەوەی دەکرد لە ئەنجامدەرانی تاوانەکان. ئەمەش وایکرد ببێتە ئامانجی ئەو هێزانەی لە ڕاستی و لە هەر دەنگێکی ئازاد دەترسن کە داوای دادپەروەری دەکات. بەڕای من یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کوشتنەکەی ئەوەیە کە دوودڵ نەبوو لە وتنی ڕاستییەکان و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی بەرپرسان و تاوانباران.**

**من لە دوایین (کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان) پێش تیرۆرکردنەکەی چاوم پێی کەوت، لەو کاتەدا داوای دەکرد کە دەبێ حکومەتی عێراق و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان لێپرسینەوە لەو ئەندامانەی داعش بکەن کە لە سووریاوە گواسترابوونەوە بۆ عێراق، تا دادپەروەری بۆ ژنانی ئێزدی ڕزگاربووی دەستدرێژی سێکسی و کۆیلایەتی و قاچاخی کردن پێیانەوە جێبەجێ بکرێت. بە بڕوای من، ئەم هەڵوێستە ئازایانەیە و سووربوونی لەسەر ئاشکراکردنی ڕاستی و داواکردنی دادپەروەری، یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەی کە بکرێتە ئامانج.**

**<u>ڕەوت: تا چەند ئەم تیرۆرە و بەئامانجگرتنی چالاکوانانی ژن کاریگەری لەسەر خەباتی بزووتنەوەی ڕگاریخوازانەی ژنان و لەسەر پارێزەرانی مافی ژنان لە عێراقدا دەبێت؟</u>**

**بەسمە ئال دەخی: گومانی تێدا نییە کە بەئامانجگرتنی ژنانی چالاکوان و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان هەیە، و بە پلەی یەکەم ئامانجی چاندنی ترس و خنکاندنی دەنگی ئازاد و ڕێگریکردنە لە خەباتی ژنان بۆ مافەکانیان، بەڵام پەیامی ئێمە بۆ ئەوانەی ئەم تاوانەیان**

ئەنجام داوە، ڕوونە: ئێمە هەموومان یەنار محەمەدین، و بێدەنگ نابین لە حەقی یەنار و مافەکانی ژنان لە عێراق، ئێوە ناتوانن ئێمە بترسێنن یان بێدەنگمان بکەن، ئێوە ئەوەندە ترسنۆکن کە لە دەنگی ژنێکی ئازاد دەترسن و لە ژنێك دەترسن کە بۆ حەقیقەت دەجەنگێت و بەرگری لە داد پەروەری دەکات.

تیرۆرکردنی یەنار محەمەد بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان ڕاناگرێت؛ بەڵکو تەنها ئیرادەمان بۆ بەردەوامبوون لە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و داد پەروەری بەهێزتر دەکات.

**ڕەوت: ئێوە بەشداریتان لە بیستەمین کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان کرد، کە تیایدا یەنار محەمەد یەکێك بوو لەو دەنگە بوێرانەی بەرگری لە ژنانی ئێزیدی کرد کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە تووشی ئەشکەنجە، دەستدرێژیی سێکسی بوون لەگەڵ بازرگانیکردن پێیانەوە، ئەو داعشیانەی کە بەشێکیان لەم دواییانەدا لە سوریاوە گواسترانەوە بۆ زیندانەکانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە. بەڕای ئێوە بۆچی ئەم ئاستە لە گۆشەگیری و توندوتیژی سیستماتیکی دژ بە ژنان بەردەوامە؟**

بەسمە ئال دەخی: بەڵێ، من یەکێك بووم لە بەشداربووانی کۆنفرانسی بیستەمی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ژنان، یەنار محەمەد لەو کۆنفرانسەدا دەنگی حەقیقەت و بوێری بوو. ئەو بە ڕاشکاوی باسی لە ئازار و مەینەتیی ژنان کرد، بەتایبەتی ژنانی یەزیدی کە لەلایەن داعشەوە ڕووبەڕووی قێزەونترین تاوان بوونەتەوە، و داوای کرد لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانەکان بکرێت و داد پەروەری بۆ ڕزگاربووان بەدی بهێنرێت.

من پێم وایە بەردەوامی ئەم تیرۆر و پێشێلکاریانە لە لاوازی دەسەڵاتی دادوەری و نەبوونی لێپرسینەوەی ڕاستەقینە لە تاوانباران سەرچاوە دەگرێت. تا ئەمڕۆش ناسنامەی ئەو لایەنانەی هەڵساون بە تیرۆری یەنار محەمەد ئاشکرا نەکراون!! جگە لەوەش زۆرێك لە ژنانی چالاکوانی دیکەی عێراق تیرۆر کراون بەبێ ئەوەی لێپرسینەوە لە تاوانباران کرا بێت، وەك تیرۆرکردنی (ڕیهام یەعقوب) و (سوعاد ئەلعلی) و چەندان چالاکوانانی تریش. تا کاتێك بکوژەکان دەربازبن لە لێپرسینەوە و سزا، توندوتیژی دژی ژنان بەردەوام دەبێت، بۆیە گەیشتن بە داد پەروەری و لێپرسینەوە لە تاوانباران تاکە ڕێگایە بۆ کۆتاییهێنان بەم تاوانە سیستماتیکیانە.

**ڕەوت: ئایندەی خەباتی هێزە ڕزگاریخوازەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە بۆ مافەکانی ژنان لە بەغدا و عێراق بە گشتی چۆن دەبینن؟**

بەسمە ئال دەخی: بزووتنەوەی ژنان لە عێراق، بەتایبەتی لە بەغدا، ڕووبەڕووی هەڕەشەی بەردەوام و پێشێلکاریی جددی دەبێتەوە کە چالاکوانانی ژن و پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ دەکرێنە ئامانج؛ و ئەو ژنانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، دەکەونە ژێر فشارێکی گەورە و هەوڵی بەردەوامەوە بۆ کپکردنی دەنگیان. سەرەڕای هەموو ئەم ئاستەنگیانەش من لەو باوەڕەدام کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە بەغدا و لەعیراقدا بەگشتی بزووتنەوەیەکی بەهێز و کاریگەر و ڕاستەقینەیە و هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە کە ڕووبەڕووی ئەو هەموو بەئامانجگرتنانە دەبێتەوە، چونکە هێزی ئەم بزووتنەوەیە لە دڵسۆزی و و پابەندبوونیدایە لە داکۆکی و بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان و لە داد پەروەری کۆمەڵایەتی. دڵنیام خەباتی ژنان و هێزە ڕزگاریخوازەکان بەردەوام دەبێت، و ئەم هەڕەشانە سەرکەوتوو نابن لە وەستاندن و بێدەنگکردنی داواکارییەکانی مافی ژنان؛ بەڵکو سووربوونی تێکۆشەرانی ژنان و پیاوانی بۆ درێژەدان و بەردەوامیدان بە ڕێگاکە بەهێزتر دەکەن تا یەکسانی و کەرامەت و داد پەروەری بۆ هەمووان بەدی دێت.



# هەڵوێست و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوە ئینتەرناسیونالەکانی بەرگریکار لە مافی مرۆڤ و لە مافی ژنان

وەك بەشێك لە کاردانەوەی جیهانی دژ بە تیرۆری هاوڕێی ئازیزمان یەنار محمەد، ڕێکخراوگەلێکی جیهانی بەرگریکار لە ئازادی ژن و مافەکانی مرۆڤ هاتوونەتە دەنگ و بەیاننامە و ڕاگەیاندنیان دەرکردووە کە وێڕای ئیدانەکردنی ئەو تاوانە خوازیاری بەدەستبەکاربوونێکی واقعین لە لایەن حکومەتی عێراق و دەسەڵاتدارانەوە کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بکەن لەم تاوانە تا تاوانباران ئاشکرا بکرێن لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە لە پشتییەوە وەستاون.
لێرەدا مشتێك لەو خەروارە دەخەینە بەر دیدی خوێنەران:

- (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ - ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی)، هەڵوێستێکی زۆر تیژ و ڕوونی نواند؛ تیرۆرکردنەکەی بە "کوشتنێکی دڕندانە" و هێرشێکی پێشوەختەی پلان بۆ داڕێژراو وەسف کرد، بۆ دەمکوتکردنی بەرگریکارانی مافی مرۆڤ. ئەمە و ڕایگەیاندووە کە دەبێت دەسەڵاتدارانی عێراق لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و کاریگەر و ورد ئەنجام بدەن.

- (هیومان ڕایتس وۆچ – چاودێری مافەکانی مرۆڤ) لە (١٢)ی ئازاری (٢٠٢٦) بەیاننامەیەکی بەهێزی دەرکرد تیایدا، ئەو تیرۆرە بە تاوانێکی گەورە وەسف دەکات کە یەکێك لە دیارترین داکۆکیکارانی مافی ژنانی لە عێراق کردۆتە ئامانج، جەختیشی لەوە کردووەتەوە کە یەنار محمەد سەرکردەیەکی ئیلهامبەخش و ماندوونەناس بووە لە بەرگریکردن لە ژنان. تیرۆریستانی یەنار محمەد، ناتوانن بەکوشتنەکەی، سوربون لەسەر خەبات بۆ دادپەروەری و یەکسانی و ڕزگاری ژنان کۆتایی پێبهێنن.

- نەتەوە یەکگرتووەکان. ئیدانەکردنێکی توند و بانگەوازی لێکۆڵینەوەی بە پەلەی کردووە، وە دووپاتی کردۆتەوە کە یەنار محەمەد بەهۆی چالاکییەکانییەوە لە بەرگری لە مافەکانی ژنان و پاراستنی ژنان لە توندوتیژی و کوشتنی شەرەف و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە کوژراوە. داوای لە حکومەتی عێراق کردووە: لێکۆڵینەوەیەکی خێرا و کاریگەر ئەنجام بدات، لێپرسینەوە لە تاوانباران بکات، و ژینگەیەکی سەلامەت بۆ ژنانی بەرگریکاری مافی مرۆڤ دابین بکات.

- ڕێکخراوی (مادرێ - MADRE)، تیرۆرکردنی یەنار محەممەدی بە هێرشێکی میلیشیای ئامانجدار ناوزەد کرد، لە دژی یەکێك لە دیارترین سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنانی عێراق، ئەمەش پاش چەندین ساڵ لە هەڕەشە و هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی بەبێ ئەوەی حکومەتی عێراق هیچ پارێزبەندییەکی بۆ بکات. ئەمە و ڕێکخراوی مادرێ هەڵدەستێت بە پێهێنانی سندوقێکی تایبەت بەناوی (سندوقی یەنار) بۆ پاراستنی میراتی یەنار و پشتیوانی لە داکۆکیکارانی مافی ژنان.
مادرێ ڕێکخراوێکی فێمینیستییە، پشتگیری ژنان و کچان دەکات لەو ناوچانەی کە شەڕ و توندوتیژییان تێدایە و پێی وایە ژنانی چالاکوان لەوانە یەنار محەمەد کە لە بەرەکانی پێشەوەی خەباتدان توانای سەرکردایەتیکردنی گۆڕانکارییان هەیە. وە بەڵێن دەدات کە بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی (ڕێکخراوی ئازادی ژن-OWFI) دوای تیرۆرکردنی یەنار.

- ڕێکخراوی (بێ دادپەروەری ئاشتی لەئارادا نییە-No Peace Without Justice) بەیاننامەیەکی درێژی دەرکردووە،

وێڕای ئیدانەکردنی ئەو تیرۆرە، تیشکی خستۆتەسەر میراتی سیاسی و فێمینیستی هاوڕێ یەنار و داوای کردووە کە تاوانباران بەزوویی ئاشکرا بکرێن.

- (کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ئافرەتان بۆ ئاشتی و ئازادی- **Women's International League for Peace and Freedom**) بەیاننامەی دەرکردووە و ئیدانەی ئەو تیرۆرەی کردووە و داینـاوە بە گورزێکی ڕووخێنەر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنانی عێراق.

- (دەستپێشخەریی هاوپشتی کۆمەڵگای مەدەنی عێراقی **-Iraqi Civil Society Solidarity Initiative**) وێڕای ئەوەی لە بەیاننامەکەیدا ئیدانەی ئەم تیرۆرەی کردووە داشیناوە بە هێرشێك بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی عێراق و ژنانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ.

- (بەرگریکارانی هێڵی پێشەوە--**Front Line Defenders**) کە لە چەند ساڵی ڕابردووەوە بەدواداچوونی کردووە بۆ ئەو هەڕەشانەی کە لە یەنار کراون، بەیاننامەیەکی دەرکردووە و ئەم تیرۆرەی وەك بەڵگەیەك خستەڕوو کە چۆن هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان کراوەتە ئامانج.

- (هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ژنانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ - -**Women Human Rights Defenders International Coalition**) بە توندی ئیدانەی تیرۆرەکەی کردووە.

- (ڕێکخراوی جیهانی دژی ئەشکەنجە --**World Organisation Against Torture**) سەرکۆنەی ئەم کارە تیرۆریستەی کردووە.

- (کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژنامەنووس) سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە خاتوو (تەوەککول کارمان) و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی دەڵێت: "ئەو گوللە خیانەتکارانەی کە هاوکار و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ یەنار محەمەدی کردە ئامانج لەناو جەرگەی بەغدا، تەنها جەستەی ژنێکی ئازا نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی ترسنۆکانە بوو بۆ بێدەنگکردنی دەنگی ماف و ئازادییەکان لە عێراق و تەواوی جیهانی عەرەبی"، وتیشی: "ئەمڕۆ ئێمە تەنها پرسە بۆ چالاکوانێکی مافەکانی مرۆڤ ناکەین، بەڵکو بۆ ڕێکخراوێکی واقعی مرۆیی کە لەسەر زەوی زەمین جێگیرە، بۆ دەیان ساڵ، یەنار محەمەد ئەو دیوارە بووە کە هەزاران ژنی عێراقی ڕزگار کردووە کە ڕایانکردووە لە دۆزەخی توندوتیژی و کوشتنی شەرەف و قاچاخچی کردن بە مرۆڤەوە."

- (ئیلهام مانع)، پرۆفیسۆری زانکۆی زوریخ و ئەندامی کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی لە ئەنجومەنی فیدراڵی سویسرا، دەڵێت: شۆڕشەکە یەنار بەردەوام دەبێت لە هەموو کارێکی بەرگریدا، لە هەموو دەنگێك کە دژی ناداد پەروەری بەرز دەکرێتەوە، لە هەموو هەوڵێکمان بۆ پاراستنی لاوازترینەکان و ئەوانەی هەڕەشەی مەرگیان لەسەرە. هیوادارم میراتی ئەو ئیلهام بەخش بێت بۆ ئێمە. با ئازایەتی ئەو ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ ئێمە. با بەردەوام بین لە بەرەوپێشبردنی خەباتەکەی.

- (تۆڕی هەشتی مارس) لە (٣-٣-٢٠٢٦)دا بەیاننامەیەکی دەرکرد و تیایدا سەرکۆنەی ئەم کارە تیرۆیستەی کرد، و لە بەیاننامەکەدا هاتووە: یەنار محمد، چالاکوانی ناسراوی ژنان، دەیان ساڵە دەنگی بەرزی بەرگری لە ماف، ئازادی و شکۆی ژنان و منداڵ بووە لە عێراق و ناوچەکەدا. تۆڕی هەشتی مارس لە ڕێکخەرانی مەڕاسیمی هەشتی مارس بوو لە سلێمانی کە زلێنان لە ژیان و خەباتی یەنار سمیای سەرەکی مەڕاسیمەکە بوو.

- ئیشك لە تورکیا (پلاتفۆرمی ژنان بۆ یەکسانی **-The Women's Platform for Equality** (**EŞİK**)): یەنار یەکێك لە کاریگەرترین و بوێرترین کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی فێمینیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. یەنار هەرگیز لە بیر ناکرێت لەناو خەبات بۆ مافی ژنان و ئازادییەکانیان لە عیراقدا.

- (کۆنگرەی ستار) کە فیدراسیۆنێکە لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە کوردستانی سوریا و سوریا، لە ڕاگەیاندراوێکدا تیرۆر کردنی یەنار محەمەد، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان و سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە عێراقی شەرمەزار کرد و ئەم ڕووداوەی

وەك بەئامانجگرتنی ڕاستەوخۆ دژ بە ئیرادەی ژنی ئازاد و دەنگی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ پێناسە کرد.

- تەڤگەری ئازادیی ژنانی ئێزدی (تاژێ) بە ڕاگەیاندراوێك تیرۆرکردنی یەناری بە توندی شەرمەزارکرد و داوای لێپرسینەوەی لە بکوژان کرد. "ئێمە ژنێکی تێکۆشەر و خاوەن ڕەنجێکی بێهاوتامان لە تێکۆشانی ژناندا لەدەستدا. هەم خەمبار و هەم تووڕەین بە بۆنەی تیرۆرکردنی یەنار محەممەدەوە. "پرۆژەیەکی فکری و پراکتیکی بەڕێوەدەبرد کە ئامانج لێی ئەوە بوو ژن لە ڕۆڵی قوربانییەوە بگوازێتەوە بۆ ڕۆڵی پێشەنگایەتی

- هاوپەیمانیی ژنانی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا، بە توندی ئیدانەی تیرۆرکردنی یەنار محەمەد دەکات و بە هێرشێکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر مافەکانی ژنان و ئازادییە مەدەنییەکان لە عێراق ناویدەبات. لە ڕاگەیاندنەکەیاندا هاتووە: عێراق و بزووتنەوەی ژنان دەنگێکی چاونەترس و ئازایان لەدەستداوە، کە ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ بەرگریکردن لە قوربانیانی توندوتیژی جێندەری و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و مافەکانی ژنان.

- هەڵبژاردەی دوو ڕاگەیاندنی دوو لایەنی ژنانی ئینتەرناسیوناڵ: تۆڕی مارشی مۆندیالی ژنان" (مارشی نیونەتەوەیی ژنان - International Women's March).

کە لەلایەن: هەماهەنگکەری عێراق – ڕێپێوانی جیهانی ژنان، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) لێداونیان داوە: ئێمە لەگەڵ خوشکەکانمان لە سەرانسەری جیهاندا بە توندی ئیدانەی کوشتنی دڕندانەی یەنار دەکەین، ئەم تاوانە قێزەونە توندوتیژی دژ بە ژنان و چالاکوانان و هەموو ئەوانەیە بۆ ئازادی و کەرامەت و یەکسانی تێدەکۆشن. ئێمە زۆر بە ڕوونی دەیڵێین: تیرۆر ئێمە ناترسێنێت، ناتوانێت بێدەنگمان بکات و ڕێڕەوی ئێمە بەرەو ئازادی، یەکسانی و داد پەروەری ناوەستێنێت.

## واژۆی چەند ڕێکخراوێك بۆ ئیدانەکردنی تیرۆری یەنار محەمەد

یانار محەمەد داکۆکیکارێکی مافەکانی مرۆڤ بوو کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسراوە. لە ساڵی (٢٠٠٣) دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسەین، (ڕێکخراوی ئازادی ژنانی لە عێراق) دامەزراند بە ئامانجی بەرەو پێشبردنی مافەکانی ژنان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەز. بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە کاری کردووە بۆ پاراستنی ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی خێزانی، هاوسەرگیری زۆرەملێ، بازرگانیکردن بە مرۆڤ و کوشتنی شەرەف دەبنەوە. لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا، ئازادی ژنان تۆڕێکی پەناگەی پارێزراوی لە چەند شارێکی عێراقدا دامەزراندووە و پارێزگاری و پشتیوانی بۆ سەدان ئافرەتی مەترسیدار دابین دەکات.

### واژۆکان:

1. هاوپەیمانی (١٨٨) لە عێراق
2. سیفاکس
3. سەنتەری کەنداو بۆ مافەکانی مرۆڤ
4. فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ (FIDH)، لە چوارچێوەی ڕوانگەی پاراستنی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ
5. ڕوانگەی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ
6. تۆڕی ژنانی عێراقی
7. تۆڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق (ANSIM)
8. ڕێکخراوی لارسا
9. سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان
10. ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە عێراق
11. دەزگای ڕافتۆ بۆ مافەکانی مرۆڤ
12. ڕێکخراوی جیهانی دژ بە ئەشکەنجە، لە چوارچێوەی ڕوانگەی پاراستنی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ




## ڕێکخراوی یەکسانی تونسی

ڕێکخراوی یەکسانی سەر بە حزبی کاری تونسی لە ڕاگەیاندراوێکدا بە توندی ئیدانەی ئەم کارە تیرۆریستییە دەکات، کە ڕەمزێکی خەباتی فێمێنیستی کوشتووە کە ژیانی تەرخان کردبوو دژی نێرسالاری و نەریتی بەسەرچووی عەشایەری و دینی کۆنە پرستانە. هەروەها ئەم تاوانە وەك بەشێك لە ڕەوەندی سیاسی لە عێراقدا لەبەرچاو دەگرێت کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا شکڵی گرتووە بە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بەهێزکردنی ڕەوتە کۆنە پەرستە دینی و تائیفییەکانی دژ بە ماف و ئازادییەکانی ژنان.

# حزبی شیوعی عێراق ئیدانەی تیرۆرکردنی چالاکوانی ژنان یەنار محەمەد دەکات

( حوسێن نەجار ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی ( حزبی شیوعی عێراق ) سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە بە توندی ئیدانەی کوشتنی ترسنۆکانەی چالاکوانی ژنان یەنار محەمەدی کرد لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە بەغدا و داوای لە حکومەت و بەرپرسانی ئاسایش ( ئەمن )ی بەرپرسیار کرد کە ڕێوشوێنی بە پەلە بگرنەبەر بۆ بەدواداچوونی بکوژەکان و ئاشکراکردنی ناسنامەکانیان و ڕا پێچکردنیان بۆ دادگا بۆ ئەوەی تۆڵەی داد پەروەرانەی تاوانە قێزەونەکەیان وەربگرن.

نەجار لە وتارەکەیدا هۆشداری دا لەوەی کە ئەم تاوانە بە مەبەستی تۆقاندنی چالاکوانانی ژنان و داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان هەستی نیگەرانی قووڵ لە نێو توێژێکی بەرینی کۆمەڵگادا دروست دەکات و سێبەرێکی تاریك دەخاتە سەر هەلومەرجەکە بەگشتی، بۆیە پێویستی بە سنووردارکردنی خێرای چەك لە دەستی دەوڵەتدا هەیە.

نەجار ئاماژەی بەوەدا کە ئەم تاوانە قێزەونانە لەم دواییانەدا هاوتای هەڵمەتێکی هاندانی بەرفراوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەر بەو هۆیەشەوەیە ئەم تاوانە و تاوانەکانی تر دژ بە چالاکوانانی ژنان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ ڕوویانداوە، داوا لە حکومەت دەکات ڕێوشوێنی توند و بە پەلە بگرێتەبەر بۆ بەرگرتن بەم هەڵمەتە قێزەونانە و ئەوانەی لە پشتییەوەن و پشتیوانی کاریگەر پێشکەش بەو چالاکوانانە بکات کە لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا کارەکانیان ئەنجام دەدەن و بەرگری لەو ئازادییە بنەڕەتی و مافانە دەکەن کە دەستوور بۆ هەموو هاووڵاتییەك مسۆگەری کردووە.

# هەڵوێسست و ڕاگەیاندنەکانی بەشێك لە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دژ بە تیرۆری هاوڕێ یەنار محەمەد

تیرۆری هاوڕێی ئازیزمان یەنار محمەد لە لایەن حزب و ڕێکخراوە عێڕاقی و کوردستانی و جیهانییەکان و کەسایەتییە کۆمۆنیست و یەکسانخواز و مرۆڤدۆستەکانی جیهانەوە سەرکۆنە و شەرمەزارکراوە و پێیان داگرتۆتەسەر درێژەدان بەرێگاکەی و دەسەڵاتدارانیان لە دەوڵەتی عێڕاق بە بەرپرس داناوە لە بەدواداچوون بۆ ئەم کێسە و ئاشکراکردنی تاوانباران و ئەوانەی کە لە پشت ئەم تاوانەوە وستان و ڕادەستکردنیان بۆ دادگا بۆ بەسزا گەیاندنیان.
لێرەدا مشتێك لەو خەرواره دەخەینە بەر دیدی خوێنەران:

## لەسەر ئاستی عێڕاق:

■ بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێڕاق و کوردستان، دەڵێت: ڕۆڵ و تێکۆشانی یەنار محەمەد بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، هەم لەنێو کۆمەڵگەی عێراقی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دیار و بەرچاوە. جێ پەنجەی ئەو لە بزووتنەوەی ژنان لە عێراقدا و لە ماوەی دەیان ساڵدا دیارە و مایەی تەقدیری هەموو هێز و لایەنێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز و یەکسانیخوازە. هەروەها لە بەیاننامەکەشدا وێڕای ئیدانەکردنی ئەم کارە تاوانکارییە، حکومەتیش بە بەرپرس دەزانن کە بە خێرایی تاوانباران و ئەوانەی لە پشتیانەوەن و پاڵنەرەکانیان ئاشکرا بکرێن و بە زووترین کات ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.

■ ( حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێڕاق )، لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە: ئەو تیرۆرە ترسنۆکانەیە یەکێك لە سیمبولەکانی چالاکوانی ژنی عێراقی کردە ئامانج، کە بوێرترین و ئازادانەترین دەنگ بوو، چالاکوانێکی سۆسیالیستی و یەکسانیخواز بوو کە لە پێناو ماف و یەکسانی ژناندا خەباتی دەکرد. یەنار محەمەد نەك هەر هەڵسوڕاوێکی فێمینیست، بەڵکو چالاکوانێکی مارکسی و سۆسیالیستی و یاخیبوو لە یاسا کۆنەکانیش بوو، وە پارێزەری هەموو ئەو ژنانەش بوو کە کەوتبوونە بەردەم توندوتیژی و چەوساندنەوە. لە کاتێکدا ئێمە ئەم تاوانە قێزەونە ئیدانە دەکەین، حکومەتی عێراق و هێزە ئەمنییەکان بە بەرپرسیار دەزانین لە بەدواداچوونی تاوانباران و دادگاییکردنیان دەستبەجێ.

■ ( ڕەوتی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان-کوردستان ) لە پرسەنامەیەکی هاوپشتیدا کە بۆ ڕێکخراویان ناردووە سەبارەت بە تیرۆری هاوڕێ یەنار دەڵێت: ئەم تاوانە تەنیا بە ئامانج گرتنی کەسایەتییەك نییە، بەڵکو هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆسەر ئیرادەی ژنان و ئەو بەها سۆشیالیستی و مرۆییانەی کە هاوڕێ یەنار لە پێناویدا بەرخۆدانی بۆ دەکرد. یاد و ناوی هاوڕێ یەنار هەمیشە بە زیندوویی

لە دڵی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و بزاڤی ژنانی ڕادیکاڵ و سۆشیالیست دەمێنێتەوە.

■ (ئاڕاستەی مارکسیستی هاوچەرخ) لە پرسەنامەیەکدا وێڕای ئیدانەکردنی ئەم کارە تیرۆریستییە دەڵێت: تیرۆریستان بەم کارەیان دەیانەوێت پەیامێك بدەن بە گوێی نەك بزووتنەوەی ژناندا، بەڵکو بە گوێی تەواوی کۆمەڵگادا. پەیامێك کە سەرکوت و دەمبەستن و شکستی ئازادی و یەکسانیخوازی بەدوواوە بێت، بەڵام مێژوو ڕێگایەکی دیکە دەخاتە بەردەم ..... ئەگەر بە تیرۆرکردنی یەنار دەنگێکی ئازا کپ بکرێت، بەڵام مێژوو لە ڕێڕەوی ڕوو لە پێشی خۆی سڵناکاتەوە و بێگومان تیرۆریستان و سیستەمەکەیان دەخاتە مۆزەخانەکانی خۆیەوە.

■ (ئاڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی- عێراق، کوردستان) لە پرسەنامەیەکدا کە ناردوویانە بۆ مەڕاسیمی ڕێزلێنان لە خەبات و ژیانی هاوڕێ یەنار لە لەندەن، تیا هاتووە: یەنار لە ڕێگەی پابەندبوونی نەگۆڕی بە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی بۆ مافەکانی ژنان، بە توندی لە دژی چەوساندنەوەی چینایەتی و هەژموونی پیاوان و سیستەمی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جێندەری وەستایەوە. ... میراتی یەنەر تەنیا بوێری و ئازایەتی نەبوو، بەڵکو میراتی بەرخۆدان بوو- و داوای ئەوەمان لێدەکات بەردەوام بین لەو خەباتە چینایەتییەی کە بەو شێوەیە بە چەقبەستوویی پێشکەوت.

■ کۆنگرەی ئازادی و ئاڵوگۆڕ.

لە ڕاگەیاندنێکدا باس لەوە دەکات کە دوای هەڵمەتێکی بە شەیتانکردن و تۆمەتبارکردنی بە خیانەت و تیرۆری کەسایەتییەکەی لەلایەن چەند پەیجی میدیا و سۆشیال میدیاوە بە بەرچاوی حکومەتی عێراق و سەرجەم دەسەڵاتدارانەوە، بۆ دواجار تیرۆریستان یانار محەمەدیان تیرۆرکرد، ئەمەش دوای کۆتاییهاتنی بیستەمین کۆنفراسی دژایەتی کردنی بازرگانی بە مرۆڤەوە، کە لەلایەن (ڕێکخراوی ئازادی ژن) بە ڕابەرایەتی یەنار ئەنجام درا. هەروەها ڕاگەیاندنەکە دەڵێت: باشترین وەفاداری بۆ هاوڕێ یەنار بەردەوامیدانە بە خەبات لە پێناو یەکسانی و ئازادی و عێراقێکی باشتر بۆ ژنان.

■ (فیدراسۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی-کوردستان). لە ڕاگەیاندنەکەیاندا هاتووە: تیرۆرکردنی یانار محەمەد خەسارێکی یەکجار گەورەیە هەم بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەم بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. لەم بۆنە دڵتەزێنەدا ئێمە لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی پەنابەرانی عێراق بە توندی ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستییە دەکەین و داوا دەکەین حکومەتی عێراق ناسنامەی تۆمەتباران بناسێنێت و بیانداتە دادگا.

■ رابطة المرأة العراقية

لە ڕاگەیاندنێکدا بەتوندی ئیدانەی ئەم تاوانە دەکات و دایدەنێت بە هێرش بۆسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان، وە داوا دەکات کە بەرپرسان بەدواداچوون بکەن بۆ ئەم تاوانە و تاوانباران بدرێنە دادگا.

لەسەر ئاستی ئێران

■ زوربەی حزب و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئێران، لەوانە:

1. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران.
2. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران- حیکمەتیست.
3. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران- حیکمەتیست، خەتی ڕەسمی.
4. موباریزانی کۆمۆنیست.
5. اتحاد سوسیالیستی کارگری ایران.
6. شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئێران.
7. شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان.

لە بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانیاندا وێڕای مەحکومکردنی ئەم تاوانە تیرۆریستییە و هاوخەمی و هاوپشتییان بۆ (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق) و (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، وە دڵنەواییان بۆ سەرجەم چالاکوانانی ڕێگای ئازادی ژن و یەکسانی، دەسەڵاتداران و حکومەتی عێراقیشیان بە بەرپرس داناوە بۆ بەدواداچوونی ئەم تاوانە و ئاشکراکردنی تیرۆریستان و ئەوانەی کە لە پشتیانەوە وەستاون.

هەروەها لە ڕاگەیاندنەکانیاندا ئاماژەیان بەوە داوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەك هەر لە بەرامبەر ئەم تیرۆرە بێدەنگ نابێت، بەڵکو بەئیرادەیەکی پتەوترەوە دێتە مەیدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریسم و دەستەجاتی میلیشیایی ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتەکانیان.

ئەمە و لە بەشێك لە ڕاگەیاندنەکاندا ئاماژ بەوە دراوە کە یەنار محەمەد کۆمۆنیستێکی شۆڕشگێڕ و هەڵسوڕاو و ڕابەرێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان بووە، کە لە دەستدانەکەی خەسارەتێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی یەکسانی ژنان لە ناوچەکەدا بەتایبەتی لە عێراق و بانگەوازیان کردووە بۆ بەردەوامبوونی خەبات لە پێناو ئازادی ژن و سۆسیالیزمدا.

■ حزبی (بەرەی پێشەوەی سۆشیالیستی سەریلانکا - Frontline So- cialist Party – Sri Lanka) نوێنەری ئەو حزبە (چاتورا) لە مەڕاسیمی لەندەن لە (٢٩-٣-٢٠٢٦) کە بۆ ڕێزلێنان لە هاوڕێ یەنار بەرپاکرابوو، لە وتەکەی خۆیدا ئاماژەی کرد بەوە کە ئەم تاوانە تیرۆریستیە چالاکوانێکی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنانی کردۆتە ئامانج، جەختی کردەسەر ئەوەی کە ئەو کەسایەتییەکی تەنها عێراقی نەبوو بەڵکو نێودەوڵەتیش بوو، وە ئیلهام بەخشیش بوو بۆ چالاکوانانی وڵاتانی تریش. هەروەها وێڕای دەربڕینی هاوسۆزی و هاوپشتی خۆیان بۆ ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە عێراق، ڕایگەیاند هەرچەندە هاوڕێ یەنار تیرۆرکر بەهۆی ئەو ڕێبازەی کە گرتبوویە بەر، بەڵام ئایدیا و ئاسۆ و ئامانجەکانی ئەو بە زیندوویی دەمێننەوە.

■ فەڕەنسا: ڕێکخراوی ﴿تابل ڕاس- Table Rase﴾، کە ڕێکخراوی مارکسی فەرەنسییە لە پەیامەکەیدا بۆ ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە ڕێگەی مەڕاسیمی ڕێزلێنانی یەنار لەندەن (٢٩-٣-٢٠٢٦)، دەڵێن تیرۆرکردنی یەنار شۆکێکی گەورە بوو بۆ ئەوان و هاوسۆزی کۆمۆنیستانەی خۆیان بەم بۆنەوە دەنێرن، هەروەها لە پەیامەکەیاندا باس لە میراتێکی مێژووی لە خەباتی کۆمۆنیستی و خەبات بۆ ڕزگاری ژن دەکەن کە لەساڵی (٢٠١٠)ەوە ئەوان و ڕێکخراوی ئازادی ژن و هاوڕێ یەنار و هاوڕێیانی تر بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

# دۆخی ژنان لە عێراق و ستراتیژەکانی بەرەوپێشبردنی خەباتی فێمێنیستی

## یەنار موحەمەد

**عومەر خەتات**
**لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.**

ئەم باسە لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی کۆمیتە ناوەندیی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پێشکەش کراوە کە لە ڕۆژەکانی (٢٥-٢٧ی ئایاری ٢٠٢٢) بەستراوە.

ژنان و کچانی گەنج ئەمڕۆ لە جیهانێکی تەواو جیاوازدا دەژین لەچاو دوو سێ دەیە لەمەوبەر. ئێستا دەستیان دەگاتە ناوەندەکانی سۆشیال میدیای تەواوی جیهان و دەتوانن بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بەکاری بهێنن. سۆشیال میدیا لە ئێستا کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسەر گەنجان هەیە. لە کاتی گەڕان و بەدواداچوونیان بۆ بابەتەکان لەگەڵ ئەو بۆشاییە چینایەتییە دژوارەدا بەریەك دەکەون کە تێیدا دەژین و خۆیان لە خوارەوە دەبینن، جا ئەم بەریەککەوتنە لە ناو شەقام بێت یان لە شوێنی کاریان لە خوێندن. لە هەمان کاتدا هەست بە فشاری نێرسالاریی ناو خێزانێکی نەریتی و ناو کۆمەڵگەیەکی لۆکاڵیی داخراودا دەکەن.

ژنێکی گەنج یان کچێك ئامێرێکی بە دەستەوەیە کە هەموو گۆشە دوورەکانی جیهانێکی بۆی وێنا دەکات کە پڕیەتی لە سەروەتی سەرمایەداری بە هەموو توانایییەکانیەوە، ئەمە وای لێدەکات کە خۆی وەك بەشێك لە جیهانێکی گەورەتر ببینێت کە پڕیەتی لە دەرفەت بۆ وەدەستهێنانی زانست و سامان و داهێنان و خۆشگوزەرانی. لێرەوە خەونەکانی بۆ وەدەستهێنانی هەموو ئەوانە بەبێ هیچ ڕێگرێکی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکەن ڕێك وەك ئەو ژنانەی کە لە فیلم و زنجیرە و چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکانی دنیای مەجازییدا بە شێوەیەکی جوان و مۆدێرن دەردەکەوون، ئەمانە وایان لێ دەکەن بیر بکەنەوە کە ڕەنگە ئەوانیش توانای دەستڕاگەیشتنیان بە هەموو ئەوانە هەبێت و لە هیچ شتێکیان کەم نەبێت. ئەو وێنانەی ناو دنیای مەجازی کە دەگەنە کچان و ژنانی گەنج تەنها قەتیس نابنەوە بە سینەمای هۆلیوود کە ڕەنگدانەوەی کولتووری کۆلۆنیالیزمی پیاوە سپی پێستە ئەوروپییەکانە بەرامبەر گەلانی جیهان، بەڵکو وێنە مەجازییەکان لە ئێستادا لە زۆر سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە دەگەن و خاڵی هاوبەشیان تەرکیزکردنە سەر گەیاندنی وێنەکانی ئەندامانی چینی سەرمایەداریی زاڵ و دەوڵەمەندە کە وا پیشان دەدرێن خاوەنی هەموو ناز و نیعمەتێکن و تەنها کەمبوودییەك کە هەیان بێت لە ژیاندا "هەندێك خۆشەویستی"یە و هیچی تر. ئەو کچ و ژنە گەنجانەی کە لە ڕێگەی مۆبایلەکەیانەوە سەیری وێنە و چیرۆکی ژیانی کۆمەڵگایەك دەکەن کە تێیدا ژنان بە جلوبەرگی گرانبەهاوە دەدرەوشێنەوە و ئەوانیش وەك بینەرێك لە خەویشدا ناتوانن وەدەستیان بهێنن، لەناو ماڵێکی لۆکسدا دەژین کە ئەوان تەنانەت ناتوانن خەو بە سەردانیکردنیشیەوە ببینن.

چیرۆکی خۆشەویستی و سۆزداری ئەو خانمە ئەکتەرانەی کاتێك بەراوردیان دەکەن بە ژیانی خۆیان تێگەیشتنێکی قورسیان لا دروست دەکات، کۆمەڵگەکەیان ئەم خۆشەویستی و سۆزدارییەی لێیان ناوێت، بەڵکو تەنها جەستەی ئەوانی دەوێت.

سەرەڕای هەستی ئەم کچ و ژنانە بە بێ توانایی خۆیان لە بەرامبەر ئەو بۆشاییە چینایەتییە ڕوونەی نێوان واقیعی خۆیان و واقیعی سەرمایەداریی شاشەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەست دەگرن بە خەوی ئەو واقیعەی کە نە دەتوانن بەدەستی بهێنن و نە دەشتوانن تێیدا بژین.




هەر وەك چۆن ئاییندارێك دەستدەگرێت بە خەونی چوونە بەهەشتەوە، بەهەمان شێوەش کچانی گەنج دەست دەگرن بەو خەونە گریمانەییانەی پەنجەرەکەی دەستیانەوە بەرەو دنیای دەرەوە. ئەوان ناتوانن ئامێری خەونەکانیان، واتە مۆبایلەکانیان بەجێبهێڵن، چونکە گەڕانەوە بۆ جیهانی ڕاستەقینە، شۆکێکە و دەیانباتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئەوان ژنێکی کرێکارن و دەبێت زۆربەی مانگانەکەیان بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان و خێزانەکەیان خەرج بکەن کە ڕەنگە بەزەحمەت بەشی ژەمە خۆراکێکی باشیان بکات، یاخود ڕەنگە ئەو کچانە بێکار بن، هەروەك زۆربەی دەرچووانی زانکۆکانی عێراق، کاری ناوماڵی بێ مووچە دەکەن، سەر بە خێزانێکن کە ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتیان لێ وەردەگیرێت و دەیدەنە نێرەکان. یان لەوانەیە بێ بەش بوون لە خوێندن، چونکە سەر بە خێزانێکی کرێکارن کە نەیانتوانیووە خوێندن بۆ هەموو منداڵەکانیان دابین بکەن، تەنها کوڕەکان لێی بەهرەمەند بوون و کچەکانیان لەبەر سەختی بارودۆخی ژیان داوە بەو کەسەی کە یەکەم جار لە دەرگای داوون!
لە واقیعی چەوساندنەوەی چینایەتی و

نێرسالاریدا، کچەکان خۆیان دەبیننەوە کە ناتوانن ئەو خوێندنە بەدەست بهێنن کە دەیانەوێت، ئەو کارەی کە خەونی پێوە دەبینن، تەنانەت بە دەگمەن ئەو هاوسەرگیرییەیان وەدەست دەکەوێت کە دڵیان پێوەیەتی و ئارەزووی دەکەن، چونکە ئەم ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتییانە زیاتر تایبەتن بە پیاوان. کاتێکیش هاوسەرگیری دەکەن، دوای ماوەیەك لێیان دەشێوێت، چونکە هاوسەرەکانیان بەپێی کەلتوری ئیسلامی وا ڕاهێنراون کە ژنێکی تریان بەسەردا بهێنێت و ئەمیش بکات بە بەرپرس و پەروەردەکەری منداڵەکانی، ئەرکی پیاویش سەپاندنی باڵادەستی پیاوسالارانەیە بەسەر ئەم و کچەکانیدا چونکە ئەمان موڵکایەتی تایبەتن بە خۆی. نۆرمی ژیان بۆ پیاو لە عێراقدا وا چەسپاوە جا پیاوەکە بۆرژواز بێت یان کرێکار کە زیاتر لە ژنێکی هەبێت، ئەمەش ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو بنەماڵەی یەکەم و بنەماڵەی دووەمدا دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام کە گوزارشت لە پچڕان و خراپتربوونی دۆخی کۆمەڵایەتی و موعاناتی ژنان و منداڵان لەناو ئەم سیستەمە لە ئیمتیازاتی پیاوسالاری دەکات کە لەلایەن دامەزراوە ئایینی ئیسلامی و خێڵەکییەکەوە پێشکەش بە پیاوان دەکرێت. کاتێك بەشێك لە کۆمەڵگا بەم ئیمتیازاتە نێرسالارییانەوە گەندەڵ دەکرێت و دەیەوێت سەرکووت و پەراوێزخستن و بێبەشکردن بسەپێنێت بەسەر بەشی دووەمی مێینە و منداڵەکانیاندا، ئەوا بەشی دووەم بێدەنگ نابێت؛ لە هەر شوێنێك ستەم هەبێت، بەرەنگاریی هەیە، ئەمەش دەبیتەهۆی توندوتیژی زارەکی، مەعنەوی و جەستەیی، ئاسەواری ئەمەش بەزۆری لە ژن و منداڵەکان دەدات. ڕۆژ نییە ئێمە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان یان لە سۆشیال میدیاوە ڕووخساری سووتاو یان تێکچووی ژنێك نەبینین کە یەکێك هەوڵی کوشتنی یان ئازاردانی داوە.

لەناو کۆمەڵگەی سەرمایەداریی عێراقدا بە مارکە (مۆرە) ئیسلامی و عەشایرییەکەیەوە، تووندوتیژیی و بێڕێزی کردن بە جەستەی ژن ئاستێکی بەرزی بە خۆیەوە بینیووە کە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێستای عێراقدا کەم وێنەیە. بێڕێزییەك کە ئەم دەسەڵاتە نێرسالارانەیە بە جەستە و چارەنووسی ژنان و منداڵانەوە دەیکات، سەرچاوەی بەهێزی زیادبوونی ئەو توندوتیژییەیە کە لە ئارادایە لە نێوان نیوەی کۆمەڵگا و نیوەکەی تریدا. ئەمە نەك توانای ژیان لە چینی کرێکار دەستێنێتەوە بەڵکو هەمیشە لە نا ئارامیدا دەیهێڵێتەوە و سەری نا پەرژێتە سەر پرسە چارەنووسساز و ناسنامە چینایەتییەکەی و خەباتی یەکگرتووانەشی شلوێ دەکات.

## شەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژی جەستەی ژنان

فەرهەنگی دەسەڵاتداران بە تایبەتی لەم بیست ساڵەی ڕابوردوودا کە لە ژینگەی حیزبە ئیسلامییەکان و ڕەوتی ناسیۆنالیستی خێڵەکیدا لە ئارادایە سەرچاوەی کۆنترۆڵ و سەرکوتی نیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت کە ژنانن.

بەڵگەنەویستە کاتێك گروپە ئیسلامییە توندڕەو و چەکدارەکان کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکەن، ئەوا شەڕی خۆیان لە کۆمەڵگادا لە دوو ئاستدا ڕادەگەیەنن: ئاستی یەکەمیان سیاسییە و بە دژی نەیارە سیاسییەکانی تریان "نەك تەنها کۆمۆنیستەکان" لە گروپە ئیسلامییەکانی تر کە لە ڕکابەرکێیەکی بەردەوامدان بۆ دەستبەسەراگرتن بەسەر سەروەت و سامان و تواناکانی کۆمەڵگەدا، ئەوا ئاستی دووەمی شەڕ بریتییە لە کۆنترۆڵ کردنی ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی جەماوەر لە سەر جادە و هەوڵدانە بۆ دوورخستنەوە و ونکردن و شاردنەوەی ژنان لە فەزای گشتیدا. ئەمانە دوو سیمای جیانەکراوەی بزووتنەوە ئیسلامییە تووندڕەوەکان پێکدەهێنن.

ژنان لەژێر سایەی ئەمانەدا دەبێت لە ماڵەکاندا بشاردرێنەوە و هەمیشە لەژێر هەڕەشە و تووندوتیژی جەستەیی و دەروونیدا بهێڵرێنەوە و لە فەزای گشتی دوربخرێنەوە و وون بکرێن. ئەگەر شانسیان هەبێت و بێنەدەرەوە ئەوە دەبێت هەموو ڕوخساری ژنانەی خۆیان بە قوماشێکی ئەستوور و ڕەش بپێچنەوە. دەسەڵاتدارانی ئیسلامی نەك تەنها بەم تووندووتیژییەی ئێستایان بە دژی ژنان ڕازی نین، بەڵکو دەیانخەنە ژێر تۆقینێکی فەرهەنگیشەوە بەوەی کە پێیان دەڵێن: ژنان بۆیان هەیە سێ جار بچنە دەرەوە: یەکەم بۆ هاوسەرگیری و دووەم بۆ زیارەتی حەج و سێهەم بۆ ناوقەبر! مەبەست لەم هەموو هەوڵانە تیرۆرکردنی ژنان و سەپاندنی زیندانی هەتاهەتاییە بەسەریاندا، بە شێوەیەکیش ئەم فەرهەنگە کار دەکات کە ئەوە هەڵبژاردەی خۆیانە و فەرز نەکراوە بەسەریاندا.

پاش ئەوەی حیجاب ئەو پەرچەمە ئیسلامییە بوو کە سنووری حوکمڕانی ڕەوتە ئیسلامییەکانی دەکێشا، ئێستا پۆشاك و جل و بەرگی ئیسلامی "میلیتانتی" بووەتە بناغە، لێرەوە گروپە ئیسلامییەکان لە کێبکێ بەردەوامدان لەسەر ئەوەی کامیان جل و بەرگی زیاتر دەکەنە بەری ژنان و زیاتر دەیانشارنەوە، ئەمەش شەڕێکی سیاسی ڕاگەیاندراوە بە دژی جەستەی ژن و دەرکەوتنی کۆمەڵایەتییان.

دۆسیەی بەرزکردنەوەی دروشمی "حجابی ئیسلامی فەڕزە بەسەر ژناندا" لەو شارانەی کە مێژووییەکی ئایینی و عەشیرەتیان هەیە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە. تەنانەت هەندێك جاریش قسە لەوە دەکرێت کە ڕێگە بگرن لەو ژنانەی کە بە جلوبەرگی مۆدێرن و بە سیمایەکی سروشتییەوە دێنەدەرەوە بۆ چونە ناو هەندێ شارەوە! ئەم سەرکوت و ڕقلێبوونەوەیە و ونکردنەی ژنان لە مێژووی عێراقدا بێ وێنەیە. لە توێژینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە نزیکەی چارەکێك لە ژنانی ئەم شارە ئاینیانە دەکەونە ناو خانەی "ژنی بەجێهێڵراو"ەوە چونکە هاوسەرەکانیان بەجێیان هێشتوون و ڕۆشتوون، ژنی دووەم و سێیەمیان هێناوە. ئەمە دۆخی ژنانە لەژێر دەسەڵاتێکی سەرمایەداری کە پارێزەرەکەی حوکمێکی ئیسلامییە، لێرە کاتێ ژن کاڵایەکی خوازراوە و بە گەنجی لووش دەدرێت، کاتێکیش کاڵایەکی تازەتر دێتە بەردەست، لەگەڵ منداڵەکانیدا فڕێ دەدرێنە ناو چارەنووسێکی نادیارەوە.

لەم وڵاتەدا هەر ئەوەندە مێینە بیت ئەوە لە تەمەنێکی بچووکەوە بە جووڵە و ڕۆیشتن و دانیشتن و هەڵبژاردنی وشە و شێوەی نیگاکانتەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێیت کە نازانیت چۆنچۆنی "شەرەف"ی پیاوانە و خێڵ بپارێزیت! چونکە جەستەی تۆ کە توانای بەرهەمهێنانی جۆری (نەوعی) بوونەوەری مرۆڤی هەیە، بەڵێ ئەو جەستەیەت وەك شتێك، ئامرازێك، یان کاڵایەك سەیر دەکرێت و دەکەوێتە ناو زۆنی خاوەندارێتی تایبەتیی خێزانەکەوە کە لە ڕێگەیەوە ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانی بوونەوەری مرۆڤە کۆنترۆڵ دەکات، وەك ئامرازێك بۆ زاوزێ، یان وەك شتێك کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا بە

شێوەیەك کە خێزانەکە ڕازی بکات.

لەم پرۆسەیەدا ژنان زۆر ئاسان و بەبێ هەڵبژرادەی خۆیان ڕادەستی مێردێك دەکرێن کە لە لایەن نێرەکانی خێزانەکەی خۆیەوە هەڵدەبژێردرێن و هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکەن، یان باشتر بڵێین وەك خزمەتکاری ناوماڵ و بەخێوکەری منداڵ چاویان لێ دەکرێت. لێرەوە ژن و منداڵەکان جارێکی تر دەبنەوە بە موڵکێکی تایبەت، و بۆ پیاوەکەش دەبنە سەرچاوەی هێز و کۆنترۆڵی ئەو لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی باودا. مارکس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا ژن بە پرۆلیتاریا دەچوێنێت و مێردەکەشی بە بۆرژوازی. مارکس وەك نموونەی یەکەمی کۆنترۆڵی سەرمایەدار بەسەر کرێکاردا باسی دەکات. هۆکارە ماددی و مێژووییەکانی دیکەی ئەم زاڵبوونەش، کە لە ئەنجامی میراتێکی پیاوسالاری مێژووییەوە هاتۆتە ئاراوە، بریتییە لە کۆنترۆڵی نێرەکان بەسەر نەوە یەك لەدوای یەکەکانیان، خاوەندارێتیان بۆ ژن و منداڵ و هێشتنەوە و بالادەستی پیاوانەی خۆیان.

بەڵگە نەویستە کە دەبێت ژن هەوڵێکی زۆر بدات و هیلاك بێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لێی ڕازی بێت. ئەوە هەر تانها فشاری کۆمەڵگەی نێرسالاری نییە، بەڵکو زۆرجار فشارەکان لەو ژنانەوە دێن کە نزیکی خودی خۆیانن و بارهاتوون بە تۆقینی نێرسالاری و هێشتنەوەی بالادەستی نێر لە کۆمەڵگەدا، یانی بە زمانێکی سادە ترسی گەورەی ئەو ژنانە ئەوەیە "شەرەف"ی عەشیرەتێك لە دەست بدەن کە لە لاشەی ئەماندا جێکراوەتەوە و عەشیرەت "خاوەنەکەیەتی"! بە پێچەوانەی ئەمانەوە نێرەکان هان دەدرێن بۆ چێژوەرگرتن لە هەر شتێك کە حەز دەکەن، بێگوومان عەشیرەت شانازیان پێوە دەکات و ئەو ئیمتیازاتەیان پێدەبەخشرێت کە بۆ مێینەکان خەوە!. ئەمەش دەبێتە هۆی بێبەشکردن لە زۆربەی مافە کۆمەڵایەتییەکان لە مێینەکان و سەپاندنی کۆیلایەتی بەسەریاندا لەناو ئەو خێزانانەی کە پیاوان حوکمڕانی دەکەن. بەرهەمی ئەمەش بێبەشکردنی منداڵانی کچ و نەوجەوانانی مێن؛ لە قسەکردن، لە خۆنواندن و جووڵە و سەیرکردن بە شێوەیەکی خۆبەخۆ و بێ زیان.

ژن خۆی تەنها وەك جەستەیەك و چارەنووسێك کە کەسانی تر خاوەندارێتی و بڕیاردەریەتی سەیری خۆی دەکات. سەبارەت بە بیرکردنەوە یان دەربڕینی هەستەکانی، پلاندانان بۆ داهاتووی، چێژوەرگرتن لە هونەر، ئەدەب، بیرکردنەوە یان خۆشگوزەرانی، بۆ هەموو ئەم شتانە بڕیاردان لە دەرەوەی ئەو دەگیردرێتەبەر. واتە ژن هیچ توانایەکی بەسەر ژیانی خۆی و مافی بڕیاردانی لەسەر چارەنووسی خۆی نییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دۆخێکی کۆیلایەتی و وابەستەییە بە کەسانی دیکەیە و لەم فەزایەدا ناتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ دەوروبەری بە شێوەیەکی سروشتی ژیان بکات، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دۆخێکی جیابوونەوە لە خۆی یان ئەوەی مارکس پێی دەڵێت دۆخی نامۆبوون.

## نامۆبوونی ژن لە دەوروبەری خۆی، وەك چەمکێکی مارکسیستی!

مارکس نامۆبوون بە شێوەیەك لە شێواندنی مرۆڤایەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی پیشەسازی چینایەتیدا پێناسە دەکات کە مرۆڤ لە خۆی و دەوروبەری و کەسە نزیکەکانی نامۆ و جیا دەبێتەوە، چونکە ناتوانیت کۆنترۆڵی بارودۆخە ماددییەکانی دەوروبەری بکات. مارکس هەروەها "نامۆبوون لە خود" بە دەرئەنجامی ئەوە دەبینێت کە مرۆڤ بەشێکی ئۆرگانیکە لە چینێکی کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەژی کە ستەمکاری بەسەریدا دەسەپێنرێت و جەوهەری ئینسانی خۆی لێ وون دەبێت. نامۆبوون جەوهەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری پێکدەهێنێت. مارکس نامۆبوونی کرێکار لە بەرهەمی کارەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەیسەلمێنێت کە ئەوە چینی بۆرژوازییە کاری کرێکارەکە دەبات و دەیکاتە کالایەك و لە بازاڕی کاردا ئاڵوگۆڕی پێدەکات. کار دەبێتە چالاکییەکی بێمانا و هیچ ڕەزامەندییەك بۆ کرێکارەکە بەجێناهێڵێت، بەڵکو دۆخێك لە بێدەسەلاتی و گۆشەگیری و ناڕازیبوون دروست دەکات. بەشێك لە توێژەرانی قوتابخانە دەروونناسییەکان باسیان لەوە کردووە کە نامۆبوون دەبێتە هۆی دۆخێك لە بێ هێزی و بێدەسەلاتی و بێمانابوون و دابڕان و نامۆبوون لەخۆ؛ وە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەی کە دەوری تاکەکەسی داوە.

مارکسیستە فێمینیستەکان لەسەر هەمان بناغەی تێزی نامۆبوونی کرێکار، کاتێك نامۆبوون وەك ئاکتێك بۆ لە مرۆڤخستنی کرێکار پاڵدەنێت بۆ شۆڕش بە دژی تەواوی پێکهاتەی سیستەمی سەرمایەداری؛ دێن و لە وەسفکردنی نامۆبوونی ژنێکی کارگەر یان بێکاردا کۆمەڵێك فاکتەری دیکە بۆ نامۆیی زیاد دەکەن وەك: ستەمکاریی کولتووریێکی نێرسالاریی کە مێینە بە کەم دەزانێت، سەرکوتکردنی سێکسی، دیتنی ژن وەك کالایەکی سێکسی و هیچی تر و بێبەشکردنی ژنان لە ماف و پێداویستییە جەستەیی و سۆزدارییەکانی. هەروەها ئاماژەش بۆ ئەوە دەکەن کە کاتێك ژن بە شێوەیەکی قێزەون و ڕووکەش و میکانیکی و لەسەر بنەمای شێوە و قەبارە و جووڵەی بەشەکانی جەستەی هەڵدەسەنگێندرێت، ئەوا لە ناو سیستەمێکی سەرمایەداریدا کە وەك کالایەکی باش یان نەشیاو بۆ چێژوەرگرتن یان زاوزێ سەیری دەکرێت، نامۆبوونەکەی دەکاتە دوو بەرامبەر. تێکەڵبوونی هەموو ئەم هۆکارانە ژن لە کارلێکی داهێنەرانە لەگەڵ دەوروبەر جیا دەکاتەوە و هەڵوێستێك دروست دەکات لە نێوان خۆی وەك مرۆڤێك کە پێویستی بە چێژوەرگرتن هەیە لە تەواوی پەیوەندییە مرۆییەکانی و جیهانی دەرەوەیدا، ئەمەش دۆخێکی دووجار نامۆبوون دروست دەکات و ژن پاڵ پێوە دەنێت بۆ ڕاپەڕین لە دژی هەموو بەهاکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری.

نامۆبوونی ژن لە کۆمەڵگە و لە خۆی، بەهۆی تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بۆی کە لەسەر بنەمای بوونی جەستە دامەزراوە و ئامرازێکە تەنیا بۆ چێژ و زاوزێ و درێژەدان بە ڕەگەزی بنەماڵە و هیچی تر. مافی مامەڵە بە جەستە و چارەنووسی ژن لە دەستی کەسانی دیکەدایە وەك ئەوەی کالایەك بێت یان شتێکی دابڕاو بێت لە بیر و هەست و ئارەزوو و توانای بڕیاردان لەسەر ئەوەی ژیانی بەو ئاراستەیەدا ببات نەك بە ئاراستەیەکی تردا ببرێت. هەموو ئەمانە بەو هۆیەوەیە کە سیستەمێکی سەرمایەداری بە بەرگێکی ئیسلامی و خێڵەکییەوە حوکمڕانی دەکات. ژن لە تێڕوانینی ئەماندا مۆڵکایەتییەکی تایبەتە و باشترە منداڵی نێری ببێت تا بەرهەم و بەهاکانی سیستەمی کۆیلایەتی سەرمایەداریی بەرهەم بهێنێتەوە.

لە کاتێکدا کە ژنی کارگەر یان بێکار، هەموو کارەکانی ماڵەوە و پەروەردەی منداڵەکانی لە ئەستۆ دەگرێت، یاساکان دێن و منداڵەکانی لێ دەسێنن و دەیدەنە پیاوەکەی "ئەگەر پیاوەکەی بیەوێت"! ئەم

زوڵمە کۆمەڵایەتی و یاسییانە دەبنە هۆی دروستکردنی حاڵەتێکی نامۆیی و بێبەشکردنی ژن لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، نەتوانین لە دەستڕاگەیشتن بە منداڵەکانی، یان نەتوانین لە بڕیاردان لەسەر منداڵ نەبوون یان لەباربردنی منداڵ و مەحاڵبوونی بەدیهێنانی خەونەکانی لە فێربوون، لە کارکردن، یان کارلێککردن لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا، باسی وازهێنانی لە هەموو ئەو خەونانە ناکەم کە پێشتر لە ژیانی جیهانی مەجازی ئینتەرنێتدا خەوی پێوەدەبینی و هیچیان نەهاتنە دی.

ژن ناتوانێت ڕەزامەندی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری ئیسلامی بەدەست بهێنێت تەنانەت پاش جێبەجێ کردنی هەموو ئەو مەرجانەی کە بەسەریدا سەپێنراوە وەکو قوربانیدان لە پێناو ئەوانی تردا، خزمەتکردنی ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ کە کارێکی بێ مووچەیە و ملکەچبوون بە دەسەڵات و ئیمتیازاتی پیاو کە بەسەریدا سەپێنراوە. ڕەنگە توندترین حاڵەتەکانی فشار لەسەر مێینە ئەو کاتانە بێت کە جەستەی دووگیان دەبێت، یان ناچاری لەباربردن بکرێت، وەك ئەوەی کۆیلەیەك بێت و جەستەیەکی هەڵگرتبێت کە خۆی خاوەنی نەبێت. نامۆبوونێکی توندی ئاوا دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی تەواوی دۆخی ستەم و کۆیلایەتی زۆرجاریش دەبێتە هۆی خۆکوشتن.

لە هەر حاڵەتێکدا، نامۆبوون لە ژینگەی دەوروبەری دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەو ژینگەیە و لە گەڵیشیدا ڕەتکردنەوەی تەواوی بەها و نەریتەکان و ئەو ڕۆڵانەی کە ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە سەپاندوویانە بەسەر ژناندا. ڕەتکردنەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی هەندێ جار دەبێتە یاخیبوونێکی تەواو و دوورکەوتنەوە لە ژینگەی زوڵم و زەلیلی، بەبێ ئەوەی بەدیلێکی ڕوون بۆ ژیانی هەبێت.

## هەلومەرجی یاخیبوونی بەکۆمەڵی ژنان و خوڵقاندنی هۆشیاری فێمینیستی لەسەر زەمینەیەکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕانە!

وەك چالاکوانانی فێمینیست و وەك بەشێك لە چاودێریکردنمان بۆ دۆخی کچان و ژنانی گەنج، تێبینی زیادبوونی حاڵەتەکانی هەڵاتن لە توندوتیژی خێزانیمان کرد بە ژمارەیەك کە زیاتر لە پرۆسەی ئاوارەبوونی بەکۆمەڵ دەچوو بە دژی سەرکوتکردنی پێکهاتە خێڵەکییەکان کە ئیمتیازاتی پیاوانەیان ئازاد کردبوو لە دژی کچان و ژنان. ئەم دیاردەیە لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕیندا "ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩" کە گەورەترین تەحەدای دەسەڵاتی باڵای بۆرژوازی بوو لە عێراقدا زۆر زیادی کرد. ئەو ڕاپەڕینە دەرگای کردەوە بۆ کچان و ژنانی گەنج کە مەرجی ستەم و توندوتیژی لەناو خێزانەکانیاندا قبوڵ نەکەن، ژمارەیەکی زۆریان هەڵاتن و زۆرێکیان گەیشتنە چادرەکانی گۆڕەپانی تەحریر. وەك چۆن ئێمە لە دەرئەنجامەکانی پرسی نامۆبووندا بینیمان، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاوارەبوونە بەکۆمەڵەی ژنان، بێباکییان بوو بەرامبەر بەو ئەنجامە کارەساتبارانەی کە لەوانەیە لە کاتی هەڵاتنیاندا توشیان ببێت، چونکە ڕەتکردنەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی دەوروبەریان بەلاوە گرنگترە تا هەڵاتن بۆ شوێنێکی نادیار کە ڕەنگە تێیدا ببنە قوربانی بازرگانیکردن پێیانەوە یان ئیستغلالکردنی سێکسی.

ئەم یاخیبوونە فێمینیستییە تاکە کەسییە دەتوانرێت بەراورد بکرێت بەو شتەی کە لینین سەبارەت بە هۆشیاریی یاخیبوونی تاکی خۆبەخۆی کرێکار و بەرەنگاربوونەوەی ئەو بەرامبەر بەو خاوەنکارە بۆرژوازەکەی ڕوونی کردەوە. ئەوەی کە لینین سەبارەت بە هۆشیاریی کرێکاران بە پێویستیی ڕێکخستنی خەباتی بەکۆمەڵی کرێکاران بە ئاراستەیەکی سۆسیالیستیدا پێشنیاری دەکرد. لینین لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە دەکرد کە پێویستە ئەم ڕێکخراوانە بەرنامەکانی چاکسازی تێپەڕێنن بە مەبەستی گەیشتن بە شیکارییەکی ماتریالیستی، دیالێکتیکی، مێژوویی وەك بناغەیەکی فیکری کە پەیامی ئەم چینە مێژووییە بەیان بکات بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستی لە کۆمەڵگەدا.

کۆمەڵگا بە هەلومەرجێکی ناجێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت، کە کرێکاران و ژنان دەخاتە بەردەم چەوسانەوەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەلێنە چینایەتییەکان لە نێوان چینی دەسەڵاتدار لە عێراق و چینی کرێکاردا بە ڕادەیەکی ئێجگار گەورە زیادی کردووە کە لەمەوبەر پێشبینی نەدەکرا یان چاوەڕوان نەدەکرا.

بە پێی توێژینەوەیەکی ئەم دواییەی بانکی نێودەوڵەتی (٤٠%)ی دانیشتووانی عێراق لە ژێر هێڵی هەژارییدا ژیان بەسەر دەبەن. ڕەنگە ئەو زەبروزەنگە توندەی کە ژنان لە ژێر کاریگەری میلیتاریزمی ئیسلامیدا لەناو کۆمەڵگادا بەدەستیەوە دەناڵێنن، گرنگترین هۆکار بێت بۆ گرنگی دروست کردنی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و فێمینیستی شۆڕشگێڕانە و گۆڕینی نارەزایەتییە فێمینیستەکان لە یاخیبوونی خۆبەخۆی تاکی ژنەوە بۆ ناو ڕێکخراوێکی فێمینیستی سۆسیالیستی کە پشت بە شیکردنەوەی دیالێکتیکی و مێژوویی دەبەستێت و لەسەر بناغەی مارکسیزم بنیات نراوە بە دژی چینی دەسەڵاتداری سەرمایەداری و سیستەمی نێرسالاری کە پشت بە دامەزراوەی ئایینی و خێڵەکییەکان دەبەستێت و نیوەی کۆمەڵگا دەچەوسێنێتەوە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ تێکشکاندن و چەوسانەوەی نیوەکەی تر.

ڕەنگە گرنگترین قۆناغ لە بنیاتنانی ئەم ڕێکخراوەیە و گۆڕینی بۆ هێزێکی کاریگەری هێرشبەر، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری چینایەتی مارکسیستی و فێمینیستی بێت لە نێو ژنانێکدا کە پێشتر زوڵم و ستەمیان ڕەتکردبووەوە بە شێوەیەکی عەفەوی لە دژی شۆڕشیان کردبوو. ئەم ژنانە بەم کارەیان واتە بە ملنەدان بە دەسەڵاتی نێرسالاریی لە ڕاستیدا نیوەی ڕێگەکەیان بڕیبوو.
قۆناغی کۆتایی لە کاری شۆڕشگێڕی فێمینیستدا، بڵاوکردنەوەی هۆشیارییەکی فێمینیستانەیە بۆ یەکسانی ژنان و مافی بڕیاردانی سەربەخۆیان لەناو ڕێکخراوێکی مارکسیستیدا کە هەوڵی لە ناوبردنی موڵکایەتی تایبەتی و سیستەمی سەرمایەداری دەدات.

هەرچەندە مارکس کەمتر سەرقاڵی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ستەمکاریەکانی سەر ژنان بووە، بەڵام بنەماکانی شیکردنەوەی چەسانەوە و ستەمکاری و شۆڕش کردنی بە ڕوونی باسکردووە. مارکس ڕوونی کردۆتەوە کە چۆن سەرمایەداری چینی کرێکاری وەك ئامرازێکی کەڵەکەی سەرمایەی خۆی تەماشا دەکات. هەروەها لە مانیفێستی کۆمۆنیستیشدا باس لە پێویستی بەرزکردنەوەی پێگەی ژنان لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا کراوە. توێژینەوەکانی ئەنگڵز لەسەر بنەچەی خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت تیۆرییەکی باشن بۆ شیکردنەوەی دامەزراوەی "تاکهاوسەری" کە لەسەر بنەمای

موڵکایەتی تایبەت و پەیوەندییەکانی نایەکسانی لە نیوان ژن و پیاودا دروستبووە. بزووتنەوەی فێمینیستی لە سەرەتای خۆیدا لەناو چە پدا سەری هەڵدا و لق و پۆپێکی زۆری لێبۆوە، بەڵام هێشتا بەشێکیان نزیکایەتی خۆیان بە چە پەوە هێشتۆتەوە بە تایبەتی بزووتنەوە مارکسیستە فیمینیستەکان کە ئێمە وەك (ڕێکخراوی ئازادی ژن) خۆمان بە بەشێکی ئەو بزووتنەوەیە دەزانین.

## ستراتیژییەکانی خەباتی فێمینیستی لە بەرامبەر هێرشی سەرمایەداری-ئیسلامی و خێڵەکیدا!

ئامانجی خەباتی ڕزگاریخوازی فێمینیستی، کۆتایی هێنانە بە نێرسالاری و سیستەمی سەرمایەداری کە دابەشکاری ئێتنیکی و مەزهەبی بەسەر عێراقدا سەپاندووە، بەبێ پشتگوێخستنی هەموو ئەو کەس و گروپانەی کە پەراوێزخراون، وەك بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی دژی ڕەشپێستەکان و ئەو گروپانەی کە لەمێژە ستەمیان لێ دەچێت وەك ئێزیدییەکان. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، پێویستە:

یەکەم: دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ژنان بەدەستیەوە دەناڵێنن و سەیرکردنی بەدواداچوون و چارەسەرکردنیان جا بە شۆڕش بێت یان چاکسازی.

دووەم: ئەو ئامانجە کۆتاییانەی کە ئێمە بە شوێنیەوەین، وەك ئازادی و یەکسانی، هەروەها ئامانجە کاتییەکانمان وەك نەهێشتنی سەرمایەداری و نێرسالاری و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن، وەك دامەزراوە ئیسلامییەکان و دامەزراوە و پەیوەندییەکانی خێڵ، کە چەندین هەنگاو لە ئامانجە کۆتاییەکانمان نزیکمان دەخاتەوە.

سێیەم: ئامرازەکانی ڕێکخستن و ئەنجامدانی چالاکییەکان بۆ بەهێزکردنی ژنان و پڕچەککردنیان بە هۆشیارییەکی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕانە دژی سەرمایەداری و نێرسالاری و ڕەگەزپەرستی.

ديدگاکانمان ڕۆشنتر دەبێتەوە کاتێك دێن و دەست دەخەینە سەر ئەو ئاستەنگانەی کە ئێستا ژنان لە عێراقدا بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەویش زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای



ئایینی ئیسلامییە بەسەر کۆمەڵگادا و دەستپێکردنی شەڕی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی لە دژی ژنان ئەویش بە پشتبەستن بە دامەزراوەیەکی خێڵەکییانە کە ڕێز لە "گەورەیی پیاوانە"ی خێڵ بە گەورە و منداڵ و نەوەکانیانەوە دەگرێت. لەگەڵ هەژموونی ئەمانەدا، ژنان دەبنە تەنیا بابەتێکی چێژ و زاوزێ و خزمەتکردن و خەریك بوون بەو ڕێوڕەسمە (سرووتە) ئایینیانەی کە کۆت و بەندی دەکاتە پێ. پایەیەکی تری سیستمی سەرمایەداری و نێرسالاری بریتییە لەو کۆمەڵە یاسایانەی کە کۆیلایەتی ژن بۆ پیاوان مسۆگەر دەکات و وەك موڵکێکی تایبەت بۆ خۆی و منداڵەکانی جێگیری دەکات. حیزبە دەسەڵاتدارە ئیسلامییەکان هەرکات دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێت، هەوڵ دەدەن پێچەکانی سەر ژنان توندتر بکەنەوە، هەر بۆیە ڕێکخراوی فێمینیستی مارکسی هەوڵ دەدات ئەوهۆشیارییە بچەسپێنێت کە ڕزگاری ژنان بە مانەوە و باڵادەستی دامەزراوە ئایینی و خێڵەکان بەدی نایەت.

سەبارەت بە پلاندانان بۆ ئامانجە کۆتاییەکانمان، مەبەست لێی ئەوە نییە کە ژنان دەبێت چاوەڕوانی سەرکەوتنی ڕەوتی سیاسی کۆمۆنیستی بکەن بۆ ئەوەی دوای چەند قۆناغێك ئازادیان پێ "ببەخشرێت"، بەڵکو خەباتی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی بەشێکە لەو خەباتە سیاسییە بۆ بەدیهێنانی ئازادی تەواوەتی هەر ئێستا. لەم خەباتەدا ژنان داوا لە هاوپەیمانەکانیان دەکەن شەڕی بەرەنگاربوونەوەی نەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و ئەو ڕاستییە لە بیر نەکەن کە شەڕی چینایەتی و جێندەریی شان بە شانی یەکتر دەڕۆن. ئازادی و یەکسانی دەبێ لە ئەمڕۆوە دەست پێبکات، لەناو ئەو ڕێکخراو و بازنە هاوپەیمانانەی کە بە هۆشیارییەکی کۆمۆنیستی یەکسانیخواز و فێمینیستی پڕچەکن.

ئامرازەکانی ڕێکخستن بابەتێکە پشت دەبەستێت بەو دۆخە کۆمەڵایەتییە کە بزووتنەوەکەمانی تێدا هەڵدەسوڕێت، هەژموونمان، تواناییمان بۆ قەناعەت پێکردنی بزووتنەوەکە بۆ وازهێنان و دەستبەرداربوونی بیروباوەڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و لەوێوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دروست بکات. یەکێکی تر لە ئامرازەکانی ڕێکخستن بۆ بزووتنەوەی فێمینیستی مارکسیستیمان ئەو هەڵمەتانەیە کە پێیهەڵدەستین بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی چەوساندنەوەی ژنانی تێدایە، پەیوەندیکردنە بە بزووتنەوە فێمینیستییە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان و هەوڵدانە بۆ هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگا لەسەر پێویستیی پابەندبوون و داکۆکیکردن لە مافی ژیانی ژنان. ڕێکخراوی فێمینیستی مارکسیستی جێگە و سەلامەتی خۆی لەناو بزوتنەوەیەکی فێمینیستی کۆمۆنیستیدا دەدۆزێتەوە کە گوێ لە داخوازییەکانی ژنان دەگرێت و دیدگایان بەرامبەر خەبات بۆ ڕزگارییان پەرە پێ دەدات.

٢٤-٥-٢٠٢٢

# دەنگێک کە ناکوژرێت





## (بۆ یەنار محەمەد)

شیعری: سەنا نوری
ئازاری ٢٠٢٦

ئێمە ئەو توخمەین کە لە خاکی ئازاردا سەوز بووین،
بە خوێنی خەونەکانمان ئاو دراوین،
لەژێر بارانی ترس فێری سەمای ئازادی بووین.
ئێمە لەناو شەودا نەخەوتین
چونکە ڕۆشنایی لە دڵماندا دەسووتا.
دەنگمان نە لە خەیاڵە، نە لە پەڕەی سپی نووسین
دەنگمان بریتییە لە شەڕێك دژی مێژوویەکی خوێناوی
کە بە دەستی ترس نووسراوە.
ئازادی وشە نییە؛
ئازادی بریتییە لە هەناسەیەك کە ناتوانرێت ببڕدرێت.
تۆ، ئەی یەنار نەك تەنها ناوێکیت
تۆ بزووتنەوەیەکیت، تۆ ڕێگایەکیت
کە لەسەر ئاگر دەڕوات بەڵام ناسووتێت.
لە هەموو هەنگاوێکتدا مێژوو دەنووسرێتەوە،
نەك بە قەڵەم، بە ئازار،
بە بەربەرەکانی، بە ئازایەتی.
ڕۆحی تۆ.. نە بە تیرۆر دەمرێ،
نە بە زیندان دەشکێت
چونکە بیر لە قەفەسدا ناتوانرێت بژێت،
بیر هەمیشە دەڕوات بۆ ئاسمان.
ئەوانەی بە شمشێری ژەنگاوی
دەیانەوێت ڕۆشنایی بسڕنەوە،
نەیانزانی کە تاریکی ناتوانێت ڕووناکی بکوژێت.
تۆ بە باڵی وشەی دەفڕیت،
بە هەناسەیەك دەشکێنیت دیوارەکانی بێدەنگی.
هەر وشەیەك لە تۆ بریندارکردنی درۆیە،
هەر دەنگێك هەڵوەشاندنەوەی ترسە.
بۆیە بڕۆ...بە سەربەرزی
کە بەرزی تۆ شکستی ئەوانەیە کە بە ترس دەژین.
بڕۆ بە دەنگێکی ئاشکرا،
کە ئاشکرابوون خۆی شۆڕشە.
چونکە تۆ دەزانی ئازادی ڕێگایەکە
کە بە هەناسەی ژین دەنووسرێت.
لە هەموو شوێنێکدا کە تۆ تێدە پەڕیت،
شووشەی بێدەنگی دەشکێت بە دەنگی تۆ.
ڕۆحی تۆ وەك ئاگرێکی نەکوژاوە
لە دڵی شەودا دەدرەوشێتەوە.
دەڵێیت: من لێرەم...هەرگیز نەمردووم."
ئەوانەی جەستەیان خستە سەر شمشێر
بە بیرێکی تەسك، هەرگیز نەگەیشتن
کە تۆ لە جەستەیەکدا نەدەژیای
تۆ لە بیر و ئازادیدا دەژی.
پەنجەرە تاریکەکان بە دەستی تۆ کراونەتەوە،
ساماڵێکی نوێ هاتووەتە ناو ژیان.
لە بەردەم هەر بڵندگۆیەکدا تۆ ڕاستی دەڵێیت،
درۆ وەك خۆڵ لەناو با دەفڕێت.
هەموو وشەیەك لە تۆ بزووتنەوەیەکی نوێیە،
هەموو هەناسەیەك بەرەو پێشبردنی ئازادییە.
بۆیە بڕۆ نەك تەنها بۆ خۆت،
بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی دەنگیان لەدەستداوە.
بڕۆ بە سەری بەرزت،
بە دڵێکی ئاگردار، بە بیرێکی ئازاد
چونکە تۆ تەنها کەسێك نیت
تۆ دەنگی ئازادییت کە هەرگیز ناکوژرێت.

# مەرگی یەنار

شیعری: چیمەن قەرەداغی
٤ ی ئازاری ٢٠٢٦





چەند ڕۆژێتر هەشتی مارسە
ئاپۆڕای ژنانی پایتەخت چاوەڕوانتن
وەرە باوەشێک بە شەقامی عەبا ڕەشی بێ ئازادیدا بکە
وەرە بە ئاڵای سوورەوە هەنگاو بنێ
هەشتی مارسە و پایتەخت کش و ماتە
یەنارەکەم؛ ترسنۆک بوون، لێت دەترسان،
پیاوانی مێشک بەتاڵی چاخی بەردین
دەنگت لە بڵندگۆکانیان بڵندتر بوو
پەیامەکانت پشتیوانی ژنانی پشت دیوارەکان بوو
لە گەرووتدا سروودێک پەنگی خواردبوو
نامۆ نامۆ بە شەقامە ڕەشپۆشەکان
وشەکانی لە کەزی شەرڤانە دەچوون
لە کیژانی نۆسالان و (شارع بنات) ی جاران ئەچوو
زۆر دەترسان کە هەشتی مارس بەڕێوەیە
یەنار دەرکەوت، ئەویندارە و پەیامێکی تازەی پێیە
گیانی گیانم بەڵێن تازە دەکەینەوە
هەڵگری ڕێبازەکەتین، سروودەکەت بەردەوامە و دەڵێینەوە.

# کەژاڵ ئیبراهیم خدر؛
# بوێرییەکەی سەرسامی کردم!

نووسینی: نووسەر و ڕەخنەگر عەبدولجەبار جبوری( * ) / مووسل
وەرگێرانی بۆ سەر زمانی کوردی: هێمن سەعید / کەرکووك

شاعیرێکی کوردی عێراقییە دانیشتووی شاری سلێمانییە لە هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی لە (قەڵادزێ). من لە ڕێگەی هەڵبەستە بڵاوکراوەکانی لە ڕۆژنامەی (الزمان)، هۆنراوەکانی و بوێرییەکەی سەرسامیان کردم کە لەسەر خۆشەویستی و دڵداری و یاخیبوون و نەهێشتنی توندوتیژی و پێکەوەژیان دەینووسین. هەروەها بوێرییە بێ کۆتاییەکەی سەرسامی کردم کە لەسەر یەکسانی و ئازادکردنی ژن، هۆنراوەکانی بوونە جێی سەرنجی ڕەخنەگران و شاعیران و خوێنەران. لە هەمان کاتدا ئەو کچی شاخ و بەفر و جوانییە. نەمتوانی بگەم بە دیداری پێش کۆچە ناوادەکەی، دوای ئەوەی کە دەیان کۆمەڵە شیعری بە زمانی کوردی بەرهەمهێنا و وەرگێردراوە بۆ سەر زمانە جیهانییەکان لەوانە زمانی فارسی و ئیسپانی و ئەمازیغی و سربی و لاتینی و ئەڵمانی و ڕووسی و ئینگلیزی. هەروا دەیان خەڵاتی عێراقی و عەرەبی بەدەست دەهێنێت. هەشت کۆمەڵە شیعریان بۆ وەرگێراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی. ئەوەی جێگەی سەرنجە کە هەموو کۆمەڵە شیعرەکانی، کە خۆی ئەگرێ لە سی (٣٠) کۆمەڵ هەمووی لەسەر تێچووی خۆی چاپکراون. لەکاتێکدا دەیان لە هۆنراوەکانی لێکۆڵینەوەی نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر کراو. کەژاڵ ئیبراهیم تاکرەو بوو لە نووسینی هۆنراوەی ڕوون و خۆشەویستی یاخی بەسەر دابونەریت کۆمەڵگەیەکی داخراو.

هێزی هەموو پەنجەکانت بەکاربێنە
گرێی لەچکەکەم بکەرەوە
ئەو پەردە پۆشە بشکێنە
جوانییەکانمی ون کردووە
هەموو تاڵەکانی قژمی بۆ خۆی
زیندانی کردووە.

ئەم جۆرە هۆنراوەیە، مەبەستمان هۆنراوەی دڵداری و یاخیبوون لە ڕاستی، کۆمەڵێك شاعیری ئافرەتی عەرەب پێشرەو بوونە لە نووسینی وەکو (غادة السمان، احلام مستغانمي) و کەسانی تر. ئەمە بوێرییەکی لە ڕادەبەدەری ئەوێ بۆ ئافرەتێك کە لەناو کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری و خێڵەکیی و دەشتەکیی کە پابەندن بە دابو نەریت بە شێوەیەك کە یاخیبوون تیایدا ئەستەم. کەژاڵ بە شیعرزانییەکەی و هۆشمەندییەکەی و یاخیبوونەکەی توانی بێ گوێدانە پێیان، هەموو ئەو کۆتوبەندە ئاسنینانە ببەزێنێ و پێی خستە سەریان و لەو کۆتانە دەرباز بوو بەرەو ئاسمانی ئازادی و سەربەستی و هەموو سنوورەکانی بە زاند و شیعرەکانی بڵاوبوونەوە و ناوبانگی دەرکرد. لە شارە نووستووەکەی کە لەژێر شاخەکانی کوردستان، پارێزگاری سلێمانی، کە بە شاری ئازادی و ئاشتی و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر و بە شارێکی جیاواز لە ئاسمانی عێراقی و عەرەبی و جیهانی دادەنرێت، بە هەوڵی کەسێتیی خۆی و بەهرە گەورەکەی توانی جێگەی خۆی بکاتەوە لە پێشەنگی شاعیرە گەورەکانی عێرا. کەژاڵ ئیبراهیم شاعیرێکی تاکڕەوە و زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە. وشەکانی شیرینن لە دڵا، ئەو کچی لادێیە، بەو هۆیەوە ئەبینین کە وشەکانی لە سروشت و ژیان و نەریتی لادێ، بە شیعرەکانییەوە دیارن و زۆربەی هۆنراوەکانی گفتوگۆ لەگەڵ سروشتدا دەکەن، بە وشە جوانەکانی هاوار ئەبەن بۆ خۆشەویستی و ئازاری دڵداری، کە لەوشەکانیدا هەستپێدەکەین. کۆشیعرەکانی نرخی دڵداری و خۆشەویستی لەخۆ دەگرن. خۆشەویستی پاك، کە نووقم بووە لە ڕاستگۆیی وخۆڕەسی و جوانی. منی نووسەر بەو جۆرە هۆنراوەکانیم خوێندەوە کە پرشوبڵاو بوون لێرە و لەوێ، ئەوانەی لە ڕۆژنامە عێراقیی و عەرەبیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرابوونەو. هیچ کەسێك نەبووە هۆنراوەی کەژاڵی نەخوێندبێتەوە و نەبووبێت بە بارمتەی وشەکانی و بابەتە ساناکانی کە نوقم بووبون لە ناخی ڕۆحیدا، دەربڕینێکە لە توانایەکی سەرسوڕهێنەر لە درێژکردنەوەی پیتەکا. ئەو شاعیرە تێگەیشتنێکی قووڵی هەبوو بۆ ئازاری ئەو پیتانەی کە دەکەوتن، چێژی ئازار بوون. بۆیە وا هەستدەکەم، لەوانەیە وشەکانم بێ توانابن لە وەسفی ژیاننامە و ڕێرەوی شاعیرێکی عێراقی گرنگ، ئەوەی لە ئەستۆ گرتووە کە ناوبانگ و ئامەدەبوونی هەبێت و توانی بە ئەسکەنەی پیتەکەی جێگەی خۆی لە نێو شاعیرە گەورەکانی عێراق بکاتەوە، ئەم شاعیرە ئەو دەسکەوتەی لە ماندووبون بەدیهێناوە وەرگێراوەتە زۆربەی زمانە جیهانییەکان، ئەو شتە نەگەیشتووە بە هیچ شاعیرێك یان ئەدیبێکی عێراقیی و عەرەبیی. ئەوەی سەیرە کە پشتی بەستووە بە هەوڵی خۆی و داهێنانی شیعریی و بەهرە گەورەکەی و سووربوونی لەسەر ئەوەی کە جیاواز دەرکەوێت. کەژاڵ ئیبراهیمی شاعیری دڵداری و خۆشەویستی، وشەکان نەیانتوانی مافی ئەزموونی شاعیری کۆچکردوو بدەن لە ڕێرەوە ئەدەبییە دوور و درێژەکەی و ئەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم شاعیرە وەکو هەموو ئەو کەڵە شاعیرانەی تر ئەو هەلە ئەدەبییەی وەرنەگرت لەڕەخنە گرتنی عێراقیی، وەك ئەوەی ئەمرۆ ئەیبینین کە ئەخولێتەوە لە نێوان ڕەخنەی (إخواني و میزاجي)دا.



( * )ڕاوێژکاری سەنتەری (ذرا) بۆ توێژینەوەی ستراتیژی لە پاریس، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الحدباء) لە موسڵ، بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی (المسار)، پەیامنێری ڕۆژنامەی (العراق) لە نەینەوا.

# دیدارێکی کورت لەگەڵ هونەرمەندی کاریکاتێریست

# بەکر عەبدولڕەحمان

سازدانی: بانیژەی ئەدەب و کلتوور

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: سەرەتا وێرای سوپاس بۆ قەبووڵکردنی ئەم دیدارە، حەز دەکەین بپرسین پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان هونەر و ژیان بوونی هەیە. بە دیدی ئێوە کاریگەری هونەر بەتایبەت هونەری کاریکاتێر لەسەر هۆشیاری کۆمەڵگەی ئەمڕۆ چۆنە؟**

بەکر عەبدولڕەحمان: هونەر هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا سەری هەڵداوە، هەموو ئەو هێڵکاری و وێنانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و ئاسەواری شوێنە دێرینەکانن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن وە نیشاندەری ڕۆڵ و کاریگەری هونەرن لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی لەودەمەوە تا ئێستا. هونەری کاریکاتێر کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە و پەروەردەکردنی تاکێکی ئازاد و سەربەخۆ، بەتایبەتی ئەگەر بکرێتە کلتوور لە نێو کۆمەڵگەدا، مەبەستم ئەوەیە هونەری کاریکاتێر بێجگە لە لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان و فڕۆکەخانەکان و وێستگەی هاتووچۆ و ناو باخچەکان و ڕیکلامی سەر شەقامەکاندا ئامادەیی هەبێت و پیشان بدرێ بە بەردەوامی، دەتوانم بڵێم زیادکردنی زمانێکی هاوبەشی ترە لە پاڵ زمانی دایک بۆ تێگەیشتن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە.

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: لە ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە، ئایا هونەر بەلای ئێوەوە دەبێت سەربەخۆ بێت یان لایەنگری کێ و چی بکات تا بتوانێت پەیامە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی بگەێنێت؟**




بەکر عەبدولڕەحمان: زۆر جار بەو بەرهەمە هونەرییانەی کە هیچیان پێ نییە بۆ وتن وخاڵین لە داهێنان و ڕەخنە، دەوترێ هونەری سەربەخۆ، ئاخر لەکاتێکدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەسەر چینەکاندا دابەش بووە؛ بەهەمان شێوەش هونەریش ئەم دابەش بوونەی بەخۆیەوە بینیوە و یان سەر بەچینی چەوساوەیە یاخود سەر بەچینی چەوسێنەرە. هونەر هەمیشە هەڵگری پەیامە و جوانترین پەیامیش هۆشیارییە بۆ ڕزگاربوونی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەش مەینەتەکان لە هەستکردن بەنامۆیی کە لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا مرۆڤەکان تووشی دەبن، لێرەوە هونەری شۆڕشگێر لەدایك بووە کە ئامانجی بەشداریکردنە لەگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا لە دژی چەوساندنەوە و نابەرابەری و هەژاری و دواکەوتوویی و لە پێناو ئازادی و یەکسانی و گێڕانەوەی شکۆ بۆ ئینسان. تەنها بەها مرۆڤدۆستەکانی ئەم هونەرەیە کە بەزیندویی دەمێنێتەوە بۆ مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی نەتەوە و ڕەگەز و ئاین.

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: لە کارە هونەرییەکانتا ئێوە زیاتر لەسەر پرسە هەنووکەییەکان ئیش دەکەن. ئایا هونەری کاریکاتێر دەتوانێت لەسەر پرسگەلێك ئیش بکات کە پەیوەندییان بە ڕابردوو یان داهاتووەوە هەیە؟**

بەکر عەبدولڕەحمان: هونەری کاریکاتێر زۆرتر لەسەر پرسە هەنووکەییەکان کاردەکات، دەشتوانێت لەسەر هەموو ئەو پرسانەش کار بکات کە پەیوەندیان بە ڕابردووە یان بە داهاتووە هەیە. گرنگ ئامادەبوونی پەیامی سەرەکی کاریکاتێرە کە ڕەخنەگرتنە لەهەموو ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی مانەوەی چەوساندنەوە و لە خزمەتی چینە دەسەڵاتدارەکاندان.



**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: جیاوازی نێوان کاریکاتێر و هونەری شێوەکاری چییە؟ ئایا هیچ پەیوەندییەك هەیە لەنێوان ئەو دوو شێوازە هونەرییە؟**


بەکر عەبدولڕەحمان: هونەری کاریکاتێر لقێکە سەر بە هونەری شێوەکاری، خاڵی هاوبەشیان دەربڕینی هەست و بیربۆچوون و خەیاڵ و داهێنانە، بەڵام هونەری کاریکاتێر هونەری یاخیبوونە لەهەموو ڕێسا و یاسایەك کە پەیڕەوی دەکرێت لە هونەری شێوەکاریدا، هونەری زیادەڕەوی کردنە لە گەورەکردن و بچووککردنەوەی ڕووخسار و ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ و هەموو شێوەیەکە لە پێناو تێکشکاندنی قاڵب و بەزاندنی هێڵی سوور و سنوورە دەستکردەکاندایە، بەمەبەستی ڕەخنەگرتن و دروستکردنی پرسیار و گومان.

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: ئێوە لە پاڵ ئیشە هونەرییەکانتان، بایەخ بە ئەدەبیش دەدەن و شیعر دەنووسن. ئایا شیعر و هونەری کاریکاتێر کامیان دەتوانن ئێوە بەخۆیانەوە گرێ بدەن؟**

بەکر عەبدولڕەحمان: سەرمایەم هەر وشە و هێڵە، کاتێك کە بە وشە ناتوانم هەستم دەربڕم، کاریکاتێر لەدایك دەبێت و هێڵ دەبێتە فریاد ڕەس. کاتێکیش کە بەهێڵ ناتوانم هەستم دەربڕم، شیعرێك لەدایك دەبێت و وشە دەبێت بە فریادڕەس.

گرنگ ئەوەیە هەمیشە بەژانەوەم، بەلام بەدڵنیاییەوە کاریکاتێر منی بەخۆیەوە گرێداوە و هەمیشە خۆم بە قەرزداری هێڵەگەرمەکان دەزانم. ئەمەش نموونەیەکە لە هۆنراوەیەکم بەناونیشانی (سەرمایە).

سەرمایە
سەرمایەم هەر وشە و هێڵە،
دڵم دەڵێ:
بە هەناسە و ئاهی سەر لێو
کێڵگەی خەیاڵت بکێڵە،
خۆت مەدەرە دەست فریادرەس
کە ئەو زادەی گێلی و فێڵە،
سەمابکە بە ئازادی،
دۆزەخی ترس جێ بهێڵە،
خۆ سوڵتانیش وەکو گەدا
سەرگەردان و نامۆ و وێڵە،
لە ناختا شۆڕش بەرپاکە
بکەوە ڕێ، ڕامەوەستە بوومەلێڵە.



<u>بانیژەی ئەدەب و کلتوور: تا ئێستا لە چەند پێشانگای هونەری بەشداریتان کردووە و فیدباکی بینەران بۆ ئیشە هونەرییەکانت چۆن بووە؟</u>

بەکر عەبدولڕەحمان: خاوەنی پانزدە پێشانگای تایبەتم و بەشدارییەکی بەرچاوم لە پێشانگای هاوبەشی ناوخۆ و جیهانییەکان کردوە. ئەوەی تا ئێستا هێشتوومیەتییەوە فیدباکی ئەرێنی بینەرانە بۆ کاریکاتێرەکانم چونکە من پێشانگاکانم هەر لە هۆڵەکان نەکردۆتەوە، چوومەتە دەرەوەی هۆڵەکان، لە کتێبخانەو قاوەخانە و باخچەکان و ناوەندی شار و شوێنە گشتییەکانیشدا پێشانگام کردۆتەوە. وەك داهێنانێکیش لە بواری نمایشکردنی کاریکاتێرەکانم سێ پێشانگای تایبەتم هەیە بە شێوەی ڕۆمانی کاریکاتێری پێشانم داون، بەو مانایەی هەموو ئیشەکان تەواوکەری یەکتری بوون لە مانا و مەبەستدا، کە ئەمەش پرسیار و ڕەخنە و دیالۆگی زیاتر دروست دەکات، کە پێکهاتبوون لە پیشانگای کاریکاتێری: (سم یڵبابڕەکان)، (درەختە ئەنفالکراوەکان)، (ژن ،منداڵ، ژینگە).

<u>بانیژەی ئەدەب و کلتوور: جارێکی تر سوپاست دەکەین. کۆتا پرسیار بە کراوەیی بۆ ئێوەی بەجێدەهێڵین، تا ئەگەر شتێکتان ماوە بیلێن، بفەرموون.</u>

بەکر عەبدولڕەحمان: سوپاس و ڕێز بۆ ماندووبوونتان، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

# تابلۆی (پینەدۆز) ١٨٩٣



ڕانانی: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

هونەرمەندی ئیتالی فابیۆ فابی (١٨٦١-١٩٤٥)، بەدەر لە تابلۆ فانتازیەکانی سالانی گەڕان و ڕۆژهەلاتناسی بە میسر و جەزائیر و ولاتانی تری باکووری ئەفەریقا؛ لە گەڕانەوەیدا بەرەو ولات بە هۆی گۆڕانکارییەکانەوە تووشی شۆك بووە و ڕێچکەیەکی تری هونەری بە ئەزموون کردووە و کاری لەسەر ڕێبازی واقیعی کۆمەلایەتی کردووە کە پڕە لە خەمی بێ پایانی مرۆیی. ناوازەترینی کارەکانی لەو سەردەمە "تابلۆی پینەدۆز"ـە کە بە پانی (٧٤سم) و بەرزی (٩٤سم) بە بۆیەی چەور لەسەر کانفاس کێشراوە. ئەم داهێنانە لەناو کۆمەڵە ڕەنگێکی هارمۆنیستی تەپوتۆزاوی و لەسەر ڕووبەرێکی دیاریکراودا خەمێکی زۆر قووڵی بە پەنهانی خستۆتە بەر تەلیسمەکانی هەناسەسواری.

هونەرمەند لەم تابلۆیەدا کارێکی جیاواز ئەنجام دەدات و بەهۆیەوە دەمانخاتە بەردەم سەرنجێکی بێ کۆتا لە هەلکۆلین، وەك بڕوانینە دەمی بیرە ئاوێك بەلام نەزانین تا چەند ئاوی لەخۆ گرتووە، چونکە لە ناواخنیدا بەلگەنامەیەکی مرۆیی یەکلاکەرەوە لە بارەی (ئیتالیای فەرامۆشکراو)ی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەش بە بینەر دەکات و ڕوون و ئاشکرا لوتکەی ئازارەکانی چینی پیشەدەستان لە بەرامبەر گەشەکردنی شۆڕشی پیشەسازی و پاشەکشەی ڕۆلی هونەری پیشە دەستان لە پینەدۆزێکدا بەرجەستە دەکات و ئازارەکانی وەردەگێڕێتە سەر نەستەکان و بینەر پەلکێش دەکاتە ناو دونیایەکی سەیر لە لێکدانەوەی هەمەجۆری مرۆی. لە سەروبەندی بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی کارگە کەورەکان؛ پیشە نەریتییەکان بەرەو ئاوابوون پاشەکشەیان پێکراو ئەم گۆڕانکارییەش بووە هۆی تێکشکانی لایەنی دەروونی ئەو وەستایانەی خۆیان بە هونەریی و کارامە دەزانی. کاراکتەری تابلۆکە بە سیمایەکی

◀◀

ئاڵۆز و ناوچەوانێکی پڕ لە لۆچ و قژێکی بژ و ڕووخسار و جلوبەرگێکی تۆز لێنیشتووی شڕەوە، هاوبار بە دیار کۆمەڵێک کەرەستەی کۆن و بێکەڵکەوە زۆر بە خەمباری دانیشتووە و شەکەتی بڕستی لێ بڕیوە، وەك بەڵگەی تەواوی نەوەیەك دەردەکەوێت کە بەهۆی ناڕەحەتی و سەختی ژیانەوە ماندوبووە. پینەدۆز لێرەدا تەنیا چاوی لە مەودایەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو تیشك دەخاتە سەر قووڵایی ڕۆژگار وەك لە پەنجەرەیەکەوە بڕوانێتە خەمە قورسەکان و تیشك بخاتە سەر گێژەڵووکەیەکی سەختی ڕابردووی تاڵ و لەناو یادەوەرییە دژوارەکاندا بە تەڵبەندی پەشیمانییەوە وەك نێچیرێکی کەسیرە گیری خواردبێت. هەر بۆیە ناڕوانێتە ئاسۆیەکی ڕوون، بەڵکو بە یەکجاری چاوی بڕیوەتە ڕۆژانی سەختی بەفیرۆچووی تەمەن، لەو ساڵانەی کە سەری چەماندۆتەوە بۆ ئەو هەموو پێڵاوەی کە بۆ کەسانی دیکە چاکی دەکردەوە، لە کاتێکدا نەیتوانیوە ژیانی خۆی ڕێکبخات. بە هۆی ئەو بڕیارانەی کە نەیدەتوانی تا سەر جێبەجێی بکات، یان ئەوانەی کە گۆڕانکاری سەردەمەکە بە زۆر بەسەریدا دەیسەپاند و ئەرکەکانی بەرامبەر بە ژیان سەختتر دەکر. ئەو ڕۆژانەی بیر دێتەوە کە کاری دەکرد تا پشتی چەمایەوە، ئومێدی بەوە بوو کە هەوڵ و ماندوبوونەکانی لەم چارەنووسە ڕزگاری دەکەن، بەڵام درەنگ تێگەیشت کە ئەرکەکە تەنها جەستەیی نەبووە، بەڵکو شتێکی قووڵتر، ئازاربەخشتر بووە، ئاوڕ و ژانی هێواشی ڕۆحی بووە تا ڕادەی قەتیس بوون و وشك بوونەوە. ڕووخساری کاراکتەرەکە کە تۆزی نائومێدی لەسەرە و لە دوکانێکی وێرانەدا دانیشتووە، لە کاتێکدا منداڵە پێ خاوسەکەی تەنیشتی، ڕۆژانی ژیانی ئازاربەخشی ئەو سەردەمە بەرجەستە دەکات بەوەی ئەو پینەدۆزە لەبەر بێ بڕستی تواناى دروستکردنی جوتێك پێڵاوی بۆ منداڵەکەی خۆی نیی. قوتابخانەی ( ریالیزمی کۆمەڵایەتی ) لێرەدا بە ئاشکرا پێمان دەڵێت کە کاپیتاڵیزم شکۆی کارەکانیان لە پیشەوانەکان سەندەوە و قۆرخکارییان کردە مۆدیلی سەردەمی چەتەگەری و بە داڕشتنی چەندین یاسای بەرژەوەندخوازانە دەستەیەکی بچووك دەستیان بەسەر بازاردا گرت و هەرچی هەژارەکان و منداڵەکانییانە لەبەردەم سەختی ژیاندا بە ڕووتی و پێخاوسی بەجێهێشت. لە پاڵ ئەم هەموو ماندوبوونە، منداڵێکی بچووك وەستاوە، بێدەنگ وەك پەپوولەیەك




کە هێشتا دڵڕەقی ژیان هیچ گورزێکی لە تەمەنی پاکنوودی نەوەشاندووە، دەستی درێژ دەکات بۆ پیرەمێردەکە، دەستی لێدەدات وەك ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات، بە خودە منداڵییەکەیەوە ئازارەکانی پێ فەرامۆش بکات و خەمەکانی لەبیرنباتەوە. هەموو توانایەکی ئەو دڵە بچکۆڵەیەی خستۆتە گەڕ تا بیگەڕێنێتەوە نێو ( گەرمی، ژیان، هیوا ). بەڵام لێرەدا پێمان دەڵێ : هەناسەی ڕوونی منالێکی بێ ئەزموون لەگەڵ تاسەسوارییەکانی تەمەندیدەیەکی تێکشکاو، لە مرۆڤبوونەکە بترازێ لە هیچی تر یەکناگرنەوە.

( * ) فابیۆ فابی ( ١٨٦١ ــ ١٩٤٥ ) شێوەکاری ئیتاڵی لە شارۆچکەی سانتۆ ستیفانۆ لە ناوچەی پۆلۆنیای ( ئیتاڵیا ) لە خێزانێکی مامناوەند لەدایکبووە، ساڵی ١٨٨٠ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە فلۆرانس خوێندنی پەیکەرسازی و شێوەکاری خوێندووە. گەشتی کردووە بۆ پاریس و میونشن، پاشان ساڵی ١٨٨٦ لەگەڵ ئەلبێرتۆی برا گەورەکەی ( ١٨٥٨-١٩٠٦ )، گەشتێکی بۆ ئەسکەندەریە لە میسر کرد کە وەرچەرخانی لە کارەکانیدا ئەنجامدا، چونکە وازی لە پەیکەرسازی هێنا. سەرسام بوو بە ڕۆژهەڵات و فرەچەشنی کلتوورەکانی ئەو شار. ساڵی ١٨٨٨ دوای گەڕانەوەی لە میسر، بەشێك لەو کارانەی کە لە سەفەرەکانیدا دروستی کردبوو، لە یانەی هونەرمەندان لە شاری فلۆرانس نمایش کرد. دواتر بەشداری لە چەندین پێشانگای نێودەوڵەتیدا کردووە، بەتایبەتی لە میونشن. ساڵی ١٨٩٣ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە فلۆرانس وەك پرۆفیسۆر دەستنیشان کرا. ساڵی ١٨٨٤ بەدواوە هەر لە ئیتاڵیا بەشداری لە چەندین پیشانگادا کردووە. ساڵی ١٨٩٤دا نازناوی ( شۆڕشگێڕی تاجی ئیتاڵی ) ی پێبەخشراوە. بەرهەمەکانی بەناوبانگ و سەرکەوتووبوون و یەکێك بوو لە هونەرمەندە بەرهەمدارەکانی ئیتاڵی. ساڵی ١٩٣٧دا ڕووی لە ( کاسالیسیۆ دیە ڕینۆ ) کردووە و هەر لەوێش ساڵی ١٩٤٥ کۆچی دوایی کردووە.


# دایك و دوژمنان، خوێندنەوەی دوو ڕەهەندی شۆڕش لە جیهانبینیی گۆرکیدا

نووسینی: سەردارئەکرەم/ بەریتانیا

لە ساڵنامەی ئەدەبی شۆڕشگێڕیدا، ساڵی ١٩٠٦ وەك ساتەوەختێکی مێژوویی دەدرەوشێتەوە؛ ئەو ساڵەی کە تێیدا مەکسیم گۆرکی، قەڵەمی یاخیبووی ڕووسیا، دوو شاکاری نەمر و هاوتەمەنی بە جیهان بەخشی: ڕۆمانی "دایك" و شانۆنامەی "دووژمنان". ئەم دوو بەرهەمە، کە لە هەناوی یەك گەردەلوولی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەدایك بوون، وەك دوو ڕووی یەك دراو وان؛ هەردووکیان وێنەی ململانێی چینایەتی و حەتمی بوونی شۆڕش دەکێشن، بەڵام هەر یەکەیان لە گۆشەنیگایەکی جیاواز و بە تەکنیکێکی هونەریی تایبەتەوە. "دووژمنان" نەشتەرگەرییەکی خێرا و بێبەزەییانەیە بۆ جەستەی کۆمەڵگایەکی لەتبوو، لە کاتێکدا "دایك" گەشتێکی ڕۆحیی درێژ و پڕ لە ئازارە بۆ ناو دڵی مرۆڤێك کە شۆڕش لە ناخیەوە دەیخوڵقێنێتەوە."دووژمنان" وەك تابلۆیەکی پانۆرامایی وایە کە گۆرکی بە خێرایی و بە ڕەنگی تۆخ، بەرەکانی جەنگی تێدا دیاری دەکات. شانۆنامەکە لە یەك گۆڕەپانی دیاریکراودا، کە کارگەیەکی پیشەسازییە، دوو هێزی ئاشتی هەڵنەگر ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە: چینی کرێکاری ستەملێکراو و چینی بۆرژوازیی خاوەنکار. لێرەدا پاڵەوانی سەرەکی، تاکە کەسێك نییە، بەڵکو خودی چینی کرێکارە وەك هێزێکی مێژوویی یەکگرتوو. گۆرکی بە ئەنقەست کارەکتەرەکانی لە قاڵبی نوێنەری چین و ئایدیۆلۆژیایەکدا دادەڕێژێت. سکرۆبۆتۆڤ و باردین تەنها دوو خاوەنکار نین، بەڵکو دوو ڕووی جیاوازی سیستەمی سەرمایەدارین؛ یەکێکیان ڕەق و توندوتیژ، ئەوی دیکەیان لیبراڵ و سازشکەر، بەڵام لە کۆتاییدا هەردووکیان لە یەك بەرەدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. لە بەرامبەریاندا، کرێکاران ، وەك هێزێکی سروشتیی ڕاونەکراو دەردەکەون. پەیامی سەرەکیی "دووژمنان" هاوارێکی ڕوون و بێ پێچ و پەنایە: ئاشتەوایی مەحاڵە. ئەو کەلێنەی لە نێوان ئەم دوو چینەدا دروست بووە، ئەوەندە قووڵە کە هیچ پردێکی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن نایپەڕێنێتەوە. کوشتنی خاوەنکارەکە لە کۆتاییدا، تەنها ڕاگەیاندنی فەرمیی ئەو شەڕەیە کە لە بنەڕەتدا هەر هەبووە. گۆرکی لێرەدا وەك مێژوونووسێکی سیاسی دەدوێت و پێمان دەڵێت کە کاتێك ستەم دەگاتە لووتکە، توندوتیژی دەبێتە دەرەنجامێکی




حەتمی.بەڵام ئەگەر "دووژمنان" وێنە گشتی و سیاسییەکەی ململانێکە بێت، ئەوا ڕۆمانی "دایك" چیرۆکە مرۆیی و دەروونییەکەی پشتییەتی. لێرەدا گۆرکی کامێراکەی لەسەر تابلۆ پانۆرامابیەکە لادەبات و دەیخاتە سەر ڕووخساری تاکە کەسێك: پێلاگییا نیلۆڤنا، ناسراو بە "دایك". ئەم ڕۆمانە وەڵامی پرسیاری "بۆچی شۆڕش حەتمییە؟" ناداتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی قووڵتر و کاریگەرتر، وەڵامی پرسیاری "چۆن شۆڕشگێڕێك لەدایك دەبێت؟" دەداتەوە. گەشتی "دایك" گەشتێکی هێواش و پڕ لە وردەکارییە؛ گەشتێکە لە تاریکیی نەزانی و ترسەوە بۆ ڕووناکیی هۆشیاری و ئازایەتی. لە سەرەتادا، ئەو ژنێکی سادە و نەخوێندەوارە، هەموو خەمی ئەوەیە کوڕەکەی، پاڤێل، تووشی کێشە نەبێت. دنیای ئەو بچووکە و تەنها لە چوارچێوەی ماڵەکەیدا قەتیس ماوە. بەڵام وردە وردە، لە ڕێگەی چالاکییەکانی کوڕەکەی و هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانییەوە، گوێی لە وشەی نوێ دەبێت: ئازادی، یەکسانی، داد پەروەری. ئەو سۆزە دایکانەیەی کە پێشتر تەنها بۆ پاڤێڵی کوڕی بوو، فراوان دەبێت و هەموو ئەو گەنجە شۆڕشگێڕانە دەگرێتەوە. "دایك" دەبێتە دایکی شۆڕش. گۆرکی لێرەدا بە شێوەیەکی بلیمەتانە نیشانمان دەدات کە شۆڕش تەنها پێکدادانێکی سیاسیی وشك نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی پەروەردەیی و ڕۆحییە کە دەتوانێت مرۆڤە سادەکان ببوژێنێتەوە و بیانکاتە پاڵەوانی مێژوویی. پەیامی "دایك" ئەوەیە کە شۆڕش مرۆڤ لەناو نابات، بەڵکو مرۆڤی نوێ




دەخوڵقێنێتەوە. بە واتایەکی تر، "دووژمنان" لەسەر ئاستی (گشتی) کار دەکات و "دایك" لەسەر ئاستی (تاکەکەسی). "دووژمنان" شیکاریی دۆخە بابەتییەکەی (Objective) شۆڕش دەکات: بوونی دوو چینی دوژمن. لە کاتێکدا "دایك" شیکاریی دۆخە خودییەکەی (Subjective) شۆڕش، گەشەکردنی هۆشیاریی شۆڕشگێڕی لەناو تاکدا دەکات. لە "دوژمنان"دا دایەلۆگەکان ئایدیۆلۆژین، بریتین لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جیهانبینیی دژ بەیەك. بەڵام لە "دایك"دا، دایەلۆگەکان زۆرجار سۆزدارانەن، فێرکارین و گوزارشت لە گۆڕانکارییە دەروونییەکانی کارەکتەرەکان دەکەن.لە کۆتاییدا، ئەم دوو شاکارە تەواوکەری یەکترن. خوێنەری گۆرکی ناتوانێت بە تەواوی لە حەتمی بوونی شۆڕش تێبگات ئەگەر تەنها "دووژمنان" بخوێنێتەوە، و ناتوانێت لە جوانی و هێزی مرۆیی شۆڕش تێبگات ئەگەر تەنها "دایك" بخوێنێتەوە. "دووژمنان" ئەو زەمینە ڕەق و پڕ لە ناکۆکییەمان نیشان دەدات کە شۆڕشی تێدا پێویست دەبێت، و "دایك" ئەو تۆوەمان نیشان دەدات کە لەناو ئەو زەمینە ڕەقەدا دەڕوێت و گەشە دەکات و دەبێتە دارێکی بەهێز. هەردووکیان پێکەوە، وەك دوو ڕووباری بەخوڕ، دەڕژێنە ناو یەك دەریای گەورەوە و سروودی نەمر بوونی ئیرادەی مرۆڤ لە پێناو ئازادی و داد پەروەریدا دەڵێنەوە. گۆرکی لە ڕێگەی ئەم دوو بەرهەمەوە، نەخشەڕێگای ڕۆحیی شۆڕشێك دەکێشێت کە چارەنووسی سەدەی بیستەمی گۆڕی.

# سلێمان قاسمیانی( کاکە )

## دەنگی شیعری شۆڕشگێرانە لە گەرووی تێکۆشانی چینایەتیدا

**عەبدوڵا سلێمان( مەشخەڵ )**
**سەرەتای نیسانی ٢٠٢٦**

سلێمان قاسمیانی(کاکە )؛ یەکێکە لە دەنگە شیعرییە سۆشیالیستییەکان کە لە جەرگەی شۆڕشی ئێراندا هاتە مەیدانی خەباتی چینایەتی لە کوردستان. کاکە بە چەك و وشە لە سەنگەردابوو. بەچەك وەك بازووی پۆڵایینی چینی کرێکار، پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو و بە وشەش وەك شاعیر و نووسەری چینایەتی و بەرگریکەرێکی سەرسەخت و ماندوونەناسێکی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار هەڵسوڕاو بوو. کاکە هەر بەتەنها شاعیر نەبوو، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی چالاك و لەهەمان کاتیشدا چالاکوانێك بووە دژ بە ستەم و توندوتیژی سەر ژنان و منداڵان. ( کاکە )ی شاعیر بەبڕوایەکی قووڵ بە مارکسیزم چاکی لێدەکات بە لادا و دەکەوێتە هەنگاونان بۆ سەرکەوتن بەسەر پەیژەکانی خەبات. کاکە وەك شاعیرێك لە هەنگاوە سەرەتاییەکانییەوە لە هەوڵی بەرجەستەکردنەوەی شیعری پرۆلیتاری بووە لە کوردستان.

### سلێمان قاسمیانی( کاکە ) وەك شاعیر

کاتێك ڕا پەڕینی جەماوەری ١٩٧٩ دژی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران سەریهەڵدا، ئەودەم کاکەی شاعیر تەمەنی بیستساڵان بوو. هەر ئەو ڕۆژانە وەك شاعیرێکی گەنج بە نووسین و خویندنەوەی شیعری شۆڕشگێڕانەش بەشداری ئەو ڕا پەڕین و خەباتە دەکات. کاکە لەجەرگەی ئەو خەباتەدا قاڵ دەبێتەوە و ئاسۆی نووسینی ڕووناکتر و شێلگیرانەتر دەردەکەوێت. تا سەرەنجام لەسەر ڕەوتی ئەدەبی کرێکاری دەگیرسێتەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کاکەی شاعیر بەردەوام شیعر و نووسینەکانی لەبەرژەوەندی چینایەتی کارگەراندا نووسیوە و دەنووسێت.

هەرچی ڕۆژە
لە کارگەی پۆلا تاوێنا
خوێن دەکەمە ڕەگی پۆڵا و
نانێك، دوو نان دەبەمەوە!
گیان دەبەخشم
بە ماشین و بە کەرەسە و کارگەکان و
زەڕڕە زەڕڕە دەتوێمەوە
مەرگ بۆ خۆم دەنێمەوە!
بزە و تروسکە و ئاسایش
حەز و هێز و تین و توانم
دەبەم، دەیکەمە ناوجەرگی



بێبەزەیی و بزەی پارە و...
دەرگای گریە و ڕەنج و مەینەت
لە خۆم و گشت کەسوکارم دەکەمەوە! (١)

سلێمان قاسمیانی( کاکە ) گەرچی زوو کوردستانی جێهێشت و چووە وڵاتی سوید، هەر لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و خەباتی چینایەتی لە کوردستان. ئەو لە سویدیش بە شیعر لەسەر ڕێچکەی شیعری کرێکاریی بەردەوام بوو.

من کۆڵبەرم، ژینە بارم
ژینی منال، کەس و کارم
چی بازگەیە، چەمە، کێوە
دەبڕم، دیسانیش نەدارم
نانم لە زارئەژدیهاداس
داری دارایە نەیارم
ئەستێرەی ئاسمان دەزانن
بۆ پشوویەک بێقەرارم.(٢)

ئیتلزامی چینایەتی شیعر لای کاکە، ئیلتزامە بە خەبات لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی ئینسان. ئەمەش شوناسی شیعریی و ئاوێنەی ناسینەوەی پەیامی چینایەتی ئەدەبە لای کاکە و هەموو ئەو ئەدیبانەی کە لەو گۆشەنیگایەوە دەڕواننە ئەدەبی کرێکاریی.

### سلێمان قاسمیانی ( کاکە ) وەك ڕۆژنامەنووس

سلێمان قاسمیانی(کاکە ) جگە لە نووسینی شیعر، لەبواری ڕۆژنامەگەریدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. کاکە سەرنووسەری گۆڤاری هانا( خوولی یەکەم ) لە ١٩٩٥ تا ٢٠٠٣ لەئەستۆ دەگرێت. گۆڤاری هانا هەر تەنها گۆڤارێك نەبوو، بەڵکو پرۆژەیەکی مەعریفی چینایەتی بوو. جگە لە دەرکردنی گۆڤارەکە، کتێبیشی بۆ نووسەران چاپ دەکرد. خوولی دووەمی گۆڤاری هانا لە ٢٠١٦ وە دەست پێدەکات و هەشت ژمارەی گۆڤاری هانا دەرچووە. ( ٣ )کاکە جگە لە گۆڤاری هانا و چاپکردنی کتێب، سایتی گۆڤاری هانا بەڕێوە دەبات و لەهەمان کاتیشدا ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هاناش بەڕێوە دەبات.( ٤ ) لە وڵاتی سویدیش کاکە بۆ ماوەی ١٢ ساڵ سەرنووسەری

◄◄

گۆڤاری (منالان بەر لە هەموو شتێك) بە زمانی سویدی بووە.(٥)

## سلێمان قاسمیانی(کاکە) و شیعری منداڵان

کاکەی شاعیر لەبواری نووسینی شیعری منداڵاندا هەوڵی خۆی داوە. نامیلکەی (ئاو و هەتاو) کە ١٠ شیعری منداڵان لەخۆ دەگرێت، هەوڵێکی شاعیرە بۆ بەشداریکردن لەو جیهانە بێگەردەی منداڵان.

پێستی مرۆڤ سوور بێ یان ڕەش
سپی یان زەرد تار بێ یان گەش
ئینسان هەر ئینسانە گیانە
ناگۆڕێ بەهۆی ڕەنگی لەش

بەیەک چاو دەڕوانێتە خەڵک
ئینسانی ئازاد و دڵپاک
دڵی لیدەدا بۆ گشت کەس
شادی گشتی دەوێ نە تاک.(٦)

شاعیر پێچەوانەی زۆربەی ئەو شاعیرانەی شیعر بۆ منداڵان دەنووسن، بە دیدگایەکی پێشکەوتووخوازانەوە بنەما پەروەردەییەکانی شیعر بە سادەترین شێوە و بە زمانێکی جوان دەیخاتە بەرچاو منداڵانی چاوگەش.

## ئەنجام

لەکۆتاییدا سلێمان قاسمیانی(کاکە)ی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی پێشکەوتووخواز(*)، لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ژیانیدا و لەڕێگەی شیعرەوە بەشداری ڕا پەڕینی جەماوەری ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران دەبێت و دواتر لەڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بە وشە و چەك خەبات دەکات دژ بە ستەم و نایەکسانی کۆمەڵگە. دوای گەیشتنیشی بە ئەورووپا هەر بەردەوام دەبێت و چەندین کتێب بەزمانەکانی کوردی و فارسی و سویدی بەچاپ دەگەیێنێت. گۆڤاری هانا بە دوو خوولی جیاواز دەردەکات و دەبێتە سەرنووسەر. سایتی گۆڤاری هانا بەڕێوە دەبات و ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا دادەزرێنێت و بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەك سەرنووسەری گۆڤارێکی منداڵان بە زمانی سویدی لەئەستۆ دەگریت.

(*)سلێمان قاسمیانی (کاکە) ی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە ساڵی ١٩٥٩ ی زایینی لە شاری سەردەشت، لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو کرد و دوو ساڵ لە دانشسەرای ڕاهێنانی مامۆستای قۆتابخانەی سەرەتایی لە شاری "نەغەدە" دەرسی خوێند و دوایی وەکوو مامۆستای سەرەتایی لە دێهاتەکانی سەردەشت دەستی بە کار کرد. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕا پەڕینی جەماوەری ١٩٧٩ دژی دەسەلاتی پاشایەتی، کاکەش چووە ناو کۆڕی ڕا پەرینەوە و بە نووسین و خویندنەوەی شیعری شۆڕشگێرانەش بەشداری خەباتەکە بوو. دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، چالاکی ئەدەبی و کۆمەلایەتی کاکە بۆ ئازادی و بەرابەری پەرەی سەند و چووە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤وە کاکە لە سوید دەژی. ساڵی ١٩٩٥ خوێندنی بالای کۆمەڵناسی لە سوید تەواو کرد و لەو کاتەوە لە مەیدانی پێشگیری و کۆتایی هێنان بە توندوتیژی ناموسی، کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠٦ خەلاتی "ڕێکخراوی بیرەوەری فادیمە"ی لە سوید پێشکەش کرا بۆ ڕێزگرتن لە چالاکی بەربلاوی لە کۆمەڵگای سویدی دژ بە کولتووری نامووسپەرستانە و ژنکوژی. هەر لە سەرەتای لاوێتیدا دەستی بە نووسینی شیعر کرد.لە نێو ڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا زۆرێك لە شیعرەکانی دەم بە دەم دەخوێنرانەوە و وەکوو سروود دەوترانەوە. یەکەم سروودی ڕەسمی کۆمەڵە بە نێوی "پێشمەرگەی کرێکارانین" لە شیعرەکانی کاکەیە. تا ئێستا ١١ کۆمەڵە شیعر بە کوردی، چوار بە فارسی و سێ دانە بە زمانی سویدی لێ بلاوکراوەتەوە. بێجگە لەوانە بە زمانی سویدی هەشت کتێبی لە سەر بابەتی کۆمەلایەتی جۆراوجۆر وەکوو مافی منالان، ئازادی تاك و ئازادی سیاسی، مەسەلەی دین و توندوتیژی، راسیسزم و نسبییەتی کولتووری بلاوکردۆتەوە. سەرجەم بەرهەمی چاپکراوی کاکە ٢٩ کتێبە. سلێمان قاسمیانی وەك سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی و کلتووری "هانا" کە خولی یەکەمی لە سالانی ١٩٩٥-٢٠٠٣ دەرچوو. هەروەها خولی دووەمی گۆڤاری هانا لە ٢٠١٦ ەوە دەستی پێکردەوە و هەشت ژمارەی لێدەرچووە و ئێستا لە بلاوبوونەوە وەستاوە. جگە لەمانەشسلێمان قاسمیانی(کاکە) ماوەی ١٢ ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری "منالان بەر لە هەموو شتێك" بە زمانی سویدی بووە.(٧)

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١)سلێمان قاسمیانی(کاکە)، تۆفان، شیعر، چاپخانەی هانا، سوید، چاپی دووەم، ١٩٩٥، لاپەڕەکانی ٧ و ٨.
(٢)عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)، ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی، لەبلاوکراوەکانی ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، لاپەڕەکانی ٣٤٤ و ٣٤٥. جێی ئاماژەیە لەم کۆپلەیەدا نیوە دێرێك شاعیر بەخۆی دەستکاری کردووە و من نیوە دێڕە دەستکاریکراوەکەی شاعیرم داناوە.
(٣)دوا ژمارەی خووڵی دووەمی گۆڤاری هانا ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠٢٣.
(٤)ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاری هانا لەواقیعدا لە دوو شاعیر و ئەدیبی کرێکاریی پێکهات ئەوانیش سلێمان قاسمیانی(کاکە) و عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) بوون. شایانی باسە ئەم ناوەندە لەچەندین بۆنە هەڵویست و ناڕەزایەتی سیاسی چینایەتی خۆی دژ بە پێشێلکارییەکانی ئازادی لە کوردستان دەربڕیوە.
(٥)گۆڤاری(منالان بەر لە هەموو شتێك) گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان بوو و بەزمانی سویدی دەردەچوو، ژمارەی یەك لەساڵی ٢٠٠٣ هاتە دەر و دواژمارەش لە ساڵی ٢٠١٢ بلاو بۆوە.
(٦)سلێمان قاسمیانی(کاکە)، ئاو و هەتاو، شیعر بۆ منداڵان، ئینتشاراتی هانا، سوید، چاپی یەکەم، ١٩٩٥، لاپەڕە ١٩ و ٢٠.
(٧)عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)، ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی، لەبلاوکراوەکانی ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، لاپەڕەکانی ٣٣١ و ٣٣٢.



# سەمفۆنیای سەما لەبەردەم مەشخەڵی عەشق!

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
سەرەتای ئازاری
٢٠٢٦

(ئەم وتانە وەك پەیامی یەنار محەمەد بۆ ژنانی هەڕەشەلێکراو نووسرابوون و لەنێو موبایلەکەیدا هەڵگیرابوون، تا لە مەراسیمی هەشتی مارسی ٢٠٢٦ دا لەشاری بەغدا بیخوێنێتەوە. بەداخەوە دەستی تیرۆر نەیهێشت یەنار مەراسیمی هەشتی مارسی ئەمساڵ ببینێت. بۆیە شیعر وەك خەمێکی خۆی، لەبری ئەو دەیخوێنێتەوە.)

ڕیز ڕیز سەرەیان بۆ بەستوویت ، بێئۆقرەن و چاوەڕوانن
لە سەعاتی سفری ستەم، بێنە سەرت و بتدەنە بەر تیغی غەدر
چاوەڕوانن تەنها جەستەی خەونێکی سادە و پاکی خۆتیان نیشان دەی
بزەیەکت بیەخشیتە سەر لێوی پیاوێکی خێرلەخۆنەدیوی ئەم جەنگەڵەی ناوی ژیانیان لێناوە
نیگایەك ببڕیتە ڕێیەك کە زنجیری دەست و قاچی تیا پچڕاوە
ئەوان تینووی تاریکین و چاوەڕوانن لە سووچێکی قالوقیلێکی پینەکراو بێنە دەر و
لەژێر لێزمەی چەقۆکانی دواکەوتوویی، هەناسەکانت بسپێرنە پەلکەزێڕینە ونبووەکان
ئەوان لەدوورێ دوورەوە دەناسرێنەوە چ تەیرێکی نامۆن و چ دەریایەکن لە تاوان
ئەوان قاچی بیرکردنەوەیان زۆر کورتە
ئەوان چاوی بینینیان هەر سەربڕین و لووت بڕین و دڵبڕین و خوێن و مەرگە
کتێب لای ئەوان جێی گاڵتەیە و مەترسی
وشە لای ئەوان دەمێکی ددان تیژە بۆ قەپاڵ و
جنێو لای ئەوان باخچەیە و
مرۆڤیش چڵە پوشێکە بەدەم بای ڕەشی هەناسەی ڕشانەوەی دەروون نەخۆشێکی برسی
ئەوان لەنێو ئەو چرکە ڕەشانەوە دێن، دارێ بینین، دارێ فێربوون،
دارێ تازە و نوێبوونەوە لەڕەگەوە دەبڕنەوە
دەنگت دەکەن بەژێلەمۆی کپبوونەوە
زمانت دەکەن بەدارا
هۆنراوە دەکەن بە پرسە و خەونیش بە سەرابی دزێو
ئەوان دەستیان بەنێو دڵدا دەگێڕن و ئەگەر ڕازێك بدۆزنەوە سەری دەبڕن
ئەوان بۆنی قڕ و خەونەکانت دەکەن، دەڵێن نەوەك دوور لە ترسی چاوی ئێمە
ئەو خەونانە بینە ڕاستی و گۆرانی بۆ مەرگی غەدر و مەرگی تاریکی بچڕن.


***

لەم گۆمە قەوزە لێنیشتووەی ناویان ناوە ژیانی هەزارەی سێیەم
مرۆڤ یاخییە لە دیلی و دیلیش لە ژیان بێزارە
ئاخر مرۆڤ قسە بۆ کام ئاسمان بکات کە بێ (زار)ە.

شار و کۆڵان و شەقامی ژێردەستەیی بپشکنن، چی دەبینن؟
پراوپڕن لەگێڕانەوەی چیرۆکە نەبیستراوەکانی حەسرەت
لێوانلێون لە وتنەوەی گۆرانییەکانی سەرکوت و چەوسانەوە
تەژیین لە خەیاڵی وێناک مەرگی عەشق و ئاهەنگی سەربڕدەکانی خەم و خەفەت
لەم گۆمە قەوزە لێنیشتووەی ناویان ناوە ژیانی هەزارەی سێیەم،
ئەوان قامچی و پشتی ئێمەش پێدەشتێکە وشك و تینوو
ئەوان چەقۆ و جەستەی ئێمەش برینێکە سارێژنەکراو
ئەوان مەنگەنەی زۆرداری و دەنگی ئێمەش
ماسییەکی گیرخواردووە لە گەرووەکی خنکێنراو
ئەوان دەلاڵی بازاڕی فرۆشتنی منداڵانی نۆ ساڵەن و
ئێمەش بارانی نەفرەت و تووڕەیی و خەم دەبارێنین
ئەوان یەك یەك ملی هیوا و ملی ئازادیمان دەبڕن
تا دێ ئێمەش باڵندەکانی بێکەسی و تەنیاییمان دەتارێنین.

***

بیر لە هەورێك دەکەمەوە خەونی من و خۆزگەکانت تیایدا بدەن لە شەقەی باڵ
بیر لە خۆرێك دەکەمەوە جەستەی دڵ و ئاواتی تۆ و خۆزگەی منی تیا بسرەوێ و
لەژێر تیشکی ڕووناکیدا بسووتێنن ڕەگ و ڕیشەی ژیانی تاڵ
بیر لە ڕێیەك دەکەمەوە هیوای من و کسپەی دڵ و هەناسەی ژین
ببنە ڕێبوار بۆ مەنزڵی سەرفرازی.
دەتۆش وەرە وەکو منی شاعیری خەونەکانی تۆ، بیرکەرەوە
دەتۆش وەرە شانبەشانی من یاخی؛
گرێکوێرەی ئەم مەتەڵە تەلیسماوەی بەدبەختیمان بکەرەوە
گەر سنوورە دڕکاوییەکانی کلتوور و کۆنەخوازی و
باوەڕە بەستەڵەکئاساکانی ژیان نەبەزێنین
گەر لەو جەنگە چارەنووسسازە بدۆڕێین، گڕ بەرنەدەین لە دەوەنی خۆشباوەڕی
گەر بە هەورازی ئاگایی چینایەتی سەرنەکەوین
گەر باوەڕی بەرزی ڕزگاری و ئینسانیی
باوەڕە سوورەکەی خەبات نەکەین بە ئەستێرەی ئومێد
نە تۆ دەبیت بە هەتاو و نە من دەبم بە شینایی قووبەی ساماڵ
نە تۆ دەبیت بە سبەینێی ڕووناك و گەش
نە من دەبم بە بزەی سەرلێو بۆ مناڵ
نە تۆ دەبیت بە سەمای نوێ و گۆرانی سوور
نە من دەبم بە چیرۆکی نێو دیرۆك و نێو ژینی نوێ
نە تۆ دەبیت بە سێبەری عەشق بۆ من
نە من دەبم بە مەشخەڵ و بە سەمفۆنیای ئەوینی نوێ.



# یەکبوون

شیعری: نەوزاد مدحەت
٢٠٢٦ / تۆرۆنتۆ

نە یەك ئاسمان هەیە،
نە یەك زەوی بۆ هەمووان
ئەوەی هەیە دووە دوو
شەقامی زێڕ و شەقامی بەرد
دوو جیهانی لە ناو یەك، بەڵام نا یەك.

بازاڕ زۆر پڕترە لەوەی ئارەزووەمانە
لەگەڵ ڕیزی درێژی قاپی بەتاڵ.
هەندێك خوان پڕن لە نانی زیادە،
هەندێکی تر نازانن چۆن تێر دەبن.

ئەوەتا سێبەری کۆشکی بانکەکان
بۆتە سێبەری پەناگەی بێ ماڵەکان.
ئەوە نەبێ، زەوی نەبێت یان دارو بەرد
ئەوەی هەیە نادادییە.

کاتێك جەنگ چیرۆکە درۆینەکانی دەهۆنێتەوە
بۆ دزینی سەروەتی زیاتر
مووشەکەکان بە ئاسماندا دەفڕن،
منداڵان فێر دەبن ئەوەی هەیە
لایەلایەی خەون نییە،
بەڵکو ویزەی گوللەن،

ڕۆژ بە ڕۆژ کەلێنەکە گەورەتر دەبێت،
دۆڵێکە دەوڵەمەندی هەڵیکەندووە
یەکبوون نەبێت بە هیچ پڕنابێتەوە

منداڵێك،
میراتی تەختی پادشایی دەست دەکەوێت،
یەکێکی تر،
پشتی دەشکێت بۆ پارووەیەك.

دیواری شووشە و پۆڵا دەچنین،
وا خۆمان دەنوێنین کە نابینین و هەست ناکەین
بە سێبەری زۆریمان
لەسەر ئەوانەی خەونەکانمان کاڵدەکەنەوە
ئەوانەی بە تەکنیکی جۆراوجۆر
فرێمان دەدەنە کەناری بێهێزییەوە.

بەڵام هێشتا هیوا لە شەودا دەچرپێنێت،
کە دەتوانین ئەم هەڵانە ڕاست بکەینەوە.
هەموو دەستە ڕەنگاوڕەنگەکانمان
دەتوانن ئەم دۆڵە هەڵکەندراوانە پڕبکەنەوە
ئەم خاکە ببێتەوە خاکی هەمووان

ئەگەر تەنها بزانیین ئێمە کێین
لە ڕووخساری ئەوانی تردا
ئاوێنەی هاوبەشی خۆمان ببینین
شەڕبکەین بۆ بەشکردنێکی یەکسان.

ئەمەی دەیڵێم نە خەونەو نە خەیاڵ
ئەمە خەونێکی خەوتووە
لەناو هێزی یەکبوونماندا.



# بانگێك لە قوڵایی کپیدا!

شیعری: جووتیار ڕەئووف




بەرەبایانیکی پڕ غوبار،
هێشتا بەغدا لە ناو خەوی قوڵ و بێهیوایی خۆیدا مات کەوتبوو،
ماندوو.. ماندوو.. وەکوو جەستەیەکی کەنفت و تەڕهەڵگەراو،
وەك حەسرەتی منالێکی چاو پڕ لە هیوا بەلام دڵشکاو،
دوا هەناسەی خۆی هەڵکێشا.
لەو چرکەساتە دابوو شار بوو بە پارچەیەك کپیی،
شەقامە ئەسمەر ڕەنگەکان  نیگایان پارچەپارچە بوو،
چاویان تەژی بوو لە حوزن،
کۆڵانەکان کژ کژ دامان،
مەواویلە سەرمەدییەکان بێ میلۆدی و بێدەنگ کەوتن
لەگەڵ دوا هەناسەی ئەودا هەموو شتێك بێ هەناسە بوو،
یەنار.. ئەو تەنها ژنێك نەبوو
بەڵکو پارچەیەك بوو لە ڕووناکی
کە لە دڵی شەوە زۆر تاریك و درێژەکاندا درەوشایەوە،
دەنگێك کە لە قوڵایی بێدەنگییەوە سەرچاوەی گرت،
ئەو هەناسەیەك بوو بۆ ئەو ژنانەی کە ستەم هێندەی
ترساندبوون  تا فێری خامۆشی ببن،
ئەو وەکوو گوڵەکانی بیابان لە نێوان  گەردیلەکانی لمدا هەوڵی سەردەرهێنانیدا،
ئەو وەك چرایەك بوو کە ڕەشەبا هەرچەند پڕ هێز و توندیش بێت، نەیدەتوانی لە دڵی شەودا خامۆشی بکات،
ئەو بانگێك بوو کە بۆ یەکسانی هاتبوو،
بۆ پێناسەیەکی تازەی  کەرامەت و ئازادی ژن،
ئەو هاتبوو وەکوو هاواری ئەو ستەملێکراوانەی
کە مێژوو ویستی  بە بێدەنگ و بە بێ ڕەنگ  بیانناسێنێت.

# ئایا سینەما تەنها قژدرێژکردن و ڕیش هێشتنەوەیە؟




سەردارئەکرەم/ بەریتانیا

لە نێوان ڕووبەری شاشە و قووڵایی ڕۆحدا سینەما وەك هونەرێکی مێژوویی هەمیشە هەوڵی داوە مانا لە فۆرم و جەوهەر لە ڕووکەش جیابکاتەوە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سینەمای کوردیدا دەبینرێت؛ جۆرێکە لە لادانێکی مەترسیدار کە تێیدا جەستەی ئەکتەر تەنها کراوەتە کەرەستەیەکی خاو بۆ تێرکردنی خەیاڵە ڕووکەشەکانی دەرهێنەر و ئەم دیاردەیەش کە دەکرێت ناوی بنێین "قوتابی قژ و ڕیش" بۆتە پەتایەکی کوشندە کە جەستەی هونەری سینەمایی لە کوردستان دارزاندووە. چونکە کاتێك دەرهێنەرێك داوا لە ئەکتەرێك دەکات قژی درێژ بکات یان ڕیشی بهێڵێتەوە بێ ئەوەی یەك چرکە لەسەر باری دەروونی و مێژووی کارەکتەرەکە و پاڵنەرە ناوەکییەکانی بدوێت، ئەوا لە ڕاستیدا ئەو خەریکی دروستکردنی "ڕۆبۆتێکە" نەك کارەکتەرێکی زیندوو کە بتوانێت هەناسەی ژیان بدات بە دەقەکە. ئەم جۆرە لە مامەڵەکردنە نیشانەی تێنەگەیشتنێکی قووڵە لە فەلسەفەی ئەکتینگ و گۆڕینی سینەمایە بۆ ستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی مۆدێل کە تێیدا ڕووکەش هەموو شتێکە و ناوەڕۆك هیچ. ئەگەر سەیری مێژووی سینەمای جیهانی بکەین دەبینین کە گەورەترین ئەکتەرەکان لە ڕێگەی میتۆدی "ستانیسلاڤسکی" یان "میتۆدەکانی ئەکتینگ"ەوە توانیویانە بگەنە لووتکە و لەوێدا ئامادەکاری جەستەیی تەنها بەشێکی بچووك و دەرەنجامی ئامادەکارییە دەروونییەکان بووە. بۆ نموونە کاتێك ئەکتەرێکی وەك "دانیال دەی لویس" یان "ڕۆبێرت دی نیرۆ" دەچنە ناو ڕۆڵێکەوە ئەوا مانگ و ساڵان تەرخان دەکەن بۆ تێگەیشتن لە فیزیك و مێژوو و تەنانەت شێوازی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکە نەك تەنها گۆڕینی شێوەی دەموچاویان. بەڵام لە کوردستان دەرهێنەر وەك فەرماندەیەکی سەربازی فەرمان دەردەکات و ئەکتەریش وەك سەربازێکی گوێڕایەڵ بە "بەسەرچاو" وەڵام دەداتەوە و ئەم پەیوەندییە پلەبەندییە (Hierarchy) لەبری ئەوەی پەیوەندییەکی داهێنەرانە و دیالۆگی بێت بووەتە هۆی کوشتنی ئیرادەی هونەری لای ئەکتەر و وای کردووە کە ئەکتەر نەتوانێت وەك هاوبەشێکی داهێنەر لە پرۆسەی دروستکردنی فیلمەکەدا دەربکەوێت بەڵکو تەنها وەك بووکەڵەیەکی دەستی دەرهێنەر دەردەکەوێت کە تەنها ئەرکی جێبەجێکردنی فەرمانە فیزیکییەکانە. کارەساتە گەورەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو دیاردەیەکی تری کوشندەتر کە وەك شێرپەنجە جەستەی سینەمای کوردی گرتووەتەوە بریتییە لە "خزم خزمێنە و هاوڕێیەتی، یان گروپ گروپێنە" لە دابەشکردنی ڕۆڵەکاندا کە تێیدا پێوەرە ئەکادیمی و هونەرییەکان وەلا نراون، لەبری ئەوە "ئینتیما بۆ گرووپ" و "نزیکی لە دەرهێنەر" بووەتە مەرجی سەرەکی بۆ وەرگرتنی ڕۆڵ و ئەمەش وای کردووە کە گۆڕەپانی سینەما ببێتە شوێنی کۆبوونەوەی هاوڕێکان و گروپەکان نەك کۆبوونەوەی بەهرەمەندەکان. ئەم جۆرە لە "نیپۆتیزم" (Ne-potism) نەك هەر دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی فیلمەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی بێئومێدکردنی ئەو ئەکتەرە بەهرەمەندانەی کە هیچ کەسێکیان نییە لە ناو گرووپە داخراوەکاندا. بەم شێوەیە سینەما لە کایەیەکی گشتی و نیشتمانییەوە دەگۆڕێت بۆ کایەیەکی تایبەت و خێزانی کە تێیدا بەرژەوەندییە کەسییەکان لە سەرووی داهێنانی هونەرییەوەن و ئەمەش وای کردووە کە فیلمە کوردییەکان زۆربەی کات لە بازنەیەکی داخراودا بخوولێنەوە و نەتوانن سنوورە ناوخۆییەکان ببەزێنن. بۆ ئەوەی سینەمای کوردی لەم چەقبەستووییە ڕزگاری بێت پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەما ئەکادیمییەکانی ئەکتینگ و تێبگەین کە ئەکتەر پێش ئەوەی قژی درێژ بکات پێویستە "ڕاهێنانی دەروونی" و "شیکاری کارەکتەر" بکات و دەبێت دەرهێنەرەکان فێری ئەوە بن کە ئەکتەر هاوبەشە نەك ئامراز و هەروەها دەبێت تاقیگەی ئەکتینگ (Acting Workshops) دروست بکرێن کە تێیدا ئەکتەر فێری ئەوە بکرێت چۆن لە ڕێگەی "جوڵەی جەستەیی" و "کۆنترۆڵی دەنگ" و "گوزارشتی چاو"ەوە مانا دروست بکات نەك تەنها لە ڕێگەی قژ و ڕیشەوە. سینەما هونەری ڕاستگۆییە و تا ئەو کاتەی خزم خزمێنە و ڕووکەشگەرایی حوکمی ئەم هونەرە بکەن، ئێمە تەنها خەریکی بەرهەمهێنانی "وەهمی سینەما"ین نەك سینەما وەك شوناس و داهێنان. پێویستە ئەم پەتا کوشندەیە بە نەشتەرگەرییەکی ڕەخنەیی قووڵ لە ناو ڕۆحی سینەمای کوردیدا دەربهێنرێت بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ نەوەیەکی نوێ خۆش بێت کە باوەڕیان بە جەوهەر هەیە نەك تەنها بە ڕووکەش.




# کام مەعریفەی شیعریی لە کتێبی دابڕانی سۆسیۆلۆژیای ئەپستمۆلۆژیدا؟

سەدیق سەعید ڕواندزی

وشەی مەعریفە، یەکێکە لەو وشە بەرکارانەی بە شێوەیەکی گشتی لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا بەکاردەهێنرێت. تا ئەو ئاستەی لە ڕووی چەمکی و هزرییەوە، فۆڕمێکی سادەی زمانەوانی وەرگرتووەو لە مانا هزرییەکەی خۆی ساکار بۆتەوە، بۆ دەربڕینێکی ئاسایی و میللیی. ئەم وشەیە، کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردی نییە، لە بەرانبەر وشەی ( ئەپستمۆلۆژی ) دادەنرێت، ئەپستمۆلۆژیاش لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و لە هەردوو وشەی ئیپست، کە بە مانای زانین و لۆگۆس کە بە مانای زانست دێت پێکهاتووە. بەمەش وشەکە دەبێتە ئەپستمۆلۆژییا کە بە مانای زانستی زانین دێت. کەواتا مەعریفە بە تەنها، زانینێکی ئاسایی نییە بەڵکو ئاوێتەیەکە لە زانین و فێربوونی زانست، بەمەش ئێمە ئەگەر زانین وەك بەشێك لە هوشیاری کۆمەڵایەتی و هزری مرۆڤەکان بزانین، ئەوا زانستی زانین پلەیەکە لە سەرووی زانینەوە، چونکە دەبێ ئەو زانینە هەڵگری ڕەهەندێکی زانستی بێت. بەمەش مەعریفە، کە زانستی زانینە و لە ڕوویێکی زانستییەوە دەڕوانێتە چەمك و دیاردەکان و شرۆڤەیان دەکات، جیایە لە زانینی ئاسایی، چونکە هەموو مرۆڤێك دەزانێت. دەشێ لێرەدا، نموونە بە دیاردەی سرووشتی باران بارین بێنینەوە. بێگومان هەموو مرۆڤێك دەزانێت باران لە ئاسمانەوە دەبارێت، کشتوکاڵیش بە هۆی بارانەوە دەکرێت، بەڵام هەموو مرۆڤێك هاوکێشەی زانستییانەی دروستبوونی باران، کە لە هەڵمی دەریا و زەریاکانەوە بە هۆی تیشکی خۆرەوە دروست دەبێت نازانێت ! بەمەش زانینی یەکەم گشتی و ئاساییە، بەڵام ئەوەی دووەمیان، زانینێکی زانستییانەیە کە بە مانای مەعریفە دێت. لەو سۆنگەیەوە، دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین، کە ئایا هەموو شیعرێك هەڵگری مەعریفەی شیعرییە؟ ئایا شیعرێکی بێکەس و شیعرێکی تەڵعەت تاهیر، وەك یەك مەعریفەی شیعریان تێدایە؟

بێگومان مەعریفەی شیعریی، درككردنێکی قووڵە بەو واتا شیعرییە شاراوانەی لەو دیو مانای دیاری دەق بوونی هەیە. بۆ گەیشتن بە مەعریفەی شیعریی لە دەقێکدا، خوێنەر دەبێ تێڕوانینێکی قووڵی هزرییانە و لێکدانەوەیەکی زمانی و ڕەخنەیی وردی هەبێت، چونکە گەر مەعریفەی شیعریی، وەك بابەتێکی گشتی و دیار، لە ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەکەدا دەرکەوت و هەمووان زانیان چییە، ئیدی واتایەك بۆ مانای شیعریی و مەعریفەی شیعری نامێنێتەوە، لەکاتێکدا مەعریفە لە شیعردا، کردەیەکی سۆراغکارییە و گەڕانە بە دوای هەموو ئەو مانا نادیارە شیعرییانەی لەو دیو دەقەکەوە وەك گوتارێکی دیار و ڕاستەوخۆ دەرناکەون، کە لە بنەڕەتدا هەر ئەمەشە دەقێکی شیعریی بە کراوەیی بە ڕووی مانای شیعریدا دەهێڵێتەوە، بەو پێیەی لە یەکەم کردەی خوێندەوە و بەرکەوتندا، ناتوانرێت کۆی مانا و واتا شیعرییەکان دەربخرێن. کەواتا مەعریفەی شیعریی، وەك ئەوەی لە بنەڕەتی وشەکەدا هاتووە، زانینێکی زانستییانەیە، نەك تەنها زانینێکی ئاسایی، کە دەشێ لە نێو کۆمەڵگە و لە ڕووبەرە کۆمەڵایەتییەکەدا بە ڕووی هەمواندا دیاربێت و بیزانن. لەو سۆنگەیەوە لە کتێبی ( دابڕانی سۆسیۆلۆژیای ئەپستمۆلۆژیی ) کە توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە و مەبەست لێی بەدەستهێنانی بڕوانەی دکتۆرا بووە، توێژەر سنوورێکی بۆ مەعریفەی شیعریی دیار نەکردووە، بەڵکو کۆی تێما سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کلتووریی و بگرە ڕووداوی زۆر سادە و ساکاریشی لە شیعردا بە مەعریفە داناوە، ئەمیش لە ڕێگەی هێنانەوەی نموونەی ئەو شیعرانەی وەك میتۆدی شیکارییەوە قسەی لە سەر کردوون. نووسەر لە نموونەی ئەو شیعرانەدا، باس لەوە دەکات کە ( کوشتنی حاجی لەق لەقەکەی هەولێر و شەڕەکانی کەپکی حەمەد ئاغا ) دوو لە مەعریفەی شیعرین لای شاعیرانی ئێمە! هەڵبەتە، ئەم دوو ڕووداوە دڵتەزێنە، زادەی ڕۆژگاریی شەڕی ناوخۆن و وەك ئایکۆنێکی ئەو ڕۆژگار و سەردەمە تاڵ و پڕ لە ناسۆرییە کە براکان نەزانانە سەنگەریان لە یەکتری گرتبوو، تینوو بوون بە خوێنی یەکتری دەردەکەون. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا هیچ مەعریفەیەکی شیعریی لە ( کەپکی حەمەد ئاغا ) دا هەیە؟ گەر وەك ڕووداو بڕوانینە بە تێماکردنی ئەو ڕووداوە، بەو پێیەی بەشێکە لە ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆی حزبەکان، ئەوا دەبینین ئەم ناوچەیە و شەڕەکانیش، ڕووداوگەلێکی زۆر ئاشناو کۆمەڵایەتی و میللی دیارن و گەر پرسیار لە هەر کەسێك بکەین، گەر ئاستی



هوشیاریی و مەعریفی هەر لە هەر پلەیەك بێت، دەزانێت کە پکی حەمەد ئاغا و حاجی لەق لەقەکە چی بوون؟ بەمەش ئەم دوو ڕووداوە، لە چوارچێوەی مەعریفەی شیعری دانین، چونکە گەر مەعریفە بەزانینی زانستێك بزانرێت، وەك ئەوەی لە بنەڕەت و ناساندنی وشەکەوە هاتووە، ئەوا هیچ زانین و زانستێك لەوەدانییە و کۆمەڵگە هەمووی دەزانێت، ئەم دوو ڕووداوە چی بوونە؟ کەواتا ئەوەی لێرەدا بوونی هەیە، مەعریفەی شیعریی نییە، بەڵکو مانای ئاسایی شیعرییە، بۆ ئەوەی پەیوەست بێت بە کردەی خوێندنەوەیەکی هزرییانەی قووڵی دەقی شیعرییەوە! مەعریفەی شیعریی، جۆرە پەیبردنێکی مانایانەی قووڵە لە شیعردا، کە ماناکەی پەیوەستە بەو ڕەهەندە هزرییەی لە نێو شیعردا هەیە و هەموو خوێنەرێك پەی پێ نابات، چونکە مەعریفە پلەیەکە لە سەرووی زانینی ئاساییەوە، بەڵام کاتێ بابەتێك چوارچێوەیەکی گشتی وەردەگرێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زانراو دەبێت، ئەوا ناشێ پێی بوترێت مەعریفە، گەر بە مانا ئاساییەکەشی بێت. لێرەوەش ئەم دوو نموونەیە، لە ڕاستیدا دوو نموونەی زۆر نامەعریفی و زۆر ناشیعریشن، چونکە ئەم ڕووداوانە، گەرچی وەك ڕەندگانەوەیەك لەشیعردا بەرجەستە کراون، بەڵام مانای وانییە هەڵگری مانایەکی قووڵ و نەزانراوی وابن، کە بە مەعریفەی شیعری ناوبنرێن. بۆیە بەشێکی زۆری ئەو نموونە شیعرییانەی لەو کتێبەدا هاتوون، نموونەی سادە و لە دەرەوەی مەعریفەی شیعرین. هەر لە درێژەی ئەو کتێبەدا، نووسەر ئامانجی شیعر دیاری دەکات و بڕوای وایە ئامانجی شیعر بەرهەمهێنانی جوانییە، کە ئەمەش هەڵەیە، چونکە گوتاری شیعر، لەوە قووڵترە تەنها لە ئیستاتیك ببنرێتەوە، بەڵکو شیعر دەبێ هەڵگری پەیامێکی گەورەی مرۆیی و نەتەوەیی و چینایەتی و نیشتمانی بێت و گوزارشت لە خەمە ئینسانییەکان بکات.

هیچ کاتێك بە تایبەتیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ناتوانرێت شیعر بخرێتە دەرەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە، وەك ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئەمانە بەشێك بوونە لە ئەرکە ئەدەبییەکەی شیعر. بچووکردنەوەی شیعر بە تەنها لە چێژ و جوانیدا، خاڵی کردنەوەی شیعرە لەو پەیام و ئەرك و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فەرهەنگییەی کە لە نێو کۆمەڵگەدا، بە تایبەتیش لە نێو ئێمەدا هەیەتی. نووسەر هەر لە درێژەی توێژینەوەکەیدا، دەنووسێت:( ئامانجی شیعر بەرهەمهێنانی جوانییە ل ١٣٧ ) بەڵام جوانی بەشێکە لە شیعر و ئامانجی شیعر تەنها ئەوە نییە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، گەر ئیستاتیکی شیعریی، زمان و چێژ، شیعرییەت و مانا بە بەشێك لەو جوانییە بزانین و لەکاتی خوێنەوەیدا لە ڕێگەی زمانەوە درکی پێ بکەین، ئەوا مەرج نییە هەموو شیعرێك جوانی بەرهەم بهێنێت. ئایا دەکرێ لە لاوکی هەڵەبجە، گۆڕستانی چراکان، دەربەندی پەپوولە و شیعرەکانی شەهید مەلا عەلی دا، ئێمە بە دوای جوانی شیعردا بگەڕێین؟ ئەم بۆچوونانە، کە بەردەوام لە توێژینەوەی ئەکادیمی دەخرێنە ڕوو، بۆچوونی ڕەها و نالۆژیکین و دەشێ لە شیعردا بە دوای جوانیدا بگەڕێین، بەڵام شیعر هەمووی جوانی نییە و جوانی بەشێکە لە شیعر. گەر ئێمە ئامانجی شیعرمان تەنها لە جوانیدا بینییەوە، واتا لە شیعردا کۆتایی دێت، چونکە هەموو بە ئامانج گەیشتنێك، بە مانای خاڵی کۆتایی شتەکەیە. هەر لە درێژەی ئەو باسەدا، نووسەر ئەمجارەیان دەنووسێت:( بنیاتی مێژوویی هەر دەقێکی شیعریی، لەگەڵ بونیادی مێژوویی سەردەمەکەیدا یەکدەگرێتەوە، هوشیاری شاعیر لە هەر سەردەمێکدا، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەکەیەتی ) بێگومان مەرج نییە هوشیاری شاعیر ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی بێت، چونکە گەلێك جار ئاگایی شیعریی شاعیرێك بە پێش سەردەمەکەی دەکەوێت و شاعیر جۆرە دابڕانێکی هزریی لە ڕووی هوشیاریی گشتی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات، کە ڕەنگدانەوەی ئاگاییەکی قووڵی شیعرییە و بونیادی دەق وا بەستە نابێت بە بونیادی مێژوویی سەردەمەکەیەوە. بۆ نموونە : لە سەردەمێکدا

بێکەس باس لە یەکسانی نێوان نێوان نێر و مێ دەکات، کە بونیادی مێژوویی و هوشیاری سەردەمەکە، نەك هەر باوەڕی بەو یەکسانییە ڕەگەزییە نەبووە، بەڵکو ڕەگەزێ مێ لە پلەیەکی زۆر نزمی کۆمەڵایەتی سەیرکراوە ! زێوەر لە سەردەمێکدا باسی خوێندەواری دەکات، کە زۆرینەی خەڵکی بڕوایان وا بوو نابێ منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە چونکە فێری عیلمی شەیتان دەبن. خەڵك لە بەردەم کوێخا و ئاغاکان دەچەمایەوە، بەڵام قانع بە شیعرەکانی هەوڵی یەکسانی و هاوتاکردنی توێژەکانی کۆمەڵگەی دەدا. ئەحمەد موختار جاف، خەون بە هێڵی شەمەندەفەرەوە دەبینێت، میرزا مەنگوڕی، لە سەر بابەتێکی زانستی و فیزیکی و لاهوتی، بەر شاڵاوی کۆمەڵگە دەکەوێت. نالی سۆفی و مەلاکانی ڕیسوا دەکرد، لە کاتێکدا دیارترین ڕۆشنبیری ئەو سەردەم، ڕۆشنبیریی ئایینی بوو. حاجی قادر، باسی ڕۆمان و ڕۆژنامەی دەکرد، کە چەندین ساڵ دوای ئەو، ئەم ژانرانە لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دەردەکەون. ئەمانە و گەلێکی دیکەش، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەن، کە ڕۆشنبیریی و هوشیاریی شاعیر، بەسەردەمەکەی خۆی دەبەستنەوە. دواجار دەڵێم، بەشێکی زۆری ئەو توێژینەوانەی بە مەبەستی وەرگرتنی پلەیەکی زانستی وەك تێز دەنووسرێن، کەموکورتی گەورەیان لە ڕووی زمان و بابەتەوە تێدایە و گەلێکیان، هەر تەنها ڕووکەشانە نووسراون و توێژەر نەیتوانیوە بە ئەرگۆمێنتی مێژوویی و زانستییەوە بۆچوونەکانی بسەلمێنێت، یان کەوتۆتە پاڕادۆسی گەورەوە لە توێژینەوەکەیدا.

# کە چاو هەڵدێنی



شیعری: فوئاد عەزیز

هەوری سپێدە، ڕووناکی پەنجەرەکەی داپۆشیوە
باڵندە کۆچەرییەکان؛
چاوە خەواڵوەکان لەگەڵ خۆیاندە هەڵئەفڕێنین
شەقام چۆڵە و دارەکانی سەر ڕێگا
قژیان تەرە بەشەماڵێکی لێوتەزێن شانەی دەکەن
ئاخر ئەوان بێ هیوابوون لە گزنگی خۆرتاو!
منی ئامانج ڕێ دەکەم
هیوا دور و پشتی شەقام کوور
پەنجەکانم خۆیان لەگیرفانما لوول ئەدەن
لێوەکانم بەتەزووی با ئەلەرزن،
وەک ئەوەی چیرۆکێ بگێرنەوە یان گۆرانییەک بچڕن
لەبیری ئەوەدام چۆن لەمبەرەی کوچەی ژیان،
بپەڕمەوە ئەوبەری ژیانەکەی تر
بێئەوەی بزانم کامبەری ژیان, ژیان خۆیەتی.
بێئەوەی بزانم کام بەری دەریا باخچەکەیە!
ئەو خەریکە چاوەکانی دەکاتەوە هێشتا لەژێر پێخەفی تەنیایدایە
لەکەشێکی ئاڵۆز دەچێ، ئاڵۆز وەک خەیاڵەکانی
لە کەلی پەردەوە سەیری تابلۆی باڵندەکان دەکات و
بەراوردێ دەکات لەنێوان فانتازیا کانی خەیاڵی خۆی و فڕینی نەورەسەکان
ئای بۆ منیش باڵندەی بێ سنوور نەبووم ،
ئەی بۆ منیش ئاسمان ماڵم نەبوو
لەژێر لێوی ماندووییەوە دەی خۆ دەکرا باڵندەش بم و
ئەشکرا ڕاوچییەکی ناحەز بۆ حەزە قێزونەکانی خۆی
باڵی فڕین وەک دەسکی دارگاکە بپێچابام !
ئەما مەستی فڕین جوانترە لە خەیاڵی قەفەس
دەنگ فڕەفڕی باڵ خۆشترە لەتابلۆی ون بوون.

# شنەی شیعر



من دەچمەوە سەر دەستی باو
خولقەتی بەفر و
خەیاڵی باران و
سروەی درەخت و
شنەی دەریا و
هە نگاوی ڕۆژ و
دڵتەنگیی پاییز و
بزەی مانگە شەو و
نازی گوڵە باغ و
چاو باشقاڵی نێرگز و
قاقای پێکەنینی تاڤگە و
گۆرانی ڕووبار و
تاسەی دڵدار و
شنەی شیعرێکی گەردن زراف.

ناسیح ئەدیب
٢٠٢٦/٣/٢٤

# چوار کورتیلە چیرۆک

نووسینی : عەباس داودی ـ کەرکووك

## تاراوگە

بەوپەڕی بڕوا و ئومێدەوە، خۆی کۆکردەوەو پسوولەی فڕۆکەی بڕی، هەرچەندە خانەوادەکەی قەڵس بوون لە گەڕانەوە، لێ لە ئەشقی نیشتماندا، دەستبەرداری جێگیری ژیانی بوو لە بەلجیکا، بە جۆشەوە گەڕایەوە نیشتمان و لە فەرمانگەیدا دامەزێندرا و کاروباری خەڵکی زۆر بە ئاسانی بە ڕوویەکی گەشەوە ڕادەپەڕاند، مخابن هاوەڵەکانی لە بری ڕێز گرتنی و ناوەزد بوونی فەرمانگەکەیان بە دڵسۆزی لەسایەی بەڕێز ملکۆدا، لێ کەوتنە وێزەی و رکابەری، چونکە کارەکانی بێ بەرانبەر جێبەجێ دەکرد، هیچیان بە دەستەوە نەبوو دەریپەڕێنن، بوختان و ناو و ناتۆرەی بێ ویژدانانەیان بۆ چێ دەکرد، گوایە ملکۆ چاو حیزە و بە دوای مێبازیدا دەگەڕێت، لەکاتێکدا ئەو، ڕێزی هەمووانی دەگرت و ئامۆژگاری باشی دەکردن لە خۆشەویستی نیشتمان مرۆڤی بێئەمەك و گەندەڵ ، ناتوانێت جوانی ببینێت و خۆیشی کەمێك جوانبەخش بێت، پێشینان وتوویانە : ( نرخی زێڕ لای زێڕنگەرە ) . ملکۆی ڕۆشنبیر و دڵسۆزی خەڵك و لات ، بەرگەی ئەم دۆخەی نەدەگرد، لە پاشقولدان و گەندەڵان ، پێی باش بوو، شەڕە دەنووکیان لە گەڵدا نەکات. بڕیاریدا بۆیانی بە جێبێڵێت و جارێکیتر بە دڵشکاوییەوە بگەڕێتەوە تاراوگە، چونکە پێیوابوو گەندەڵی ڕۆچووە.

## مۆبایل

دوای گۆڕانی ڕژێمی پێشوو، تازە مۆبایل گەیشتبووە ناوچە جەرگبڕاوەکان( جێناکۆکەکان ) . مامۆستا جەعفەر جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندیی بوو، هاوەڵانی ژمارەکەی ئەویان لای خۆیان خەزن دەکرد، بۆ کاری پێویست پەیوەندییان پێوە دەکرد، کە زەنگی بۆ دەچوو، وەڵامی نەبوو، جارێك و چەند جارێك ئەم حاڵەتە دووبارە بووەوە، لێیان پرسی مامۆستا وا خۆت پەیوەندی ناکەی، مانای چییە وەڵامی ئێمە نادەیتەوە؟ مامۆستا جەعفەر وتی : مۆبایلەکە لای براکەمە و دەیبات بۆناو کێڵگەکە دگەڵ خۆیدا، ئەی باشە مۆبایلی خۆتە بۆ دەیدەی بە دەستی براکەتەوە، ئەی ئێمە چۆن پەیوەندیمان هەبێت و لێکتر بە ئاگا بین. جەعفەر، پیسکە وماڵنەخۆر بوو، وتی: برایانی مامۆستا، مۆبایلێك بەشی چەند کەس دەکات، بەفر نییە بتوێتەوە، خواردن نییە بخورێت دووسێ ڕۆژ مامۆستا جەعفەر دەنگی نەما و نە ئەهاتە دەوامی قوتابخانە ناچار بەڕێوەبەر چەند قوتابییەکی وریا، ژیکەڵەی نارد بۆ ماڵەوەیان تاوەکو هەواڵی بزانن چ باسە ..؟ هەر گەیشتنە نزیك ماڵیان، هەستیان بە بۆنێکی نامۆ کرد، زیاتر نزیك بوونەوە، چی ببینین..؟! تەماشا دەکەن مامۆستا بێ گیان و سکی ئاوساوە.

## نووسەری چەواشەکار

زۆینەی مرۆڤە بە هەڵوێستەکان کەسایەتی نادر ئەفەندییان خوێندبووەوە، تا بڵێی ماستاوچی، هەلپەرست ، پوولەکی بوو، ئەوەندە مەیلی خوێندنەوەی نەبوو، هاوەڵی ڕۆشنبیرانی نەدەکرد، لە نێو دەوروپشت دا بێزراو بوو. نادر ئەفەندی بیری کردەوە چۆن وا بکات، خۆی بە دیار بخات و ببێتە خواست و باس، شەوێ لە خەوی دا هاوەڵێکی هاوشێوەی خۆی وتی: گەر دەتەوێت بە ناوبانگ بیت ، باشترە خۆت بکەیتە شاعیر نادر ئەفەندی وتی: ئەز لە شیعر شارەزاییم نییە، چەوا ببمە شاعیر، هاوەڵەکەی ئەفەندی وتی: گوێ لە ئەز بگرە، ئەوە زۆر ئاسانە، لەم و لەو پەیڤ بێنە و ڕستەی لێ چێ بکە، پاشا وی ناوێك، ئەدرەسێکی بۆ دابنێ، کێ بە کێیە، چەند جارێك وا بکە، ئیدی ناڤێ تە دچێتە سەر ناڤێ شاعیران. نادر ئەفەندی وتی : هەروا دەکەم و هەر واشی کرد و نها چەند دیوانێکی شیعری هەیەو قۆڵی چەند ژنی بڕیوەو ڕادەبوێرێ. لێ لە ناو شاعیر و ڕەوشەنبیراندا قێزەون و کەسێکی نەخوازراوە، کەچی شەرمەزار نابیتن و دبێژێت ئەز ئێکێکم لە ناوداران.



## کۆڕی وێژەیی


سوبحانەڵلا هەگبە بۆشەکان نازانن چۆن خۆیان نمایش بکەن و بۆ ئەوەی گەورە دیار بن بە ناو ڕۆشنبیر ئەمیر حاجی بەگ، تاوەکو پۆلی دوانزدەی خوێندبوو، بە زەحمەت و بە پازدە ساڵ گەیشتە ئەو قۆناغە، تەمبەڵ و ئیش نەکەر بوو، بەڵام زۆر لە خۆی ڕازی بوو، خۆی وا دەخستە ڕوو زۆرزان و ئاگاداری باشی دیرۆکە، زوو .. زوو دەهاتە نێو ئەو کۆڕە ڕۆشنبیرییانەی کە ڕۆژانی سێشەم سازدەدران، لە هۆڵی ڕۆشەنبیری شار! زوو دەهات و لە ریزی پێشەوە، وەکو شۆفێر دادەنیشت، تا کۆڕەکە تەواو دەبوو، خەریکی وێنە گرتن بوو، ئێوارە کە دەگەیشتە ماڵ، یەکسەر یەك.. دوو پۆستی دەکرد، وای پێشانی خەڵك دەدا ڕاستە لە خوێندن سەرکەوتوو نەبووە، لێ نها یەکێکە لە خاوەن هزر و ڕۆشنبیرانی شار و دەبێ ڕێزداری بکرێت.

# مەودا

## چیرۆك

نووسینی: محەمەد ئەحمەد حەسەن
٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٦

خەو ڕێی نەدەبردە چاوی کوڕە چوار ساڵانەکەی (شالیار)، موبایلە زیرەکەکەی لێشاردراوەتەوە. شەوێکی زستانی تەڕ و تووشە. نیوەی شەو لایداوە. ئەم خێزانە بچکۆلەیە خەڵکی گوزەری نەوت و غازن. تەنانەت تاوناتاوەکانی کارەبا بڕینیش ئەو زارۆکە سەرشێتە جڵەو ناکات.
کوڕە بەنێو ژوورەکەدا دێ و دەچێ. دەڵێی ئەو شەوەیە تازە لەشیر بڕاوەتەوە. توونێك شالیار دەباتەوە، بەهەناوی ساردەوە دەخوازێ ئەو شەوەزەنگە تەڕ و تووشە نەبڕێتەوە، هەروا بێکارەبا بن. سێ ساڵ پێش ئەم تاریکستانە، لە تەمەنی کوڕەکەی خۆیدا دەبێت، باوکە کرێکارەکەی لەسەر ئەسکەلەیەکی بەردەم نهۆمێکی بڵندەوە بەردەبێتەوە.
-ئەرێ بۆ وا چرکەت لەخۆت بڕیوە؟ دەتۆزێ بجوڵێوە. وا بەیانییە. دەوامم هەیە. هەندێ بیخا فڵێنە.
بەئاسپایی بەدەم ڕێگایەکی دوورەوە بەنێو تاریکیدا هەنگاو دەنێ. فرمێسکە بەخووڕەکەی بەهەردوو دەستی دەسڕێتەوە. لەنێو پەناگەی شەودا، لەسووچێکدا تارمایی جگەرسۆزەکەی توند لەئامێز دەگرێ. دەیەوێ تۆنی دەنگی ئاسایی بێتەوە. سەد شوکور کارەبا نییە، بۆی نەنگییە هاوسەرەکەی لەسێڵاوی چاوەکانی بڕوانێ.
شالیار لەئامێزی باوکیدا خۆی مت کردووە. هەمیشە بەبۆنی گەچ و چیمەنتۆ و پەنجەی زبری باوکی ئارام دەبێتەوە.
-وەرە کوڕم وەرە، تازە درەنگە وا شەومان بەسەردا هات.
باوکی لێفەکە بەسەر هەردووکیاندا دەئاڵێنێ. با بچینە نێو ئەم ئەشکەوتەوە، من ئاگر ئەکەمەوە و تۆش نان و تەماتەکە بێنە پێکەوە دەیخۆین. چا لێدەنێین. تا سبەی ڕۆژ دەبێتەوە لێرە دەنووین. شالیار خەو دەیباتەوە.
بەدەنگێکی نەرم دەڵێ وەرە تاقە گوڵەکەی بابە، وەرە. بەتانییەکە دەکات بە ئەشکەوت، شەومان بەسەردا هات. با بچینە نێو ئەم ئەشکەوتەکەوە



چ بەفر و بارانێکە. با ئاگر بکەینەوە. گۆشت ببرژێنین. دوایی نەستەلەکەت بخۆ.
لەپڕ دەبێ بە چراخان. کوڕە بچکۆلەکە دەردەپەڕێ و دەست دەنێ بەبناگوێیەوە و دەڵێ: خەمت نەبێ بابە تەلەفۆن دەکەم. ئێستا تاکسی دێ بەشوێنمانا. دەگەینەوە ماڵێ.
-شالیار بەبزە پێکەنینێکەوە دەڵێ: کوڕە لەنێو ئەم شاخ و داخە تاکسی چۆن دەمان دۆزێتەوە.
کوڕە دەڵێ: لۆکەیشنەکەم بۆ ناردووە.
شالیار بەتانییەکە لەسەر خۆی لادەدات.
ئاوڕێ لە هاوسەرەکەی دەداتەوە و دەڵێ بەخوا کوڕم من و تۆ زۆر لەیەکەوە دوورین.
ئای تەکنەلۆجیا چ مەودایەکت هێناوەتە گۆڕێ.

## یەنار محەمەد- یادێکی زیندو و ڕێگایەکی بەردەوام

سوێد / ستۆکهۆڵم: مەڕاسیمی ڕێزلێنان لە خەبات و ژیانی یەنار محەمەد

لە هەژدەی مارسدا لە ستۆکهۆڵم بە هاوکاری ژمارەیەك لە ڕێکخراوەکانی ژنانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، مەراسیمی ڕێزگرتن لە ژیان و خەباتی یەنار محەمەد بەڕێوەچوو.

یەنار سەرۆکی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)، لە دووی مارس لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدا، لەلایەن دەستێکی تاوانکارەوە تیرۆر کرا. تیرۆرکردنی یەنار تاوانێك بوو بۆ بێدەنگکردنی ئەو دەنگانەی داکۆکی لە ئازادی و یەکسانی دەکەن. یەنار کرایە ئامانج چونکە داکۆکیکارێکی بوێر و سەرسەختی ڕزگاریی ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی بوو، دەنگێکی بوێر و بیستراو بوو لە ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سەرمایەداری و ئەو باندە توندڕەوە ئیسلامییە کۆنە پەرستانەی لە خزمەتیدان. ئەم تاوانە قێزەونە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەو مەترسیەی ڕووبەڕووی چالاکوانان دەبێتەوە کاتێك لە مەیداندان و قسەکانیان بەکردار دەکەن، پەردە لەسەر هەڵاواردن و تاوانکاری هەڵدەدەنەوە و دژی پێشێلکاری و ستەم دەوەستنەوە.

بەرنامەکە بە خولەکێك بێدەنگی و سروودی ئەنتەرناسیۆنال دەستی پێکرد. دواتر چەندین وتار پێشکەشکرا. لە چوارچێوەی پانێڵێکدا بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوەبەشداربووەکان: ڕێکخراوی (Marie Wikström - Kvinna till Kvinna)، یەکێتیی ڕێکخراوەکانی ژنان لە سوید (Ebba Nikolic Kajrup- SKO)، ئەنجومەنی نیشتمانیی ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە سوید (Adine Samadi- ROKS)، (Mahin Alipor- Kvinnors Rätt För-bundet) ڕێکخراوی خەباتی جیهانی بۆ مافی ژنان (Mariam Afrasiabpour- IKKR– Västerös)، ناوەندی ژنان لە تێنستا (Kvin-nocenter Tensta-Hjulsta)، گفتوگۆ ئەنجام درا.
کورتەیەك لە بەیاننامەی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لەلایەن شەماڵ عەلی خوێندرایەوە. وتاری (حزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران- حیکمەتیست) لەلایەن ڕەحمان حسین زادە و (حزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران) و (فیدراسیۆنی پەنابەرانی ئێران) لەلایەن سارا نەخائی پێشکەشکرا.

لایەنە گرنگەکانی پانێڵەکە سەبارەت بە مافەکانی ژنان و پاراستنی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ:

- چۆن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن پشتگیرییەکانیان بۆ چالاکوانانی ناوخۆیی لەو ژینگانەی مەترسییان زۆرە، بەهێزتر بکەن؟

- چ ڕێکارێك بگیرێتە بەر بۆ پاراستنی چالاکوانانی بزوتنەوەی ژنان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ؟

- چۆن لە سوید هاوپشتی لەگەڵ چالاکوانانی ژن لەسەر ئاستی جیهان بەهێز بکرێت؟

- بە چ شێوەیەك هەماهەنگیی نێوان لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان پەرەپێبدرێت؟

لە کۆتایی گفتوگۆکاندا جەخت لەسەر گرنگیی دروستکردنی تۆڕی هاوبەش، خستنەڕوی پێشێلکاریەکان و بەهێزکردنی هاوپشتیی نێودەوڵەتی کرایەوە. درێژەدان بە ڕێبازی خەبات و تێکۆشانی یەنار محەمەد لە ڕێگەی کاری هاوبەشەوە دوپات کرایەوە.

ئێمە جگە لەوەی کە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی هاوڕێیەکی ئازیز، جەسور و ماندوو نەناس کۆبوینەوە، لەهەمان کاتدا بۆ بەردەوامبوون لە کارکردن و هاوپشتی لە پێناو ئەو ئامانجەی یەنار خەباتی بۆ کرد و قوربانیی بۆ دا.
بەرزوبەڕێزە یادی یەنار محەمەد
سوپاس بۆ هەموو بەشداربووان و هاوکاران
کۆمیتەی نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی ژنان – سەنتەری نینا بۆ پشتگیری و پاراستنی ژنان

# درەختی حەوا




هۆنراوەی ئیمان یادەوەر

خەونێکم لەناو خاکی شیعردا ڕواند
خەون گوڵی گرت ناوم نا ژن
ژن گەورەبوو بووبە باخچە،
بەتەنیشتی هەر دڕکێکەوە گوڵێکی گرت .
بەسەر هەرلێوێکەوە بوبە خەندە
بۆ ئەوانەی پرچیان بەخەمەوە دەبڕی .
لەو ڕۆژەوە هەردەرگایەکت دی سەوز بوو :
ئەوە دەستی ژنێکی پێوەیە
هەرماڵێکت دی سپی بوو
ئەوە دڵی ژنێکی پێوەیە .
هەرکانیەکت دی سازگار بوو
ئەوە لەڕۆحی منەوە هەڵدەقوڵێت.
کاتێك ویستیان خەونم وەکو پرچم کورت بێت
شەوم وەك گرییەم درێژ بێت
من بەزمانم کێوێکم دروست کرد سەخت وەك شیعر
دارستانێکم دروستکرد چڕ وەك باوەڕم
دەشتێکم دروستکرد بەرین وەك چاوەکانم

کاتێك خستمیانە چوارچێوەیەکەوە
پەنجەرەیەکی نەبوو بەڕووی -با-دا کراوە بێت
دەرگایەکی نەبوو بەڕووی ئازادی دا لەسەر پشت بێت
کلاو ڕۆژنەیەکی نەبوو تیشکی ژیان بێتە ژووری

شەوێك حەوا بەبەرگی سپی خۆی داپپۆشیم
هەستامەوە بەوشە ئاسمانێکم دروستکرد ژن تێیدا بفڕێت
دارستانێکم لە پرچی بڕاوم دروستکرد ژن تێیدا گۆرانی بچڕێت
ڕێگایەکم دروستکرد، بەژن دەستپێبکات و بە ئەوین کۆتایی بێت
دواجار بوومە درەختێك سەرم تا ئاسمانی خەونەکانم بەرز
سێبەرم تا گۆڕی دواین ژن لەوسەری دونیا درێژ بویەوە
نەیانزانی ڕەگی سەوزیی ئەم بوونە
لەقوڵایی خاکدا لەخوێنی ئەو ژنانە دەخواتەوە کەلتوور کردنی بەژێر خۆڵەوە .

نابێت ئەم چیرۆکانە بەخوێنەوە هەڵبگیرێن
ئەم ڕۆژانە بۆ بە سووری بڕژێتە دەریای ڕەشی کاتەوە؟
دەبێت ئەو تابلۆیەی بۆ ژن و زیندان و شێرپەنجە کێشایان
ژن و عەشق و جوانی تەواوی بکات .




# کاردانەوەی میدیای جیهانی دژ بە تیرۆری یەنار محەمەد

تیرۆرکردنی ( یەنار محەمەد ) لە ( ٢ )ی ئاداری ( ٢٠٢٦ )، دەنگدانەوەی خۆی هەبوو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، چا پەمەنی و میدیای جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی، و بوو بە مانشێتی سەرکۆنەکردنی تاوانەکە، و هەواڵەکە وەك شۆکێك لە تیرۆری هەڵسوڕاوێکی هەرە ئازا و بوێری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان بڵاوکرایەوە.

ئەو تاوانەیان بە "تیرۆرێکی سیستماتیك" وەسف کرد کە ئامانج لێی بێدەنگکردنی دەنگی ئازاد و یەکسانخوازیی و تێکشکاندنی مەدەنیەتی کۆمەڵگەیە نەك هەر لە عێڕاق بەڵکو لە ناوچەکەشدا. هەروەها تیشکیان خستۆتە سەر ڕۆڵی پێشەنگانەی یەنار لە دامەزراندنی "پەناگای سەلامەت-شەڵتەر" بۆ پاراستنی ئەو کچ و ژنانەی کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن و توندوتیژی خێزانی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ ببوونەوە لە عێراق لە ساڵی ( ٢٠٠٣ ) بەدواوە.

ئەمە و تیشکیشیان خستۆتە سەر ئەو هەڵمەتانەی کە بەڕێخرابوون لە ناوزڕاندن و تیرۆری شەخسیەت و سوکایەتی پێکردن بە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لەوانەش یەنار محەمەد لە لایەن کۆنە پەرستانی دژە ژن و ئیسلامی سیاسییەوە، کە زەمینەی تیرۆرکردنیشیان ڕەخساندووە. وە باسیان لەو باجە قورسە کردووە کە ژنانی چالاکوان و بەرگریکارانی مافی مرۆڤ دەیدەن لەو کۆمەڵگایانەدا کە لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی گرووپە میلیشیاکان و حزبەکانی ئیسلامی سیاسیدایە

.


لێرەوە زۆرێك لە میدیاکانی جیهانی و بەزمانە جیاوازەکان، وتار و ڕا پۆرتیان لەسەر کار و چالاکییەکانی یەنار ئامادە کردووە، لەوانە ( کۆمۆن دریم، دیموکراسی ئۆپن، ورکەر لیبرتی، ئەرەب ناو، نیو دیموکراسی، مارکسیست کۆم، سیاسەتی نوێ.. ).
چەند نمونەیەك:

## بریتانیا

- **گاردیان**

گاردیان، یەکێك لە ڕۆژنامە ناودار و گرینگەکانی بریتانیایە بە زمانی ئینگلیزی، وتارێکی بەناوی ( ئایە دەیانەوێت ئێمەش بکوژن، کوشتنی ڕابەرێکی فێمێنیست کاریگەرییەکی خرا پی دەبێت لەسەر چالاکوانانی عێڕاقی ). تیایدا ئاماژەی بەو کەشوهەوای ترسە کردووە کە دوای تیرۆرکردنەکە زاڵ بووە و بەشێك لە هەڵسوڕاوان لە چالاکی گشتی کشاونەتەوە یان پەنایان بۆ ناوی خوازراو بردووە لەجیاتی ناوی ڕاستەقینەی خۆیان لە ترسی ئەوەی نەکا تووشی هەمان چارەنووس ببن. وتارەکە بە وێنەیەکی یەنار مۆنتاژکراوەتە سەر تابلۆیەك لەلایەن ئارۆن هارسەوە دروستکراوە.

یەنار وەك زۆرێك لە ژنانی چالاکوانی تری عێڕاق، ماوەیەکی زۆر لێرەوپێش ڕووبەڕووی هەڕەشە و تۆقاندن ببۆوە بۆ دەستهەڵگرتن لە بەرگریکردن و داڵدەدانی ئەو ژنانەی کە ستەمیان لێ دەکرا. تامارا عامر، سەرۆکی پلاتفۆرمی مافەکانی ژنانی عێراقی دەڵێت: "ئەو شۆڕشگێڕ بوو جیاواز لە هەر ژنێك کە تا ئێستا ناسیبێتی، سەرەڕای هەموو هەڕەشەکان، هەرگیز نەوەستا." ئەم وتارە لەشیوەی ڕا پۆرتێکدا ئامادەکراوە لەلایەن دەزگای ( جەمەری عێراقی و ڕۆژنامەی




گاردییەن).

## وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (USA)

- ### نیۆرك تایمز

ڕۆژنامەیەکی ناوداره و لە شاری نیۆیۆرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەردەچێت، لە (١٢-٣-٢٠٢٦) وتارێکی بڵاوکردەوە لە نوسینی ئادەم نوسلەر، سەرۆکی ئۆفیسی نیۆرك تایمز لە پاریس و ئەفەریکای ڕۆژئاوا و نیۆئیرلاینس و کابول، ئەم وتارەی بەهاوکاری ئەبومالك نوسیوە. تیادا هاتووە: (زیاتر لە ٢٠ ساڵ یەنار محمەد یەکێك لە قسەکەرانی خۆپیشاندەران لەبەرامبەر پەرلەمان و لەمیدیاکاندا، کەمپینەکانی بۆ ئازادکردنی ژنان لە ستراکچەری ئیسلامییە توندڕەوەکان و لە دەستی دەوڵەت، ئەوی کردبوو بەخۆشەویستێکی نێو خەڵك). وتارەکە چۆتەسەر کار و خەباتی هاوڕێ یەنار و ڕووبەڕووبونەوەکانی لەگەڵ کۆنە پەرستانی ئیسلامی و دەوڵەتی دژە ژنی پیادەکاری قانونی جەعفەری.

- (دیموکراسی هەر ئێستا-Democracy Now!)، کە پلاتفۆڕمێکی میدیای چەپە لە ئەمریکا، و پێکهاتووە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕێك، دوو جار بەرنامەی لەسەر تیرۆرکردنی هاوڕێ یەنار ئامادە کردووە.

- ماڵپەڕی (زە نیو ئەرەب-The New Arab) کە ماڵپەڕێکی ڕەوەندی عەرەبییە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بابەتێکی ئامادە کردووە لەسەر تاوانی تیرۆرەکەی هاوڕێ یەنار.

## کەنەدا

- ماڵپەڕی (نیو کەنەدیان میدیا--newcanadianme dia) وتارێکی لەسەر ئامادەکردووە. باسی لەوە کردووە کە ئەو لە کەنەداوە گەڕاوەتەوە عێراق تا پشت و پەنایەك بێت بۆ ژنانی عێراق و لەو پێناوەشدا گیانی خۆی بەخشی.

- بڵاوکراوەی (هەواڵەکانی شاری تۆرۆنتۆ-City News Toronto) لە پاڵپەری خۆیدا بەدرێژی لە ڕا پۆرتێکدا باسی لە ژیان و چالاکییەکانی و ئەو ئاستەنگی و ڕێگرانەی هاتوونەتە ڕێگای و ئەو هەڕەشانەی کە لێ کراوە، کردووە.

- ڕۆژنامەی (زە گلۆب ئەند مەیل-The Glob and Mail) بابەتێکی لەسەر ئامادە کردووە و تیایدا باسی لەوە کردووە کە یەنار بە بەردەوامی لە ژێر هەڕەشەدا بووە.

## میدیای فەرەنسا

- لەسایتی (لێ سۆن)دا وتارێکی درێژ لەسەر خەبات و چالاکییەکان و ژیانی منالّی یەنار نوسراوە، لەلایەن ماریا تۆماسەوە بە ناونیشانی (دوو دەیە خەباتی فێمینیستی لە عێراقی پاش داگیرکردن)، و تێیدا هاتووە: کە لە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی (ڕێکخراوی ئازادی ژن-OWFI)ەوە، ناوەندەکانی ئەو ڕێکخراوە و هەڵسوڕاوانی بەشێوەیەکی سیستماتیك نەك هەر لەلایەن گروپە میلیشیاکانەوە بەڵکو لەلایەن پۆلیسەوە کراونەتە ئامانج و بە بەردەوامی لەژێر چاودێریدا بوون و دۆسیەی دادگایی لەدژیان دروستکراوە و هەوڵی یاساغ کردنی کار و چالاکییەکانیان داوە. بۆیە پەناگاکان (شەڵتەرەکان) نهێنی بوون.

- لە سایتی (لیر پرس ئۆرگ)دا هاتووە: یەنار محەمەد کەسایەتییەك بوو کە سیمبولی خەبات بوو بۆ مافەکانی ژنان لە


عێراق، و مردنە تراژیدییەکەی کاردانەوەی توندی فەڕەنسا لێکەوتەوە. ئەم تیرۆرە کە لە (٢)ی ئازار لە بەغدا ئەنجامدرا، وەبیرهێنانەوەیەکی ئازاربەخشە بۆ گرنگی بەردەوامبوون لە بەرگریکردن لەو کەسانەی کە لە پێناو مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ژندا تێدەکۆشن. یەنار محەمەد شایەنی ئەوەیە کە خەباتەکەی بە زیندوویی بمێنێتەوە و داد پەروەری بۆ جێبەجێ بکرێت.

میدیای ئەڵمانی زمان

- ڕۆژنامەی (تاز، دی تاگەشزایتونگ--taz-Die Tazeitung)، وتارێکی درێژی بڵاوکردۆتەوە کە لە لایەن (یولیا نیومان-Julia Neumann) ڕۆژنامەنوسی بەنێوبانگەوە ئامادە کراوە بەتایتڵی (ئایکۆنێکی فمنیستی لە عێراق کوژرا). لەبەشێك لەوتارەکەیدا هاتووە: (ڕژیمی عێراق سەرەتا ویستی لەڕێگای هەڵبەستنی درۆو بوختانەوە، ناوی بزڕێنن و کەسایەتی بشکێنن کەئەمە سەرینەگرت، دەستیان بۆ پرۆسەی دادگا درێژکرد، کە لەمەش مایە پووچ بوون، کوشتیان). هەروەها دەڵێت، یەنار تا دوا ساتەکانی ژیانی لە نێو ڕێکخراوێکی چەپدا بوو کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (بەدیلی کۆمۆنیستی) بوو.

- ڕۆژنامەی (ئێن زێد زێد--Neue Zurcher Zeitung (NZZ)) کە یەکێك لە گرینگترین ڕۆژنامەکانی سویسڕای ئەڵمانی زمانە لە ڤێرژنی هەفتانەی خۆیدا (NZZ am Sonntag) لە هەشتی مارس، وتارێکی درێژی بڵاوکردۆتەوە کە لە لایەن (ئەدریان مایەر-Adrian Meyer)ەوە نوسراوە و تیایدا وێڕای بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی هاوڕێ یەنار کە هی سەردانێکی ئەوە بۆ شاری (بێڕن)ی سویسرا لەساڵی (٢٠١٧)دا، تیشك دەخاتە سەر ژیان و کار و خەباتی هاوڕێ یەنار و چالاکییەکانی لە دامەزراندنی یەکەمین تۆڕی داڵدەدانی ژنان (شێڵتەر) لە عێراق و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی فێمینیستی عێراقدا و دەڵێت: یەنار محمەد، خوڵقێنەر و دامەزرێنەری (پەناگای ژنان) لە عێراق تیرۆرکرا، هەروەها وتەیەکی شەخسی یەناریشی هێناوەتەوە کەدەڵێت: (ئەگەر من و ژنانی تر لە دژی ئەم هەلومەرجە هەڵوێست نەنوێنین، ڕۆژگارێکی ڕەش چاوەڕێمان دەکات، ژنان دەبنە یەکەمین قوربانی).

## نەرویج




- دامەزراوەی ڕافتۆ لە نەرویج کە لە ساڵی (٢٠١٦)دا خەڵاتی مافی مرۆڤی بەخشیوە بە هاوڕێ یەنار بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا شۆکێکی قووڵی خۆی دەربڕیوە و تیرۆرکردنەکەی بە "هێرشکردنە سەر بەها مرۆییە گشتگیرەکان و دیموکراسی و ئازادی ژنان" وەسفکردووە.

## دانمارك

- ڕۆژنامەی (Solidaritet) وتارێکی درێژی لەسەر ژیان و

خەبات و چالاکییەکانی هاوڕێ یەنار بڵاوکردۆتەوە کە لە لایەن چالاکوانی فێمێنیست ( بەیان ساڵح )ەوە ئامادەکراوە بە زمانی دانمارکی.

## میدیاکانی جیهانی عەرەب

• لە تەلەفزیۆنی ( الشرقية )، ( دجلة )، ( الجزيرة )، ( الحدث )، زۆرێك لە دەزگاکانی تری ڕاگەیاندنی عەرەبی زماندا هەڵساون بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە و باس کردن لە ژیان و کار و چالاکی و خەباتەکەی.

## میدیاکانی فارسی زمان

لە میدکانی فارسی زماندا بلاوکردنەوەی هەواڵی تیرۆری هاوڕێ یەنار و هەڵسان بە تیشك خستنەسەر کار و چالاکی و خەباتەکەی و ڕۆڵی ( ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق ) بە فراوانی ڕووماڵکراوە، بەتایبەتی لە لایەن ماڵپەڕ و پلاتفۆرمە میدیاکانی سەر بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئێران و حزبەکانیان. جگە لەمەش لە میدیای گشتی و لیبراڵی ئێرانیشدا بە فراوانی ئاماژەی پێدراوە.

ئەمە جگە لەوەی کە لە لایەن حزب و ڕێکخراوەکانی سەر بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و کەسایەتییە مارکسیست و کۆمۆنیستەکانی ئێرانەوە هەم لە ڕێگەی بەیاننامە و هەم وتار و بابەتەوە هەڵوێستیان نواندووە.

چەند نمونەیەك ماڵپەڕەکانی وەك ( موبارزانی کۆمۆنیست. جیهان تەلگراف، .... ) و ( بی بی سی پخش فارسی. دویچە ڤێلا پخش فارسی- ( Deutsche Welle Persian ). رادیو فردا. رادیو زمانه. ایران انترناشنال )

## میدیاکانی کوردی

• وێڕای ڕۆژنامەکەمان ڕۆژنامەی ( ڕەوت ) کە هەڵساوین بە پۆشاندنێکی بەرفراوان لە ژیان و کار و چالاکییەکانی هاوڕێ یەنار وەك کۆمۆنیستێك و هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و سەرۆکی ( ڕێکخراوی ئازادی ژن )، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردییش وەك ( ئاوێنە )، ( ڕوداو )، ( ئەنەف )، ( ڕۆژ )، ... هەڵساون بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانەکە و ئاماژەدان بە کار و چالاکییەکانی ( ڕێکخراوی ئازادی ژن ).

## کاردانەوەی لایەنە فەرمی و حکومییەکان دژ بە تیرۆری یەنار

تیرۆری هاوڕێی ئازیزمان یەنار محمەد جگە لە ( نەتەوە یەکگرتووەکان ) لە لایەن چەند ناوەندی فەرمی حکومییەوە ئیدانە کراوە و ڕایان گەیاندووە کە حکومەتی عێراق پێویستە هەرچی زووتر تاوانباران بدۆزێتەوە و بیاندات بە دادگا و ژینگەیەکی ئارام و دوور لە هەڕەشە و ترس و تۆقاندن و تیرۆر بۆ چالاکوانان و هەڵسوڕوانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکان ژنان دابین بکات.

## ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان

نووسینگەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرپرسی کۆمیسارای باڵای مافەکانی مرۆڤ ( ڤۆڵکار تورك ) ئەم تیرۆرەی شەرمەزار کرد و ئەو تاوانەی بە هێرشێکی جددی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ و داکۆکیکارانی مافی ژنان لە عێراق وەسف کرد، وە داوای لە دەسەڵاتدارانی عێراق کرد لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و شەفاف و خێرا ئەنجام بدەن بۆ دەستنیشانکردن و لێپرسینەوە لە تاوانباران. ئەمە پێداگریشی کردۆتە سەر ئەوەی کە پاراستنی چالاکوانانی ژنان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ پێویستە بۆ مافەکانی ژنان و سەروەری یاسا لە عێراقدا.

## سەفارەتەکانی وڵاتانی ئەورووپی لە بەغدا

سەفارەتەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا لە بەغدا لەگەڵ سەفارەتی بریتانیا و کەنەدا و ئوستراليا و سويسرا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکردووە لە ( هەشتی مارس )دا، تیایدا وێڕای هاوخەمی قوڵی خۆیان بۆ لەدەستدانی یەنار محەمەد، بە توندترین شێوە ئیدانەی ئەم تیرۆرەیان کردووە و داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن، دەستبەجێ و بەڕۆشنی لێکۆڵینەوە لەم تاوانە بکات و تاوانباران ڕابکێشرێنە پایی سزادانی کردەوەکانیان.

## وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا

لە ( ٤-٣-٢٠٢٦ )دا وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا لە ڕاگەیاندراوێکدا؛ بە توندترین شێوە ئیدانەی تیرۆرکردنی یەنار محەمەدی کرد و ڕایگەیاند کە نابێت تاوانەکە بێ سزا بمێنێتەوە. هەروەها ڕۆڵی مێژوویی یەناری لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانی عێراق بەرز نرخاند و هاوسۆزی خۆی لەگەڵ هەموو داکۆکیکارانی مافی ژنان لە عێراق دەربڕیوە.

## پەیامی ( پاتریسا ) چالاکوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان


من پاتریسیام لە ( ئاکتیفیستی فمنیستی ) لە زوریخ، ئێمە بەشێکین لە جوڵانەوەیەکی سەرانسەری لە سویسرا، ئێمە گروپێکی ئینتەرناسیۆنالیستین و لە دژی سیاسەتی ئیمپریالیستین. ئێمە ( یەنار )مان لە ڕێگەی فلمێکەوە ناسی بەناوی "من شۆڕشم" کە دەرهێنەری ئیتالیایی ( بەنەدیتا ئەرجەنتیری ) لەسەر ( ٣ ) ژنی خەباتکاری فمنیستی نەترس، یەکێك لە سوریا، ئەوی تر لە ئەفغانستان و یەناریش لە عێراق، کە بەداخەوە هەواڵی تیرۆرکردنەکەیمان لەسەروبەندی ( ٨ )ی مارسدا، لە ڕۆژنامەکاندا خوێندەوە. من ئەو پلاکارتەم دروستکرد و هەڵمگرت لەخۆپیشاندانەکاندانی ( ٨ ) مارسدا بۆ ئەوەی ژنان بزانن ئێمە چ خەباتکارێکی سیاسیمان لەدەستداوە. کە دواتر لەڕۆژنامەی ( ڤۆتز ) خوێندمانەوە کەئێوە هەڵدەستن بەم مەراسیمی ڕێزگرتنە. ئێمە هاتوین بۆ دەربڕینی هاوخەمی و هاوخەباتیمان.

هەر بژی هاوڕێ یەنار

# بۆ یەنار... ئەو ژنەی
# بە فیشەکیش بێدەنگ نابێت!



زمناکۆ عەزیز



بەیانی ئەمڕۆ (٢ی ئاداری ٢٠٢٦)، هەواڵەکە وەک گوللەیەک بە مێشکمدا تەقییەوە. یەنار محەمەد... ئەو ژنەی قەڵغانی سنگی هەزاران ژنی چەوساوەی ئەم وڵاتە بوو، لەسەر شەقامەکانی بەغدا خەڵتانی خوێن کرا.

لەم ساتەدا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، فرمێسکی خەمێکی قورس و ئاگری تووڕەییەکی قووڵ لە ناخمدا تێکەڵ بوون. بۆ من، یەنار تەنها ناوێکی سیاسی، یان سەرۆکی ڕێکخراوێک و ئەندامێکی سەرکردایەتی نەبوو؛ ئەو دەنگی ئەو کچانە بوو کە لە تاریکیدا دەکوژران، پەناگەی ئەو کرێکار و پەراوێزخراوانە بوو کە سیستەمەکە بێبەزەییانە دەیهاڕین. دڵم دەسوتێت بۆ ئەو قوربانییانەی کە ئەمڕۆ گەورەترین پشتیوانی خۆیان لەدەستدا.

بەڵام لەپاڵ ئەم خەمەدا، ئەمەوێت چەند ڕاستییەک بڵێم کە لە دڵمدا کەڵەکە بوون:

ترسنۆکەکانی سەر ماتۆڕسکیلەکە!

کاتێک بیر لەو بکوژانە دەکەمەوە، باش دەزانم ئەوان تەنها دوو چەکداری هەڕەمەکی نین لەسەر ماتۆڕسکیلێک. ئەوان تارمایی تەواوی ئەم سیستەمە مافیایی و پیاوسالارانەن. ئەوان لە چەکەکانیان زیاتر، لە دەنگی تۆ دەترسان یەنار! تۆ نوێنەرایەتیی بەدیلێکت دەکرد کە درۆی هەموو ئەم دەسەڵاتدارانەی ئاشکرا دەکرد، بۆیە بڕیاریاندا بە فیشەک کۆتایی بەو مەترسییە بهێنن. دەیانویست بە کوشتنی تۆ، بوێریی هەمووومان بکوژن.

دادپەروەری! لە بکوژەکان ناپاڕێمەوە

من زۆر لەوە تووڕەترم کە نوزانەوە بۆ ئەم حکومەتە بکەم تا بکوژەکانت بدۆزێتەوە و دادگاییان بکات. ئاخر چۆن جەلاد خۆی دادگایی دەکات؟ ئەم حکومەتە، میلیشیاکانی و ئەو سیستەمە ئۆلیگارشییەی دروستی کردوون، خۆیان باوکی ڕۆحیی ئەم تاوانەن. ئەوانن کە ژینگەیان بۆ ئەم تیرۆرە ڕەخساندووە. داواکردنی دادپەروەری لەوان، سووکایەتییە بەو خوێنەی تۆ کە ئەمڕۆ شەقامەکانی بەغدای سوور کرد.

بەڵێنێک لەبری فرمێسک...

یەنار گیان، جەستەت ڕۆیشت، بەڵام خەونەکانت لێرەن. من لێرەوە، وەک هاوڕێیەکت، بەڵێن دەدەم کە ئەم خەمە قورسە بکەینە هەوێنی دروستکردنی ئەو "جەمسەرە سەربەخۆیەی قوربانییەکان" کە هەمیشە خەباتت بۆ دەکرد. بەرەیەک کە نە دەبێتە کۆیلەی میلیشیاکان و نە پاشکۆی باڵیۆزخانەکان. بەرەیەک کە تەواوی ئەم سیستەمە بۆگەنە ڕادەماڵێت.

خەباتت لەپێناو مرۆڤدا، لە هەر کارگەیەک، لە هەر کۆڵانێکی هەژارنشین، و لە دڵی هەر ژنێکی ئازادیخوازدا بەردەوامە.

ماڵئاوا هاوڕێی ئازیز، ئارام بنوو، ئێمە شەڕەکە تەواو دەکەین!

# گۆرانییەك بە زمانی ئینگلیزی بۆ یادی یەنار محەمەد

## Pauline Bradley & Protest in Harmoney




سڵاو. ئەم پەیامە هاوپشتییە بۆ ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە عێراق و ڕێکخەرانی مەراسیمەکان لە لەندەن دەنێرین، وەك هاوسۆزیمان بۆ لەدەستدانی یەنار محەمەد. ئێمە ڕێکخراوی "Protest In Harmoney" لە شاری گلاسکۆی سکۆتلەندا ئەم گۆرانییە تەرخان دەکەین بۆ یەنار:

یەنار، یەنار، یەنار محەمەد
هەڤاڵێکی ئازا و پرەنسیپی، و نمونەیەك بۆ هەموومان
یەنار، یەنار، یەنار محەمەد
خوشکێکی ئازا و پرەنسیپی، هێمایەك بۆ هەموومان

تەنها چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە بۆ ڕۆژی جیهانی ژنان
کاتێکە بۆ ئاهەنگگێڕان بە خەباتمان بۆ مافەکانی ژنان

ساڵی ٢٠٢٦ ئەم ڕۆژە پڕ بوو لە خەم
خوشکە ئازاکەمان لەم هەفتەیەدا تەقەی لێکرا
لەلایەن پیاوانی ماتۆڕسکیلەوە
هەوڵدان بۆ پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی

یەنار، یەنار، یەنار محەمەد
هەڤاڵێکی ئازا و پرەنسیپی
وە نمونەیەك بۆ هەموومان

یەنار، یەنار، یەنار محەمەد
خوشکێکی ئازا و پرەنسیپی
هێمایەك بۆ هەموومان

یەنار دوژمنی زۆری هەبوو
بەڵام ئەو کچە کاری کرد و ئازایانە قسەی کرد
لە عێراق کە خەباتی بۆ مافەکانی ژنان کردووە

پەناگە بۆ پاراستن لە توندوتیژی
ئەو کچە بێدەنگ نەکرا
خەڵاتی مافی مرۆڤی بەدەستهێنا

باجی شەهیدبوونی دا

یەنار، یەنار، یەنار محەمەد
هەڤاڵێکی بوێر و پرەنسیپی
وە نموونەیەك بۆ هەموومان

یەنار، یەنار، یەنار محەمەد
خوشکێکی بوێر و پرەنسیپی
هێمایەك بۆ هەموومان

شیعە بوو یان سوننە،
ناسیۆنالیزم یان ژنکوژی،
کێ بەو ترسنۆکییە یەناری کوشت؟

ئایا هەرگیز دەزانین؟

گەورەترین دڵسۆزیمان
ئەوەیە کە میراتەکەی بەردەوام بێت
وە بە دڵسۆزی بەردەوام بێت لە کارەکانی
بۆ دروستکردنی جیهانێکی باشتر

یەنار، یەنار، یەنار محمد، "دەنگی یەکسانی وا هات"
یەنار، یەنار، یەنار محمد "صوت المساواة- صوت المساواة"
٢٩ی ئازاری ٢٠٢٦

# چەند پەیامێکی هاوپشتی و سەرەخۆشی

## • پەیامی حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی سویسرا




من کاسپەر ئۆتەرلیم، بەناوی حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی سویسرا وە، هاوبەشی خەمی ئامادەبوانم، هاوبەشی خەمی ئەزیزانی یەنارم، گەلێك بۆچوون و بیرەوەریم هاتەوە یاد لەتیرۆری هاوڕێ "یەنار"دا، بۆ ئێمە، کۆمۆنیستەکان، بۆ یەنار، خەباتی کۆمۆنیستەکان هێندە توندە لەنێوان چەوسێنەران و توندڕەوەکاندا، بۆ یەنار، خەبات بۆ ڕزگاری ژنان، خەباتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. ئەم خەباتە لەنێوان پیاوان و ژناندا نەبوو. ئەم خەباتە لەنێوان چەوساوەکان و چەوسێنەران بوو بەهەموو ڕەنگە ئاینی و نەتەوەییەکانییەوە. ئەم خەباتە لە دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداران بوو کە ژنان وەك کاڵایەك و دەتوانرێت بکرێتە دیاری دەبینن. وە ئەمە دیاردەیەکی عێراقی نیە، بەڵکە گڵۆباڵە.

• پەیامی (سەندیکای خزمەتگوزارییە گشتیەکان و بازرگانی لە بەریتانیا) بۆ مەراسیمی ڕێزگرتن لە ژیان و خەباتی هاوڕێ یەنار لە بەریتانیا

## نامەی پرسە و سەرەخۆشی بۆ هاوڕێیانی یەنار

گەرمترین سەرەخۆشی و دڵسۆزترین هاوپشتیتان بۆ دەنێرین بەهۆی تیرۆری هاوڕێیەکەتان (یەنار محمەد) لە (٢-٣-٢٠٢٦) لە بەردەم ماڵەکەیدا، کە خەسارەتێکی گەورەیە، نەك تەنها بۆ ئێوە کە وەك هاوڕێیانێك پێکەوە خەباتتان کردووە، بەڵکە بۆ بزوتنەوەیەکی گەورەتر کە ئیلهامی لەو وەردەگرت و پشتی بە هێز و توانای سەرکردایەتی ئەو و ئازایەتی ئەو بەستبوو.

ئێمە دەزانین تیرۆرکردنەکەی هاوکاتی بەرزبونەوەی هەڕەشەکانە لەسەر هەڵسوڕاوان و چالاکوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان، وە ئێمە دەزانین کە ئەو فشارە گەورەیەی کە ئێستا (ڕیکخراوی ئازادی ژن) لە عیراق لەگەڵی ڕووبەڕووە، لەسەر هەموو ئەو خەباتکارانەشە کە درێژە بەڕێگاکەی دەدەن. ئێوە بە وەڵامدانەوەکەتان هێزێکی نمونەیتان لەخۆ نیشاندا، ئەوە نەك هەر پەیامی هاوپشتی و ڕێزگرتنەکانە کە لە سەراسەری عێراق و کوردستان و پەنابەرانی دەرەوەی وڵاتەوە بۆ لەدەستدان و سەرەخۆشی بۆتان دێت، بەڵکە ئەوە عەزیمەتی سوربونتان نیشان دەدەت. ئەم کاردانەوە گشتییە ڕێگە دەگرێت لەوەی کە توندوتیژی و تیرۆر بتوانێت جەنگی ئازادی و یەکسانی ئێمە بێدەنگ بکات.

ئێمە ئەوپەڕی ڕێز لە یادکردنەوەکەی دەگرین، وە شانبەشانتان ڕادەوەستین و پشتیوانی ئەو خەباتە دەکەین کە ئەو هاوڕێیانەی درێژە پێدەری خەباتەکەین، ئەو خەباتەی بەهەموو هێزەوە، بەهەموو ڕوونیەك و باوەڕێکەوە یەنار سەرکردایەتی دەکرد.

لەگەڵ هەموو هاوپشتییەکماندا

دیفید جونز

لەبری بەشی نیشتمانی نیشتەجێبوون کۆمەڵگا و حکومەتی خۆجێی لە نەقابەی خزمەتگوزارییەکان و بازرگانی (پی. سی. ئێس).

(٢٦-٣-٢٠٢٦)

## • پەیامی ڕێکخراوی (ڕزگاری کرێکار-Worker liberty)

بەشێك لەوتەکانی مارتن تۆماس لە ڕێکخراوی (ڕزگاری کرێکار-Worker liberty)، لەمەراسیمی ڕێزگرتن لە هاوڕێ یەنار لە لەندەن:

ئێمە لە ڕێکخراوی "ڕزگاری کرێکار" بەو چالاکیانەی لەگەڵ یەنار، لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادی و لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەماوەی ئەم (٢٥) ساڵەدا کردوومانە، من هەم هەست بە شانازی و هەم داخ و خەفەت دەکەم.

شانازی، چونکە ئێمە دەنگی هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار بوین لە دژی سەرمایەداران، هەروەك لە دژی ستالینییەکان و لە دژی ئیسلامییەکانیش.

داخ و خەفەتی ئەوەمە کە ئێمە ژمارەمان کەم بوو، چالاکیمان هێندە نەبوو کە یارمەتی دەربێت بۆ یەنار و چینی کرێکار لە عێراق کە بەسەر دوژمنەکانیاندا سەرکەون، وە ئامانجەکانی یەنار بەدیبهێنن، لە ڕزگاری و بەدەستهێنانی مافەکانی کچان و ژنانی کرێکار لە سەرانسەری عێراق. لە مانگی (٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) چاوپێکەتێکم بۆ ڕۆژنامەکەمان (سۆلیدارەتی) لەگەڵ یەنار ئەنجامدا، لەو کاتەدا هەواڵمان پێگەیشت کە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە و پێویستە لە دەرکەوتنی ڕوو بەدەرەوە خۆی بپارێزێت.

ڕێزگرتن لە شکۆ و بەرزڕاگرتنی یادی یەنار بە کارکردنی جددیمان دەبێت، وە ڕەنگە ساڵی داهاتوو، یان ساڵانی داهاتوو، لە هەمانکاتدا کە شانازی بەخۆمانەوە دەکەین و کەمتر هەست داخ و خەفەت بکەین.

٢٩.٣.٢٠٢٦

# ڕاپۆرتێك لەسەر گردبوونەوەی ناڕەزایەتیی بەردەم باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن، ٢٤ی نیسانی ٢٠٢٦




## ڕاپۆرت / شیرین عبدالله :

**بۆ ڕاگەیاندنی دەستبەجێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە تیرۆرکردنی ( یەنار محەمەد ) ژنە کۆمۆنیست و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان.**
**لەژێر دروشمی "نا بۆ دواکەوتنی لەمە زیاتر، لێکۆڵینەوەیەکی ئاشکرا و شەفاف لە کوشتنی یەنار محەمەد!"**

جومعە (٢٤)ی نیسانی (٢٠٢٦)، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە دۆست و لایەنگرانی یەنار و هاوڕێیانی ڕێگەی خەباتی، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی بەڕێوەچوو لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراق، لە شاری لەندەن پایتەختی بەریتانیا.

ئەم گردبوونەوە ناڕەزایەتییە یەکەم هەنگاوە لە هەڵمەتێکی بەردەوامی ناڕەزایەتیی کە بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانمان ئەنجامی دەدەین.

لە گردبوونەوە ناڕەزایەتییەکەدا وتاری ژمارەیەك ڕێکخراو و حزب، لەگەڵ وتەی ژمارەیەك لە دۆست و داکۆکیکارانی یەنار و دۆزی ڕزگاریخوازانەی یەنار پێشکەش کرا. هەروەها لە کاتی گردبوونەوەکەدا ئەم دروشمانەش دەوتراونەوە:

- هەر ئێستا دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە بڵاوبکرێتەوە!
- بکوژانی یەنار محەمەد دەستبەجێ ناویان ئاشکرا بکرێت!
- دادگاییکردنێکی ئاشکرای بکوژانی یەنار محەمەد!
- ئێمە هەرگیز تۆ لەبیر ناکەین، یەنار!
- شۆڕشی یەنار هەر بەردەوامە!
- داد پەروەری بۆ یەنار محەمەد...

داد پەروەری بۆ هەموو ژنانی عێراق! هەروەها لەگەڵ ئەو دروشمانەدا کە دەوترانەوە بۆ داد پەروەری یەنار محەمەدی ئازیزمان، ئیدانەی خاوەخاوکردنی دەسەڵاتدارانی عێراقیش دەکرا لە بەدواداچوون و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەم کەیسە. ئەمە و ئامادەبووان سووربوونی خۆیان دووپات کردەوە بۆ بەردەوامبوون لەسەر ڕێگای ئازادی و یەکسانی کە یەنار نزیك بە چارەکە سەدەیەك ڕابەرایەتی کردووە.

هەر لەم گردبوونەوەیەدا یاداشتێکی ناڕەزایەتی و داواکارییش، لەلایەن ئامادەبووانی گربوونەوەکە پێشکەشی باڵیۆزخانەی عێراق کرا لە لەندەن بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، کە تێیدا تووڕەیی و ناڕەزایەتیی قووڵی خۆیان دەربڕیووە بەرامبەر بە کەمتەرخەمی دەسەڵاتدارانی عێراق لە بەدواداچوون و ڕاگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەم کەیسە گرنگە جیهانییە، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە حەوت هەفتە بەسەر ئەنجامدانی ئەم تاوانە دڕندانەیەدا تێپەڕیوە، و سەرەڕای ڕێنماییەکانی ( محەمەد شیاع سودانی ) سەرۆك وەزیرانی عێراقیش، لە هەمان ڕۆژی تیرۆرکردنەکەدا بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر کوشتنەکە.



دوو کەس لە بەشداربووانی گردبوونەوەکە، یاداشتەکەیان پێشکەش بە نوێنەری باڵیۆزخانە کرد و بە زارەکی ئاگاداریان کردەوە لە ناوەڕۆکەکەی، وە جەختیشیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە یاداشتەکە و ئەو داواکاریانەی کە لەخۆیگرتووە بگەیەنرێتە بەرپرسانی پەیوەندیدار لە حکومەتی عێراق، تاوەکوو بەدواداچوون بۆ کەیسەکە بکرێت و ئەنجامەکان بە فەرمی

و بەبێ دواکەوتنی زیاتر ڕابگەیەنرێت. هەروەها سووربوونی خۆپیشاندەرانیان ڕاگەیاند لە بەردەوامبوون لەسەر دروستکردنی فشار لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، بە بەکارهێنانی هەموو ڕێگایەکی ئاشتیانە، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی دادپەروەری بۆ یەنار و ڕێگریکردن لەوەی تاوانباران لە سزادان ڕزگاریان بێت.

## ئەمەی خوارەوە دەقی یاداشتەکەیە:

**باڵیۆزخانەی کۆماری عێراق لە لەندەن**
**Queen's Gate - London SW7 21 5JE - United Kingdon**
**یاداشتی نارەزایەتی و داواکارییەکان**

ئێمە، کە لە خوارەوە واژۆمان کردووە، توڕەیی و نارەزایەتی توندی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە بێهەڵوێستی حکومەتی عێراق لە بەدواداچوون بۆ تیرۆری چالاکوانی ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان، یەنار محەمەد، سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیی ژنان لە عێراق و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، کە لە (٢)ی ئازاری ئەمساڵدا لە لایەن تیرۆریستانی تاوانبارەوە لە بەغدا تیرۆرکرا.

زیاتر لە حەوت هەفتە بەسەر ئەم تاوانە دڕندانەیەدا تێپەڕیوە، و سەرەڕای ڕێنماییەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق (محەمەد شیاعە سودانی) کە لە هەمان ڕۆژدا دەرچووە بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکە،



بەڵام ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیە کە ئەرکی تاوتوێکردنی دۆسیەکەی پێ سپێردراوە، تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی ڕانەگەیاندووە. داواکارییەکانمان:

1. ڕاگەیاندنی دەستبەجێی دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە: داوا لە حکومەتی عێراق و سەرۆك وەزیران (محەمەد شیاع سودانی) دەکەین کە دەستبەجێ دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر تیرۆرکردنی ینار محەمەد ڕابگەیەنن و ناسنامەی تاوانباران و لایەنەکانی پشتی پەردە کە دەستیان هەیە لەم تاوانەدا ئاشکرا بکەن.

2. دڵنیابوون لە بێلایەنیی و ڕاستگۆیی لێکۆڵینەوەکان: ئەمە پێویستی بە بەشداریکردنی ئەو دامەزراوە مافناسە نێودەوڵەتییانە هەیە کە پسپۆڕن لە مافەکانی مرۆڤدا، لەگەڵ بەشداریکردنی نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوانەی ژنان لە عێراق و لە دەرەوەی وڵات کە داکۆکیکارن لە یەنار، لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و ئەنجامگیریەکاندا.

3. دادگاییکردنی ئاشکرا: دەستگیرکردنی بکوژان و هاندەرانیان و ڕادەستکردنیان بە دادگا بەبێ هیچ خۆدزینەوە و دواخستنێك لەژێر هیچ بیانوویەکدا، بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ یەنار محەمەد و ڕێگریکردن لەوەی تاوانباران دەرباز نەبن لە سزا.

4. گەرەنتیکردنی پاراستنی هەڵسوڕاوانی مافەکانی ژنان: دابینکردنی پاراستنێکی ڕاستەقینە و کاریگەر بۆ چالاکوانان، و گەرەنتیکردنی مافی بەشداریکردنیان لە چالاکییە مەدەنییەکاندا بەبێ هیچ هەڕەشەیەك.

## واژۆکەران: دۆست و لایەنگرانی یەنار محەمەد لە بەریتانیا

- فیدراسۆنی پەرابەرانی عێڕاقی
- یەکێتی گشتی پەنابەرانی عێڕاقی (IFIR)
- ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق / لقی بریتانیا
- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق / ڕێکخراوی بریتانیا
- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان / ڕێکخراوی بریتانیا
- ڕێکخراوی ژنانی کورد و ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بریتانیا (KME-O W)
- پەیوەندی ژنانی عێراقی (رابطة المرأة العراقية) / لقی بریتانیا
- ناوەندی چاودێری مافەکانی خەڵك لە عێڕاق و لە کوردستان (COP-RIK)
- کۆمەڵەی کەنار ئاوەکانی سوریا (جمعية الساحل السوري)

- Alliance of Workers Liberty
- No sweat
- Women's International Federation for peace and freedom -UK section

